# دەروو

کۆیە باخێکە پڕ لەگوڵ و بولبول و خۆشخوان، ئاسمانێکە دەدرەوشێتەوە بە ئەستێرەی پڕشنگدار و پرچی ئایشێ و فاتمان، لوتکەو هەڵە موندێکە پڕ لەهێلانەی هەڵۆو شاباز ، مێرگ و هاموونێکە پڕ لە سونبول و گوڵە حاجیلەو نازناز:

**لە دەرووی کوللی باغی شاری کۆیە**
**دوو سەد بن داری زەیتوونی بەجۆیە**

تاڤگەیەکی بەخورە ، کانیاوێکە پڕ لە مرواری و لوئلوئی لالا،خاکو دایکێکە ئاو وهەوایەکی هەیە ڕۆڵەی ڕەسەن بەرهەم دەهێنێ ، پێشەنگ و پێشرەوی کاروانی زۆر بوارە بەڵگە دارەو ، مێژووی دیارە، گۆڕەپانی شۆڕە سوارانە، پێگەو مەکۆی سیاسەتمە دارانە، تەوافگەی نازدار تەوارانە ، ئاگردانێکی پڕ لە گڕو پشکۆیە ژیلە مۆیە بۆیە گەش و ڕوناکە کۆیە ، دامێنی چیای خەرمەنی گوڵ و خێوەتی خارایە، کۆیە لێ ی دەوەشێتەوە شتی جوانی لەبارایە

**وەسفی چیبکەم؟ نێوەنی گوڵ، دامەنی سونبوڵ**
**شایستە سانا خوانی بکەم هەروەکو فەرزە**

سایەی هەیبە سوڵتان( ناوی گۆشەیەکم بوو لەرۆژنامەی(کوردستانی نوێ ) بە زنجیرە بڵاو کراوەتەوە لەگەڵ تیشکی خۆر هەڵاتووە و ڕوناکیان دیوە، سەرەنجام بەشێک لەو نوسینانەی لەسەر (کۆیە) م نوسیون و کۆم کردوونەتەوە لە(سایەی هەیبە سوڵتان) جێم بۆ کردونەتەوە ، پێشتر لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ ،هاموون، تاک، هەواڵ، سەکۆ ـ بەرلین، بێوار ـ هۆڵندا، کۆیە و ڕای گشتی و گۆڤاری سلێمانی) بڵاوکراونەتەوە ، تازە نین، تەنانەت هەندێک لە نوسینەکان لە ئەنتەرنێت و ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی (کوردستان نێت ) بڵاوکراونەتەوە ، وە نەبێ تەواوی نوسینەکانم بوبێ لەسەر لە کۆیە، نوسینی دیکەماون بەڵام هەر هێندەمان لێ هەڵبژارد ، نەختۆکەکیش دەستکاریم کردوون، هەندێ دێرە شیعرم دووبارە کردۆتەوە، ئاماژەشم بە سەرچاوە نەداوە بۆ زانینتان !هیوادارم جێ ی گلەیی نەبێت.


(سایەی هەیبە سوڵتان) هەموو سایەکی نەگرتۆتەوە، گشتگیری و ئازگارنیە، بەقەد باڵای کۆیە نیە، زۆر ئەستێرە مابوون ، پرشنگیان هەیە باس نەکراون ، زۆر گوڵی گەش ئاماژەی پێ نەدراون ، بۆشایی و کەم و کورتی تێدا هەیە ، بەتایبەت قەرزاری گوڵاڵە سورەکانی باخی شەهیدانم، هەموویانم ناو نەهێناون ، لەوانەی هاوسەنگەری زۆر نزیکم بوون، یادگاری کاریگەریم لەگەڵیاندا هەیە، کەهەندێ شەهید ناوی هاتووە ، یان نەهاتووە، بەڵام بەنیاز پاکی ، تکاکارم بەمەزنایەتی خۆیان بمبورن،

(سایەی هەیبە سوڵتان) هەمەچەشنەیەی، سایەو شنەیە، ڕامیارییە ،وێژەییە، مێژووییە، لێکۆڵینەوەیە یادگارییە،پێشمەرگانەیە، ستایش و خۆ هەڵکێشانە ،ڕاستە سایەی هەڵنەکشاوە بەروبەری تەواوی کۆیەدا ، هەموو مەبەستێکی نەپێکاوە ، چ نەبێ بەشێکە، کەمێکە ، بەو هیوایەی هەبێ بە کۆیە بوێرێ و دروەستی بێ ، هەموو کون و قوژبنێک بگرێتەوە ، ڕاستی من بە هەموو جوانیەکانی کۆیە نەوێراوم ، بۆ هەموو ڕەخنەو گلەییەک دەستە وەستان وەستاوم بەڵام وەک حەزرەتی حاجی دەفەرموێ:

**بەبێ تەسویدو تەسحیح و موباڵات**
**وەکو بەیتی بلە هەرچۆنێ بۆم هات**
**بەڵام ئەفکاری خۆمە نەزمی کوردی**
**لەخومخانەی خەیاڵی ساف و وردی**

سوپاس و ڕێز

ڕەهبەر سەید برایم


شێخ ئەدیب شێخ غەفور تاڵەبانی

# درەختی تاڵەبانییەکان لەکوێیە

رەگ و ریشەی تاڵەبانییەکان دەگەڕێتەوە سەر مەلامەحمودی زەنگەنە، بەگوێرەی شیعرە نایاب و مێژووییەکەی شێخ رەزای تاڵەبانی کەخۆی لەو نەسلەیە، گوایە شێخ ئەحمەدی هیندی لاهوور، لە هیندستانەوە هاتووە بەشەش مانگەرێ گەیشتۆتە کوردستان بۆ ئەوەی ببێ بەشاهیدی مەقسوود، بۆ مەلا مەحمود، سەرەنجام مەلا مەحمودی زەنگەنە بۆتە موریدی شێخ ئەحمەدی لاهوورو پاشان بەجێنشین، شێخ ئەحمەدی هیندی لەکوردستان کۆچی دوایی کردووە، ئارامگای شێخ ئەحمەدی لاهوور کەوتۆتە (سورداش) پاش کۆچی دوایی شێخ ئەحمەدی هیندی، موریدو مونسیبەکانی رووەدەکەنە مەلا مەحمودی زەنگەنە لەگوندی (قرخ)، مەلا مەحمودی زەنگەنە لەخۆشەویستی شێخ ئەحمەدی لاهوور، کورەکەی خۆی ناودەنێ شێخ ئەحمەد، مەلا مەحمودی زەنگەنە 85 ساڵ ژیاوە، ساڵی 1800 کۆچی دوایی کردووە لەگۆرستانی تەکیەی تاڵەبانی لەکەرکوک نێژراوە، بۆ بەڵگەی رەچەڵەکی تاڵەبانیان شێخ رەزای تاڵەبانی بەوشێوەیە باسی زنجیرەی باب و باپیری خۆی دەکات و دەقی شیعرەکەی شێخ رەزای تاڵەبانی

**خوا وەختێ کەحەزکا بەندەیەکی خۆی بکا خۆشنوود**

**لەڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بەپێی خۆی شاهیدی مەقسوود**
**لەهیندستانەوە شەش مانگەڕێ تا خاکی کوردستان**
**خوا شێخ ئەحمەدی هیندی ڕەوانکرد بۆ مەلا مەحمود**
**مەلا مەحمودی زەنگەنە، یەعنی قوتبی دائیرەی ئیرشاد**
**لەدەوری مەرقەدی هەردەنگی یاهو دێت و یامەعبوود**
**لەپاش ئەو، ئەرشەدی ئەولادی شێخ ئەحمەد لەجێی دانیشت**
**بەعەینی وەک سولەیمان جێنشینی حەزرەتی داود**
**بەڵێ بابی وەها ئەلبەت دەبێت فەرزەندەی وابێنێ**
**ئیلاهی سەدهەزار ڕەحمەت لەقەبری والدو مەولود**
**بەرەحمەت چوون ئەوان، بابێینە سەرباسی ئەوڕەحمان**
**فیدات بم نەتیجەی دوودمانی ئەحمەدو مەحمود**
**نەتیجەم مەقسەدە، تالی موقەدەم شەرتی تەحسیله**
**ئەوانەی بۆیە ئیجادکرد خودا، تا ئەم ببێ مەوجود**
**ئەمێستاش شێخ عەلی نەجلی کەپیری ساحێب ئیرشادە**
**ئەمیش وەک باوک و باپیری لەزومرەی ئەولیا مەعدوود**
**(ڕەزا)ش لەو نەسلەیە بیبەخشە یارەب، چونکە قەت نابێ**
**گوڵی بێ خارو بەحری بێ بوخارو ئاگری بێ دوود**

مەلامەحمودی زەنگەنە زانایەکی دیارو دیندارو ناودداربووە، ڕابەری ڕێبازی قادری بووە، تاڵەبانییەکان ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەسەر یوسفاغای ڕۆستەم ئاغای زەنگەنە، ناوبانگی مەلایەتی مەلا مەحمود زاڵ بووە بەسەر ئاغایەتی، ناوبانگی (شێخ)و نازناوی تاڵەبانی لەشێخ ئەحمەدی تاڵەبانی کوڕی مەلامەحمودی زەنگەنەوە پەیدادەبێت، پاش کۆچی دوایی مەلامەحمود زەنگەنە، شێخ ئەحمەد کوڕی مەلامەحمود گوندی (ڕەمەزان مامکە) بەجێی دەهێڵێ و دەچێتە گوندی تاڵەبان بەشێخ ئەحمەدی تاڵەبانی ناوبانگ دەردەکات، شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی 11 کوڕو چوار کچی بووە، کوڕەکانی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی ئەمانە بوون: شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵس، شێخ عەبدولکەریم، شێخ عەبدولفەتاح، شێخ غەفور، شێخ محێدین، شێخ عەبدولعەزیز، شێخ محەمەد ساڵح، شێخ عارف، شێخ حسێن، شێخ عەبدولقادر، یانزدەمینیان بەمنداڵی مردووە) شێخ عەبدولقادریش بەهەرزەکاریی چۆتە ئەنبار بەناوی (ئەسەد بەگ) بنەماڵەیەکی پێکهێناوە، سەرجەم کوڕەکانی جگە لەشێخ عەبدولقادر هەموویان لەگۆڕستانی تەکیە لەکەرکوک نێژراون، کوڕەکانی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی بلاوبوونەتەوە،

شێخ غەفوور تاڵەبانی کەوتۆتە کۆیە بەهۆی حاجی بەکراغای حەوێزی، شێخ غەفوور بەفەقێیایەتی لەکۆیە خوێندوویەتی، دۆستایەتی لەگەڵ حەوێزییەکان پەیدادەکات دوایی بۆتە مەلاو شێخ لەرقی عوسمانییەکان رووەدەکاتە (سەردەشت) لەژێر رکێفی ئێرانییەکان، گرنگی پێدەدەن تەکیە دەکاتەوە لە(سەردەشت) ئەوجا عوسمانییەکان پێی دەزانن گرنگی پێدەدەن، سەردەشت جێدەهێڵێ حاجی بەکراغای حەوێزی داوای لێدەکات لەکۆیە بمێنێتەوە و تەکیە بکاتەوە، شێخ غەفوریش پرسی بەبرا گەورەی (شێخ عەبدولرەحمان) باوکی شێخ رەزای تاڵەبانی دەکات، ئەویش پێی باش دەبێت گوتوویەتی لەکۆیە بمێنیەوە، چونکە کۆیە شارێکی زیندووە، شێخ عەبدولرەحمانی خالس زانایەکی بەرزو کەسایەتییەکی مەزن بوو، هاوشانی کاک ئەحمەدی شێخ و مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووە، پۆستنشینی شێخ ئەحمەد تاڵەبانی باوکی بووە، مامۆستای حاجی قادری کۆیی بووە، حاجی قادری کۆیی لەدێڕە شیعرێکدا بەغەوسی سانی ناوی هێناوە:

**غـــــەوســـــی ســـــانـــــی حـــــاتـــــەمـــــی مـــــەزهـــــەب**
**عـــــەبـــــدولـــــرەحـــــمـــــانـــــی خـــــالـــــســـــی مـــــەشـــــرەب**

شێخ عەبدولرەحمان پۆست نشینی رێبازی قادری بووە لەکەرکوک، شێخ غەفوری براشی رابەری رێبازی قادری بووە لەکۆیە، شێخ غەفوری تاڵەبانی ساڵی 1270ک هاتۆتە کۆیەو 1289ک تەکیەی کردۆتەوە پاش ئەوەی (سەدری ئەعزەم-سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی)ی دیوە، چەند گوندێکی لەوڵاتی کۆیە لەدەوڵەتی عوسمانی وەرگرتووە، وەک (قەمبەر، داربەسەر، ئیلنجاخ، بانی ماران) بەشێکی زەوی چوار جوتیاران واتە (جێی بیرە نەوتەکانی شیواشۆک)و رەزێک لەچنارۆک، شێخ رەزای تاڵەبانی برازای شێخ غەفوور باسی دەوڵەمەندی مامەغەفوری دەکات لەخەزنەو خەزێنەو ئیرادی لەشیعری (مامەکەم) شێخ رەزای کەباوکی کۆچی دوایی کردوە هاتۆتە کۆیە لای مامە غەفووری یەکەم جار وای بەنیاز بووە جارێکی دیکە نەگەرێتەوە کەرکوک، چونکە ساکنی کۆی مامە غەفوور بووە وەکو فەغفوور، کیسەی هەمیشە پڕ لەزێڕو لیرەی مەسکووک بووە، بەڵام دوایی تۆراوە خواستەکانی نەهاتۆتەدی و جێبەجێنەکراوە، مامە غەفووری کچی خۆی پێ نەداوەو نەیهێڵاوە بچێتە ئەستەمبوڵ، شێخ رەزاش شورت و شۆی مامی شووشتۆتەوە حەشری بەمامەغەفوورو شاری کۆیە کردووە، شێخ رەزا لەکۆیە رێزلێگیراو بووە، کەیفی جوانرۆیی لەسەر شێخ رەزا لەکۆیە دەرکراوە، شێخ غەفووری تاڵەبانی لەگەڵ حەزرەتی حاجی قادری کۆیش نێوانیان خۆش نەبووە، نارێک و ناکۆک بووین، حاجی قادری کۆیی لەشیعرێکدا دەڵێت:

**لـــــەعـــــەهـــــدی کـــــەرنـــــەبـــــی، تـــــــــــادەوری گـــــاکـــــوێـــــر**

## لــەگــویّــی گــا نـــووســـتـــوون زۆر حــەیــفــە بـــۆ شـیّـر

حەزرەتی حاجی (کەرنەبی) مەبەستی شێخ نەبی ماویلی و گاکوێر مەبەستی شێخ غەفووری تاڵەبانییە، دیارە شێخ غەفوور بەحاجی قادری کۆیی گووتووە (چاچی) یان (جاچییە) گوایە نوختەکان لاببەیت مانایەکی جنێو دەگەیەنێ، بۆیە حاجی قادری کۆیی ئەوها وەرامی دەداتەوە:

**شـــێـــخ غـــەفـــوور بـیـسـتـوومـە جـاچـیـم پـــێ دەڵـــێ**
**چـــاکـــە مـــــن نـــابـــم بـــەنـــوقـــتـــەی لابـــەلا**

بەگوێرەی لێکدانەوەی زانای مەزن مەسعود محەمەد، نوقتەی لابەلا دەبێتە (عەقوور) گوایە سەگی مێینگیر دەگەیەنێ و چەند مانایەکی جنێویش دەبەخشێ!
شێخ غەفوور سێ کوری بووە، شێخ رەشید، شێخ نوری، شێخ ئەدیب، لەو کورانەی شێخ غەفوور تەنیا شێخ نوری وەچەی کوری لێکەوتۆتەوە، نەوەی کوری هەبووە، شێخ رەشیدو شێخ ئەدیب کوریان نەبووە، هەر کچیان هەبووە، جگە لەو گوندانەی سوڵتانی عوسمانلی (بەئیتعامی تەعام) پێیداون، شێخ نوری گوندی بێستانەو حەوشی قەسابان و گوندی (کەلکانی) کریوە بەپارەو لیرە، شێخ رەشیدی براشی گوندی (قزلوو)ی دەشتی کۆیەی کریوە، هاوزەمان کەشێخ نوری شێخ غەفوور کەلکانی کریوە بەهەزار لیرە، حەمەئاغای کۆیەش گوندی (خدران) لەبناری کۆسرەتی کریوە، شێخ نوری 5 کوری هەبووە (شێخ نورولڵا، شێخ عزولڵا، شێخ بورهان، شێخ ئەفزەڵ، شێخ جەلال) شێخ جەلال بەگەنجی جوانەمەرگ بووە، شێخ بورهان و شێخ ئەفزەل لەساڵی 1927 لەنزیک گوندی (گولەک) لەدەشتی بتوێن لەسەروچاوەی (کانی قولکە) کوژراون، رووداوی کوژرانی شێخ بورهان و شێخ ئەفزەڵ بەچەند جۆرێک دەگێرنەوە گوایە بەفیتی ناحەزان ئینگلیزەکان کوشتوویانن، لەلایەکی دیکەوە لەمەر بڵباسەکانی دەزانن، کاتێ کەکوژراون ئەسپ و چەک و پارەیان پێبووە، بەڵام بکوژەکان دەستکارییان نەکردووە، هیچ شتێکیان نەبردووە، بۆیە ئەو تاوانە لێکدانەوە هەڵدەگرێت، شێخ بورهان (مریەم خان و شێخ حەمەساڵح و شێخ جەنگی) هەبووە، شێخ ئەفزەڵیش تەنیا شێخ شوکرولڵای هەبووە، زۆر منداڵ بووین لەناو تێرکەیان ناون بەسواری وڵاخ هاتوونەتەوە کۆیە، شێخ بورهان و شێخ ئەفزەڵ لەکۆیە بەخاک سپێردراون. شێخ نوری شێخ غەفووری تاڵەبانی، برازای شێخ عەبدولرەحمانی خاڵس و زاوای شێخ عەبدولقادری فائزو ئامۆزای شێخ رەزای تاڵەبانی بووە، هەموو شاعیر بوون، کاریگەریی شیعری لەسەر بووە، شێخ نوری شاعیر نەبوو، بەڵام شیعر دۆست و شارەزای شیعر بووە، کاتێ شێخ رەزای تاڵەبانی هەجووی قازی کۆیە دەکات، کەقازی کۆیە شێخ ئەحمەدی بەرزنجی گەراوبوو، خەڵکی

گەراوی تەکباسانی بناری خاڵخاڵان بووە، غەدری لەلامیعەی فەندی کۆیە کردووە، بۆیە شێخ رەزای تاڵەبانی دەڵێت:

**شێخ رەزا بێت و لەسەرتۆ هەجوی قازی کۆی بکا**
**سەیری کە چی پێ بکا، دۆم بێ و کڵاش بۆ خۆی بکا**
**چونکە غەدری کرد لە (لامیع) شەرت بێ قازی وای بگێم**
**هەرگەنو گوویێ لەزگیایە بەجاریێ رۆی بکا**

شێخ نوری ئەو دوو دێڕەی دەخاتە سەرو دەڵێ:


**دووگوڵی هەجووم لەباخچەی فکری ئوستادم چنی**
**(ئەرمەغان) ناردم لەبۆ ئەحمەد گەراوی بۆی بکا**


شێخ رەزا پێی خۆش و گەش دەبێ، ئافەرینی لێدەکات و دەڵێ: نوری شیعرەکەت تێکنەدا جوانترت کرد، بەراستی وەستایانە شیعرەکەی زیادکردووە، ئەرمەغان واتە دیاری بۆی بکا دوو مانا دەدات، بۆی بکا کارەکەی بۆ بکات قازی، بۆی بکا واتە بۆنی بکا، چونکە دوو گوڵی چنیوە لەباخچەی فکری ئوستاد، لەرووی سەرواشەوە گونجاوو رێک و جوانە!

شێخ نوروڵڵای شێخ نوری سێ کوری هەبووە شێخ عیسامەدین و شێخ شەرەف و شێخ نەسرەدین، شێخ عیسامەدین لەکور هەر مام جەلال ی هەبووە، شێخ شەرەف 5 کوری بووە، شێخ نوری بەگەنجی جوانەمەرگ بووە، شێخ ئەشرەف، شێخ سەلاح، د.پێشەواو پشتیوان، شێخ نەسرەدین دوو کوری بووە (حاکم شوان و بارزان). تاڵەبانەکانی کۆیە جگە لەشێخ غەفوور هەمووی کۆچکردووەکان بەژن و پیاوەوە لەکۆیە بەخاک سپێردراون، تەنانەت ژنەکانیش، ژنەکانی شێخ غەفووریش هەر لەکۆیە نێژراون، شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی لەگەڵ هەر نۆ کوری وەسیەتی کردووە لەتەک خۆی بنێژرێن، بۆیە شێخ غەفووری کوری شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی لەتەکیەی تاڵەبانی لەتەک باوک و براکانی لەکەرکوک نێژراون، بەلام شێخ رەشیدو شێخ نوری و شێخ ئەدیب و شێخ نورڵڵاو شێخ عوزڵڵاو شێخ بورهان و شێخ ئەفزەڵ و شێخ عیسامەدین و شێخ شەرەف و شێخ شوکرڵڵاو کاکەسوورو شێخ حەمەساڵح لەکۆیە بەخاک سپێردراون، دینییەکان بەژن و پیاوەوە لەتەکیەی تاڵەبانی لەکۆیە نێژراون، هەندێکیان لەگۆرستانی (کەکۆن) لەکۆیە بەخاک سپێردراون، شێخ غەفووری تاڵەبانی بێجگە لەخوێندن و فەقێیایەتی، تاڵەبانییەکان لەساڵی 1849ز لەکۆیە نیشتەجێن، هەموو تاڵەبانییەکان دەبێت نەوەی شێخ ئەحمەدی

تاڵەبانی و مەلا مەحمودی زەنگەنە بن، تاڵەبانەکانی کۆیە دەبێت نەوەی شێخ غەفور بن، راستییەک هەیە دەربارەی وشەی (تاڵەبانی) خۆی، تاڵەبانی لەدوو وشەی لێکدراو پێکهاتووە (تاڵە) لە (تاڵک)ـەوە هاتووە، درەختێکی خۆرسکە (بان) سەر یاڵ و سەرگرد دەگەیەنێ، تاڵەبان گوندێکە لەپشت زێی باسەرەی ناوچەی چەمچەماڵ، هەرچەندە دوو گوند هەن لەبن تەقتەقی وڵاتی کۆیە بەناوی (تاڵەبان) و هەروەها بەرزاییەک هەیە بانووی تاڵەبان، بەڵام ئەو دوو گوندەی لای کۆیەو تەقتەق چ پەیوەندیی بە(تاڵەبان)ی بنەماڵەی تاڵەبانییەوە نییە، نازناوی تاڵەبانی لەشێخ ئەحمەدی تاڵەبانی یەوە پەیدابووە کە لەگوندی تاڵەبانی ناوچەی چەمچەماڵ بووە.

## درەختی تاڵەبانیەکان





مستەفا خۆشناو و بەکرئاغای حەوێزی
ساڵی 1922ـ کۆیە خانی محمود ئاغا

# شنەی ئاڵای کۆماری مەهاباد لە هەیبە سوڵتان

کۆمارە کۆرپەکەی مەهاباد ساڵێک نەژیاو تەمەنی 330 رۆژ بوو ماوەی ژیانی ئازادی لە رۆژ مێژووی 1946/1/27 تا 1946/12/17 بوو! وەختێ کۆماری مەهاباد راگەیاندراو ئاڵای کوردستان هەڵکرا ئاڵاو کۆماربوونە رووگەی ئومێدی کوردان ، تێکۆشەرو دڵسۆزی کوردو کوردستان لەهەر لاوە بەعەشقی کوردایەتییەوە روویان لەمەهاباد دەکردا.

هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە 26ی سەرماوەز لەسەعات 10ی بەیانی بەحزووری دەهەزار نەفەر لەسەرتاسەری شەقامی وەفایی و گۆرەپانی چوارچرا لەمەهاباد، رووداوێکی مێژوویی بوو لەژیانی سیاسی خەڵکی کوردستان.

ئاڵای کوردان لەمەهاباد بەجۆشو خرۆشو حەماسەتێکی ئاگراوی لەناو ئاپۆرەی چەپڵەرێزانو ئاهەنگو شایی وخۆشیو فرمێسکی شادیو خەندەی ئازادیو ئاواتی گەش هەڵکرا بەسروده نەمرەکەی دڵدار:


**ئەی رەقـــیب هــــەر مـــــاوە قـــــەومی کـــــورد زمان**
**کـــەس نـــەڵــێ کـــورد مــــــردووە کـــورد زیـــنــدووە**
**زیـــــنــــدووە قـــــەت نـــانـــــەوێ ئـــاڵاکـــەمـــان!**

دڵداری جوانەمەرگ 30 ساڵ ژیا، 1918 کۆیە – 1948 کە ئاڵا هەڵکرا تەمەنی 28 ساڵ بوو کاتێ

هەواڵی بۆ دێت ئاڵای کوردستان بەشیعرە ئاگرینەکەی ئەو هەڵکراوە لەخۆشیان دەستدەکات بەگریانو فرمێسکی خۆشی دەبارێنێ!
کۆمەڵەی دەنگ لەکۆیە بۆ ئەو رووداوە مێژووییە بریاردەدەن وەک نوێنەر مامۆستا(محەمەد توفیق وردی 1924کۆیە -1975 پەیوەندی بە کۆماری بەمەهابادەو بکات، ئەو دەم مامۆستا وردی مامۆستا بوو لەتەق تەق بریارو ئەرک بەجێدەهێنێو روو لەمەهاباد دەکات لەوێش شیعرەکەی (ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان) دەبێتە سروودی شۆرشگێڕیو وێردی تێکۆشەرانو هێمای شەهیدان.
لەکاتێکدا لەکۆماری مەهاباد دوو شاعیرو ناوداری هەبوو(هەژار موکریانیو هێمن مهابادی) کەچی شیعری ئەی رەقیبی دڵدارو ئەی شەهیدانی وردی دەبنە سردوی نەتەوەییو مارشی کوردایەتی.
بەهۆی کۆمەڵەی هیواوە ئەفسەری ئازاو دلێر نەقیب مستەفا خۆشناو1910-1947 لەرێگەی بارزانەوە دەچێتە ژێر ئاڵای کۆماری مەهاباد، مستەفا خۆشناوی نەمر نهێنیو تەمومژ لەژیانی شاراوەی هەیەچونکە مستەفا خۆشناو بە کۆرپەیی وگچکەیی لە ماڵێ کەریم ئاغای حەوێزی ژیاوەو لەوێ پەروەردە بووە، ئەو دەم کەریم ئاغا کوری نەبوە دوای خوا بەکر ئاغای بە کەریم ئاغای داوە لەگەڵ بەکر ئاغا لە یەک ماڵ ژیاون و پێکەوە خوێندویانە هەرچەندە مستەفا خۆشناو گەورەتر بوە بە چوار ساڵ بەلاّم بە یەکەوە بونەتە مامۆستا لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراون ئەگەر کورە ئاغا نەبوونایە نەدەکران بە ئەفسەر، ئەو دەم کورە ئاغا وەردەگیران لە کۆلێژی سەربازی ،مستەفا خۆشناورێزی لێگیراو خۆشەویست و بێ جیاوازی بووە ،لە رەگەز نامەی باری کەسێتی بە کوری کەریم ئاغا دانراوە و نووسراوە، تا ئێستاش بنەماڵەی حەوێزی بە کوری خۆیانی دەزانن و وەک بەکر ئاغا رەچاو کراوە مستەفا خۆشناوی نەمر سەردەمێک مامۆستا بووە پیاوێکی رێزدار بووە .دواتر چۆتە کۆلێژی سەربازیو لەکۆماری مەهاباد بەرێوەبەری پۆلیسی شاری مەهاباد بووە!.
ئەفسەری خۆراگر رەئیس بەکر عەبدولکەریم حەوێزی1914کۆیە 1999 لەگوندی شیوەشانی دەشتی کۆیەوەرا بەبرینداری بەکوێستانان خۆدەگەیەنێتە کۆماری مەهاباد، لەوێ مەشقی سەربازی فێری بارزانییەکان دەکاتو فەرمان بەحەرەس شەرەف دەداو سلاّوی کۆماری پێشکەش بەپێشەوا دەکەن!
رەئیس بەکر سەرەتا دەکرێ بەئامیر فەوج لەسوپای کۆمارو سەرپەرشتی جەبهەی سەقزو دوایش فەرماندەیی جەبهەی سەردەشتو بانەی پێ دەسپێردرێ، وەک ئەفسەرێکی بەتوانا بەرگری لەئاڵاو کۆمارەکە دەکاتو بەشداری چەندین شەری سەخت دەکات، فەرماندەیی داستانە بەناوبانگەکەی (شەری قاراوە) دەکات کە داستانێکی مێژووییو پر شانازییە، بارزانی لەسەرکەوتنی شەری قاراوەو تێکشاندنی دوژمن رەئیس بەکر پاداشت دەکرێت لەلایەن پێشەوا قازی محەمەد بەنامەی پیرۆزبایی و نۆ هەزار تمەنو چوار غەدارە خەلاّت دەکرێ و جەنەراڵ مەلا مستەفا بارزانی دەمانچەو تفەنگێکی پێشکەش دەکاتو حاجی بابەشێخ (سەرۆک وەزیران) ئایەتێکی قورئانی بەئاوی زێر نووسراو، دەکاتە



شەهید مستەفا خۆشناو لە زیندان



تۆمارکردنی ناوی مستەفا خۆشناو لە قوتابخانەی ئولای کۆیە
بە ناوی: مستەفا عبدالکریم ئاغا

دیاری بۆی، سدیق حەیدەری (وەزیری تەبلیغات ) دەستە جلێکی کۆیبانەی بەپۆشتەی بۆ دەنێریٚ!
جگە لەوەش لەئەنجامی سەرکەوتنی ئەم شەرەی قاراوە مەلا مستەفابارزانی دەکریٚ بەجەنەراڵو مستەفا خۆشناو و بەکر عەبدولکەریم دەکرێن بە عەقیدو چەندین ئەفسەری دیکە پایەو ئەستێرەی زیادیان لەسەر شان دەدرەوشێتەوە.
لەئەنجامی رووخانی کۆماری مەهابادو خنکانی پێشەوا قازیو هاورێکانی لە 1947/3/31 لەسێدارە دەدرێنو جەنەراڵ مەلا مستەفاو جەنگاوەرەکانی بە 502 قارەمانەوە لەناویاندا سەید حەمیدی سەید تەیبی کاولانی ناسراو بە(سەید سالم)، لەچەمی ئاراس دەپەرنەوەو رووڵە رووسیا دەکەن، لەو کاروانە مێژووییە کە زۆربەی بارزانی بوون (عەبدولرەحمان چەلەبی گۆمەشینو عەزیز چەلەبی گۆمەشینو مام حسێن عەبدولقادر کۆیی) بوون.
راستییەکی مێژوویی هەیە ئەفسەرەکان تەسلیم دەبــنو دەگیرێنو لــە19 حوزەیران 1947لەسێدارەدەدرێن (عزەت عەبدولعەزیزو خەیروڵڵا عەبدولکەریم و محەمەد قودسی و مستەفا خۆشناو) وەسیەتنانەیەک بۆ گەلی کورد دەنووسنو بێ باکو بێ منەت بەرامبەر مردن دەوەستن!.
بەڵام نەمر بەکر عەبدولکەریم حەوێزی رێگەی خۆبەدەستەوەدان ناگرێتەبەرو بە(22)کەسەوە بەناو بەفرو سەرماو لوتکەی چیای سەختو پڕ مەترسیو چارەنووسی هاتونەهات، سەرەنجام سێ کەس دەمێنێتەوە (واحید مام رەزا کۆییو عەزیز قالەرەش ناسراوە بەعەزیز لەیلی خەڵکی کۆیە دوایی لەناو بەفرو سەخت سەرما ( واحید مام رەزای کۆیی) رەق دەبێتەوەو بەفر دەبێت بەکفنو شەهید دەبێت کاتی باوکی (مام رەزای حاجی هەمزە) ئەو هەواڵە دەزانێ کورەکەی رەقبۆتەوە لەسەرمان لەتاوانو لەحەژمەتان شێت دەبێتو بەشێتایەتی سەردەنێتەوە!.
قارەمانی خۆراگر بەکر عەبدولکەریم حەوێزی لەچەمی گادەرەوە بە 22 رۆژ دەگاتەوە گوندەکەی خۆی (شیوەشان) کۆڵ ناداو خۆبەدەستەوە نادات چەندین جار پیلانیان بۆ داناوەو پەلاماریان داوە لەشیوەشانو تووشی شەرو بەرگری بووەو برینداركراوە، بەڵام نەبەزیوە هەتا ساڵی 1957 هەردەمێنێتەوە لەشیوەشان لەماوەی ئەو ساڵانەدا تەنیا هەشت مانگ لەداری کەلی لای شێخی نەمر بووە، هەقە مێژوو شانازی بەو ئەفسەرە مەزنو نەمرەوە بکات! لە 1999/12/13 گیانی پیرۆزی گەیشتە بە هەشتی نەمری و ئەبەدی



مەحمود ئاغای کاکە زیادی کۆیە

# گوڵە یەکەمەکانی کۆیە
# لەناو گوڵدانی مێژوودا

شاری کۆیە شارێکی کۆنو مێژووییە لەکوردستاندا شۆرەتی هەیە سەردەمانێک مەڵبەندی بازرگانیو کاروان سەرای نێوان شارەکان بووە! لەکۆنەوە خانو قەیسەریو بازاڕی هەبووە، لەسەردەمی عوسمانییەکان بنکەی مەشقی سەربازی بووە، چونکە قشڵەی کۆیە گەورەترین قشڵەی کوردستانی باشوور بووە لەساڵی 1834دا دروستکراوە. چی باس دەکەی لە کۆیە؟! لەهونەرو ئاوازو گۆرانیو سرودو خەباتو خانەدانیو کەسایەتی، کۆیە سەرتۆپی دەستپێکو ئەفراندنە ، نۆبەرەی رووداوەکانەو پێشرەوی شەرەفو شانازی مێژووە، شاری شەهیدستانە! شارێکە بەقەبارە بچووک بەدڵ گەورەو زیندوو، لەمنداڵدانی کۆیە خەڵکی مەزنی لێهەڵکەوتووەو دیارو بەناوبانگە لە گشت بوارەکان.

کۆیە بەدیمەنە سروشتییەکانی چنارۆکو حەمامۆکو ئۆمەرخۆچانو شیوی رەزانو باخو رەزو چیای هەیبەسوڵتانو باواجیو دەشتی هاموون وای لەحاجی قادری کۆیی کردووە، عەشقیکۆیی بێتو لەچەند شیعریدا ناوی کۆیە بهێنی:

**لـــەمـــەیـــدانـــی بـــەهـــارا شـــارەکـــەی کـۆ**
**قـــوبـــەی کـشـمـیـری دابـــەرشـــەق وەکـــو گـۆ**

لــەمــابــەیــنــی کــــە کــــــۆنو هـــەیــبــە ســـوڵـــتـــان
شـــــنـــــەی ئــــــێـــــــواران‌و ســــایـــــەی سـبــەیــنـــان
گـــــــوڵ‌و حـــاجـــیـــلـــەکـــانـــی دەشــــتــــی هـــامــــوون
نـــەکـــەی بـــیـــدەی بـــەنـــێـــر گـــز جـــــــاڕی گــــــەردوون

لەژێر کاریگەرە شیعرە ئاگرینەکانی کوورەی پڕ پشکۆی خەباتی ناو دەروونی حاجی قادری کۆیی وەک یەک لەسۆنگەکان وایکردووە کۆیە لەڕووی کوردایەتی‌و پارتایەتی پێشڕەو بێت‌و سەر گوڵی گەشاوەی گوڵزاری کوردستان بیـَت، لەخەرمانی بەرەکەتی کۆیە مەلۆیەک گوڵەگەنمی نازدار هەن لەتەبارەی هونەرو کوردایەتی ، هەندێ لە گوڵە یەکەمەکان وەک چەپکێکی رەنگاورەنگ بۆ ناو گوڵدانی مێژوو پێشکەش دەکەم، گەر لێم بسەلمێنن، خارە سێوە هونەرمەند دەچریکێنێ:هەر کەسانەکی سوارە چووکەلانەکەی من ناناسێ ئەوەتانێ:یەکەمین مۆرهەڵکەن لەعیراق(محەمەد ئەمین محەمەد مستەفا یومنی) بوو لەدایکبووی کۆیە 1869 مۆری بۆ مەلیک فەیسەڵی یەکەم دروستکردووە.

یەکەمین کچ لە کوردستان‌و رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەتێکەلاوی لەگەڵ کوران بخوێنێ لەساڵی 1926 (نەجیبەخانی کچی مەلای گەورەی کۆیە)بوو.

محەمەد توفیق ووردی کە رۆژنامەوان شاعیرو وەرگێرو نووسەربووە، یەکەمین مامۆستا بووە بەشداری کۆماری مەهابادی کردووە، ئەو تێکۆشەرە خەڵکی شاری حاجی قادری کۆیی بوو.

یەکەمین کورد کەدەستەی دامەزرێنەری هێزی ئاسمانی عیراقی بوو(حەمە ئەمین کاکە)بوو لەبنەماڵەی حەوێزی بوو.

یەکەمین دەستەی هەڵچوونی چەکدارانە دژی چاککردنی کشتوکاڵی (مەحمود ئاغای کاکە زیادی حەمە ئاغای کۆیە)بوو ئەو هەڵچوونە بووە سەرەتاو هەوێنی شۆڕشی ئەیلول، (محمود ئاغای کاکە زیاد شەرەفی یەکەم پێشمەرگەو هەڵگیرسێنەری شۆڕشی ئەیلولی پێ دەبڕێ!

یەکەمین بریندار لەشۆڕشی ئەیلول هونەرمەندی دەنگ خۆشی(حەمە بەگرەز)ە

دامەزراندنی یەکەمین سکرتارییەتی بەڕێز(مام جەلال) کۆیی بوو شەهید(مامۆستا محەمەد وەستابەکر) بوو.

دامەزراندنی یەکەم دادگەر لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان (حاکم پێشڕەوی سەید برایمی)یە کە خەڵکی کۆییە.

یەکەمین ژن بۆتە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کۆییە(یانەرمین عوسمان حەسەن)ە.

یەکەمین کچ لەشۆڕشی نوێێ گەلەکەمان بێ برا، بێ دەستگیران بوونە پێشمەرگە(نازەنین عوسمانە فەندی)ی خەڵکی کۆیە ، هاوزەمان لەگەڵ بەیان خۆشناو بوو.

دامەزراندنی یەکەمین سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان د. فوئاد مەعسوم بوو لەدایکبووی کۆییە.

یەکەمین قائیمقامی شەهید لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆیە (شەهید مامۆستا حەمید کەریم شانەیە).

یەکەمین تابیعەو رۆنیۆ مەکینەی دابڕینەوەی بەنزین لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان ناوچەی کۆیە گرتی لەتەقتەق ساڵی 1982.

یەکەمین شەڕی پاش ئەنفالەکان شەڕی مەکۆکەی چەمی ڕێزانە کەوا کوڕانی کۆیەو قارەمانی کەرکوک ئەنجامیاندا لەساڵی1988.

یەکەمین بێژەر لەکەناڵی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، کەناڵی هەولێر، بەشی عەرەبی ، بەیان تاهیر ساڵح بوو کە خەڵکی کۆییە.

یەکەم کچ تەختی شانۆی پیرۆز کردو عەبای فڕێداوە لە پایزی ساڵی 1957 (خێریە عەبدول رەحمان مەلا رەش بوو، 1943کۆییە-1977 ئەوجا لەساڵی شەستەکان خاتوو ماریا باکوری رۆڵی بینیوە!

بێگومان رەنگە گوڵە یەکەمەکانی دیکە هەبن‌و راوبۆچوونی جیاوازیش هەبێت لەسەر ئەو گوڵانەی دانراون بەیەکەم، گەر گوڵ‌و بۆچوونی دیکەش هەبێت گوڵدانی مێژوو رازاوەترو جوانتر دەکات.

## کۆچی

## کۆتره رۆحیەکانی (کەکۆن) لە کۆڕەودا

وەنەبێ رۆڵە راپەڕێوەکانی هەیبەسوڵتان هەر لەرۆژی رز گارکردنی کۆیە 24 شەهیدی دابێ، دوایش لەدرێژەی راپەڕین دووبارە شەهیدی داوەتەوەو هەر لەکۆیە شەهیدی دیکەی بەخشیوە وەک شەهیدان: شەوقی ئەحمەد سەلیمو فەیسەڵ بەکرو قادرو خالید حەمە ساڵح رەسول، ئەمەو نەک هەر لەکۆیە، بەڵکو لەشوێنو شارەکانی دیکەش قوربانی داوە لەقودسو دڵی کوردستان بەخوێنی گەشی شەهیدانی فەرماندە عەبدولرەزاق محەمەدوجەعفەری حەمە دەرویش ئاگری نەورۆزیان بەگڕترو خۆشکرد لەگەل شەهیدانی دیکەی وەک قوباد حاجی برایمو خولەی برای شەهید عەبدولڕەزاقو مستەفا عەبدوڵڵا شەریفو بارزان توفیق حەمەو جومعە محەمەد ئەبوبەکرو لوقمان رەمەزان مستەفاو ئەحمەد ساڵح حەوێز.

لەناوجەرگەی کەرکوکی کوردان شەهیدکران نەک هەر کەرکوکیش شەهیدی فەرماندە نەوزاد جەمال مستەفا لەکەلەکو عومەر حەمەد باپیرو ئیبراهیم سەدرەدین تەهاو موقتەدیر ئەحمەد عەبدولقادر و شیروان کەریم فەقی یانیو لەهەولێرو قارەمان عومەر ئەمینو توفیق ئەحمەد محەمەد لەچوارقوڕنە شەهیدکران.راپەڕین رووداوێکی هەرەمەکیو لەخۆوە نەبوو بەرنامەرێژو نەخشە بۆ کێشرابوو سەرەنجام راپەڕینو شنەبای ئازادی هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە، تا رموزنی بەغدا چرای سەوزی بۆ هەڵکرا، دەرپەڕینو کۆچی کوردان –کۆڕەو –بەرەو سنوورەکانی کاروانی کرد کۆڕەو

راپرسو دەنگدانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بوو بۆ ئازادیو رەتکردنەوەی ژێردەستەیی.
کۆرەو دەرەئەنجامی ئەنفالو کیمیابارانو رەشەکوژیو درندەیی رژێم بوو کۆچێکی سیاسیو جەماوەری بوو، لەمێژوودا دەگمەنە کۆچو سەرهەڵگرتنی نەتەوەیەک دژ بەرژێمی خۆی هەڵبێ و ئەو کۆچو رەوەش ببێ بەسەرکەوتنو سۆزو ویژدانی دنیا راچڵەکێنێو ببێ بە بنەمای پێ دەرکردنی بریارێکی نێودەوڵەتی بۆ ناوچەیەکی پارێزراوو پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی لێ پێکبهێنێ ئەگەر راپەرین بە بەرنامەو پلان بووبی ، بەلاّم کۆرەو بە بەرنامە نەبوو، چ نەخشەی بۆ دانەرێژرابوو، جەماوەر بەویژدانی هۆشیاری شۆرشگێرانەو سۆزی کوردانەوە کۆرەوی کرد، گەرچی کارەساتو رووداوی دڵتەزێنی بەخۆوە گرت، زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەمنداڵو ژنو لاو و پیرەوە لانەو ماڵو سامانی بەجێهێشتو رەوی بەرەو چارەنووسێکی نادیارەوە کرد! ئامادەبوو لەبرسان بمرنو لەسەرمان رەق ببنەوە چی سەروسامان هەیە بەقوربانی بکەن، هەر نەگەرێنەوە دەستی دیلیەتی.
شارەکان هەمووی چۆڵکران شەرو بەرگری دلێرانە: لەکۆرێو ئەزمر کرا هەر لەو کۆرەوەدا بەشێک لەشاخی هەیبەسوڵتان بەخوێنی شەهیدی فەرماندە بارام رەسول خۆشناو ئازادکرا، کۆیەش هەروەک شارەکانی دیکە چۆڵکرا، سەرجەمی خەڵک بەکوڵ بەپێیان بەعارەبانەو چارەویو ترومبێل ملی رێگاوبانیان گرتو بەرەوشوێنی دوورو دیارینەکراو بەرێکەوتن.
لەکاروانی کۆرەو گەلێ قوربانی درا، بەشێک لەوانەی لەماوەی کۆرەو، کەبوونەتە قوربانیو لەکۆچدا، بەسەرروەری کۆچیانکرد، لەسەر سنوورو لەرێگاو لەپەناو بەسێواندا تێچوونو دوور لەزێدو شاری نێژران لەوانە:
(کاکە زیاد ئاغای کۆیە)، کۆێخا سوارەی پێبازۆک "سوارە کۆێخا حەمەد" ، کوێخا عەولاّی شێوەجان (عەبدوڵلاّ وەسمان حەمەد)، عەیشان شەفیق حەمەدەمین " تەمەن 91"ساڵ)، باوان گوشاد کەمال "منداڵ"، ونس خان تاهیراغا، دەرویش رەسول، عوسمان عەباس پیرۆت، ئاراز قادر عەبدوڵلاّ خەنجەکەر، جەمال رەشید سەردۆری، ماڵی کوێخا رەحیم، کە(بەماڵو منداڵەوە سووتان)، چاوەرێ مەولود کاکە(منداڵ)، ئەحمەد ساڵح خدر، هەوار جوان حامید (منداڵ)، عەلی قادر حەمەد، دەروون جەلال حەمەدەمین(تەمەن5ساڵ)، سەرباز مەجید رەزا، فاتم حەویز باغە جنێری ، ئەحمەد زەردی سورەقەلاّ، سلێمان فەتحوڵلاّ کاوێس، غەفار حەمەدەمین، ئیسماعیل حاجی قادر، بارزان خدر ساڵح ، کوێخا بایز، حەمەد کۆیلە).


خەجاوەی وەستا سمایلە سووری نەجاڕ

# خەجاوە خانی شێخانی

خەجاوەی وەستا سمایلە سوری نەجار لە هۆزی شێخانی بەرەسەن ئێزیدی،لە سالی 1940 لە گەرەکی قەلات لە شاری کۆیە لە دایک بووە. نەچۆتە بەر خویندن دارا دوو داری نەدیوە ،لەگەل سەید برایمی حاجی سەیدسەعیدی بەرزنجی لە ساڵی 1953 ژیانی هاوسەری پێکەوەناوە، خەجاوەی خێزانی سەید برایم دوو کوڕی لە سەر یەک بووە ،بە قسە و قسەڵۆک گوایە لە چاو چووەو کەوتۆتە بەر چاوو زاربۆیە وارێکەوتوە چوار کچی یەک لە دوای یەک بوە (دیمەن، شەهێن، چیمەن، دیدەن)لە راستیدا کچەکانی خەمیان قەت پێنەداوەهەر مایەی خێرو خۆشی بوون،کەچی ئەو کاتەی کوڕەکانی هاتوونەتە ژیان(پێشرەو و رهبەر) لە زیقەی گریانیان داوە،دایکو باوک خەنی بوون،بەلام کوڕەکانی کە گەورەبوون،دایک هەربۆیان گریاوە،هەر خەمی لێخواردوون،دڵی بۆیان خرپاوە.پاش خوێندن هەردووکوڕ بە پشتیوانی و هاندانی باوکیان لە ساڵی 1979 بوونەتە پێشمەرگە ،شەڕی عێراق و ئێران نەبوو،لەو کوردستانە پان وبەرینە ناوچەیەکی وا ئارام و ئازا دکراو نەبوو،سەرسنوورچۆڵ وبێ ئاوەدانی بوون ،سنورەکانی ئیران وتورکیا گیرابوون،هەموو قۆپکەو وسەرشاخ وسەرجادەو تولە ڕێک چنرابوون بە هێزی دوژمن مێخ درابوون لە سەر جەرگی کوردستان،لەو بارە نالەبارە یەکسەردایک وباوک وخوشک گیران ولە زیندان پەستران،لەسەر کوڕەکان کە بووینە پێشمەرگە ،لە هەر خەم و گریانێک،لە هەر شەڕو داستانێک ،لە هەر خوێن وقوربانێک،دایکی جگەرسۆز (خەجاوە خان) گریاوەو دوعا گۆبووەو

خێری لە خۆ گرتووە،کورەکانی چیان بەسەر نەهاتبێ، یەخەی هاوسەرەکەی(سەیدبرایمی گرتووە پێیی گوتووە،توخواکەس بووە لە داری دونیا دووبەرخی هەبێ و جەرگی خۆی بێو رەوانەی چیاو چۆڵانو دەشتانی بکات بیانخاتە بەردەم گەلە گورگ ″وەی خوایە خوا ئاگاداریان بێت)بە مەرگیان هیچ نەبێ، ئەوساڵی کورەکانی دەبنە پێشمەرگە ،خەجاوەخان دەگیرێت،وەستا سمایلە سوری نەجار هەر کاسبکاری ماڵی خۆی بووە بەگرتنی کچەکەی (خەجاوە) ئاگر دەگرێت چۆن کچی بگیرێت، حاجی سمایلە سوری نەجار موسڵمان وخواپەرست قەت کوردایەتیو سیاسەتی نەکردووە، لەسەر بەرماڵ هەردوعای گۆی ئەوە بوە، بەس ئەم جارەکچەکەی(خەجاوەخان) بەربێت بشمرێ قەیناکا بەس چاوی پێبکەویتەوە، پاش ساڵ و نیوێک لە زیندانی فەزەیلیە بە لێبوردنی گشتی دایک وباوکی هەموو پێشمەرگەکان وزیندانە سیاسیەکان ئازاد دەکرێ، پاش دوو رۆژ لە دوای بەربوون کچەکەی، حاجی سمایلە سووری نەجار لە سەر نوێژ و سەلام دادانەوە بە مرازی خۆی دەگات لە مزگەوتی مەحمود ئاغا لە کۆیە نزیک ماڵی خۆیان کۆچی دوایی دەکات.

خەجی خەجان، خاتوون و دلۆڤان، سیاسی نەبوو، بە سیاسەت چووبوو، رقی لە ژیانی زیندان بوو، بەلاّم لە کاتی زیندانی حەزی نەدەکرد بەربێت، چونکە دایک و باوکی هەر پێشمەرگەیەک بەردرابان، دەبووە شین و گریان چونکە یان کورەکەیان شەهید ببوو یان چۆکی داداوەو خۆی بەدەستەوە داوە، بەعس ئەوجا بەریدەدان، دایە خەجاو نەیدەویست بەم شێوەیە ئازاد بکرێت هەمیشە دەیووت مەرگم پێش مەرگی کورەکان بکەوێت خوایە قەد مەرگیان نەبینم.

لەسەر پێشمەرگایەتی کورەکانی خۆیی و هاوسەریی گیران، تالاّن کران، دەربەدەرکران هەرجارەی لەجێ و کونێک خۆیان دەشاردەوە زۆرجار ئاگری جگەر هەڵیدەگرت و کون بە کون، دێ بە دێ، شاخ بە شاخ لەگەڵ سەختی رۆژگارو درندەیی دووژمن دەهاتە کن کورەکانی مەنجەڵە یاپراخ و بریانی و خواردنی خۆش و جل و پارەو پێلاّوی دەهێناو شاگەشکە دەبوو، دایە گیان دووجار بریندارم کردووی بێجگە لە سۆزو وەفاو دلۆڤانی و دایکایەتی قەرزاربارتم!

رێکەوت وابوو خوا رێکی نەدەخست، بەعس گوشاری خستەسەر مالە دەستگیرانەکەم بۆیەک نەبووین، لەناو شەرو ئالۆزی ئەو سەردەمە سەردانی کردم و دڵی دامەوە کە ئەو کارە سەری نەگرتووە منیش بە هەموو هەوەسی خۆم ووتم دایە قەیناکە ژیانی هاوسەرێتی نەبووە بەلاّم ئەو شەرو ئەنفالە، پێش ئەوەی شەهیدبم حەزدەکەم بەس منالێکم هەبووایە پێی ووتووبوومایە″بابە″ بە ئاواتی خۆم گەیشتبام، دایکی هەناسە ساردو قوربەسەرِ هێندە تێکچوو بەو وشەیە، هێند گریا نەم دەزانی ئەو قسەیەم هێندە کاریگەرەو دایکم پێی بریندار دەبێ و کاری لێ دەکا!

جارێکی دیکەش لە بناری قەندیل لەشەرێکدا برینداربووم گوللەو ساچمە بە خۆم و چەکەکەم کەوت، دایە خەجاو بەهاناو هاوارمەوە هات لە ئامێزی نامووە نەک هەر رووممەت و چاوی ماچ کردم برینەکانیشی

ماچ کردم کە تفەنگەکەی بینی هەڵزراوەو گوللەی پێکەوتبوو منیش ساویلکەو دەروێشانە ووتم بریا گوللەو ساچمە بەر دەست و ز گم بکەوتایە بەس بە تفەنگەکەم نەکەوتبایە!
دایکم دایەوە پرمەی گریان و گوتی هەزاران تفەنگ بە قووربانت بی ئەو کەچە ئاسنە چیە کورم چۆن قسەی وا دەکەیت.
وەش دایە بەو قسانە چۆن بریندارم کردوی،!
تا راپەرین دایک و باوک و خوشکەکانم هەر شاراوەبوون و خۆیان حەشاردابوو لە راپەرین لە شوقەیەک لە گەرەکی ئیسکان لە شاری هەولێر خۆیان مات کردبوو، دەرو دراوسێ وایان دەزانیماڵی مام سەید و خەجاوەخان وەچاخ کوێرن و بەس کچیان هەیە! سەرەنجام لە راپەرین ئاشکرابوو کوریان هەیە نەیان وێراوە باسیان بکەن چونکە پێشمەرگە بوون لە شاخ!
پاش راپەرین و لە خۆشی گوزەران بە لێشاو لێپسراوان هاوسەرو هاورێی ژنی شاخیان بە هەوێ کرد! خەجاوەخانی دایکم پێی وتم کورم ئەو شیرەت لێ حەرام بێ گەر وەک ئەو لێپرسراوانە نیازی ژن هێنانت هەبێت، ژنەکەت کچی شەهیدەو خاوەن ئەنفالە و بە کیمیا بریندار بووە لە شاخ ئەو رۆژ گارە نالەبارە پێت رازی بووە، دەبێت وەفات هەبێت بەرانبەری.
تووخووا کام خەسوو وایە؟!
بە قیت و راوەستاوی ، بە خۆشی و ساخی، بە جلی ژنانەی کوردەواری کە گەیشتیە (ستۆکهۆلم) ماوەیەک بە شادی و پشوو لەوێ ژیای کەچی بەراکشاوی و کفن پێچراوەیی لەناو سندوقا گەرایەوە کۆیەو کوردستان، لە 2004/8/18 ماڵئاوایت کرد لە ژیان لە بناری هەیبە سولتان لەتەک هاوسەرەکەت نێژرای، لە تەمەنی 64 ساڵی سەرت نایەوە، ژیانت هەر گریان و خۆشاردنەوەو گرتن و دەربەدەری و داخورپان بووە، خێرت لە خۆت و کورەکانت نەبینی و تێر تەمەن نەبووی کۆچی دوایت کرد، دایکی خۆم کە رۆیشتی و خرایە ژێر گڵ، لەناو تەندوری دڵ ئاگروو پەنگرم گرت! بەڵام لە ژیانی پێشمەرگایەتی هێندەم شەهیدو خوێن و سەرقەبران و گریانی دایکە شەهیدو ئازارم دیوە، دەیان هاوسەنگەری نازدارم ناشتووە، چەندین شەهیدم کفن کردووە و شوشتووە، بۆیە خاراوین لە خەم، گەردنت خۆش و ئازادبێ دایە خەجاو، خەجاوە خان، پەپولەی شاخ و دەشت بووی فریشتەی بەهەشتی و جاویدانی بووی. خەجاوە، گلێنەی هەردوو چاوە.

# گڕی ڕاپەڕین لەناو هەناوی کۆیەدا

پاش ئەنفالەکان  شێوەی خەباتو پێکهاتەی پێشمەرگایەتی گۆڕا بەرەو قۆناغێکی سەختو نالەبار، بەو هۆیەوە ، سەرکردایەتی ی. ن.ک سەر لەنوێ  پەیکەری پێشمەرگایەتی دارشتەوە، مەکتەبی عەسکەریو  دەزگای پێشمەرگایەتی  کردە فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بۆ یەکەمجار  لەمێژووی (ی. ن.ک) فەرماندەیی گشتی پێکهێنرا، لەدامەزراندنییەوە گرنگی پێدرا، تەنانەت  خانوویەک بۆ ماڵ و حەوانەوەی جەنابی مام جەلال دروستکرابوو، درا  بەفەرماندەیی گشتیو کرا بەبارەگا، بەردی بناغەی فەرماندەیی ، بەئەندامیەتی فەرماندەیی  ئەو زاتانەو لەو بەشانەو بەوشێوەیە پێکهات:

شەهید عەبدەلڕەزاق محەمەد (بەشی سیاسی).

شێخ جەعفەر شێخ مستەفاو  سەفین مەلاقەرەو مام ڕۆستەم کەرکوکی(بەشی حەرەکات).

خەلیل دوسکی (بەشی مەشق).

ڕەهبەر سەید برایم ( بەشی ئیدارەو لۆجستیک).

شێردل حەوێزی(بەشی زانیاری)

حامید حاجی غالی (بەشی پارتیزان).

هەربەشەی دامو دەستەو دامەزراوی خۆی هەبوو، پڕئیشو بەپەرۆش بوون، بێ دەستتێوەردان وەک

شانەی هەنگ ئیشوکارەکانی پێشمەرگایەتییان رادەپەڕاند!
تا بارودۆخێکی نوێ هاتە ئاراوە، کوێت لەلایەن عیراقەوە داگیرکرا، عیراق رووبەڕووی شەڕێکی گەورەی نێودەوڵەتی بووەوەو سەرکردایەتی(ی.ن.ک) بەرامبەر ئەو رووداوە بەئاسۆ گەشیو بەرچاو روونی پێشهاتی دەکرد، هەڤاڵ مام جەلال لەشامی شەریفەوە نامەو راسپاردەو رێنمایی دەنارد بۆ ئەندامانی سەرکردایەتیو ئەندامانی فەرماندەیی گشتی لەرووداونی شەڕو لێدانی عیراق بەمسۆگەری، زۆر بوون ئەو سەردەمە سەیریان پێدەهاتو بڕوایان نەدەکرد شەڕولێدان بقەومێو راپەڕین بەرپابێت لەسەر سنوور کاک نەوشیروان بەراوێژ لەگەڵ سەرکردایەتیو ئەندامانی فەرماندەیی گشتی، بەرنامەی راپەڕین گەڵاڵە کرا، لەراستیدا (نەوشیروان مستەفا ئەمین) نەخشەکێش و پلان دارێژو وردەکاریی بناغەی راپەڕینی کرد بەدروستکردنی شانەی چەکدارەکانو رێنماییەی کردنی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانو بەجۆشدانەوەو پەیوەندییکردنو رێکخستنەوەی هێزەکان، بەردەوام تەرخانکردنی وەختی خۆی بۆ راپەڕین.
کوردستان کرا بە 10 میحوەر، هەر ئەندانی فەرماندەیی گشتی کرا بەفەرماندەی میحوەرێک، هەر پارێزگایەک ئەندامێکی (م.س)و دوو ئەندامی سەرکردایەتیی بۆ دەستنشانکرا.
بەرەی کوردستانی بەرنامە گەڵاڵەکراوی راپەڕینی پەسەندکردو بەڕێز (مەسعود بارزانی) سەردانی بنکەو بارەگای سەرکردایەتی (ی.ن.ک) کرد لەقاسمەرەش پێشوازی گەرمو رێزدارانەی لێکرا، کۆبوونەوەی چڕوپڕ ئەنجامدرا دەربارەی رووداوو ئەگەرەکان کۆبوونەوە، کەناونرا کۆبوونەوەی (ئەگەرەکان)!.
بەیەکگرتوویو یەکریزیو یەکێتیو تەباییو برایەتی لایەنەکان بەیەک دەنگو لەیەک سەنگەر بەحەماسەتی کوردانەوە ئیش بۆ راپەڕین کرا، (شاری رانیە) شەرەفی دەروازەی راپەڕینی پێبرا، شنەبای ئازادی کوردستانی گرتەوە.
لەو بەرنامە دارێژراوەدا، پارێزگای هەولێر کاک کۆسرەت رەسول عەلی ئەندامی (م.س) بەلێپرسراوی پارێزگای هەولێر دانرا بەئەندامێتی دوو ئەندامی سەرکردایەتی شەهید حەسەن کوێستانیو مامۆستا چەتۆ حەوێزی لەو میحوەرەی بۆ راپەڕین دانرابوو، من بەرپرسی میحوەری 5 بووم، کە کۆیەو تەق قەقی دەگرتەوە تا کەسنەزانو بنەسلاوەو دارەتوو، دەبوو کار بۆ راپەڕین بکەین زەمینە خۆش بکەین بۆ جۆشدانی جەماوەر.
سەرەتا جیهازێکی راکاڵمان بە شەهید جەوهەر حەوێز حەمکول ناسراو بە (جەوهەری ناسکە) ناردە ناو شاری کۆیە، رۆژانە هەواڵی گەرمو تازەی پێرادە گەیاندینو هەواڵی کۆیەمان دەزانی، جیهازەکەی لەماڵی مەمەندی برای رایەڵ کردبوو.
لەرۆژی1991/2/19 لەزەڵی وە چەند مەفرەزەیەکی پارتیزان بەرێکەوتن بۆ دەوروبەری کۆیەو تەق

تەق بەسەرپەرشتی مامۆستا باپیر بەکر باپیر بۆ کۆیە، مامۆستا زیرەکو ئاشتی سابر میرەو شەهید کامەران ئەحمەدو سەباح بەکر مەلاو محەمەد هەلدێرو شێروان حەسەن تەهاو بورهان سەلام بوون بۆ تەق تەق، مەلا جەمال حاجی عەلی و شەهید فریاد قەسرۆکیو شەهید برایم عوسمانو ئەنوەر رەسولو دلزار عەلی حمشین بوون.

لەناو شاری کۆیە37 شانەی چەکدارمان هەبوو لە پێشمەرگە کۆنەکانو لە رێکخستنەکان پێکهاتبوون بەناوی شانە چەکدارەکانی بروسک،ئەو مەفرەزانە مامۆستا وریا مەلا ساڵح لێپرسراویان بوو.

نامەی (م.س) لێبوردنی گشتیمان بۆ هەموو مۆستەشارەکانو مەفرەزە خاسەکانی کۆیە نارد.

نامەی تایبەتیو دۆستانەمان بۆ زۆربەی پێشمەرگە کۆنەکانو رۆڵە دڵسۆزەکانو دۆستو ناسیاو و خزمو نیشتمانپەروەرو رێکخستنەکان رەوانەکرد بۆ جۆشدانی راپەرینو هاوکاریکردنیان تۆری رێکخستنمان لەکۆیە فراوانو جەماوەری بوو، مامۆستا دڵشاد عەلی کار گێری لقی یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستانو جەوهەر حەوێز شەمام لێپرسراوی ناوچەی شۆرشگێرانو لەگەڵ مەجیدی حەمیدی وەستا کۆسەی هێزەکانی سەر سنووری دیاریکرانو لەئامادەباشدا بوونو هێزێکی شەردیتەو چەکداربوون بۆ پشتیوانیی جەماوەرو شەرو بەرگری چەندین فەرماندەو کادری تێدابوو، لەوانە: عەبدوڵڵا هەمزەو مامۆستا تاهیر بەکرو سەرباز حسێنو مەلا شاخیو شەهید نەهرۆ قەسرۆکیو قاسمە سوورو دلێر تەق تەقیو نەوزاد کاکەرەش و ئازاد سەرسپی و شەهید مامۆستا حەمید کەریم شانەو مام سیامەند تیمارۆکیو بارام حاجی رەفیقو دڵشاد مەلا عەلی و مەجید کافرۆشیو قادر سارتکەییو هەڵۆ رەشو حەمە هەڵدێر دەبوو بەپێی بریار شەر لەگەڵ سوپاو ئەفواجە سووکەکانو مەفرەزەخاسەکان نەکرێو دەست بەسەر مونەزەمەو ئەمنو ئیستخباراتدا بگیرێو بەهیچ شێوەیەک شرەخۆریو تالانی نەکرێو دوژمنایەتی لەگەڵ هیچ دوژمندارێک نەکرێو هەرکەسی یەکێ بکوژێ دەبێ بکوژرێتەوە، شەرو راپەراندنی جەماوەر بەناوی بەرەی کوردسنانییەوە بێتو رزگارکردنی شارەکان بەناوی هەموو لایەنەکانەوە بێتو بەهاوکاریو تەباییو یەکگرتوویی.

لەژێر رۆشنایی ئەو بریارو رێنماییانە ناوی خوامان لێهێناو بەرێکەوتین ، لەرۆژێکی سەختو سەرماوسارد، زستانی چ ساڵێک هێندە تەرو تووشو ساردنەبووە، هەر بەپێیان بەکۆڵەپشتو تفەنگەوە هەتا ناو رانیە پاش پشوو لەرۆژی3/8ی ساڵی راپەرین لەباخی گشتی رانیە کۆبوونەوەیەکی فەرماندەکان کرا بەسەرپەرشتی کاک کۆسرەت بۆ راپەراندنو رزگارکردنی شارەکانی دیکە، وەک کۆیەو شەقڵاوەو رەواندزو مەسیفو هەولێر، لەکۆبوونەوەکەدا شەهید عەلی نەبی رای وابوو: کۆیە رزگارناکرێ، لەراستیدا ناهەقی نەبوو، چونکە پێشتر لەگەڵ خەڵکی راپەربوو بۆ کۆیە خۆیان تاقیکردبووەوە، سەرکەوتوو نەبوون، تەقو تۆقێک لەبەنزینخانە لەکۆیە کرابوو، کپکرابوەوە، جگە لەوەش موستەشارەکان خۆیان بەدەستەوە نەدەدا بۆ ئەوەی کۆیە نەکەوێتە دەست پێشمەرگەو خەڵکی راپەریوو، لەگەڵ ئەوەش

هێزێکی زۆری سوپا بەکەتیبەی تۆپو تانکەوە دایکوتابوو لەگوندیتەکەوری) نزیک کۆیە، ترسو سامیان نواندبوو لەسەر شار.

پوختە لەو کۆبوونەوەیەدا بریاردرا بەوشێوەیە شوێنەکانی دیکە راپەڕێنرێنو رزگاربکرێن

کاک کۆسرەتو سەفین مەلاقەرە، بۆ شەقلاوەو مەسیف.

شەهید حەسەن کوێستانیو شەهید عەبدولرەزاق ، بۆ رەواندزو سۆران.

مامۆستا چەتۆو رەهبەر سەید برایم بۆ کۆیەو تەق تەق.

سەرەنجام هەموو هێزەکان لەهەولێر یەکتربگرێتەوە دەربارەی کۆیە، دەبوو بەدوو قۆڵ روو لەکۆیە بکەین، قولێک بەسەرپەرشتی مامۆستا چەتۆ بەچنارۆکو هەیبەسولتان شورببنەوە بۆ ئازادیو گەرەکی گردی جوان لەگەڵ شەهید رێبازو مامۆستا بەکر، قۆڵێک یەسەرپەرشتی رەهبەر سەید برایم بەچنارۆکی بلۆباسان بۆ حەمامۆکو ناو کۆیە، لەگەڵ توفیق کانی وەتمانیو شەهید جەعفەر حەمە دەرویشو شەهید کامەران ئەحمەدو مامۆستا باپیرو مام سیامەندو مامۆستا زیرەکو حەمە هەڵدێرو هەڵۆرەشو قادر سارتکەییو مەلا خدر بۆلیو حارس بۆلی شەهید جەوهەری ناسکەو مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی بەفەرماندەیی کانەبی گەورە.

ئەو قۆڵە بەچاوساغیو شارەزایی شەهید کامەران ئەحمەد بەکاتی خۆی گەیشتینە حەمامۆک، قۆڵەکەی دیکە لەبەر ساردیو سەختیو ناشارەزایی نەیانتوانیبوو بگەن ، ناچار لەگەڵ رێکخستنو شانە چەکدارەکان پلانی تەقینەوەی راپەرینمان دارشتو دابەشبووین، سەرەتا شێروان کاکە زیادو مەجید مەلا فەتاحو فەتحی حاجی قەلایی، پەیوەندییان پێوە کردینو هیممەتیان نواند، رەبیەکانی دەوروبەری حەمامۆکیان دابەزاند، بۆ بەرەبەیانی یەکەم گوللەی RBG بەمەنزومەوە نرا، بووە هەراو هەلهەلەو هەلپەرینو هوتاف کێشانو دروشمدان، هەموو شاری کۆیە بەژنو منداڵو پیرو لاوەوە هاوکارییان کردینو راپەرین، موستەشارەکان پەیوەندییان پێوەکردین، تەنها قاسماغا نەبێ، شەر بەخەستیو خوێناوی دامەزرا، بەر گریو زرمەی تۆپ تا درەنگ هەبوو، تا قۆڵەکەی دیکەش گەیشتن تەق و تۆق هەرمابوو، سەرەنجام بەشەرو هێرشو راپەرینی جەماوەر بەگوللە داروبەردوهوتافو دورشمو شەق، داگیرکەران دەرپەڕێنرانو شاربەدەر کران، گەرچی زۆر قوتاربوون، بەلام دیلەکان زۆر رێز لێگیراوبوون، فەرمانگەکان تالان نەکران، تەنانەت بانکو تەجنیدو مالی بەرێوەبەری ناحیە دەستی لێنەدراو پارێزرا، بەلام ئەمنو مەنزومەو ئیستخبارات بەر شالاوی رقی پیرۆزی جەماوەر کەوتنو تەفروتونا کران، لەرۆژی1991/3/9 گریانو خەندە ئاوێزان بوونو پێشمەرگەو جەماوەر باوەشیان بۆ یەکتر گرتەوە بەموچرکی شادیو ئازادیی کۆیی کەوتە ژێر فەرمانرەوایی گەل بەزەبری شەرو خوێنو قوربانی، رزگارکردنی کۆیە بەخوێنی پێشمەرگەو شانە چەکدارەکانو جەماوەری راپەریو ئەو گۆلالە سوورانە بوون، رووبارێک خوێن رژا بۆ ئازادی لە کۆیە.

شەهیدەکان:

(شەهید جەوهرە حەوێزحمکۆڵ ناسراو" جەوهەر ناسکە"، شەهید کامەران حەوێز صبوح جەلیزادە، شەهید ئاسۆ خالید حەمە ناسراو بە(شۆڕش)، شەهید جاسم فەرحان حمشین، شەهید ئیبراهیم حەسەن مەلا شێخ، شەهید ئاکۆ کەریم محەمەد، شەهید جەنگی ئەسعەد عەبدوڵلا، شەهید کاوە وەستا حەمەدی نەجار، شەهید محەمەد عەبدوڵلا ئەمین، شەهید میرزا فەتاح مەعروف، شەهید نازم ساڵح شوانی ، شەهید سوارە عومەر حەمەد، شەهید حەمەد حەمید کاکەلاو، شەهید شێروان ئیسماعیل غەفوور، ، شەهید عومەرساڵح پیرۆت ناسراو بە (گیڤارا)، شەهید فیصل مەجید سادق، ش‌ەهید پێشرەو عەبدولڕەزاق، شەهید توفیق ڕەسوڵ توفیق، شەهید سەعد ساڵح لەتیف، ش‌ەهید توفیق تەها ئەحمەد، شەهید نەسرین سدیق صمد، شەهید نازەنین قەرەنی جمعە، شەهید سەمیرە ئەحمەد عەزیز)


کاکە زیادی حەماغای کۆیە

# کۆیایەتی و کوردایەتی

پەندێکی باوەو گوتراوە(کۆیایەتیو خۆیایەتی) زۆر لەخەڵکی کۆیە ، پێیانوایە ئەو قسەیە بۆ سەرواو کێشی شیعردا دەنا کۆییەکان خۆیایەتی ناکەن، بەڵام دەرکەوتووە لەدووریو تاراوگەییو نامۆیی یەکتر دەحوبێنن!.
رۆستەم حەوێزی شاعیر بۆ بەرپەرچی ئەو وتەیە گوتوویەتی:

**بەچ سیفەتێ دەناسرێ کۆیی**
**بێگانەی دەوێ زیاتر لەخۆیی**

کۆییەکان بەگشتی لەناخەوە شاری کۆیەیان خۆشدەوێتو نایشارنەوە زۆر شانازی پێوەدەکەن، چونکە کۆیە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لەمێژە شارەو شارستانیەتی لێبووە، تەمەنی دوو هەزار ساڵ زیاترە، لەسەردەمی ئیمامی عومەر سوپای ئیسلام لەکۆیە بڵاوبۆتەوەو تاساڵی1751ز هەولێرو ئاڵتون کۆپری سەر بەکۆیە بوون ئێستاش سەر بەهەولێرەو سەردەمانێکیش کۆیە سەر بەکەرکوکو سلێمانی بووە!.

حاجی قادری کۆیی شاعیری نەتەوەیی رابەری شۆرشگێری زۆر شانازی بەکۆیەوە کردووەو لەشیعرێکیدا دەربارەی هەڵکردنی ئالأی کوردی گوتوویەتی:


**هـــەڵـــی کـــەی بـــەیـــرەقـــی کـــــوردی لـــــــەدەوران**
**لـــەمـــابـــەیـــنـــی کـــــەکـــــۆنو هـــەیـــبـــەســـوڵـــتـــان**

هێمن مەهابادی نەمر بۆ مەزنی حاجی قادری کۆییو پیرۆزیی کۆیە لەشیعری (دەستکەوتی خەبات)دا گوتوویەتی:

**چـــلـــۆن بـــۆ ســـورمـــە نـــابـــێ خـــاکـــی شـــارێـــک**
**(حـــاجـــی) پـــێـــی لـــەســـەر دانـــابـــێ جـــارێـــک**
**هـــەمـــوو شـــاگـــردی تـــۆن شـــیـــریـــن کـــەلامـــان،**
**لـــەتـــۆ فـــێـــربـــوون خـــەبـــات (قـــازی)و (مـــەلا)مـــان**

کۆییەکان پێیان وایە شاری کۆیە لەپێشترین شارەو بناغەی کوردایەتیان داناوە، لەراستیدا رۆڵی بەرچاویان هەبووە لەپارتایەتیو کوردایەتیو شۆرشو راپەرین، بەرەبابو بنەماڵە نییە لەرەسەنە کۆییەکان مێژوویەکی پر خەباتو تێکۆشانی نەبێت، تەنانەت ئاغاکانی کۆیە نەک هەر زاڵمو زۆردار نەبوون، بەڵکو تێکۆشەرەو کوردپەروەرو خزمەتگوزار بوون! تەماشای مێژووی خەباتو دەفتەری سەروەری شەهیدان بکەن، شاری کۆیە شاری شەهیدستانە! ئەو شارە چکۆلە رووبارێکی گەورە خوێنی لەبەر رژاوە بۆ رزگاری کوردو کوردستانو کوردایەتی بەقەد سەرچاوەی شاری حەمامۆک خوێنی بۆ کوردستان لێ رژاوە، چەندین سەرکردەو دەیان فەرماندەو سەدان تێکۆشەری کردۆتە قوربانی، دایک هەیە لەکۆیە نەک جارێک دوو سێجار جەرگی سووتاوە، هەر ژنێکی رەش پۆشت بینی سلأوی لێبکە، چونکە خاوەن شەهیدە! لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردو لەدامەزراندنی کۆمەڵو رێکخراوە پارتە سیاسییەکان، کۆییەکان بەردی بناغەی دامەزرێنەربوون هەروەک:
لەسەردەمی قائمقامیەتی حەماغا 1919-1920 دەستەیەک لەنیشتمانپەروانی کۆیە رێکخراوێک پێکدەهێنن بەسەرۆکایەتی حاجی عەولا(خادم)ی کۆیی، ئەو دەستەیە پێیان گوتراوە(گروپی بۆلشەفیک) حەماغا هەزار لیرەی پێداون! چونکە مەبەستیان خزمەتی گەل بوو.
پارتی خۆیبوون ساڵی 1927 دامەزراوە لەلوبنان (ئەسەفی مەلا رەئوفی خادم سجادەی کۆیی) پەیوەندی پێوەندی پێوە کردوون!.

دامەزراندنی پارتی هیوا لەساڵی 1939 لە کەرکوک لەئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر (یونس رەئوف، دڵدارو مستەفا خۆشناو) کۆیی بوون‌و دڵدار سکرتێری پارتی هیوا بووە.
لەدامەزراندنی پارتی شۆڕش لەساڵی1944 ئەم کۆییانە بەشداری دامەزراندنیانکردووە (عەلی عەبدوڵڵاو عەبدولکەریم توفیق‌و سەمەد محەمەد مەنجەر).
لەساڵانی 1942-1945 دەستەیەک لەلاوانی رووناکبیری ئەوسای کۆیە کۆمەڵێک پێکدەهێنن بەناوی (کۆمەڵەی دەنگ) ئەمانە بەشداری تێدادەکەن(عوسمان مستەفا خۆشناوـ حەمە سەعید ئەحمەد- عەبدوالخالق حەوێزی- عومەر حاجی محەمەد-حوسامەدین تەیب-کەمال خورشید ئاغا- توفیق مەلا سدیق- عەزیز کوێخا رەشید) ئەو کۆمەڵەیە محەمەد توفیق وردی مامۆستاو راوێژکاریان بووە، گۆڤارێکی دەستنووسیان بڵاوکردۆتەوە بەناوی (پێشکێش).
دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد بەسەرۆکایەتی خوالیخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی لە 16ی ئابی ساڵی 1946لەبەغدا لەماڵی (سەعید فەهیم) کە کۆیی بوو لەئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پارتی ئەو زاتانە کۆیی بوون:(کاکە زیاد حەماغا، عەبدولکەریم توفیق، مستەفا خۆشناو، عەلی عەبدوڵڵاو سەمەد محەمەد مەنجەر و حەمەدەمین مەعروف).
دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان لەئەندامی دەستەی دامەزرێنەری مام عومەر دەبابەو د. خالید سەعید بوون.
لە دامەزراندنی (ی.ن.ک)، هەڤاڵان مام جەلال تاڵەبانی و د. فوئاد مەعسوم بوون .
رەنگە پارت‌و کۆمەل و رێکخراو هەبن کۆییەکانی تێیدا بەردی بناغەی دامەزرێنەر بووبن، بەڵام سەرچاوەو بەڵگە هەر هێندەمان لاروون بوو! جگە لەوەش رۆڵەی کۆیی دیکەی زۆرهەن لەناو پارت‌و رێکخراوەکان لەئاستی مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتین.


شەهید کامەران ئەحمەد

# پریشکی ئاگری کوورەی ئەنفال لە کۆیە

کۆیە لەمێژوودا بەربەرەکانی کراوە گرنگی پێنەدراوە، نەهێلراوە بوژاوەو فراوان بێت ، چونکە شارێکی زیندووەو بنکەی خەباتو بەرخودانو چرای داهێنانو رووناکبیری بووە هەروا بەئاسانی ناچێتە ژێر رکێفی دەسەلاتداران بۆیە پێشکەوتنو گەشانەوەی بەخووە نەبینیوە، هەروەک مامۆستا مەلا عاسی لەشیعرێکدا گووتویەتی

**هـــەروەکـــو شـــاران زەمـــانـــە خـزمـەتـێـکـی گـــەر بـکـات**
**تـــاجــی فــەخـــرە شـــاری کـــۆیـــە بـــۆ جـنـــوبو رۆژهـــــەلات**

لەسەردەمی سوتماک کردنی خاکی کوردستان بەئەنفالو کیمیاباران لەراستیدا شاری کۆیە کیمیای ژەهراوی بەسەردا نەرژا وەک هەلەبجەی لێنەکرا! تەختو تێکنەدرا، وەک قەلادزەو دوکانو چۆمانوپێنجوین، بەلام سیاسەتی ناو هەمبانەیان لەگەل بەکارهێنا بەفەرامۆش کردنو خامۆش کردنی ئاسۆی گەشەپێدانو گرتنی قورگی ئابووریو تەسکو گچکەکردنەوەی ، کۆیە لەکۆنی کۆنەوە شاربووە لەسایەی دەسەلاتدارانی بەعس کرا بەشارۆچکەو گوند بەناوی (عمر بن خەتاب)

وەک شوێنێکی فەرامۆشکراوەو پەرەی پێنەدراوە، شاری کۆیەیان کردە گۆڕستانێک بەئاستەم نووزەی تێدابێت بۆئەوەی چۆڵوبێ نرخ بێت هاونیشتمانییەکانی دڵیان پێخۆش نەبێو بەجێی بهێڵن!

وەختی کوورەی بێ ئامانی ئەنفالیان لەناو هەناوی کورد ئاگردا، لەختوخۆڕایی بەگژگەلێکی ستەملێکراودا چوون، ئازاری ویژدانی کوردیاندا، دەیانویست شوێنەواری کوردەواری بسڕنەوەو کورد بتوێننەوەو ریشەکێشی بکەن ئەو گەلەی بەقوڵایی مێژوودا ڕۆچووە، بەرنامەی قڕجو بڕی کوردان بۆ زۆربەی خاکی کوردستان بوو دەشتی کۆیەشی گرتەوە، ژنومنداڵ پیرولاوی تێدا سووتێنرا!!

دیمەنو تابلۆی خۆێناویان نەخشاند بەخوێنی پەپوولەو کۆترۆکەی بەهەشتیێ بەگوناهی کورد بوون، کارەساتی بێویژدانی وایان قەوماند لەمێژووی مرۆڤایەتی دەگمەنە، زۆڵمو تاوانی بێ وێنەیان ئەنجامدا مەگەر هەر کوردی سافیلکە لەبیر بچێتەوە، لەو پشکۆ سوورو گەشانەی لەناو تەندووری ئەنفال بوونە خۆڵەمێش هەروەک:

ــ لەشالاوی قۆناغی ئەنفالی چوار لەچیای (تەکەڵتوو)ی دەشتی کۆیە بەرگرییەکی دلێرانەو جوامێرانەکرا لە 1988/5/5 لەو داستانەدا 17 پێشمەرگە شەهیدکران، دوژمن لەداخان ئەشکەوتێکی گوندی (مخەرەس)دوو پیرە مێردی بەسالاچووی تەمەن77ساڵە بەناوی (مام عەباس حەمە بچکوڵ) و(کارەسوڵ ئومەر) خەڵکی گوندی (مخەرەس) سەریاندەبڕنو کوت کوتیان دەکەنوبێ بەزەییانە ئاگریان تێپەردەدەنو دەیانسووتێنن، ئەو دوو پیرەمێردە بێ دەخل و بێ خەتایە گەر کوردیش نەبوونایە مەڕیش بوونایە چەقۆیان لەسەرنەبوو، چونکە پیرو بەتەمەن بوون!

ــ لەڕۆژی1988/5/7 لە گوندی (پەلکانە)ی دەشتی کۆیە عەبدوڵڵا ئەحمەد زەریف ناسراو بەعەبدوڵڵا خرابەیی لەگەڵ عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ سادق خەڵکی گوندی پەلکانەو خالید هەولێری. تۆقو ئابلۆقە دەدرێنو دەگیرێن، بەهەلیکۆپتەر هەڵیاندەگرن لەتەشقو کەشکەلانی ئاسمانی گوندی (شیلە) فرێیان دەدەنە خوارێ جەستەیان هەلاهەلا دەبێت، لە ئاسمان فریشتەی روحیان بەبەهەشتی شەهیدان شاد دەبێت.

ــ چەمی (قەلاتگە)هەوارە لەدەم زێی دوکان بەلای دەشتی کۆیە ئەو چەمە ئاقاری کانی ڕەش تا گۆمەشین دەگرێتەوە چەمێکی پڕ دارو دەوەنو قامیشەلانو بێشەلانو دروو گەو چروپرگردو دۆڵو کەرتکە شاخو چەندین حەشارگەی تێدایە ، خەڵکێکی زۆر خۆیان لێ حەشاردابوو ماڵی حاجی حامیدی کانی ڕەش لەوێ خۆیان شاردبۆوە بەخاوو خێزانەوە، لەشکری لێشاوی ئەنفال کێوماڵ دەکەن دەگەڕێنو چەمو دوورگەوحەشارگەو کونو پەناگە دەپشکنن لەڕۆژی 1988/5/6 لە حەشارگەی حاجی حامید نزیکدەبنەوە لەو کاتەی کۆرپەکەیان بەناوی(کوردستان قادر رسول) کە تەمەنی حەوت مانگ دەبێت ئۆقرە ناگرێو دەگریاو ژێر نابێتەوە دەیکاتە زاق وزیق، حاجی حامیدیش بۆئەوەی ئاشکرا نەبنو تووشی بەلاو ئەنفال نەبن دەست لەسەر(دەم)ی کۆرپەی شیرەخۆرو مەلۆتکەکراو دادەنێنو کپی

دەکەنو هەناسەی  لێدەبڕنو حەیاتی رەشی لێدەبڕن! کۆرپەی بێ تاوان دەبێتە قوربانیو بەلاگێری ئەو خەڵکەی کە خۆیان  شارۆدۆتەوە ئاشکرانابنو قوتاریان دەبێت!

ــ خەڵکی لێقەوماو و سەربازی راکردوو پەراگەندەی گوندەکانی ئەنفالکراو خۆیان کوتابووە ماڵی موستەشارەکان لە کۆیە، تاوانبار بارق حاج عەبدوڵلا بەهەلیکۆپتەرێکی گچکۆکە کەناوبرابوو(غەزال) بەسەر کۆیە دەسورێتەوە بۆ گرتنو راونانیانو زاڵ بوو هەرکەس لەماڵ بهاتبایە دەرەوە ئاماژەی دەکردو دەیگەراندەوە ماڵ، وەک گورگ  مێگەلە مەری رادەدا، لەرۆژی 1988/5/8 بارق بەخۆیو هەلیکۆپتەرەکەی لەسەربانی ماڵی (مام یەحیا عوسمان پشکۆ) دەنیشێتەوە  نزیکەی500 گەنجی نازدار لەخەڵکی کۆیەو گوندەکانی دەوروبەری دەگرنو راپێچییان دەکەن زۆربەیان لەناوی کورەی ئەنفال هەڵقرچانو بێ سەرو شوێنو گۆرغەریب کران.

ــ لەرۆژی 1988/8/27 لە هەوراز حەمامۆک دەستەیەک نەمامی تازە هەڵچوو دەگرن هەموویان دەرچووی زانکۆو رووناکبیربوون جێگەی ئومێدو لەخانەوادەی دیارو بەرێزی کۆیە بوون ئەنفالیان دەکەن ئەو زاتانە ، هاورێ بەکر ئەمین ، شێروان رەفیق مدیرمال، بارزان رەفیق مدیرمال، ئیبراهیم ئەحمەد بەگ، دلاوەر عەبدوڵلا مام یەحیا، دڵسۆز موحسین قەپانچی..).

ــ لەقۆناغی ئەنفالەکان ناوبەناو لەلایەن رژێمی عیراقەوە لێبووردنی گشتی دەردەچوو زۆر پێشمەرگە خۆیان بەدەستەوەدا، بەلام هەندێک بەر لێبوردنی گشتی نەکەوتن گوایە لەوەختی لێبووردنی نەهاتوونەتەوە بۆیە  لەهەر بیانگەیەک  بووبێت لەناوبرانو تیاچوونو لەوانەی خەڵکی کۆیە بوون، سەرکار ئیسماعیل، هێرش سەعید(حەسەنەخوار) خارە جەعفەر، راپەر عەبدولرەحمان، زاهیر حەمەد تەهاو خێزانەکەی پەخشان غەریب مستەفاو منداڵەکانیو هتد.

ــ شەهید فەرماندە (کامەران ئەحمەد حەمەد مستەفا 1964 کۆیە لەپاش ئەنفالەکان پارتیزان بوو لەگەڵ پۆلەک پێشمەرگە شەهید جەعفەر حەمەدەرویش فەرماندەیان بوو درێژە بەخەباتی شۆرشگێرانە دەدەن لەخاکی سوتاوو بێ ئاوەدانی لەرۆژی 1988/11/10 شەهید کامەران  دەچتەوە ناو کۆیە خۆی لەماڵی خۆیان دەشارێتەوە لەگەڵ د. هیمداد، دوژمن پێیدەزانێ و دەیگرن ویستوویانە لەماڵی خۆیان بیکوژن دایکی شەهید کامەران پاراوەتەوەو گووتویەتی لەبەرچاوی من مەیکوژنو لێی مەدەن ئیدی لەناو ئینۆیەک بەهەل هەلەو هەرا دەیبەن، دایکیشی لەتاوان بەپێ خاوسی بەگریانو لەخۆدانو بەدوای دەکەوێ، لەکن فولکەی  حاجی قادری کۆیی  شەهید کامەران دەرفەت دەهێنێ لەدەستی دوژمنەکان هەڵدێ هەرچەندە تەقەی لێدەکەن خۆی قوتاردەکاو خۆی دەگەیەنێتە ناو رەزان  لەکۆیە، پاش ماوەیەک لەداخان برایەکی دەگرن بەناوی( دڵزار ئەحمەد) بێ سەروشوێنی دەکەن، ئیدی شەهید کامەران پاش راپەرین لەشەری ناوخۆ لە1993/12/20 لەکۆیە شەهید دەکرێ!

ـ لەپاش ئەنفالەکان لەدەشتی کۆیە پۆلەک پێشمەرگەی خۆراگرو پارتیزان بوون لەکونو حەشارگەو ناوشاخو ئەشکەوت دەژیان! ئاووئاگریان داهێنا نەک ئاوو ئاوەدانی ، ناچار لەتاو ژیانو بژێوی لەناو کۆیە داوای یارمەتی دەکەن، دوژمن دەزانێ ئەو پارتیزانانە کێ بوونو دەناسرێن لەداخان کەس‌وکاریان دەگرێ لەرۆژی1988/12/27 لەقەسابخانەی ئەمنی هەولێردا ئەو دایکو خوشکو بابو برایانە لەقەنارە دەدرێن بەتاوانی ئەوەی کورەکەیان پێشمەرگەو پارتیزان بووە ئەو بێ تاوانانە ئەمانەن بوون:

حەسەن تەها حسێن1934، لەعلی مەلا عەبدوڵلا 1934، تەها حسێن تەها 1967، زیرەک حەسەن تەها 1975، بەهار حەسەن تەها 1980، بەکر مەلا عەبدوڵڵا 1936، نەوزاد بەکر مەلا 1964، گوڵەباغ بەکر مەلا 1970، عالیە بەکر مەلا 1971.

ئەو کارەساتو تاوانانە مشتێک بوون لەخەرواری ئەنفال، هەق نییە کورد قەت ئەنفالی بیربچێتەوە، چونکە بەبەرنامەو پلان کورەی ئەنفالیان داخست بۆ لەناوبردنی کورد.

بۆ مێژوو کۆیە یەکەم شارە ئەنفالی لێ کرابێ .

# چناروّک عەرشی پاشایەتیو بەهەشتی گەشت


چناروّک هەوارگەیەکی خوّشو دڵگیرە لەباوەش شاخی هەیبەسوڵتان، شویّنیّکی بەرزو ناودارو هەوا سازگارو فیّنکە بەهاویّنان! بەدیمەن رەنگینو بەسروشتو رازاوەیە، دیارە هەر لەئامیّزی هەیبە سوڵتان دوو جیّگە هەیە بەناوی (چناروّک) یەکیان چناروّکی بلّباسان ئاست هەواری ماوە بەغەرە بەردو تەختایی خوّشکراوی رەشماڵانو گەوەرو هوّبەو هەواری مەرداران، لەئاست چناروّکی بلّباسان جیّیەک هەیە بوّ بەسەر هەڵگەرانی هەورازی شاخو شوّردەبیّتەوە بوّ کوّیە، هەر بەریّی چناروّکی بلّباسان قوّناغی پشووی کاروانچیان هەواری مەردارانی بلّباسانە هەرچەند لەکوّیەوە زوّر نزیکە بەڵام سەر بەشاری رانیەیە.

چناروّکەکەی دیکە کەدیارە بەرچاوترە بەچناروّکی مەلایان یان هەر بەچناروّک ناودەهیّنریّ سەر بەشاری کوّیەیەو رەزو کاریّزو سوولو زەویو هوّبە هەواری کوّییانە! چناروّک سەیرانگەیەکی بەناوبانگو خوّشی بەخشو بەهەشتیّکی خواپیّداوە، ناوی سوول و کانی و هەواری دەگەریّتەوە بوّ کوّنو تەختی دەسەلاتدارانی میرنشینی بابان وەختی خوّی عوسمان پاشای بابان لیّی ژیاوەو فەرمانرەوایی لیّکردووە بوّیە جیّگە بەرچاوەکانی چناروّک وەک سوولی پاشاو کانی خاتوونو سوولی دایکی (سوولی پیرەژن)و سوولی خاڵەباسو قەلاتو سەری سەراو بەردی زورناگیّوو تووی مەیدان ئەو

ناوانە دەچنەوە سەر ناوهێنانی خەرمانی ناوداریەتی تەختی عوسمان پاشای بابان.
ئاسەواری دۆزراوەتەوە لەفەرش‌و کونجی تێک هەڵکێشراوی سەرچاوەی ئاوەکان‌و ئاوی تنۆکاوی کۆکردۆتەوە بەو کونجانە!!
عوسمان پاشای بابان چنارۆکی کردۆتە پەناگەو هاوینگەو عەرشی پاشایەتی‌و هۆبەی خێزانی دواتر عوسمانیەکان لەچنارۆک هەلیانکەندووەو تەنگیان پێ هەڵچنیوە لەشاخی (ئاوە گرد) خۆی گرتۆتەوە بۆ بەرگری لەسەر چیای ئاوە گرد لەسەر بەردی رەق یازدە بیری هەڵکەندووە بۆ پەنگاو کونی ئاوی باران‌و بەفری زستان ئەو شوێنە ناولێنراوە (قۆپی بیران) سەرەنجام پاشای بابان قورگی ئاوو دەماری خۆراکی لێگیراوە ناچاری خۆبەدەستەوەدان بووە!!.
جگە لەو جێگایانەی بەناوی پاشای بابانەوە ناولێنراون جێگەی دیکەش هەن هەروەک سوولی گوێزی، کەڵکی چناران، کانی هەناران، ئەشکەوتی حەمەد رەش، مەلەک ریحان، کانی مەلا عزەتی، کارێزی عەولآ قۆلە، داری شێخ وەسمان، تاتی عەولابۆر، رەزی شێخ غەفووری تاڵەبانی، رەزی حاجی ئومەر، مەلەک مراد، کانی توە رەش، گردی خەزنە، شینکی سواران، شینکی رەش، باسکە درێژ، گردی سوور، گردی عەولآ قۆڵە، گردی شێخی+ گردی نێر گسجار زۆربەی چنارۆک بەموڵک‌و تاپۆ پشکی بەرەی مەلایانە بەجەلیزادە دەناسرێن، پارچەو بەش لەرەزو زەوی‌و سوول و شینایی هی هەندێ بنەماڵەی کۆیانن.
حاجی مەلا عەبدوڵای جەلیزادە مەلای گەورە بەهاوینان بەپۆل‌و شەپۆل فەقێ یان دەرسداداوە لەچنارۆک کەپرو ساباتو نانیان بۆ دابینکراوە، حاجی قادری کۆیی هاودەمو هاوفەقێی حاجی مەلا عەبدوڵلا بووە، فێری شنەی بەهەشتی چنارۆک بووە لەنامەی شیعرێکی بۆی، ناوی چنارۆک دەهێنێ (لەخۆم ناگرهەڵێنم وەک چنارۆک) دیارە چنارۆک وشەی(نار)ی تێدا ئاگردە گەیەنێ‌و گۆتەیەک هەیە گوایە کە درەختی چنار کزرو وشک بێ بەتیشکی هەتاو لەقرچەی گەرما ئاگر دەگرێ، جا حەزرەتی حاجی جوانی شوبهاندووە لەحەسرەتو دووری‌و نامۆیی ناهەقی نەبووە ئاگر بگرێ، دیمەنی چەشمەندازی چنارۆک بەئەندازە جوان‌و دڵرەفێنە، هەر دوو دۆل کانی و ئاوە، هەر دیمەنێکی دەیگری بەوێنەی جوان‌و جودا خۆدەنوێنی، رەنگە لەکەم جێگا ئەو جوانیە هەبێ! گەشە وەک بڵێی نیگارکێش بەنەخش‌و دەست رەنگینی‌و هونەرسازی رازاندوویەتیەوە، چونکە لەچنارۆک دا شاخ بەشاخ دیارن وەک ئاوە گرد، هەورێ، کاروخ، هەڵەموند، ماکۆک، شیشار، ئاسۆس، کێوەرەش، بڵفەت، سەری ساراو پیرەمەگروون، قەندیل ، مامەندە لەگەل دەشتی بتوێن‌و کوێستانی ماخۆبزنان، شارێی قیری رانیە وەک رێگەی مێروولەو ماری رەش لولدراو پێچاوپێچ دیارە تاکلکەی کۆڵین!!.
جاران چنارۆک لە رەزو باخو داروردەختی میوە پربووە! دەوەن‌و دارستانی چڕ قۆناغی قەناری زەنگوڵی زرینگە داری کاروانی بازرگانی بووە، ئاوەدان بەهۆبەو هەوارو کەپرو ساباتو بەهاتو باتو سەرچاوەی

گەشتو شادی بووە!

چنارۆک بەخورەی ئاوی سازگارو شنەی فێنکی هاوینانو بەگازینۆ پڕزەوقو نەئشە دیمەن بەخشەکانی بۆتە سەیرانگایەکی نازدارو بەهەشتی گەشت، چەند لەبارە بکرێ بە مەڵبەندی گەشتیاری (ناحیەی سیاحی) برازێتەوە بەڤێلاو ئوتێلو هۆبەو هەواری نایاب، بکرێ بەعەرشی شیلەی هەنگوینی بووکو زاوایەتیو هۆڵی ئاهەنگی فریشتانو ژوانگەی عەشقو گەشتیارانو مەستگەی ئەهلی زەوق.



مامۆستا جەعفەر

# سێ ئەستێرەی کەسک لەئاسمانی هەیبە سوڵتان

لەئاوێکی ناسازی سەرچاوەی (حەمامۆک)و لەدەشتێکی پشتاوو لەشاخێکی رەقو رووتەنو لەشوێنێکی بەر رەشەباو بێ دەرامەتو خامۆشو پڕ لەکاولە خانووی ناو کولانەی تەنگژەو داخراو! سەیرەو ئاخۆ چۆن دەگەییە قوولایی قەناعەتێک لەشارێکی وەک کۆیەی چەپەکو گچکە! هەندۆکەکە لەچاو شوێنو شارەکانی کوردستان، زاینگەیەکی هێندە مەزنی هەبێت بۆ لەدایکبوونی سەرکردەو فەرماندەو هونەرمەندو شێرەژنو گەورەپیاو! تومەز کۆیە خاکێکی رەسەنەو سیاسیو کۆمەلایەتیو هونەرو ئەدەب دەهێنێ! شاری حاجی دایکی . میهرەبانی زۆروزەوەندی هەیە بەدەست نوێژەوە شیری پاکیان داوەتە رۆڵە حەلالزادەکانیان، فرچکیان داون بەسیاسەتو پایەی کۆمەلایەتیو هونەرو ئەدەبو جوامێری!

لەئاسمانی کوردستاندا لەسەری سەراو زۆرناگێووتوومەیدانی سەر هەیبەسولتاندا سێ ئەستێرەی سەوزی پرشنگدار دەردەوشێنەوە رێگەی خەباتو بەرخودانو کولنەدان رووناکدەکاتەوە، کۆیە شەرتی سێ جارەی پیاوانەی ئەنجامداوە سێ سەرکردە بالا کەسکی ناشتووە لەدەشتی سەوزجاری کاکی بەکاکی کوردایەتی لەگەڵ دەیان نەونەمامی بەخوێن ئاودراو! بۆیە کۆیە لێی دیو لێیدەوەشێتەوە بەشاری شەهیدستان ناوبرێ!

سێ سەرکردە نەمرەکەی کوردستان شەهیدان(مامۆستا جەعفەر عەبدولواحیدو، د. خالید سەعیدو مام عومەر دەبابە) بالایان دیارە لەکوردستانو ناودارنو داروبەردو هەوارو دەوارو بەفرو گوڵو چۆل و چیا

دەیانناسیێ، سەنگەرو گوللەو قەنارەو مەرگـو ویژدان مێژوو گەواهی جوامێریو جوانمەردیو باوەڕ پۆلاینیو دڵسوزی دەدەن، فێرگەی پێگەیاندنی تێکۆشەرانن رووگەی خەباتن ئەو جوامێرانە :

## مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید

مامۆستا جەعفەری مام واحیدی مختار لەساڵی 1943 لەگەڕەکی بەفری قەندی لەکۆلانەی تەنگژەی شاری کۆیە لەدایکبووە، لەساڵی1963 لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیرابوو وازی هێناو روویکردە شاخوبووە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، لەگەڵ شەقبوونی پارتی روویکردۆتە هەمەدانی ئێرانو لەساڵی1966 گەڕایەوە لەزانکۆی موستەنسریە لەبەشی ئینگلیزی وەرگێڕاوەتەوەو لەساڵی1971زانکۆی تەواو کردووە، دەرسی ئینگلیزی، لەناوەندی سەلاحەدینو دواناوەندیی جمهوری لەهەولێرو لەناوەندیی کۆیە گوتووەتەوە!
ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەو سەرکردایەتی زنجیرە رێکخستنەکانی کردووە لەهەولێرو کەرکوک بەغدا، لەساڵی1973 چووەتە سوریا بۆ دیدەنیی شەهید شەهاب لەلوبنان!
تێکۆشەرێکی خۆشەویستو قۆزو چاوسەوزو نوکتەبازو دەنگخۆشو زەوقانی بوو حەزی لەهەڵپەڕکێو گۆرانیو شیعرو مۆسیقا بوو، بۆ خۆشیو هونەر، ئۆپەرێتو ئەکتەریی کردووەلە19ی حوزەیرانی ساڵی 1960 بۆ یادی چوار ئەفسەرەکە، لەکۆیە رۆڵی ئەفسەری لەسێدارەدراوی بینیوە، کاتێک بەڕاستی لەسێدارە دراوە هەمان جوامێریو دلێری نواندووە لەژێر قامچی جەللادەکانو ئەشکەنجەدانو بەچەند ساتێک لەسێدارەدانی نوکتەو قسەی خۆشی گێڕاوەتەوە، کون لەجەرگی نەبووە، هێندە مەردو بێمنەت بووە بەرامبەر مردن سەردەق شکێنەری سێدارەی مەرگ بووە بەدەم هوتافو سروودی شۆڕشگێڕانەوە پێشوازی نەمری کرد لە 1976/11/12. شاری کۆیە بەشەهیدبوونی سەرکردەیەکی ئازاو بەجەرگ پێشوازی لەشۆڕشی نوێ کرد، لەگەڵ هێنانەوەی کەژاوەی تەرمی شەهید مامۆستا جەعفەر بۆ کۆیە، یەکەمجار بوو ژنو پیاو پێکەوە بەشداربن لەمەراسیمی ناشتنو سەرقەبران لەگۆڕستانی (کەکۆن) بەخاک سپێردراو لەدوای خۆشی کوڕو کچێکی بەجێهێشتووە رەواو رێباز

## د. خالید سەعید

د. خالید حاجی حەمە سەعیدی ئەسعەد اغای غەفووری لەساڵی1933 لەگەڕەکی قەلاتی بەرامبەر حەوزی بەلووعە لەشاری کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی کۆیە تەواوکردووە، لەساڵی1951چووەتە ئامادەیی برینپێچی لەکەرکوک بەسەرکەوتوویی دەرچووەو لەنەخۆشخانەی کۆیە

دامەزراوە.
لەساڵی 1952 هاتووتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانو بووەتە ئەندام، لەکاری رێکخستنەوە دەستی بەخەباتکردووە بەر لەهەڵگیرساندنی شۆڕش ئەندام ناوچە بووە، لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول وەک فەرماندەیەکی ئازاو بەقەرزنەترساو چووەتە گۆڕەپانی شەرگەو چالاکی دەیان نەبەردی پڕ سەروەری تۆمارکردووە لەشاخو کێوەکانی کوردستان، پێگەیەنەری رۆڵەی ئازاو جوامێر بووە، وتارخوێنێکی بێ ئەندازەبووە، هەمیشە لەسەر بەردێکو بەگۆچانەوە وتارو وتەی بەپێوە وتووە، بەگیانی شۆڕشگێرانەو مەردایەتی پێشمەرگەی گۆش کردووە، لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ وەک سەرکردەیەکی بەورە ، سەنگەرە چۆڵکراوەکانی ئاوەدانکردووەتەوە، بانگەوازی شۆڕشی کردووە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوە بووەو ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)و ئەندامی مەکتەب عەسکەری بووە، لەکارەساتی هەکاری بەدیلی شەهید کراو گۆڕغەریبە لەگۆڕستانی (ئەژدادی) لەکۆیە نەنێژراوەو براکەشی هەر لەکارەساتی هەکاری شەهیدکراوە بەناوی(جەوهەر) نموونەی جوامێریو شەرزانیو ئازایەتی بووە لەپاش خۆی دووکچو سێ کوری بۆ کورد جێهێشتووە: رزگار، شۆڕش، خەبات، کاروخ و بنار

## مام عومەر دەبابە


مام عومەر مستەفا محەمەد ئەمین لەساڵی1924 لەگەرەکی قەلاتی سەرقازیلان لەشاری کۆیە لەدایکبووە ساڵی1931 چووەتە بەر خوێندن، سەرەتایی لەکۆیەو ناوەندی لەسلێمانیو ئامادەیی لەهەولێرو کەرکوک تەواوکردووە، ساڵی1944 لەکولێژی ئەندازیاری لەبەغدا وەرگیراوەو دوایی وازی هێناوەبووتە خەزنەدار لەمەخمور لەساڵی 1952 کۆلێژی یاسای تەواو کردووە لەبەغدا، رابەرو پێشرەوی خۆپێشاندەران بووە، ناوی(دەبابە)ی پێبراوە لەساڵی1951 بووەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان، گەیشتووەتە پلەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ کەرتبوونی پارتی لەگەڵ باڵی (م.س) بووە، مام عومەر دەبابە،
ــ یاساناس بوو: دەرچووی کۆلێژی یاسایی بووەو پارێزەرایەتی کردووەو سەرۆکی دادگای شۆڕشو کاروباری دادگای گرتۆتەدەست.
ــ سیاسی بوو: ئەندامی لیژنەی ناوەندیو ئەندامی(م.س)و سیاسییەکی بەئەزموونو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزووتنەوەو تادواهەناسەی هەر لەسەرکردایەتی بوو دیبلۆماسی بوو بروای بەرێککەوتنو دیالۆگو بیروراگۆڕینەوەو لێکگەیشتن بوو پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ لایەنەکانو دەوڵەتەکانی دۆست هەبووە، هەمیشە لەهەوڵی ئاشتبوونەوەو پێکهاتن بوو لێپرسراوی مەکتەبی دەرەوە بووە.

ـ عەسکەری بوو: سەرپەرشتی شەری کردووە، فەرماندەی هێزی کاوە بووە لەناوچەی بتوێنو پشدەر لەشۆرشی ئەیلول لەسەرەتای هەڵگیرساندنی شۆرشی نوێ وەک سەرکردەیەکی دیارو ناودار چووەتە بناری قەندیل لەگەڵ هاوسەنگەرانی جاری شۆرشیان داوە.


ـ رۆژنامەوان بوو: سەرنووسەری رۆژنامەی (النور) بووەو کاری ریپۆرتاژی رۆژنامەوانی لەناو رۆژنامەکان کردووە.

## مام عومەر دەبابە چۆن دڵی وەستا؟

لەراستیدا مام عومەر دەبابە نەخۆشیی دڵی لەگەڵدا بوو، ئەو رۆژە بەکاروباری شۆرش بەعەشقی کوردایەتی لەدیمەشق گەرابووەوە، ماندووبوو لەو سەرو وەختەدا تەرازووی دادگای شۆرش لەشەقڵاوە درابووە بەر شەق! مام عومەر دەبابە سەرۆکی دادگای شۆرش بوو بەبریاری بەرەی کوردستانیو هەموو لایەنەکان، ئەو نادادییەی پێ پەسەند نەدەکرا، لەبەستنی باری ئاڵۆزی یەکەمین گۆنکرەی (ی.ن.ک)دا لەو کاتەدا بەرێز مام جەلال راپۆرتی کۆنگرەی دەخوێندەوە لەگەڵ ناوهێنانی نەمران عەلی عەسکەریو د. خالید لەو چرکەیەدا دڵی لەلێدان کەوت، ئەوپەری وەفاو رەوشتبەرزی نواند بەرامبەر هەڵبژاردەو کاکڵەی سەوزو بەبەرچاوی بەشداربووانی ئەندامانی کۆنگرە بەگەورەیی کۆچیکرد بەرەو بەهەشتی نەمریو ئەبەدی لە1992/1/29 لەگۆرستانی (کەکۆن) بەخاک سپێردرا لەکۆیە.




دکتۆر خالید سەعید



مام عومەر دەبابە



مەلا مەعسوم



دكتۆر خدر مەعسوم

# یەکەمین
# دکتۆری شۆڕشی نوێ

بەرەچەڵەک هەورامی، بەپەروەردەو زێد. ڕەسەنە کۆیی، کوڕەمەلا لەبنەماڵەیەکی ئاین ویست خواپەرستو کوردپەروەر، هێندە دیارو ڕێزدارن، گـوڵبارانی ڕەوشت بەرزیو ڕێزیان لێدەباری، باوک چ باوک: جەنابی مەلا مەعسومی هەورامی لەمەلایەتیو مەزنایەتی بۆشایی مەلای گەورەی پڕکردبۆوە! بەهەشتی مەلا مەعسوم یەکەمین مەلابوو لە کوردستان لەسەر کوردایەتیو جوڵانەوەی ڕز گاریخوازی گەلی کورد لەزیندان بەسترابێ، عەمامەیان لێفرێدابێت، لەسەر ئەوەی لەمیحرابی مز گەوت فەتوای دابوو، کەپێشمەر گە شەهیدە، چونکە باوەڕ بەخواو خۆشەویستی خاکەوەیە، یەکەمین مەلابوو لەشۆڕشی ئەیلول ببێ بەپێشمەر گە ، ئاگردانی مامۆستا مەلا مەعسومی هەورامی زادە گەشو درەوشاوەیە، مێژوویان دیارو پرشنگدارە لە جوڵانەوەی کوردایەتی، پاش شکستو نسکۆی شۆڕشی ئەیلول زۆر هەبوو بێهیواو ڕەشبینو ڕووخاوبوون، پێشمەر گایەتیان پێ شێتایەتیو نابێ و ناکرێ بوو، لەرۆژی1975/6/25 دکتۆر خدری مەلا مەعسومی هەورامی لەبەریتانیا هەڵفریە شامی شەریف، هەر لە(لەندەن) دا، ڕاسپاردەی ناردە تێکۆشەرە ناسراوەکانی کوردستان بۆ مام عومەر دەبابەو دکتۆر خالید، کەوا 6/1 بگەنە وڵاتی هەنگوین (مەبەستی ناوچەی باڵەکایەتی) و شۆڕش هەڵگیرسان بوو بەبڕیاری دەستەی دامەزرێنەری (ی. ن.ک).

لەندەنی ئەوپەڕی مەدەنیەتو خۆشی ژیانو پڕ ژیاری بەجێهیشت ڕووەو کوردستانی بێ پێشمەر گەو

پڕ مەترسیو سنوور ڕاگوێزراو! لەوێ دا بەڵێنی بە کوردو مامو یەکێتی دا دەساڵ بێپسانەوە لەگەڵ بێ، مەرگو ژین تا شۆڕش گەشەدەکاتو دەگاتە ئاسۆی ڕووناک، ئەوجا درێژە بەخوێندنی بالآبدات دکتۆرا بهێنێ، د.خدری شلەشاری هەگبەی دەرمانی لەپشت گرێداو چەکی شەرەفی لەشان کردو تاقمی فیشەکی بەست، بەناو کەمینو مینو سەگو دێوەزمەو جندرمە، بەعەشقی کوردایەتی ڕێگای هاتو نەهاتی گرتەبەر، سەرەتا دەرنەچوو ڕێگا هێندە سەختو دژوارو پڕ بۆسە و مین بوو، دەنا پاش ئیبراهیم عەزۆ، ئەوان بەماوەیەکی کورت دەگەیشتنەوە کوردستان، بەڵام کۆڵی نەداو نەبەزیو نەلەرزی، خۆی گەیاندە سێگۆشەی سێ سنووری خواکورک، نەیهێشت شۆڕشی نوێو یەکێتی بێ دکتۆرو بێ دەواو دەرمان بێتو پێشمەرگە سەرگەردان بێت، شەرەفی یەکەمین دکتۆری شۆڕشی نوێی پێبڕا، یاخیو یاغنیش نەبوو! دەروێشی تەریقەتی کوردایەتیو عاشقە پیرۆزەکەی کوردستان بوو! وازی لەلەندەن هێنا ، گوند بەگوند گەڕا ، بەهەورازان هەڵگەڕا، ژیانی پڕلەتەلەزگەو ڕێگای سەختی خەباتی هەڵبژارد، شوکرو سابیربوو بەشلە ساوەرو نانەرەق، لەشاخ جەستەو بەرگی پڕگەرای ئەسپێ بوو، لەناو مزگەوت و بەرهەتاو بێرەحمانە ئەسپێی دەکوشت، لەسەرکانیو دەم ئاوان بەدەستی خۆی جلکی دەشوشت! چەند چڵکن دەبوو هێندە خاوێنو خۆشەویست بوو دڵپاکو دەروون سپی بوو وەک مێزەری باوکی! بەرەنگ ڕەشتاڵە، بەخوێن شیرینو ڕووخۆش، بەبالا دەستەپیاو، بەڵام بەکەسایەتی بڵندو سەربەرز، بەرگ خاکیو مشکی لەسەر، پەسەتەک لەبەر، بەدیمەن لادێیی، کەچی زمانزانو پزانیاری ، وتەبێژو وەرگێڕی ڕۆژنامەوانە بێگانەکان بوو لەشاخ! پاش کارەساتی هەکاری لە خۆشناوەتیو دەشتی هەولێر خۆیو شەهید سەید کەریم ئەفسەرو دکتۆرێک مابوونەوە، هەلیکۆپتەر لەکوێ هەڵسابا، دکتۆر خدر گوێی هێندە سووک بوو، دەیگوت گرەی دێ، شەهید سەید کەریم هێندە چاوتیژبوو، دەیگووت ئەوەتا هەلیکۆپتەرەکە! ئەو سەردەمە هەلیکۆپتەر زۆرتربوون لەپێشمەرگە، جارێک لەگوندی جەلی، ژنە ناسیاوێک پێی گووت بوو ئەرێ کوری مامۆستا مەلا مەعسوم نیت! هەی سەر بەهەش سەرت لەقورێ نێن،چ دەکەی لەو شاخو داخە! لەئەجەل دەگەڕێی، شێتایەتی نییە لەندەنت بەجێهێشتووە!

لەبناری مامەندە لەبن چادرێکی شڕوشێدار، دەوری چادر بەجۆگەلە ئاو هەڵکەنراو، چەند تەنەکەیەک کورسی بوون، هێندێک فەردەو گونیە قەرەوێڵە بوون، دەرمانی تۆزاوی لەسەر ڕەفتە دانراو، ناونرا بوو نەخۆشخانەی شۆڕش، هەر لەوێ لەهۆدەیەکی بە قوڕ نەتر کراو بە نایلۆن، مشک تەراتێنو جرتو فرتیان بوو، خولی فێربوونی سەرەتایەکانی پزیشکی کردەوە بۆ خوێندەوارانی پێشمەرگە، چونکە ئەو دەمە دکتۆرو پەرستار دەگمەن بوون، بۆیە ئەو فێربووانەی خولی برین پێچی، لەشەڕو سەنگەر فریای پێشمەرگە بکەون، بەئاسانی بریندار شەهید نەبێت چارەسەری سەرەتایی نەخۆشەکانی جەماوەری لادێ بکەن، کەدوورو دابڕاوبوون، لەبنکەی تەندروستی!

دکتۆر خدر نەک هەر دکتۆری دەکرد، سەرکردەیەکی ژیرو گونجاوو سەرکەوتووبوو لەسەردەمی ئاڵۆزو ململانێی ناو شۆڕش، ئەو هەمیشە خەتی مامو ڕێبازی گشتی بوو، جگە لەوەش لەبوارو بەشەکانی شۆڕش بەپەرۆش بوو ، لەسەرەتاوە لە خۆبوردوانە کایەی هەبوو، یەک لەدامەزرێنەرانی ئێستگەی دەنگی گەلی کوردستان بوو، لەکرینو خستنە گەڕو تاقیکردنەوەی لەگەڵ (تەلعەت گلی) نازناو بە (ئاشتی کەرکوکی) لەدیمەشق گیرانو ئازاردران! لەهێنانی ئێستگەو پەرینەوەی لەسنووری سێ دەوڵەتان لەگەڵ شەهید سەید مورسڵ بەبارو بەکۆڵ بەناو قورگی گورگان دەربازیانکرد، گەیاندیانە بنکەو بارەگای سەرکردایەتی، سەرەنجام لەنۆکان چەسپێنرا، دەنگی پەخشکرا. دکتۆر خدر یەکەمین کەس بوو قسەی لەئیستگەی دەنگی گەلی کوردستان کردبێتو خستبێتییە گەڕ.
بەخۆی نەدەنازی فەخفەخەو ئەتەکیەتی لێپرسراوێتی نەبوو، لەپڕ خۆیو تفەنگەکەی دەردەپەڕی بەتەنها دەرۆیی، هاوسەنگەرو خۆشەویستانی بەتارووکە بەدووی دەکەوتن! خێراو گورجو هەنگاوی وردبوو ماندوونەدەبوو لەهەورازان تریقەی پێکەنینی دەهات! لەناو ڕەنووی بەفرو بەستەڵەکی بنکەو بارەگاکانی توژەڵەو خری ناوزەنگو زەڵاو قولە هەرمێ لەکەشو ژیانێکی کەم دەرامەتو بێ ئازوقەدا نوکتەی خۆشی دروستدەکرد، کڵاوی سەیری بەرادان دەدا، لەناو شەختەو زستانی سەختی بناری مامەندەدا گوڵی بەهارو خونچەی خۆشی دەرواند، بەشنەی شێنێ دۆستو خۆشەویستانی دەهێنایە خەندە! قاقای دەناسرایەوە زایەڵەی دەدایەوە لەو دۆڵو شاخە بێئاوەدانیەدا زەردەخەنەی دەکردە حەبو دژە ئازار، دۆی ترشی پوورە کەسکێی دەکردە بیرەوبیبسی، پارە لەئەحمەد سارووخ قەرزدەکرا، بەقسەی خۆشو نەخۆشی چاکدەکردەوە!
پاش دە ساڵ پێشمەرگایەتی لەرۆژانی سەختو ڕەشو پڕ هەڵوێستدا:

**خـــۆزگـــە ئـــــەنـــــدازەی ژیـــــــانو تـــەمـــەن**
**تــــێـــکـــۆشـــان بـــــوایـــــە بـــــۆ خـــاکـــی وەتــــــەن**
**ئـــاخـــۆ تـــەمـــەنـــی کــــــام دڵـــــســــۆزی کـــــورد**
**لـــــەچـــــوار پـــێـــنـــج ســــاڵـــێ تـــێـــپـــەڕی ئـــەکـــرد**
کامەران موکری

پاش دەساڵ پێشمەرگایەتی لەشاخو دوور لەشارستانیەت، لەسەنگەری پڕ شەرەفی خاکی کوردستانەوە بەرەو بەریتانیاو زانکۆی لەندەن دکتۆرا بهێنێ لەبواری پزیشکیو زانستی جینات، نموونەی دەگمەنە! تاکەی مردوو پەرستی زیندوو کوژیین! توو بەشقی خوا هەق نییە خەباتی سەرکردەیەکی تێکۆشەری زیندووی وەک دکتۆر خدر بنرخێنن بەوێژدانی کوردایەتی ، نرخی خەبات لەناو خەڵک گرانبەهایە،

ڕێگای خەباتی سەختی تێکۆشان  لەدەست هەموو کەس نایە، بۆیە هێنانەوەو بانگکردن‌و ڕێز گرتنی ئەو تێکۆشەرانەی ساڵەها ساڵ  لەشاخ‌و ڕێکخستن هەڵوێستی  جوامێریان نواندووە، وەفاداری و ڕێزلێنانە لەخەبات.

## پوختەیەک لەژیانی دکتۆر خدر مەلا مەعسوومی هەورامی

لە 1947/3/3 لەسایە هەیبە سوڵتان لەشاری کۆیە لەدایکبووە.
خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لەکۆیە تەواوکردووە.
لەساڵی 1963 لەگەڵ  باوکی بەماڵەوە چوونەتە شاخ‌و بۆتە پێشمەرگە.
خوێندنی دواناوەندی لەبەغداو لەدواناوەندی ئیزاڵ تەواوکردووە.
لەساڵی 1967لەکۆلێژی  پزیشک لەقاهیرە وەرگیراوە.
لەساڵی 1973 کۆلێژی پزیشکی لەپایتەختی میسر تەواوکردووە.
لەساڵی 1974 بۆتە پێشمەرگە لەشۆڕشی ئەیلول، لێپرسراوی لقی دووی تەندروستی شێروانی مەزنی پێ سپێردراوە.
لە 1975/6/25  لەلەندەنەوە گەڕاوەتەوە دیمەشق لەسەر بڕیاری دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ک)
لەساڵی 1977 بۆتە لێپرسراوی لقی هەولێری (ی. ن. ک)
لەساڵی 1978 تاساڵی 1986 ئەندامی سەرکردایەتی (ی. ن. ک) بووە
پاش پێشمەرگایەتی دبلۆمی لەهەناوی هێناوە لەبەریتانیا لەشاری لیڤەربوول.
ماجستێرو دکتۆرای  لەبواری پزیشکی زانستی بۆماوەی وەرگرتووە.
ژنی هێناوەو سێ منداڵی هەیە لەلەندەن دەژی، کوڕە  گچکەکەی لەدایکبووی 1991/5/26 بەناوی "دانا" پاڵەوانی شەترەنجی لاوانی  بەرتیانیایە ، بۆتە نوێنەری بەریتانیا لەشەترەنجی لاوانی بەریتانیاو نێونەتەوەیی.
مامۆستایەتی‌کردووە لە زانکۆی لەندەن‌و دەرسی (جینات) وتۆتەوەو لێتوێژەرەوە بووە، سەرۆکی زانکۆی کۆیەیە.

# گری نەوتی شیواشۆکو
# وەجاغی ئیلینجاغ

ئەو گوندانەی کەوتوونەتە نێوان بازنەی جادەی کۆیەو دێگەڵەو تەق تەق تا بەستی شەرغە بە(وراتی کۆیە) دادەندرێ، جا مەرج نییە وڵات نیشتمانێکی بەرینو فراوان بگرێتەوەو لەکوردەواریدا بەزۆر جێگاوچەند گوندێک گوتراوە وڵات.

وراتی کۆیە نزیکەی 21 گوندی لەهۆزی شێخانینو بەبنەچە ئێزیدین، گوندەکانی دیکە تێکەڵن لەسەیدو کوردەکانی ئاغا سووریو مەرزانیو کوردەو دەربەندیسروشتی ناوچەکە زۆربەی زورگو هەڵەتوکەندو دۆڵو پشتاوە! بۆ پووشو پاوانو مەڕ لەوەڕاندنو ئاژەڵداری لەبارە، بۆ مەرداری لەگۆتەیەکی فولکلۆری گوتراوە:

**لـــە کـــوێــــســتـــانـــان گـــــــەدەو بـــانـــە ســـەر**
**یــــان: لـــەکـــوێـــســـتـــانـــان مـــــەرگـــەو پـــشـــدەر**
**لـــەگـــەرمـــیـــنـــی ئـــیـــلـــیـــنـــجـــاغ و داربـــــەســـــەر**

ئیلینجاغو داربەسەر دوو گوندی وڵاتی کۆیەن،

ئیلینجاغ: تەمتەمە شاخو ڕەوەزە شاخ دەگەیەنێ

ئیلینجاغ: وشەیەکی تورکیە ئیلینجاغ هاوواتای کۆچەر دەگەیەنێ

ئیلینجاغ: مانای جێگای قاووەچاغ دەبەخشێ ئیلینجاغ ، بەئێلی چاغ لێکدەدرێتەوە واتە چاغی سپی گوایە ئەمانە ئێلێک بوون لەو ناوچەیە ژیاونو رەشماڵەکانیان چاغی سپی بووە.
وەنەبێ لەکوردستان یەک ناوی ئیلینجاغ هەبێ، بەڵکو گوندی دیکەش هەیە هەر بەناوی ئیلینجاغ، بەڵام مەبەست لە گوندی ئیلینجاغ کەوتووەتە باشووری خۆرئاوای شاری کۆیە 11کم دوورە لەشارۆچکەی تەق تەق.
ئیلینجاغ بەتیرە شێخانینو بربرەی نۆپشتی خۆیان دەزانن، گوندێکی دێرینو دیارو رێزدارن، تەباو بەرێزن لەگەڵ یەک خەڵکەکەی زۆربەی هۆشیارو خوێندەوارن لەساڵی 1946 قوتابخانەی لێکراوەتەوە کەم گوند هەیە بەقەد ئیلینجاغ شەهیدی سەنگەری بەخشیبێ لەپێناو پارتایەتیو کوردایەتیلەسەر زەوی وڵاتی کۆیە پیاوی دیارو ناوداری مێژوویی لێهەڵکەوتووەو شایانی شانازین، ژێر زەویش دەریایەک گەوهەرو ئەڵماسە واتە پرنەوتە! نەوت سامان هەرە گرنگو بایەخدارەکان یەک لەکۆڵەکە بنچینەییەکانی ئابوورییە، لەهەر کوێیەک نەوت هەبێ بوژاندنەوەو گەشانەوەی ئاسوودەیی بەخۆوەدەبینی، بەڵام لەکوردستان کورد بەهۆی نەوتەکەوە دەسووتێو دەردەکرێو ناوچەکە کاول دەبێ! بەبیانووی بوونی نەوت لەو ناوچەیە لەساڵی 1979 دەسەڵاتدارانی بەغدا رووبەری 135.100کم2 گوندەکانی ئیلینجاغی گەورەو گچکەو مەرزانو شواشیۆکی سەروو و خواروو تاڵەبانی گەورەو گچکەو داربەسەری گەورەو گچکەیان پێ چۆڵ کردن بەقەرەبوویەکی هاکەزایی، هەقی رەزو کارێزو کانیو باخو خانوویان بەبرێکی کەم پارە قەبڵاند، خەڵکەکەی لێدەرکرا!
ئەو زەویانەی نەوتی تێدایەو بیری تیا هەڵکەندراوە لەزەوی(چوار جوتیار) ، کەوتووەتە ئاقاری گوندی ئیلینجاغ، زەویەکە وەختی خۆی لەتاقەتو شنگی جوتیارێک نەبوو بەچوار جوتیاری چوار گوندان زبارەی لێکراوە، بۆیە ناوی چوار جوتیاری لێنراوە! لەراستیدا بەشی زۆربەی زەویەکە بەموڵکو پشک هی شێخەکانی تاڵەبانییە لەکۆیە.
پرۆژەی نەفتی شیواشۆک یان کێڵگەی تەق تەقTAQ TAQ FIELD دەکەوێتە25کم لەباشووری خۆرئاوای شاری کۆیە29کم درێژکەیەتی 12کمپانیەکەیەتیدۆزینەوەی نەوت لەوێدا بەهۆی پسپۆرو سۆراخکارانی جیولۆجی لەزەمانی مەلیک فەیسەڵ دەرکی پێکراوە ئەو خێرو بەرەکەتە دەرکەتووە، یەکەم بیر لەساڵی 1958 لێدراوەو ساڵی 1961 تەواوبووە، بەڵام لەساڵی 1977 (2900م قوڵکردووە ، بەقوڵایی 3869م لەئەنجامی وەرگرتنی زانیاری لەسەرDST Drp iling system Test زانراوە نەوتە خاوەکە دوو بەشە بەپێی APL پەیمانگای نەوتی ئەمریکی APL جۆرە پێوانەیەکە بۆ نەوتی خاو، سەرەنجام دەرکەوتووە نەوتە خاوەکەی شیواشۆک دووجۆرە سووکو قورس رێژەی ماددەی قورسی تێدایە وەک قیرو شەمێ و رۆن... لەبۆرسەو بازاری نەوت سووکەکە گرانترە
پرۆژەی نەوتی تەق تەق یان شیواشۆک خۆی 5 بیرە، دەکەوێتە نێوان شیواشۆکو مەرزانو ئیلینجاغ

داربەسەر دووبیریان بەرهەمی هەیەو نەوتی لێدەردەهێنری بیری ژمارە1 ئەو چینانەی نەوتی تێدایە سیٚ چینە:

شیرانش فۆرمەیشن

کۆمیتان فۆرمەیشن

قەمچوغە فۆرمەیشن

لەقولاٚیی ژمارە2 گەیشتووەتە نەوتێکی قورس لەچینێک نەوتی تێدایە چینی پیلاسپی کتومت بەردی شاخی هەیبە سوڵتانە ئەو نەوتە بۆ کارگەی چیمەنتۆو کوورەی گەچو سووتەمەنی گەرماوەکان بەکاردێت بەرهەمی رۆژانەی زۆرە.

بیری ژمارە3 لەساڵی 1981 هەتا قولاٚیی 1750م رۆچووە، بەهۆی شەڕی عیراقو ئێرانەوە بۆردومانکراو بۆریەکان پچڕان ناچار بیری ژمارە سێیان راگرت بەقوڕاوێکی سەخت بیرەکەیان کوشت ئەو بیرە لە31م چینی شیرانش هەڵکەوتووە، دوو جێگای دیکەش ئامادەکراوە بۆ هەڵکەندنی بیر.

لەسەردەمی ئازادیو فەرمانڕەوایی کوردان، پرۆژە بیر نەوتەکانی شیواشۆک کەوتەوە گەڕ بەبیرۆکەو زیرەکی ئەندازیار محەمەد جەزا ساڵحو هیمەتی حکومەتی کوردی، ئیدی نەخشەو بەرنامەی بۆ دارێژراو بەفەرمانی ئەنجومەنی وەزیران بەئیمزای سەرۆکی حکومەت(کۆسرەت رەسول عەلی) لە رۆژمێژووی 1993/8/15 کۆمیتەی بالاٚی پرۆژە تایبەتیەکان دامەزرا بەمەبەستی کارکردن بۆ هەڵهێنجانی نەوتی شیواشۆک دروستکردنی پالاٚوگەیەک بۆ پالاٚوتنی نەوتە دەرهێنراوەکەبۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە دوو لیژنە پێکهێنرا لیژنەیەک بۆ بەرهەمهێنانی نەوتە خاوەکە جێگای سەرەکییان لە هەولێر بێ، لیژنەکە پێکهاتبوون لەو زاتانە:

ئەکرەم مستەفا مقصود، لێپرسراوی کێڵگە

هۆشیار نوری عەباس : لێپرسراوی هەڵسوران

عەبدوڵلا عەبدوالغفور ، لێپرسراوی ئەندازەیی.

سەید نەجم الدین سەید عەزیز، لێپرسراوی کارگێڕ

لیژنەی دیکە بنکەی سەرەکیان لەسلێمانی بێ بەئامانجی دروستکردنی پالاٚوگەیەک بۆ پالاٚوتنی نەوتی شیواشۆک، کەبەو بەڕێزانە سپێردرا: ئەو ئەندازیارانە بوون:1- رەشیدخالد خۆشناو 2- کمال عبدالقادر 3- محمد سلیمان عبدالله 4- محمد کەریم عبدالرحمان 5- محمد قادر محی الدین

ئەندازیار محەمەد جەزا ساڵح بەڕێوەبەری گشتی نەوتو کانزاکان بوو لەوەزارەتی پیشەسازیو وزە

بەسەرپەرشتیاری پرۆژەکە دانرا، بۆ گرنگی پێدانو بەهەند هەڵگرتن کۆمیتەی باڵای پرۆژەکان پێکهێنرا کەپێکهاتبوون لەوەزیری کشتوکاڵ و ئاودێریو وەزیری پیشەسازیو وزەو وەزیری دارایی ئابووری، ئەندازیار محەمەد جەزا ساڵح بەسکرتێری کۆمیتەکە دانرا دەسەڵاتی بەرزیان پێدرابوو لەئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریو کادیری لێهاتوو پسپۆری شارەزاو کارکردنی مەیدانی لەسلێمانیو هەولێر، ڕێگەیان پێدرابوو کارگەکان بگەڕێنو ئامێرو شتومەک هەڵبژێرن لە1994/3/21 توانرا بنکەیەک پێک بهێنن لەهەولێر شتومەکو ئامێرو کادیر پەیدابکەن، دەستکرا بەجێبەجێکردنی بەرنامە بۆ بیری ژمارە یەکو ژمارە دوو هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەبوو بیری ژمارە2 ئاسانتربوو لەماوەی شەش مانگ پێداویستیەکانی PRODUCTION SYSTEM TEST جێبەجێبکەن، لە1994/11/13 لەکاروانێکی چوار ترێلەیی لەشتومەکو ئامێر گواسترایەوە بۆ کێڵگەکە لە1994/12/27 بۆ یەکەمجار یەکێک لەبیرەکان بەدەستی خۆماڵی بەرهەمهێنرا سووتێنرا، پاشTEST کردنی توانرا ڕێژەی بەرهەمهێن دیاریبکرێت، لە 1995/1/25 یەکەم تانکەری نەوتی شیواشۆک بۆ کارگەکانی چیمەنتۆی سلێمانی بەرێکرا، ئەو کات گاز گران بوو نرخی (سێ )دینار بوو توانرا سوتەمەنی کارگەکانی چیمەنتۆی سلێمانی(سەرچنارو تاسڵوجە) دابین بکرێت.

ئیدی دەستکرا بە فراوانکردن و زێتر بەرهەمهێنانی نەوت هەر بەدەستی خۆماڵیو ئامێری ناوچەییو پسپۆری خۆمانە، گوللەی تایبەت پەیداکرا بۆ کونکردنی بۆریە حەوت گرێییەکان بەهیمەتی دەستەی ئەرکانی (ەـ پ.ک) لە (1996/5/17) گروکڵپەی ئاگری نەوتی شیواشۆک شەفەقی دایەوەو کوردستانی ڕووناک کردەوە چرەدوکەڵەکەی بەرچاوی ناحەزانی نادیدەکرد.

پاش دەرچووتی نەوت دەستکرا بەدروستکردنی وێستگەی جیاکەرەوە(محتە عزل) وێستگەی بارکردن(محتە تحمیل) بۆ دڵنیاکردنی سیستمی سەلامەتی ، خۆشبەختاتە لە 1996/7/5 یەکەم تانکەری نەوتی شیواشۆک بۆ پاڵاوگەی سلێمانی بەرێکراو لەکارگەی شەکر هەڵگیرا لە 1997/12/5 پاڵاوگە دەستبەکاربوو بۆ یەکەمجار توانرا نەوتو گازو بەنزین بپاڵێویو پاشەرۆکەشی وەک نەوتی رەش بۆ کارگەکانی چیمەنتۆ و کارگەی گەچ و خشتو گەرماوەکان دابین بکات لەمانگی هەشتی ساڵی2001 بەفەرمانی ئەنجومەنی وەزیران کێڵگەی شیواشۆک پاڵاوگەی سلێمانیو لیژنەی باڵای سوتەمەنی بکری بە(دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پرۆژە تایبەتەکان)و حاکم سەردار عەبدولکەریم دانرا بەسەرۆکی دەزگاو پێنج بەڕێوەبەرایەتی جۆراوجۆری هەبێ.

نەوتی شیواشۆک بەردەوامەو ڕۆژانە بەهەزاران بەرمیل دەردەهێنرێو ئاگرو کڵپەی هەر لەگەشەو شەوقدانەوەدایە یەکەمجارە کورد خێر لەنەوتی خۆی بینیو پێی نەسوتێو پێی ببوژێتەوە.

# هێشووەک شاعیر
# لەرەزو گوڵستانی کۆیە

دیمەنی جوانو رەنگینی شاری کۆیە بەشاخو باخو رەزو دەشتو مێرگ‌وکانی وایکردووە، هەستی ناسک ببزوێنێت بەرەو گوڵزاری شیعرو ئەدەب، دیارە سروشت کاریگەری هەیە لەسەر (سرۆشان)ی شیعر، تەقینەوەی کانی بەهرەو هۆنینەوەی رشتەی شیعر، زنجیرە شاخی رەنگاورەنگی هەیبەسوڵتان لە(میر سەید)ەوە شۆڕدەبێتەوەو تا (کلێسە)ی دەم زێ دەردی حاجی قادر کۆیی گوتەنی:

**لــەمــابــەیــنــی (کـــە کـــــۆن)و هــەیــبــە ســولــتــان**
**نــســـــــــێی ئــــێــــوارەو (ســـــایــــــە)ی ســبــەیــنــان**

جەنەتی شیوی رەزانو گوڵو حاجیلەکانی دەشتی هاموونو قەدی ئاوە گردو دۆڵی ئەسحابانو نەزیزی ئیچقەلاو باغی دار زەیتوونی بەجۆیی باغی شاری کۆیەو کەندەکۆخو تاتوکانو گەرمووک و کانی قەرەو مێرگی خاڵن بەگو سەرچاوەی ئاوی(حەمامۆک)و رەزی ساغەو ئاشانو شەمەکۆسەو لاسەو باخچەی غەریبانو ئاشتی ئەلیاسو لوولەی زایەرو زرێبارانو گردی باویانو گردی چادرو کانی بسکانو تەمتەمانو سەرقازیلانو گردی مام جەرجیسو چەمبەرە(نەزیری گەر بڵێم نابێ بەجایز)، چونکە (چنارۆک)ی بەهاوین فێنکو شنە خۆش بەهاژەی سولاوو ئاوی سازگار حاجی قادری کۆیی هێناوەتە جۆش بەئاگری دووری وایکردووە بڵێت

**لــــه خــــۆم ئــاگــر هــەڵــێــنــم وەک چــنــارۆک**
**لـــــەچـــاوم گـــریـــە دەربــــــێ وەک حــامــامــۆک**

حاجی قادر کۆیی هێندە بەئەشقەوە باسی خۆشیی کۆیەی کردووە لەنامە شیعرەکانی بۆئەمین ئاغای ئەختەرو حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلیزادە چەندینجار لەشیعرەکانی ناوی کۆیەی هێناوەو لەنامە شیعرییەکەی بۆ ئەمین ئاغای ئەختەر دەڵێت:

**ئـــەی مــوحــەمــەد ئــەمــیــن دەولـــــە ئـــــەورۆ کــۆیـــی تۆ**
**جەننەتێکە کـەوتـە دۆزەخ هــەرچـی لـێـی دوورکــەوتــەوە**

لەشیعرێکی دیکەیدا وەک رۆستەمی مازەندەران حاجی قادری کۆیی هەقیەتی دەرحەق بەشاری کۆیە بڵێت :

**هـــەروەکـــو شـارانـیـتـر کـــەس ئـاشـنـای کـۆیـە نـەبـوو**
**شـوهـرەتـی ئـەبـیـاتـی مـن خـەڵـکـی لـەسـەر کـۆکـردەوە**

نەک هەر حاجی قادری کۆیی ، شاعیرانی دیکەش کۆیش نەبوون لەسەر کۆیە هەڵیانداوەتێ وەک هێمنو شێرکۆ بێکەس، شێخ رەزای تەڵەبانیو شێخ رەئوفی خانەقا... هتد، ئەگەر چی شێخ رەزای تەڵەبانی شیعری داشۆری خەستی لەسەر کۆیە گوتووە، بەڵام گووتوشیەتی:

**شــــاری کـۆیـە کـە لـەبـالـەب لـەبـووتـی نـۆش لەبـە**
**گــەر فـەلـەک لـێـبـەگـەڕێ مـەنـبـەعـی عـەیـشو تـەرەبـە**

مامۆستا مەلا مستەفای عاصی پێی وابووە، کۆیە لەئەوروپا و لوبنان خۆشترە لەسەر زەمین ، شارنییە وەک کۆیە، بەعاصیمەی سوڵتانی زەوقی دادەنێ ، هەروەک لەشیعرەکەی دیارە :

**زۆر مـەراقـمـە تـاکـو مـــاوم سـەیـری ئـەوروپـا بـکـەم**
**تـالـەخـۆشـی وەزعــــی شـــاران دیـقـەتـێـکـی چـا بـکـەم**

**ئـایـا وەک کـۆیــە دەبــیــنــم تــا ئــەویــش ئـەفـشـابـکـەم**
**گـــەر بـــەچــاوی خـــۆم نـەبـیـنـم زەحــمــەتــە بـــــڕوا بـکـەم**
**وەســـفـــی جـــوغـــرافـــی دەلـــیـــلـــە شـــــاری کـــۆیـــە یـەکـەمـیـن**

لەکۆپلەیەکی دیکەدا دەڵێت

**مـن کـە کـۆیـەم سـەیـری مـن کـەن قـەسـرو بـاخو مـەنـزەرەم**
**ســەیــری کـــە لـــەم لالــــــەزارو ئــەو هـــەوا روح پـــــەروەرەم**
**بـێـتـو لـوبـنـان مـن ببـیـنـێ بـێـشـکـە دەگـــرێ وەرەم**
**مــن بــوغـازەی زەوقو شـادیـم ئـەو دەبـێـتـە دێـــوەرەم**
**چونکە جێگای وای نەدیوە قەت لەئەقتاری زەمین**

شیعری زۆربەی شاعیرەکانی کۆیە بەستایشو پیاهەڵدان باسی کۆیەیانکردووە تەنانەت مامۆستا کەریم شارەزای شاعیرو نووسەرو رۆژنامەوان لەشیعرێکدا کە کراوەتە سرودیش شاری کۆیەی بەبەهەشت شوبهاندووە بەڕاستی گوتوویەتی:

**شــــــاری کـــۆیـــە خـــاکـــی پـــاکـــی خـــۆش هـــــەوار**
**تـــــۆی بـــەڕاســـتـــی جـــەنـــنـــەتـــی پـــــەروەردگـــــار**

لەنامەیەک بۆ شارەکەم قوبادی جەلیزادە لەشیعرێکیدا دەڵێت

**کۆیەی چیاو گوڵاڵە سوورەو رەشەبا**
**کۆیەی قشت و خنجیلانە**
**کۆیەی مەزن**
**لەنێو منالدانی گڕدا لەدایکبووی**

لەهەناوی شاری کۆیە شاعیری زۆر لەدایکبوونو لە قوتابخانەی حاجی قادری کۆیی شاعیری دیار هەڵکەوتوونو لەدەشتی رازاوەو رەنگینی بناری هەیبە سوڵتانو باواجی گوڵی گەشو رەنگاورەنگ دەرکەوتوون، هەروەک:

×شێخ مستەفای قوتبی شام: شاعیرو شێخێکی تەریقەتی نەقشی بووە، زێتر لەدووسەد پەنجا ساڵ لەمەبەر لەکۆیە ژیاوە تەکییەی هەبووە لەکۆیە بەدەروێش‌و موریدەوە ، دوایی چووەتە شام لەوێش نێژراوە، ژیان‌و مردنی روون نییە، کە کەنگین بووەو کەی کۆچی دواییکردووە، بەڵام هاوتای شێخ عەبدولقادری گەیلانی بووە ، هەروەک (صافی هیرانی) لەتاکە شیعرێکیدا باسیکردووە:

ئەگەر(صافی) مەرامت هاتنەوەی یارە بڵا دائیم

×قاصد(حاجی بەکراغای کوری محەمەد ئاغای حەوێزی 1785-1853ز

قاصد هاوزەمانی محەمەد پاشای رەواندزو ئەورەحمان پاشای بابان بووە، شیعری بەفارسی‌و کوردی داناوە، زۆربەی شیعرەکانی فارسین، بەڵام لەشیعرێکی کوردیدا گوتوویەتی:

**کـــــە مـــــالـــــت بـــــوو کـــــەمـــــالـــــت بـــــوو**
**کـــــەمـــــالـــــت چـــــوو کـــــەمـــــالـــــت چـــــوو**

ــ حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی کوری حاجی مەلا ئەسعەدی جەلییە(1250-1326 ک باوکی مەلای گەورەی کۆییە، حاجی مەلا عەبدوڵڵا جەلی هاوفەقێ‌بووین لەگەڵ حاجی قادری کۆیی پێکەوە چوونەتە باڵەکایەتی‌و حاجی قادری کۆیی لەئەستەمبوڵەوە نامە شیعری بۆناردووە، چونکە حاجی مەلا عەبدوڵڵا شاعیرێکی بەتواناو مەلایەکی زاناو دانابووە، تەنانەت شێخ رەزای تاڵەبانی چوارینەیەکی بۆ دارشتوە:

**حـــاجـــی عـــەبـــدوڵـــڵا لـــەئـــادەم فـیـلـتـرە**
**بـــاوجـــودی مـــەرتـــەبـــەری پـێـغـەمـبـەری**
**ئـــەم بـــەســـەد شـــەیـتـان لـەکـۆیـە دەرنـەچـــوو**
**ئـــەو بـەشـەیـتـانـێ لـەجـەنـنـەت دەرپـــەری**

حاجی مەلا عەبدوڵڵا مەولودنامەیەکی نایابی وەرگێراوەتە سەر کوردی بەزاراوەیەکی کوردانە دایرشتووەتەوە لەمەولودان زۆر خوێندراوەتەوە:

(گوڵی بەهەشت پشکووتن) نەسیمی جەننەت ئەنگوتن، خونچە دەمی داوە، کانی وشک ژیاوە، تەیر هاتە خرۆش ، جۆوبار هاتەجۆش، بولبول مەست بوون لەسەر چڵان، نەسیم دەربوون لەنێو گوڵان ، گڵووک سووربوون ، گیا پرنوور بوون.

ئــ ەختەر (ئەمین ئاغا کوری حاجی بەکر ئاغا حەوێزی 1839-1887ز

شاعیرێکی بەزەوق‌و دونیایی بووە، دیوەخانی یانەی ئەدەب‌و شیعرو گۆرانی‌و ئاوازبووە، شیعری بەفارسی‌و کوردی‌و تورکی داناوە، شیعری تەڕو دڵداری زۆر هەیە، هەروەک:

**ئەمان ساقی دڵی شەیدا لەجەوری دیدە غەمگینە**
**لەنەشئەی چاوەکەی مەستت پیاڵە پڕکە بۆم بینە**
**فیدای چاوی سیاهت بوو کە هۆشم بوو ئەویشم چوو**
**بەتاراجی نیگاهت چوو ئەگەر عەقڵ‌و ئەگەر دینە**

ــ حەزینە (ناوی یا "زەینەب"ە کچی شێخ عەبدوکەریمی شێخ ئەحمەدی بەرزنجییە، خێزانی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەبوو لەساڵی1330ک کۆچی کردووە، شیعرێکی بەسۆزی بۆ مەرگی مێردەکەی گرتووە

**ئەی رەفیقانی شەریعەت بێن بکەن گریان‌و شین**
**حەیفە بۆ ئەو قوتبی کامل کۆچیکرد بۆ ژێر زەمین**

ــ نیهانی (شێخ محێدین کورشی شێخ عەبدولکەریمی شێخ ئەحمەدی بەرزنجییە1282-1353ک، لەلای کاک ئەحمەدی شێخ ئیجازەی تەریقەتی قادری وەرگرتووە، لەکاتی بۆردومانی کۆیە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لەساڵی1341ک کۆیەی جێهێشتووە، چووەتە گوندی(هەرەجە) شیعرەکانی زۆربەی دڵدارین.
ــ مەنفی (مەلا رەسوڵ کوڕی مەلا مەحمودی بێووشییەوە) لەساڵی 1921 کۆچیکردووە ، شیعری دڵداری‌و داشۆری هەیە.
ــ مەلای گەورە (مەلا محەمەدی کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلییە 1293ک-1942ز شاعیرێکی کۆمەڵایەتی‌و نەتەوەیی بووە، چەندین کتێبی هەیە بەعەرەبی پیاوێکی مەزن‌و پێشکەوتووخوازبووە لەشیعرێکیدا گوتوویەتی

**بەڕیشی پان‌و پرچی پڕ لەئەسپێ**
**بناغەی ئیشی کوردان چۆن دەچەسپێ**

ــ مەخزون (ناوی مەلا حەوێزەفەندی کوڕی قۆچاغایە) لەساڵی 1934 کۆچی دواییکردووە، شیعری

بەکوردیو فارسیو عەرەبی داناوە.
ـــ حوسێنی (ناوی سەید ئەحمەدی کوری شێخ عەبدولکەریمی شێخ ئەحمەد 1306-1352ک شیعری بەفارسیو عەرەبیو تورکیو کوردی هەیە46 ساڵ ژیاوە.
ـــ مسکین (ناوی محەمەد کوری حەمەد باوکی بەحاجی بەگ ناسراوە1920-1941پیشەی (سەرتاش) بووە، دۆستی دڵدارو دڵزاربووە شیعری تەڕو ناسکی هەیە.
شاعیری کۆیی دیکە زۆر هەن، گوڵی باخی ژیانیان وەریووە:
حاجی میرزا عەبدوڵڵا کۆیی (خادم)، مەلا عەبدولڕەحمانی راجی، مەیلی، عوسمان عومەر مام یەحیا(ئاگر، پشکۆ) ، کامل بەهجەت ئاغا حەوێزی(شێرکۆ) ، مەلا مستەفای عاصی ، ئەحمەد رەشید(ئەحمەد لاکین —فەهمی)، مامەی مەلا فەتاح (ساکار)، ئەمین فەقی ئۆمەر، صلاح ستار (رزگار) ، مراد دیار، حەمە کوردستانی، ئەمیر دڵبەند، زەکی ئەحمەد هەناری، رەشید حاجی عەلی لبادکەر، مەلا مستەفا فەقێ ئەحمەد، عزەدین کۆچەر، مەلا ئەحمەدی حافز ، رەشید شەوگێڕی ، عەبدولڕەحمان رووتە، سەید برایم بەرزنجی، مەلا محەمەدیحەتک (دلاوەر)، رۆستەم حەوێزی، سەید ئەنوەر سەید احمەد (دەرویش)
×ئەو شاعیرانەی شاگردی حاجی قادری کۆیینو قەڵەمیان دیارە لەباخی ئەدەبی کوردی:
ئەحمەد دڵزار، جەلال جۆبار، عەبدولڕەزاق بیمار، کەمال غەمبار، قوباد جەلیزادە، کەریم شارەزا، ئازاد دڵزار، مەجید ئاسنگەر ، خالید دلێر، عوسمان مستەفا خۆشناو، مەولود ژاکاو، ئەکرەم خامۆش، فازیل شەوڕۆ، گوشاد حەمە سەعید(کاروان)، جەلال بەرزنجی، عەبدول خالق عەلادین .
ئەو گوڵو خونچە نازدارانەی عەینەن حۆری بەلاسکی ناسکی رەزی رازاوەی باخی کۆیەن:
خەدیجە مستەفا(فریشتە)، ژیان صابر(بابەگوڕگوڕ)، صباحەت حەمە تاهیر(گڵپە)، گزینگ حەمە صدیق(نەزەند بەگی خانی)، ڤیان بێتووشی، بەهرەموفتی، کافیە جەلیزادە .
ئەو قەڵەمانەی بوونەتە چەپک، هێشووە وشەی جوانیان رازاندووەتەوە بەگوڵە شیعر لە گوڵزاری ئەدەب دا:
مدرک ژاڵی ، وریا جەلیزادە، ئارام ساڵح ، شەفیق بەیاد، کازم کۆیی، قوباد بەهرەوەر، شوان ئەحمەد مام عەلی، کارزان مستەفا حاجی صابر، شۆڕش محەمەد عەلی، سەعید دڵکو، رزگار فەقێ سەلیم، قادر بەشدار، کەمال کەریم، نەوزاد غەفوور، جەمال حەوێزی، دڵسووت حەوێزی، محەمەد داریاس، بایز دەرباز، ئاری سبحی، عادل زرار، قادر فەتحوڵڵا، عەزیز سەربەست، نورەدین ئاودێر، زرار عەبدوڵڵا(شێواو)، جەلال حەمەدەمین ، فەیسەڵ مەعروف، بایز مستەفا، رزگار میرزا، ئازاد دڵپاک، ئازاد غەمبار، ئازاد ئەحمەد ئەسوەد، محەمەد مەغدید، زاهیر حەمەد تەها، ستاری غابات، جەعفەر سەعید (چاوەنوار)، کەریم بێکار، سادق مەعروف(بێباک) عەزیز عەلائەدین(غەریب) مامۆستا بێچارە،

مەلا رەسوڵی کانی کوردەی (دیاری)، کامەران ئەبوبکر کۆیی، هاوژین سلێوەو رەنجدەر جەمال .
کۆیەی لانەی ئەدەبو بێشکەی شیعرو فێرگەی زانین، شاعیری دیکەی لێ ژیاون هەروەک: کەیفی جوانرۆیی ، شێخ رەزای تاڵەبانی، ماوەیەک نالی، صافی هیرانی سانیشاعیری دیارو ناودار هەن لەرەگو رەچەڵەک کۆیین، هەروەک: رەفیق سابیر، فەرید زامدار، غەریب پشدەری
شۆرەسواری مەیدانی قەڵەمبازی هەن، تۆزو گەردیان بزرە، بەلام هەر هێندەمان پێکرا، دەردی حاجی قادری کۆیی گوتەنی

**شـــاعـــیـــری ئـــێـــره گـــەرچـــی زۆر مـــاون**
**ئـــەم دوو ســێـــیـــەن کـــەوا لـــەپـــێـــش چـــاون**
**چـــەنـــد ئـــەوەنـــدەی کـــە عـــەرزی ئـــێـــوەم کـــرد**
**شـــوعـــەرامـــان هـــەیـــە بـــەدەســـتوبـــرد**
**شـــاعـــیـــری کـــۆنو تـــازەیـــی کـــوردان**
**کـــەلـــەتـــەعـــدادی عـــاجـــیـــزە ئـــیـــنـــسـان**
**ئـــەوی خـــۆم دیـــومـــە یـــانـــە خـــۆئـــەســـەری**
**ئـــەمـــەیـــە بـــۆت دەڵـــێـــم بـــەمـــوخـــتـــەســـەری**

# کۆیە پەناگەی لێقەوماوان و دوورخراوان

کۆیەی مێوان نەوازو لانەی لانەوازان، مەکۆی دەرکراوو دوورخراوانو پەرتەوازان! هەمیشە بەرێزو پێشوازییەوە دەروازەی کراوەبووە لەرووی بەلەنگازان! دەردی حاجی قادری کۆیی گوتەنی:

**ئەهلی رۆستەمنوەختی شەجاعەت**
**لەحاتەم زێترن وەقتی سەخاوەت**
**موسافیر پەروەرو یاری غەریبن**
**ئەوانن وا لە هەر عەیبێ بەری بن**

پاش شەری جیهانی شادەماری ئابووری لەکۆیە وشکبوو ، جولەی بازارو بازرگانی کەوتەکزی ناچار کۆییەکان روویان لەشارەکانی دیکە کردووە، ئەوەندەی کۆیی شوێنو شارەکانی دیکەو لەهەندەران دەژین هێندەنابن لەناوشاری کۆیە، لەرۆژی (1956/10/5) سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆ هاتۆتە کۆیە دیداری لەگەڵ دیارو ناودارەکانی کۆیە کردووە، لەو دیدارەدا رووی لەمام عومەر دەبابە کردووەو لێیپرسیوە( گەر بکەومە بەردەستتان چیم لێدەکەن؟) ، مام عومەر دەبابە گوتویەتی (دەتدەینە دەست یاسا)، سەعید قەزاز گوتویەتی:(کۆیینە مادام گیانی کوردایەتیان هەیە هەرلەکۆیە دەرۆن روو لەکەرکوک بکەن، چونکە شاری کوردانەو مەترسی لەسەرە ، روو لەشوێنو شارەکانی دیکە مەکەن،

کەرکوک  گرنگە) ، سەعید قەزاز زەوی لەکۆیە دابەشکردووە (گردی جولەکان) کە گۆڕستانی جولەکان بووە، کردوویە بە گەڕەک بۆیە گەڕەکی (گردی جوان) بە سەعیداوە ناودەبرێ.

کۆیە شارێکی فەرامۆشکراوبوو وەختی خۆی دوورە دەستو بێڕێگەی قیرتاو بووە، بۆیە پیاوی سیاسیو نووسەرو دووخراوەیان هەڵداوەتەوە کۆیە، هەر کەسانێک بەهەر هۆیەک کەوتبێتە کۆیە رێز لێگیراوبوونو ئاشنایەتیان پەیداکردووەو یادگاری سۆزو شیرینیان جێهێشتووە!

کۆیە شارێکی کۆنو خاوەن شارستانیەت بووە مێژووی دروستکردنی نازانرێ کەیە! ئاماژە بەوەکراوە کە جولەکەکان 1700 ساڵ زیاتر لەکۆیە ژیاون، پێدەچێ (شێخانی) لەغەفوری کۆنتربن ، چونکە شێخانییەکان لەدەوروبەری ساڵی 1205 کۆچی ) هاتوونەتە کۆیە جێگیربووینو بوونەتە موسڵمان، رایەک هەیە کە کۆیە بە(کۆیسنجق)ناودەبرێ دەیگەڕێننەوە کەوا سنجەقی ئاڵای ئاینی کوردی ئێزدی بووەو ئاماژە بەوەش دەکەن کۆیە شوێنی هەڵقولانی (شێخانی بووبێ بەدەوروبەری کۆیە بڵاوبوونەتەوە.

×کوردەکان لەدەوروبەری ساڵانی 1820 لە دەست بابانەکان هەڵاتوون هاتوونەتە کۆیەو بەشوانکاریو مەرداری ژیاونو بوونەتە خاوەن زەویو پاوان.

×شکاکەکان لەدەست روس هەڵاتوون روویان لەکۆیە کردووە،ماڵی سمکۆی شکاک لەقشڵەبووە دەگێڕنەوە کەوا ژنی سمکۆی شکاک کەلە قشڵە دەهاتەخوار، چارۆگەی نەپۆشیوە چوار پێنج چەکداری هەر لەگەڵ بووە، لەو ماوەیەدا کەلەکۆیی بوون ناوداریکیان لێمردووەو لەکۆیەیان ناشتووە بەوشێوەیە شیوەنیان بۆ کردووە:

**کـــــــــێ مـــــــــــردیـــــــــــە؟ تـــــــــەمـــــــــەرخـــــــــان**
**چـــــــی لـــــــــــەســـــــــــەرە؟ گـــــــــــوڵو ریـــــــحـــــــان**
**حـــــــــــــوتـــــــــــــــــکو جـــــــــــــەمـــــــــال**
**حـــــــــــــوتـــــــــــــــــکو جـــــــــــــەمـــــــــال**

ـــ لەساڵی 1924 لەدوای هەرای کەرکوک ، هەندێ سەربازی ئاسووری کەلیڤی بوون دێنە کۆیە دوایی بوونەتە پۆلیس نەگەڕانەوە شوێنی خۆیان هەر لەکۆیی جێگیربوون.

ـــ لەساڵانی 1925-1928 مامۆستایان رەمزی عەبدولڕەحیم ناسراو بە(مامەند کەرکوکی) کەشاعیرێکی نوێخوازو پێشکەوتنخواز بووە، عەبدولخالق قوتبو ساڵح قەفتانو عەزیز محەمەد فەرەجو عەلی سەعید شەوقی (عەلی ئاگا) لەکۆیی مامۆستا بوون، قوتابییەکانیان بەوانەی کوردایەتی پەروەردەکردووەو هەروەها (سامیە فەندی) فەرمانبەری پۆستەو بروسکە بووە خەڵکی جزیرەو بۆتان بووە لەکۆیە

کوردایەتی کردووە.
ـ وەحید محەمەد فەندی لەکوردەکانی تورکیا بووە، سەرپەرشتی یانەی فەرمانبەرانی کۆیەی کردووە بۆ یەکەمجار بلیاردی هێناوەتە کۆیە لەساڵی1933
ـ لەساڵی 1936 (شێخ بهلول) برای شێخ(خوام)ی کەلەعەشیرەتی (رمیشە)ی دیوانیەبووە دوورخراوەتەوەو نێردراوەتە کۆیە، لەکۆیە هێندە ڕێزیان گرتووە کاتێک (ڕەشید عالی گەیلانی) دێتە کۆیە زۆری پێناخۆش دەبێت کە ئەوەندە ڕێزیان لەشێخ بەهلول ناوە.
ـ لەساڵی1938 (عەبدولقادر سیبانی) خەڵکی بەسرە خاوەنی رۆژنامەی (الشباب) لەسەر نوسینێکی لەمەڕ(ش.ەت لعرب) بەدووخراوەیی رەوانەی کۆیەیان کردووە.
ـ سەید ئەحمەدی حاجی مامەندی لـەدوای جولاّندنەوەی شێخ مەحمودی نەمر بۆ کۆیە دوورخراوەتەوە.
ـ (روفائیل بەگی) سەرنووسەری رۆژنامەی (البلاد) دوورخراوەتەوە بۆ رانیە، بەلاّم لەکۆیە نەچۆتە رانیە (جەمیل ئاغای حەوێزی) لەکۆیەی هێشتوتەوەو لەماڵی خۆی داناوە.
ـ مامۆستا (زەنون ایوب) نووسەری گۆڤاری (المجله) بۆ ماوەیەک بۆ کۆیە دوورخراوەتەوە.
ـ یوسف زەغلولو مەمدوح صخر فەلەستینی بوون لەکۆیە گیرساونەتەوە .
ـ کوردەکانی ئەودیو لەهەر زەمانێک بەهۆی سیاسی بووبێت یان چارەنووسو کاروکاسبی هاتوونەتە کۆیی ڕێزلێگیراوو گونجاوبونی(سۆێسنییەکان) بۆ کاسبی هاتوونو جێگیربوون، تێکۆشەرە سیاسیەکان لە کۆماری مەهابادەوە سایەی هەیبەسوڵتان باوەشی بۆ گرتوونەتەوەو داڵدەی داون .
هەنووکەش بە هۆی بارودۆخی سیاسیو شەڕی ناوخۆو سیاسەتی توندوتیژو راگواستن دەرکراوەکان بەقەد نیشتمانیەکانی کۆیەن .



مەسعود محەمەد

# ئەو گوڵەی مەشهوری
# گشت عالەم بوو، کوا یادی بەخێر

کۆیە شارێکی سیما کزو شێواو، ژێرخانو سەرخان دارماو، خەفەخانو خامۆشو شادەماری ئابووریی تەسکو باریکو گیراو! هەوارێکە رووەو چۆڵی ، هەر لێ دەچۆرێو رەسەنە کۆیی بۆی ناگەرێتەوە لێی بژی. بەس لێی دەنێژرێ! هەرچەند کۆیە خاکو ئاوو هەوایەکی هەیە، سیاسەتمەدارو ناودارو بیرمەندو زاناو توانای دەگمەنی لێ هەڵدەکەوێ، ئاسمانێکی هەیە ئەستێرەیەکی پرشنگداری وای لێ دەدرەوشێتەوە نەک کوردستان، عەرەبستان و رۆژهەڵاتی ناوەراستدەکات بەچراخانو رووناکستان! هەروەک مەلا عەبدولرەحمانی جەلیزادە ناسراو بەکاکی جەلی لەحزوور عەبدولرەحمان پاشای بابان گوتەنی: ئاگر جێگەشی نزم بێ رووناکی بلێسەی بۆ سەرەوە هەڵدەکشێو شەوق دەداتەوە!! سەیرە لەکۆیەی پڕ کەلاوەوکاول و کەونەخانی خەزنەی نایابوکوپەی زێری پڕ بەهای تێدایە،

لەبن سوولی کانی خاتوون لەهۆبەی مەلایان لەچنارۆک ، لەسەر دوو گردی مەلای گەورە زاتێک بەناوی مەسعود محەمەد هاتە ژیان لەدایکێکی شێخ زادە، بەو پێیە دەبێت لە ئەیلولدا بووبێتە مێوانی (دنیاکەی فانی کاروانسەرا رەنگ) ساڵەکەش دەکاتە ساڵی 1919 بەشیری زیرەکیو زانستو فەلەک فراژو فرچک درا، زمانی پژا بەوشەی پەتیو پاراو نەک هەر زمانی زگماکی، چ زمانزانو زمانەوانێکی عەرەب بەقەد زمانە خۆمالییەکەی خۆشو نەرم و شیرینتر نەبوو، دەخیلت بم نەخیل بووی یاهەنگوین ئەوەش گەزو تەرازووی (اعاده التوازن فی المیزان المختل) چ باخەوانو نالی ناسێ

نەیوێرا (دەستەو دامانی نالی)بی، (پەرژینی بێ دەنگی) بترازێنێ و بەگراننازو غەمزە سووکی کونی کرد بەنووک، بەعەشقەوە (چەپکێ لەگوڵزاری نالی ) رازاندەوە هەر(چەند حەشارگەیەکی رێزمانی کوردی) پشکنی بەهێشوو وشەو رازاوەی هەڵچنی، لەنێو رەزو ناو رستی پیتی کوردەواری وەستاو ئەندازیارانەوشەی تازەی داهێناو دای نەتاشیو گۆنیای کرد. دایرشتە بناغەی رەسەنی کوردی.

گەر بگەرێی بە( گەشتی ژیانم)و (لەپەرۆشەکانی ژیان) دەبینی لەشاری کوێران دەستی بەچاوی خۆیەوە نەگرتووە بەهزرو رەهەندی (ژیانو جیهانبینی) بەفەلسەفەی کوردایەتی بێ دروشمی بریقەدار خۆ(مرۆڤو دەوروبەری ) دەزانن!

ئەو دەمەی پێشکەوتنو برواو بنەمای چینی ستەمدیدەو گەلانی بەش مەینەت سۆڤیەتستان بوو،( بۆ پێشەوا گۆرباتشۆف سەڵاوو تکا)و (بۆ ئەمیر حەسەن پوور لەهەر کوێیەک هەی) ئەو حەلە بۆچوونی وا، بەئاغا پەرستو دژ بە رووتاریا تۆمەتبار دەکرا، لەخزمەت (حەمە ئاغای گەورە)، بۆیە رووسمێک بو لەنەرمان بەپیکو کوتکو باریەی نالەباران هەڵنەکەندرا، درەختێک بوو رەووەو تۆقەلان ، رەگو قوڵو چەسپاو بەتەورو داسولکەی نەیاران هەڵپیتوو نەکرا، بەسێ بەرگان(حاجی قادری کۆیی) وەرپێچا، بۆسەر تاقی بڵندو میحرابی پیرۆز، بەڵام هێشتاش بە بەرەباب قەرزارن، چونکە حەزرەتی حاجی بە مەزنایەتی خۆی دەرهەق بەخانەوادەی جەلیزادە فەرموویەتی:

**یــــەغــــەیــــری جــــــــەدی ئــــێـــــوە کــــێـــهـــەدانــــا**
**لــــە کــــوردســـــتــــانــــن بــــنـــــاغـــەی عــیــلــمـــی دانــــــا.**

حاجی وای فەرموو، ئەدی خۆ شێخ رەزای تاڵەبانی بەتیغی زمانی مامو برا گەورەو کۆیەو کێ و کوێی شووشتەوە کەچی بۆ حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە گووتی: با وجودی مەرتەبەی پێغەمبەری!

لەگەوران عەتا، لەگچکان خەتا، نێوان مەرگو ژین تەنکو نزیکە، کەس نازانێ پەری رۆح کەی دەفرێ؟ بەڵام ئەوەندە دەزانم جەنابی مەلای گەورە وەجاخی روون بوو کۆترەی رۆحی بەهەشتی مەسعود محەمەد لەسەر ترۆپکی بیردۆزو هێلانەی ویـژدانو سێرەی وردبینیو دڵی مێژوو هەڵدەنیشێ! ئەو جەستە پڕهەستە، ئەو مێشکە پڕ لە گوڵە، لە یەکی نیسانی 2002 لە تەمەنی 83 ساڵی بووە میوانی ئیکجارەکی باخی بەهەشت.ئەو گوڵەی مەشهوری گشت عالەم بوو کوا یادی بەخێر..

# لە گوندی خەرابەوە بۆ شارۆچکەی ئاشتی

خەرابە گوندێکی کۆنە لەدەشتی کۆیە (25کم) دوورە لەشاری کۆیە، نزیک دەم زێو ئاودارە، خاکەکەی بەپیتوبەرەکەتە لە کۆی76270 دۆنم زەوی11665 دۆنمی بەراوە(34801)دۆنم پشتاوە بەکەڵکی چاندنو بەرهەمهێنان دێت، مێژووی ئاوەدانی گوندی(خەرابە) لەمێژە ، بە گوێرەی ئاسەوارو ئاشوقەڵاو قەبرستان، لەزەمانی عەباسییەکان ئاوەدان بووە، سەردەمێک لەژێر قەڵەمرەوی میر پاشای رەواندز بووە، بنکەی جەندرمەی لێبووە خەڵکیان لێی راپێچکردووە، بۆ بەرەکانی جەنگ، لەساڵی1875 خەڵکە گوندی خەرابە تووشی نەخۆشی (تاعوون)بووین، ئێستاش ئاست هەوارێک هەیە بەناوی( قەبری تاعونان)جگەلەوەش جولەکەی لێژیاوە هەتا ساڵی1950 خەڵک دوو جولەکەی بەناوی(شامیو شەلونە) لەسەر زارو هزری لەبیرنەچۆتەوە، هەتا ساڵی1950سمایل ئاغای شێخ بزێنی حوکمرانی کردووە، دوایی بەشەر ساڵحاغای غەفوری لێیسەندۆتەوە، داهاتو دەرامەتی گوندی خەرابەی خستۆتە ژێر رکێفی خۆی، پێی خۆی لێ قایمکردووە، پەرەپێیداوەو کارێزی لێداوە ئێستاش کارێزەکەی بەناوی کارێزی ساڵحاغایە، کارێزی دیکەشی لێدراوە لە گوندی(قەسرێ) پێدەچێ قەسرو خەرابە کە هەمیشە پێکەوە ناویان دێت لەبنەچەدا یەک گوند بووبن! دوای ساڵحاغای غەفوری ئیدی عەزیزاغای کوری بۆتە ئاغاو دەسەڵاتی فراوانکردووە، زەوییەکانی گوندی قولقولەو گوندی کانی رەشی دەستبەسەردا گرتووە، عەزیزاغا ئاغایەکی توندو بەزەوقو ئاغایانەبووە بەدەهۆڵو زۆرناو بەزمو

ئەسپسواری لەخەو هەستاوەو گەڕاوە!
لەسەرناوی(خەرابە) چەند راوبۆچوونێک هەیە
خەرابە بەدرێژایی رۆژگار چەندینجار کاولو خاپوور بووە بۆتە خەرابگاو وایان لێکداوەتەوە ناوەکەی لەخەرابەوە واتە لەکاولیو وێرانییەوە هاتبێت
خەرابە گوندێکی ئاغا دێ بووە جۆرەها خەڵکی لێژیاوە ئەوە کەتنیێکی کردبێت لێی قەومابێت، ئاغای پەنای داوە گۆیا ناویان ناوە خراپە
-لەگوندی خەرابە بەگوێرەی رووداوی مێژوو شەڕی خراپو خوێناوی لێقەوماوە بۆیە ناویاناو خراپە!
ناوی خەرابە گەرچی ناوێکی خۆش نییە، بەڵام کوردییە گوندێکی خۆشو بەرچاوە بەپێی قسەی پیرەکانی ئەوێ میرنشینی بووە لەقەڵاو قەسرێ ژیاوە.
گوندی خەرابە لە1998/11/10 بۆتە شارۆچکەی ئاشتی، 21 گوند لەدەشتی کۆیە بەخۆوە دەگرێ هەشت گوندی کەوتۆتە باوەش چیای هەیبەسوڵتان، شەش گوندی لەدەمزێ هەڵکەوتووە، چەند گوندێکی وەک(قازیەگیان، داوداوە، کاولان، کانی هەنجیری سەیدان، کانی سوور، ئیلەڵلا) سەرجەم شێخن بەرەچەڵەک سەیدن جگەلەوەش لەگوندی(کانی کوردە) (بۆگد) قلەقلەشێخی تێدایە!
گەرچی گوندی خەرابە وەک سەنتەرو سەرشاراوبوو، بەڵام خواستی زۆربەی خەڵک بەهیوابوون دووریانی داوداوە بکرێتە چەقی شارۆچکە دووجـادەی قیری بەناودا دێت، لەچەند گوندێک نزیکە زیاتر ئاوەدانیو فراوانی بەخۆوە دەگرت، لەراستیدا شارۆچکەی ئاشتی گەشەی پێدراوە خزمەتگوازی لێکراوە، کەپێشتر گوندەکانیو بەخەرابەشەوە، تەختو تێکدراو وێرانکرابوون بەهۆی ئاگری کارەساتی ئەنفال لەکۆی 21گوند 19 قوتابخانەی سەرەتایی (12) پرۆژەی ئاوی خواردنەوە (11) مزگەوتو(8) بنکەی تەندروستیو (3) خوێندنگەی ناوەندیو یەک یاریگاو جگە لەکۆمەڵگەی فەرمانگەکانو دامودەزگای شارۆچکە، یەکەم بەڕێوەبەری ناحیەی( شێخ سدیقی شێخەورەحمانی شێخ رەسولی کاولانییە).
شارۆچکەیەکی تازەیە سەر بەشاری کۆیە.
-گوندی شیوەشان گوندێکە سەر بەشارۆچکەی ئاشتی لەبن زنجیرەی چیای هەیبەسوڵتان، سەرچاوەی ئاوی هەیە لەبن شاخی تاڵاوە مادەی گۆگردی تێدایە بۆ خۆشتنو نەخۆشی پێست بەکاردەهێنرێ، بەرووبارەکە دەڵێن(دەرماناو) وەختی خۆی (25) ئاشی ئاوی لەسەر گەڕاوە لەوێوە ئاوچۆتە خەرابەی بە مەبەستی ئاش، بۆیە ناوی شیوەشان لەشیوی ئاشانەوە هاتووە، سەیر لەوەدایە سەرچاوەی ئاوەکە بەرەشەبا دەژێتەوەو دەتەقێتەوە، هەر بەرەشەباو وشک دەبێت هاوینان!
لەنێوان گوندی قازیەگیانو داوداوە نزرگای پیاوچاکێکی لێیە بەناوی (بابەرەسوڵ) سەری لەئاقاری


قازیەگیان نێژراوە بەکەڵەکە بەرد هەڵچنراوە، گۆیا، بێ سەر شەڕی کردووە، لاشەکەی لەئاست داوداوە بەخاک سپێردراوە، ژنی نەزۆک بەنیازو مرازی زگوزان زیارەتی دەکەن ناوی ئەو چاکە لەفولکلۆری کوردی ناوی هێنراوە:

**چـــــاکـــــێـــــک هـــــەیـــــە لـــــــــــــــەداوداوە**
**بـــــــابـــــــەرەســـــــوڵـــــــی نـــــــاوە**
**هـــــێـــــســـــتـــــری وەبـــــەرهـــــێـــــنـــــاوە**


ماڵە شیخێکی بێ وەجاغی قازیەگیان ماڵو هەواری لەکن چاکی بابەرەسوڵ بوو کەچی منداڵیان هەرنەبووا!ئەدی کام هێستری وەبەرهێناوە؟!

-بۆگد گوندێکە لەدەم زێ لە (بۆگردی)یەوە هاتووە قەلای پاشای کۆرە لەسەر گردەکەی بۆگد هەیە وەک نیشانەی قۆچەکی سنوور کەلەژێر قەڵەمرەوی پاشای رەواندز بووە.

ئەو گوندانەی سەر بەشارۆچکەی ئاشتین ئەمانەن:( خەرابە، کانی هەنجیر، سورە قەلا، قولقولە، قەسر، گۆمەشین، ئەلیاسە سوور، هەواری تازە، چالاوە، قزلوو، کانی بی، کاولان، کێلەزیندان، بۆگد، داوداوە، کلێسە، شیوەشان، سوێرەلە، قازبەگیان، کانی کوردە، کانی سوورو نیلەڵلاو برایەوە



سیوەی هونەرمەند



مام شەعیە

# خاچو
# چڵە زەیتوونی دیانان
# لەکۆیەو هەرمۆتە

ناوبانگو کۆنی کۆیە، رۆچۆتە تاریکایی مێژوو! بەڵگەی ئاوەدانیو شتارستانی کۆیە روونە بەقەڵاوقۆنگرو ئاسەوار، شاری کۆیە لەناوەراستی سەدەی16پ. ز مەڵبەندی سەرەکی گۆتییەکان بووە، گۆرەپانی ململانێی گۆتیو لۆلۆمیتانیو مادو میدیا ئیسلامو سەلجوقی و تورکو ئینگلیزبووە.

پێشتر کۆیە لەشوێن گوندی ئەسکی کۆیە بووە، ئێستا گوندێکی ئاوەدانو ئاسەوارێکە لەپاشماوەکانی ماد بەکارهێنانی وشەی(گۆتی)و (لۆ) لەکۆیە دەگەرێنەوە بۆ سەرچاوەی گۆتیو لۆلۆ.

کۆیە شارێکی فرەدین بووە لە(زەردەشتی، جولەکە، دیان، ئێزدی، موسڵمان)، بەڵام وەک نەتەوە هەرکوردی لێژیاوە، پەرستگاو ئاتەشگەدەکانی کۆنی زەردەشت لەدۆڵی(قادرمان)بووە کەوتۆتە سەرووی حەمامۆک بەرەو چیای باواجیو چیای ئاوەگردکاتی هاتنی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان لەساڵی(20-21)ی کۆچی، کۆیە شاربووە لەسەردینی (زەردەشت)بووە، سوپای ئیسلام روو لەکۆیە دەکەن، قەڵای (شیلە) دەگرن پێش ئەوەی بگەنە(هەرمۆتە)ئاشتیخوازو خێرەمەندێک لەهەرمۆتە دەکەوێتە نێوان موسڵمانو دیان بۆ ئاشتی و نەرژانی خوێنو نە قەومانی شەر سەرئەنجام لەهاتووچوونو ناوبژیدا لەپێناو ئاشتیدا شەهید دەبێت، موسڵمانو دیان ئەو پیاوچاکە بەهی خۆیان دەزانن و ئارامگەی بەپیرۆز دادەنێن مەزاری لەخوار گوندی (تۆبزاوا)یە موسڵمانەکان بە(شێخ محەمەدی دێرێ) ناوی دەهێنن دیانەکان بە(مەرێنن قەدیشە) لەسەر دیواری مەزارەکە بەکلدانی نووسراوە (نوێژ لەنیەتم بکە بۆ

خۆتان بەگشتی).
بۆ بڵاوبوونەوەی دینی ئیسلام شەڕی قورس‌و خوێناوی قەوماوەو بەرگری کراوە لە هەرمۆتەو کۆیەو دۆڵی سماقووڵی‌و چیای باواجی‌وچیای ئاوەگرد کەبە(ئەسحابە کوژ)یان ناودەبەن پاشماوەی دیارە(دۆڵی ئەسحابان‌و سەلکی کافری‌و کڵێسە).
کڵێسە: گوندێکی ئاوەدانە لەرۆژهەڵاتی کۆیە دواین گوندی دەشتی کۆییە کەوتۆتە دەم زێی دوکان، گوندێکی کۆنەئاساری قەڵاو بەردوبناغەی کڵێسەیەکی گەورەی لێ هەیە، کوپەی گەورەی لێ دۆزراوەتەوە ئێسک‌و پروسکی تێدابووە، کێلی قەبری لێبووە، بەنەخش‌و نیگا هەڵکەندراوە، وێنەی (خۆرو ئەستێرەو مانگ)ی تێدا نەخشاوە، بەردی دێرینی لێدۆزراوەتەوە وێنەی (شێر)ی لەسەر هەڵکەندراوە، بەگوێرەی ناوەکەی دەبێ دیانی لێ بووبێت‌و جولەکەی لێ ژیا بێت، چونکە شوێنی هەیە بەناوی(قەبرە جولەکان‌و خەرمان جولەکە)و شەڕی لێقەومابێت شوێنی هەیە بەناوی(قەبرستانی ئەسحاب!) گوندی(کڵێسە) شوێنێکی سەیری هەیە پێیدەڵێن(پێنگاو) وادەبینرێ لەپەنگی ئاوەوە هاتبێت. شوێنێکی فراوانە سێ لای شاخەو لایەکی زێیە یەک باریکە رێگە هەیە وەک دەرگا ، خەڵکی گوندی (کڵێیسە) بێ شوان‌و بێ گاوان مەڕومالاَت و گاوگۆلکی خۆیانی تێدا دەلەوەڕێنن، بێ ئەوەی یەک سەریان لێبفەوتێ بزربێت!
گوندی کڵێسە شوێنێکی دیکەی هەیە بەناوی(دەمدم) گەر بەربەرستی لێدروست بکرێ زەوییە پشتاوەکانی قەڵا سێوکەو دەشتی کۆیە، دەکاتە بەراوو خێرو بەرهەم جگەلەوەش کارەبای پێ دابیندەکرێت‌و ناوچەکە رووناک دەکاتەوە گوندی کڵێسە دیان‌و جولەکەی لێ نەماوەو هەمووی موسڵمانن!
دینی ئیسلام لەکۆیەو دەروبەری بڵاودەبێتەوە (هەرمۆتە) بەشێک لەگەرەکی هەواوان لەکۆیە بەدیانی دەمێننەوە لەگەڵ بەشێک لەگەڕەکی بەفریقەندی لەکۆیە بەجولەکەیی دەمێنێتەوە ! لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەساڵی1948 جولەکەکانی کۆیە ساڵی 1951کۆیە بەجیدەهێڵن بەرەو ئیسرائیل.
دیانەکان لە گۆندی هەرمۆتە شاری کۆیە دەژین کەنیسەیان هەیە لە هەرمۆتەو کۆیە، دین‌و داب‌ونەریتی حۆیان پاراستووە لەجەژن‌و بۆنە ئاگری پایزەو چۆنیەتی ژنهێنان دیانەکان یەک ژن دەهێنن لێکجیابوونەوەش نییەو ئامۆزا بۆ ئامۆزا پێکناشێن‌و هەر منداڵێکیان ببێ لەکەنیسە ناوو رۆژی لەدایکبوونی تۆماردەکەن زۆربەی دیانەکان دوو ناون ناوێک لەکەنیسەو ناوێک بەرەسمی‌و گشتی لەدەرەوە!
هەرمۆتە گوندێکی تاقانەو رێزلێگیراوەو موسڵمانی تێدا دەژی، لەشۆڕشی جوڵانەوەی کوردایەتی چوارجار وێران کراوەو کتێبخانە بەنرخەکەی کەنیسەکەیان لێ سووتاندوون.

هەرمۆتە دەکەوێتە رۆژئاوای کۆیەو زۆر نزیکە لەکۆیە لەدامێنی گوندی(تۆبزاوا)یە، خاکی هەرمۆتە بەپیتو بەرهەمێنە پڕ لەباخی زەیتونو کارێزو رووبارو جۆگەی ئاوی زۆر هەیە بەباخو رەزە، سەیرانگەیەکی خۆشی بەهارانی کۆییە چەندین بۆچوون هەیە لەسەر ناوی(هەرمۆتە)

هەرمۆتە : ئەرمۆتە(ئەر)بەکلدانی واتە زەوی (مۆتا) واتە مردن دەبێتە (زەوی مردن).

ئەرمۆتە: واتە(هەنار) وەختی خۆی رەزو باخی هەناری زۆر لێبووە.ئەرمۆتە: لەدوو وشە پێکهاتووە(ئەر)واتا پیرۆز دەگەیەنێ ، ئەمجۆرە ناوانە لەکوردایدا زۆر شوێنی پیرۆزیان هەیە وەک(ئەرگوش، ئەرزەرۆم ، ئارارات، ئاریان، ئارماوە...هتد) وشەی مۆتە مەبەستی شوێنەکە دەبەخشی!دێری ئاسەوار لەهەرمۆتە هەیە بەناوی (مارشەمعون، ماریەهنام، ماریوسف، مارمیخایل) وشەی (مار) واتا قەدیس دەگەیەنێ.

دیانەکانی (سلێمانی) سەرچاوەیان لەهەرمۆتەوە هەڵقوڵاوە، بەرەچەڵەکو رەسەن(کەریم عەلەکە) پیاوی خێرخوازو ناودارو وەزیری دارایی حکومەتی شێخ مەحمودی نەمر بەهەرمۆتەیی دەزاندرێ.دیانەکان لەکۆیەو هەرمۆتە خۆشەویستو گونجاون، شانازی بەکوردایەتیو دینی پیرۆزی خۆیانەوە دەکەن، ئازادو برایانە دەژین، لەجولانەوەی رزگاریخوازی کوردایەتیدا شەهیدیان بەخشیوە هەروەک شەهیدان(فەرنسیس عیسا، حەنا یوسف، یوسف حەنا عەبدولکەریم، دنحا عیسا رەبەن) لەشۆرشی نوێی گەلەکەمان شەهیدی نەمر مامۆستا(سەلیم حەنا کەریم) سەرپەرشتی رێکخستنی نهێنی دەکرد لێپرسراوی ناوچەی یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان بوو لەناو شاری کۆیە لەساڵی(1987) گیراو لەئەبوغریب لەسێدارەدرا جگەلەوەش، حیکمەت حەنا یوسف، هیمداد منسور عەزیز) شەهیدکران دەیان تێکۆشەرو پێشمەرگەیان هەبوو .

دیانەکان چەندین هونەرمەندی گەورەیان لێهەلکەوتووە پەرەیان بەئاوازو گۆرانیو مەقامی رەسەنی کوردی داوە هەروەک هونەرمەندان(پووتێ، میناس مەربێن، مەربێن قەشە گۆرگیس، میخە یوسفی هەرمۆتەیی، حەنیل تۆما ناسراو بەحەنیلە خرە)، هونەرمەندی گەورەو دەسترەنگین ئەندریۆس خەممۆ ناسراو بە باکووری، جانا تۆمای کەمانجەژەن، مەربێن سلێوە حەنا، شەعیە مەربێن قەشە، هاوێل مام شەعیە..)

ئیدی هەر کەسانەکی ئەو بولبولە خۆشخوانەی من ناناسێ ئەوەتانێ:

-مەربێن قەشابیل(1830کۆیە-1895) هاوتەمەنی ئەمیناغای ئەختەوەر بووە، دەنگێکی خۆشی سەیرو سیحراوی هەبووە، شەوانەی هاوین لەباخو رەزەکانی کۆیە گۆرانیو مەقامی چریووە خەڵک بەخۆشیو نەشنەوە گوێیان بۆرادێراوە، مەربێنی دەنگخۆش لەتافی گەنجیدا برایەکی جوانەمەرگی دەبێ، مەربێن لەتاوانو لەخەمان خۆی لەخمێ هەڵدەکێشێ لەکاتی ناشتنی برا کۆچکردووەکەی لەسەر قەبران دەڵێت: خەڵکینە لەمەودوا کەس داوای مەقامو گۆرانی گوتنێم لێنەکا بەئەمیناغاشەوە چیتاندەوێ ئێستا بۆتان بڵێم چیتر گوێتان لەدەنگی من نابێ لەدوای جوانەمەرگی برای شیرینم

دڵم ناپشکوێ گۆرانیو مەقام بڵێم، لەسەرقەبران تێهەڵدەکاو دوا گۆرانیو مەقام دەچڕێ وازدەهێنێ گۆرانیو مەقام بۆ هونەرمەندان بەجێدەهێڵێت.

مەربێنی خۆشخوان ئوستادی گۆرانیو شایی رۆینەو مەقامی کوردی بووە، بووتێو خەنیلەخرەو سێوە شاگردی مەربێنن لەو فێرگەیە فێرە گۆرانیو مەقام چڕین بوون!

-سێوە(صڵێوە خواجە یەڵدە (صڵێوە) (1891کۆیە-1964 سێوە 73 ساڵ ژیاوە لەلای "قەشە گۆرگیس رەبەنو قەشە پۆلیس عوجمایا" دەرسی زمانی کلدانیو بنچینەکانی ئایینیو خویستیانی فێربووە) جگەلە کوردیو کلدانی شارەزای زمانی عەرەبیو فارسی بووە، زمانی فەرەنسی زانیوە! لەتەمەنی هەرزەکاریدا موریسو جولایی کردووە شاگردی (خواجە یوسف) بووە شەیداو عەشقی کچی وەستاکەی بووە ناوی(وارینە) بووە بەڵام (وارێ) ی پێگوتراوە زۆرجاریش لەمەقامات لەجیاتی(ئەرێ گورێ) گوتوویەتی (وارێ گورێ)، بەڵام بەئاوات نەگەیشتوون بۆیەک نەبوون (وارێ) سەردەنێتەوە سێوەش ژندەهێنێ کوروکچەکی لەپاش بەجێماوە بەناوی(پۆڵسو ئەنیسە).

خارە سێوە پلەی (شەماشە) بووە کەنیسەی کۆیەی بەڕێوەبردووە لەبۆنە تایبەتییەکانی حەزرەتی مەسیحو حەزرەتی داود لەسەر مەقامی کوردی (نقوم شەبیر)ی گوتووە واتە(با هەستین تەسبیحات بۆ خودا بکەین) نوێژکەرانی کەنیسە بەدەنگی خۆشی سێوە گریاون هێندە بەجۆشو سۆز چڕیویەتی.

گۆرانی مەقامەکانی سێوەی هونەرمەند ئەمانەن(مەقامی گورێو عایشە گورو سەحەرو بەهاروشەنگ مێردمو گۆرانی شلەوخانانو مەقامی لەبەرنازی چاوبازانو مەقامی حەریقی ئاگری دووریمو مەقامی لەباخان ئاهونالێنو دێو مەقامی بەقامەت خەرامانو بەستەی زولفو ئەگریجەی یارو گۆرانی جەبارەو جەبارە)

**ئـــــــــــــــــــەوەل ســـــــــــــەحـــــــــــەرە**
**گـــــــــــەلـــــــــی بــــــــــــرادەریــــــــــــنـــــــــــە**
**هـەتـا حــەزرەتــی ئـیـسـرائـیـل نـەداتــن لـەنـەفـخـی سـورێ**
**مـــەنـــســـــوری هــــــەلاج تـــــەقــــەی دی لـــەکـــەوانــــی**
**حـــەزرەتـــی مـــووســا هـــــەزارویــــەک کـەلـیـمـەی دەکــاتــن**
**ئــەوەل سـەحـەرە لـەگـەڵ بـاری تـەعـالا لـەسـەر کـێـوی تـوورێ**

# کۆیەو مەشخەڵانی سروود

شاری کۆیە لەناو شاراندا ناوبانگ ومێژویەکی هەیە لەخەبات و شۆڕش هەڵکەوتنی سەرکردەوپیاوی سیاسی وشاعیری ناودارو گۆرانی و ئاوازی رەسەنی کوردی و سرودی سیاسیی و نیشتمانی نەتەوەیی یە (شاری کۆیە بەدیمەن گچکەو بەدڵ گەورە) سروشت و خاکی کۆیە وا هەڵ کەوتووە خەڵکی مەزن و دیاری لێ لەدایک دەبێ.

کۆیە مەکۆی کوردایەتی و پارتایەتی و کانگای (سیاسەت) حاجی قادری کۆیی ئاگری هەڵکردو بانگی کوردایەتی دا بۆ درەوشانەوەی رێبازی خەباتی شۆڕشگێرانە .حەمەغای کۆیە خوانی رازاندەوەو قەنەکەی گەشاندەوە :حاجی بەکر ئاغای قاسدو ئەمین ئاغای ئەختەر دیوەخانیان کردە یانەی ئەدەب و شیعرو گۆرانی ئاوازی کوردی ،مەلای گەورە سەڵەواتی لەدیداری خوێندن و زانست دا ،مەلا ئەسعەدو سێوەو حەنیلە خرەو پوتێ وئەحمەدی حەمە مەلاو حەمەدەمین عەباس و بەگرەزو حاجی گەورەوخەلەف و چار چاو مەلا کۆرەو باقی و گۆجەو بیبلالەفەندی کەلە کونجی قەناعەت و سەر رەزان پر بە گەروویان چریکاندویانە،ئەو سروودانەی بەسەر لێوی شۆڕشگێران دەلەرێنەوە، لەسەراپای کوردستان زایەڵەی دەدەنەوە،پشکۆی وشەی شیعری زۆربەی سرووده ئاگرینەکان لە ئاگردانی کۆیە جۆش دراون، لەزار و هەناوی شاعیرانی کۆیە هەڵ قوڵاون و گری خەبات و شۆڕشیان پێ گەش و خۆش کراوە (ئەی رەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان) سروودی نەتەوەیی ومارسلیزی کوردایەتی شیعری (یونس رووف) دڵدارەکە سکرتێری حیزبی هیوا بووە ،(ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان

نامرێ ناونیشانتان) شیعری محمد تۆفیق وردی یه کەشاعیرو ڕۆژنامەوان مێژوونووس و وەرگێرو نووسەر بووە،یەکەم مامۆستا بووە ،ئەو سەردەمە بەشداری کۆماری مهابادی کردووە: (پیشمەرگەی بەهەڵمەتین ،پاڵەوانی میللەتین)و (ئێمە ڕۆڵەی کوردین،ئێمەی ڕۆڵەی کاوەی نەبەردین )و(نەورۆزە جەژنی ئیشکەرە) شیعرو ئاوازی تێکۆشەری ناسراو خالید دلێری هونەرمەندە !

سرووودی (ڕەنجدەرین ،تێکۆشەرین ) و (هێزی یەکێتی و چرای زانستی) (داری ئازادی بەخوێن ئاودەدەین ) (براگەل بخوێنن تواناەدەبن ) و(گەنجێ کەپیشەی هەر فەسادی بێ) ئەمانە شیعری ئەحمەد دڵزاری شاعیرو نیشتمان پەروەرە!(هێزی گەل هێزی خەبات و ڕاپەڕین ) و (ئەی نەتەوەی کەی خەسرەو و کاوەی دلێر )و(لەخەو ڕاپەڕە هەستە بەیانە ) و (نەورۆزە مەستم بەنەغمەی بولبول ) ئەو سروودانە شیعری مامۆستا کەریم شارەزای شاعیرو نوسەرو ڕەخنەگرە ! سرودی (من کەڕۆڵەی کوردستانم ،پەروەردەی بەفری کوێستانم) شیعری مامۆستا مەجید ئاسنگەری تێکۆشەرە:( جەژنی نەورۆزە ڕۆژی ئازادی ) شیعری مەجید عومەری ئەندازیارە :-

(میللەتانی رووی زەمین ڕویان بەرەو ڕوناکی یە) کوردستان چەند شیرینە شیعری جەلال جۆباری شاعیرە (قەلبی من گەر چەشنی لالە بێتوو نەوتی تێ بکەن شیعری سامی عەودالی زەحمەتکێشە !(وتم ئەی کچ لەگەشتی ) و(نەسرین ئەمرۆ نەورۆزە) شیعری عەونی شاعیرە،شیعری ئەو سرووده نیشتمانی و سیاسیانە بەبیرو خامەی شاعیرانی کۆیە داڕێژراوون جگە لەخارە تایەر تۆفیقی هونەر مەند کەچەندین شیعری کاریگەری کردۆتە سروود وەک (شیرین بەهارەو گوڵی سەربەستی کە هی شاعیرانی دیکەن: (دڵدار،وردی،دڵزار،جۆبار،عەونی،سامی عەودال،خالید،دلێر،کەریم شارەزا مەجید ئاسنگەر هتد...) خاوەنی ئەو سروودانە لە کۆیە پەروەردەی شنەی هەیبە سوڵتان و باواجی و ئاوی حەمامۆک و چنارۆک و ئۆمەر خوچان و گوڵە حاجیلەکانی هاموون و باخچەی شیوی ڕەزانن .شاری کۆیە خاکی پاکی خۆش هەوار ،هەر شاری شەهیدان و سەرکردەو خەبات و شۆڕش نیە ،شاری مەشخەڵانی سروودو شیعری ئاگرین و ئاوازی بەسۆزیشە،کاریگەرو تایبەتمەندی خۆی هەیە لەناو دڵی مێژوو .



ست بەدریە سەعید بەرزنجی

# حەیفە وەک من
# لەغەریبی بمرێت و نەتەوێ

سەید ئەحمەد حاجی سەید سەعیدی سەید برایمە فەندی ،باپیرە گەورەی بە کاک سەیدی هەولێری بەناوبانگە ،لە گەڵ شێخەڵای کۆسە ئامۆزان ،دەڵێن کاک سەیدی هەولێرێ کەرامەت دارو نورانی بووە ،باب و باپیرو ئەژدادی سەید ئەحمەد لە گۆرستانی شێخەڵا لە هەولێر بەخاک سپێردراون !هەرچەند بەدرەخت و تۆمار بەرەچەڵەک بەرزنجین ،بەڵام چەند پشتیان لەهەولێر بووە ،سەیدی ناو هەولێرێ هەر ئەو بەرە بابەن بەڵام سەید برایمە فەندی کەدەکاتە باپیری سەید ئەحمەد، مدیر ناحیەی شەقلاوە بووە بۆ ماوەی 7ساڵ ئەو دەم شەقلاوە سەر بەکۆیە بووە ،دەبێ ساڵی 1903 بوبێت ،بۆیە باوکی سەید ئەحمەد لە گەڵ دوو خوشکی لەکۆیە نیشتەجێ دەبن لەوێ ژنی هێناوەو ،وەچەی لێ بۆتەوە ،بەڵام خزمەکانی پشتی هەر لەهەولێر دەمێنەوە!پەیوەندیان نەپچراوە ،حاجی سەید سەعید کەکۆچی دوایی کردووە،لە گۆرستانی شێخەڵا لەتەک باب و باپیرو مام و خزمەکانی بەخاک سپێردراوە لەهەولێر !!سەید ئەحمەد لەساڵی 1938لەشاری کۆیە لەدایک بووە ،جمک (دوانە) بووین لە گەڵ خوشکێکی بەناوی (خەجاوە) دایکیان (فاتمەی بسک زێر) بەسەر ئەو دوو منداڵەوە دەچێت ،بەدایەن بەخێویان دەکەن !سەید ئەحمەد دایکی خۆی نەدیوە ،نازی هەڵنە گیراوە سەر بەدایەن و زردایک بووە ،خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەکۆیە تەواو کردووە ،تا خوێندکار بووە ،دوکان و حانوتی مەکتەبی هەبووە ،کاسبکار بووە ،خۆی ژیاندووە ،ئەندامێکی چالاکی حیزبی شیوعی عیراق بووە ،لەزەمانی چەپڵە


ساڵی 1958 ڕۆڵی کاریگەری هەبووە ،شیوعیەکی هەڵسوڕاو بووە ،ئەودەم حیزبی شیوعی و پارتی لەململانێدا بوون ،هەر چەند سەید ئەحمەد برا گەورەکەی کاکی (سەید برایم) (ئەندام ناوچەی پارتی )بوو ، گەرچی برا بوون هەردوکیان پاڵەوانی ململانێ بوون دیار بوون لەبیرو باوەر جودا بوون،لە یەک دایک باوک بوونە سەید ئەحمەد لەبەر شیوعیەت و حیزبایەتی و سیاسەت وەک پێویست نەی توانیوە زیاتربخوێنێ ،بۆیە ناوی عەسکەری دێت و دەچێتە عەسکەری و بەڕێک و پێکی ئەرکی عەسکەری دەبینێ و تەواوی دەکات ! سەرەنجام بەهۆی حیزبی شیوعی عێراقییەوە دەچێتە روسیا دەخوێنێ و دەگەڕێتەوە عێراق ،لەشاری موسڵ دەبێتە دکتۆر کەدادەمەزرێت سەیریان پێ دێت خزمەتی عەسکەری تەواو کردووە ،پاش عەسکەری بۆتە دکتۆر ساڵێک ساڵی1969کاری پزیشکی دەکات لە موصڵ !هاوتەمەن و مامۆستایەکان لەکۆیە بۆ هاندان و پشتگیری کردنی خوێندن !شێووەو حەزو خواستویستی خوێندنی دکتۆر سەید ئەحمەد بەرزنجی دەگێرنەوە ،بەچەپکە گوڵی نمونەیی دەیهێننەوە ،چۆن دکتۆرێک پێش چونە ناو زانکۆی پزیشکی خزمەتی عەسکەری تەواو کردووە ،بۆیە هیچ کاتێک درەنگ نییە بۆ خوێندن ،خوێندنی د.سەید ئەحمەد هاندەرو کاریگەرو سەرسورهێنەر بوو د. سەید ئەحمەد بەرزنجی کەلەموصڵ دکتۆر بووە ،هەرچەند دابراو بوو ،بەهۆی بارودۆخی خێزانی و دورکەوتنەوەو هەندەران ! لەبەر کێشەو بوونی زردایک بێ ئاگا دەبێت لەگەڵ ئەوەش سۆزدارو دلۆڤان بوو، هاوکاری باوک و خوشکی کردووە ،دیاری بۆ ناردوون و یارمەتی داون !کەدکتۆر بوو لەموصڵ ژنێک بەناوی بەدریەخان کەمامۆستا بوو لەهەولێر شووی بەخزمێکی خۆی کردووە ،(مامۆستا شێخ رەئوف سەید عبدالقادری گڵە زەردە) هاوسەری بووە بەمەبەستی منداڵ بوون لەهەولێر دەچنە مووسڵ د.سەید ئەحمەد لەسۆزو هەستی مرۆڤایەتی خۆیەوە زۆر بایەخ بە (بەدریەخان) دەدا چونکە هەم کوردە و هەم ژنێکی دوو گیانە و لەژانە !مێردەکەشی ئاگای لێیە دکتۆر چەند بەپەرۆش و ماندووە پێوەی ! هەر لەوێ خوا کوڕێکی جوانی بە (بەدریەخان) داو ناویان لێنا (نەبەز) نۆبەرەی بەدریەخانە، پاش ماوەیەک بە پرسیار بەرێگای برایەکی مامۆستا شێخ رەئووف، لێی دەکۆڵنەوە دەبینن بەدریە خانو د. سەید ئەحمەد خوشک وبران بۆیە د.سەید ئەحمەد، دەچێتە هەولێر بۆ ماڵی خوشکەکەی یەکتر ماچ دەکەنو فرمێسک بۆ یەکتر هەڵدەرێژن، د.سەید ئەحمەد کورەکەی بەدریەخان کە ئەکاتە خوشکەزای لەسەر کۆشی خۆی دایدەنێ، بەدریەخان دەست لە ملی براکەی دەکات، مێردی بەدریەخان (مامۆستا شیخ رەئووف) دەچێتەوە ماڵێ دەبینێ براکەیو ژنەکەی دکتۆرەکەش (نەبەز)ی کوری لە باوەشە سەیری پێدێتو پاش سلاّو دەپرسێ باشە ئەوە دکتۆرەکەیە، ئەوە ژنەکەمە، ئەوە کورەکەمە، ئەوەش براکەمە، پاشان حاڵو مەسەلەکە دەگێرنەوە بەخۆشیو پێکەنین دەیبەنە سەر کە زەمانە چۆن لێکی کردوون، گریانو پێکەنین تێکەڵ دەبێ !ئەو روداوە ڕاستەقینەیە ،ناوەکانیشی تەواون !ئەو ڕووداوە هەڵبەستراو نییەو چیرۆک و فیلمی هیندیش نییە!! د.سەید ئەحمەد بەرزنجی

لەعێراق بەر گە نا گرێ و ڕوودەکاتەوە ئەوروپاو دە گەڕێتەوە ولاٌتان !سەرەنجام بەهۆی هەندێ خزمی سەید کەکەوتبونە (لوبنان) بەهۆی ئەوانەوە ،لە(لوبنان) دە گیرسێنەوە !لە (بیروت) کاری دکتۆری دەکات، حاڵ خۆش و گوزەران باش و دەوڵەمەند دەبێت !موڵک و ماڵی زۆر دەبێت ئەوەی دیارە تەلارێکی چەند نهۆمی لەبەیروت هەیە زانراو نییە ماڵ و منداڵی هەبووە یان نا ..! لەکاتی دامەزراندنی (ی.ن.ک) لەشام، د.سەید ئەحمەد بەرزنجی هاوکاریان دەکات و یارمەتیان دەدات، ئومێدی زۆری بەمام جەلال و د.فوئاد بوو بۆیە گوتوویەتی مادام ئەوانە بناغەی یەکێتییان داناوە ئەو حزب و ئەو شۆڕشە سەر کەوتوو دەبێت و بەئامانج دە گات .

بەهۆی دەوڵەمەندی و پارەداری ،ڕێکخراوێکی فەلەستینی لەساڵی 1986 دەیکوژن ،ڕۆژنامەی (النهار) لەلوبنان ئاماژەی بەو کوشتنەداوە ،نوسیویەتی دکتۆرێکی عێراقی بەناوی (د.سەید ئەحمەد بەرزنجی ) بە گوللە کوژراوە ،جانتایەکی دبلۆماسی پێ بووە !هەواڵ بۆ براکەی دێتەوە بەنامەی ڕەسمی کەوا بێتە (لوبنان) تەرم و میراتەکەی وەر گرێتەوە !بەلاٌم برایەکەی (سەید برایم) لەبەر ئەوەی دوو کوڕی هەبووە هەردووکیان پێشمەر گەی (ی.ن.ک) بوون لەترسی بەعس نەیتوانی بچێتە لوبنان ،هەم تەرمەکەی نەهێنرایەوە ،هەم میراتەکەشی هەروا مایەوە !بەم شێوەیە لەبێ کەسیدا سەرو ماڵی دەفەوتێت کەس فریای ناکەوێت ،غەریب ،غەریب ،چەند بەئازاری !!

شینی بۆ نە گێردرا،بەر گی بۆ ڕەش نەکرا کاکە برای بەبێ دەنگی لەکورەی دڵ ،بەفرمێسکی چاو وەک مەنجەڵی چێشت لەسەر ئا گر قوڵپ قوڵپ دەدا بۆی ،بێ سەرەخۆشی و دڵدانەوە !!


حاجی نەبەز شێخ ڕەئوف


دکتۆر سەید ئەحمەد بەرزنجی

# سەردەمانێک کۆیە سەر بە کەرکوک بووەوهەولێریش سەر بەکۆیە بووە!


کۆیە شارێکی کۆنە ،دوو هەزار ساڵ زیاترە شارە شارستانیەتی تێدا هەبووە ،بەر لەسلێمانی شار بووە،بەلاٌم سلێمانی بەپایتەختی بنیاتنرا ،بۆیە پێش کۆیەو شاران کەوتەووە بۆتە شارە حەیاتەکەو دڵە زیندووەکەی کوردستان ،هەولێر بەکۆنترین شار دادەنرێ ،شاری چوار خواو قەلاٌو منارەیە ،منارەی چۆڵی هونەری جوانی و دەست ڕەنگینی تەلارسازی خۆی دەنوێنێ،ئاشوریەکان ناویان لەهەولێر ناوە ،بەر لەپەیدا بونی ئاینی مەسیح هەولێر ئاوەدانی تێدا بووە ناوداری وەک موزەفەر و ئیبن مستەوفی و ئیبن خەلەکان وحوسامەدینی حاجری ..وایلێهەڵکەوتووە ،کەرکوک پایتەختی گۆتیەکان و مەڵبەندی ولایەتی شارەزوور بووە خەزنەی زێرولەبن چاوگەی نەوت هەڵکەوتووە ،بەقودس و دڵی کوردستان ناو دەهێنرێت حەوت هەزار ساڵە دروست کراوەو ئاوەدانی لێ بووە ،بنیادی کەرکوک لەژێر ناوی (ئارابخا) یە کۆیە میرنشین بووە ساڵی 1747 پاش شەری ئاوەگرد ،کەعوسمان پاشاو کورو براکانی سەر دەبردران و سەلکیان بۆ ئەستانە (ئەستەنبول) ناردراو کۆیە کەوتەوە دەست بابانەکان ،عوسمان پاشای کۆیە قارەمانێکی ولاٌت پەروەری کورد بووە شێخ ڕەسولی کەرکوکی لە (دوحە الوزراو) زۆر باش باسی ئەو داستانەو هۆیەکانی کردوە ،بەم شێوەیە میرنشینی کۆیە لەنێو پاش شەری ئاوەگرد ،لەساڵی 1762 ز کۆیە موتەسەریفی هەبووە .تا ساڵی 1789 دیارە محمود پاشا دوا موتەسەریف بووە ،کۆیەو هەریر دران بە ئیبراهیم پاشای بابان!شاری کۆیە بە گوێرەی زەمانو مێژوو ماوەیەک سەربە

سلێمانی و سەردەمێک سەر بە کەرکوک بووە هەروەک دیارە ئێستا کۆیە قەزایەکە سەر بەهەولێر بەڵام سەردەمانێک هەولێر سەر بەکۆیە بووە بە گوێرەی کتێبە مێژوویەکەی مامۆستا زبیر بلال (اربیل فی ادوارها التأریخیە) لەسەر میرنشینی کۆیەی نوسیوە بە ناوی (امارە کوی ) لەوێدا باسی (نیپوور) گەشتیارێکی دانیمارکی بووە لەساڵی 1766 باسی دەکات کۆیە بارەگای پاشایەکی کورد بووە سەر بەپاشای بەغدا. هەولێرو پردێ سەر بەکۆیە بوون مامۆستا مسعود محمدیش لە چاوپێکەوتنێکدا لەگۆڤاری (کۆسار ) ئەو راستیە مێژوویەی درکاندووە ،کەوا هەولێر سەر بەکۆیە بووە، هەروەک دیارە هەندێ شار بەجێمان لەرەوتی کاروانی شاران،پێشتر زۆر گەشەدارو پێشکەوتوو بوون وەک کۆیەو هەڵەبجەو کفری و رەواندزو چەمچەماڵ ...،بێگومان هۆی خۆی هەیە،کاتێ کۆیە ئەو گرنگیە بازرگانیەی نەما کەوتە کزی و بەر شەپۆلی کۆچ و چۆڵکردن .جگە لەوەش کۆیە یەک لەوشارانەیە خوێنی مژراوەو خوێنی تێ نەکراوە ،بەهۆی خەبات و کوردایەتی و دژ بە دەسەڵات بووە ،بۆیە کەوتۆتە بەر شاڵاوی دژایەتی و سیاسەتی فەرامۆش کردن ،پاش راپەرین کۆیە رۆحی هاتۆتەوە بەرو بوژاوەتەوە ،هەر جارەی سەر بەپارێزگایەک بووە ،بێ حەزو ویست و راپرسی کۆییان ،کۆیە سەر بەکەرکوک بووە ،پەیوەندی کۆیەو کەرکوک پەیوەندیەکی رۆحیانەو کوردانە بووە ،پێش ئەوەی رێی سەرەکی هەولێر کۆیە قیر تاو بکرێتن و رێی کەرکوک کۆیە هەبووە .کەرکوک پیرۆزە بەگوێرەی زەمان و ماوەی مێژوودا سەر بەمیرنشینی ئەردەڵان و بابان بووە ساڵی 1879مەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور بووە ساڵی 1897 دەوڵەتی عوسمانی بریاری دا مەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور لەکەرکوکەوە بگوازنەوە بۆ موسڵ .. شاری کەرکوک لەکۆنەوە شاری ململانێ و پێکەوە ژیان بووە ،سیاسەتی دەسەڵات داران هەمیشە گۆرینی واقیعی نەتەوەیی بووە لەکەرکوک بەپێی (قاموس اعلام ) بەزمانی تورکی سێ چارەکی کەرکوک کورد بوون و ئەوانی دیکەش عەرەب و تورکمان ساڵی 1931 بەرێوەبەرایتی (موفەتیشیەی مەعاریفی ناوچەی کوردستان ) لەکەرکوک بووە ،کەرکوک کورد بونی خۆی پاراستووە ساڵی 1958 کوردەکانی کەرکوک (بەدروستکردنی کۆماری کوردستان ) و (زیندوکردنەوەی هەرێمی کوردستان ) تۆمەتبار کران ،لەکەرکوک سیاسەتی قوڵ بونەوەی ناکۆکی نێوان نەتەوەکانی پەیرەو کراوە ،ئەسیری کورد پەروەر گوتویەتی :


**کــــەرکـــوک ئــەلــــزاســـە ،کـــفـــری لـــۆرەنـــە**
**دڵـــســـوتـــاویـــە هـــەرچـــی کـــــورد هـــەنـــە.**

بەگوێرەی بەڵگەنامەی (سەنەدی خاقانی ) تاپۆی کۆیە دەبێ ئەو دەمە کۆیە سەر بەلیوای کەرکوک بوبێ کەدەکاتە ساڵی 1893 ئێستاش جوڵەو بۆچونێک هەیە گەر کۆیە نەکرێتە پارێزگا هەروەک

خۆی قەزا بێت ،وا دەخوازن بچنەوە سەر کەرکوک ،ئەو هەنگاوە دەبێت بەخواست و ویست و ڕاپرسی خەڵکی کۆیە بێت چونکە تا دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق سەر بەکەرکوک بووە ،لەڕووی فەرهەنگیشەوە تا ساڵی 1953 سەر بەکەرکوک بووە ،بەڵام لەڕووی ئیدارییەوە سەر بەهەولێر بووە ،ڕاستییەکی مێژووی هەیە کۆیە چەند گچکە بکرێتەوە و دژایەتی بکرێت هەر بەزیندوویی و مەزنی دەمێنێتەوە .



سەنەدی خاقانی کە کۆیە سەر بە کەرکوک بووە



فاتیح ڕەسوڵ

# چەپڵان لێدەن بێ قسوور ناجیح بوو فاتیح ڕەسوور

لەشۆڕش و تێکۆشان و ڕاپەریندا ڕۆڵەی پاکی تێکۆشەر بە بوختانێکی هەڵبەستراو دەکرێتە ڕاستیەکی مێژوویی ئەو لەکەیەی لێنابێتەوە ،ئەو تۆمەتەی بەسەردا دەبێت بێلێکدانەوەی ویژدانی و بێلێکۆڵینەوەی زانستی ،تۆمەتی خیانەتی دەخرێتە پاڵ ،دەیسوتێنن خەبات و ڕەنج و ماندوبوونی لەمێژووی کوردیدا ڕوویداوە ئەو تۆمەتە بە تەم و مژی و ناڕوونی و هەڵبەستراوی دەمێنێتەوە واتە ئاڵۆزی دەکەن ،دەیرازێننەوە ،دەم بەدەم بڵاو دەکرێتەوە ،وەک نموونە تائێستا مامۆستای مەزن (مەلای خەتێ ) دا وەک خائین دراوەتە قەڵەم کەبەفەتوایەک خیانەتی کردووە ،میری سۆرانی بەهەڵە بردووە بەڵگە هەیە ئەو تۆمەتەی مەلا خەتێ بەدرۆ دەخاتەوە ،تەنانەت نەوەی مەلای خەتێ سکاڵایان دژی مێژوو نووس حسێن حوزنی موکریانی بەرزکردۆتەوە لە داد گا، بۆ ساخ کردنەوەی ئەو تۆمەتە !! جگە لەوەش مامۆستای ئەکادیمی و مێژوونووسی گەورەی گەلەکەمان د.کەمال مەزهەر دەربارەی (مشیری حەمە سلێمانی هەمەوەند ) تۆمەتی خیانەت دەنوسێتەوە سێ جاران لەنامە دکتۆراکەی بەزمانی ڕووسی ئاماژەی بەخیانەتی مشیری حەمەسلێمانی داوە ،کە ڕێنیشاندەری ئینگلیزەکان بووە لەشەڕی دەربەندی بازیان ،بەوهۆیەوە شێخ مەحمودی نەمر لەبەردەقارەمان بە بریندراری گیراوە ،هێزە شۆڕش گێڕەکەی تێک شکاوە ) لەنامە دکتۆراکەی ساڵی 1963 بەتوندی خیانەتی مشیری حەمە سلێمانی دەهێنێتە گۆڕی ،بەڵام هەر د.کەمال مەزهەر لەگۆڤاری (ڕەنگین ) لەژمارە 102 ی ساڵی 1997 وتارێکی مێژووی بڵاو کردۆتەوە لەژێرناوی ویژدان و مێژوو ...ئەوهەڵبەستراوە ڕەت دەکاتەوە

،نووسیویتی (بەتوندی فەرمووەمە گەر خیانەت موشیری حەمە سلێمان نەبوایە هەرگیزاو هەرگیز ئینگلیز نەیاندەتوانی بەسەر کوردا زاڵ بن(ئێستاش سەرم سوڕ دەمێنێ چۆن مامۆستاکانم ئەو بۆ چوونە سادەو ساکارەیان لێقەبوڵ کردم) سەرەنجام مێژوونوسی بەویژدانی گەلەکەمان داوای لێبوردن لەمشیری حەمەسلێمان و هۆزی هەمەوەند دەکات بەفەرمانی ویژدانی مێژووی ڕادە گەیەنێ!.

تائێستا ئەو تۆمەت و خیانەتە نەبراوەتەوە ،هەروا باوبلاوە کەوا (مەلاخەتێ) خیانەتی لەپاشاکۆرەی ڕەواندز کرد بێ و مشیر حەمە سلێمان ڕێنیشاندەری ئینگلیزەکان بووە لەشەڕی دەربەندی بازیان مەبەست لەناوهێنانی مەلای خەتێ و مشیری حەمە سلێمان نموونەیەکی مێژوویی یە تۆمەتی خیانەت دووپات دەبێتەوە لەرووداوەکان ) نمونەیەکی دیکە لەکۆیە ساڵی 1958تۆمەتێکی هەڵبەستراو خرایە سەر تێکۆشەری دیار و ناودار( فاتیح رەسول) ،لەو سەردەمەی پارتی و شیوعی ململانێیەکی توندیان هەبوو ، گوایە فاتح رەسول پەیوەندی بە میری یەوە هەیە، لە کۆبوونەوەی پارتی ئەو مەسەلەیە لە گەڵ حزبی شوعی دەهێننە ئاراوە، سەرەنجام دەرکەوت بوختان و درۆیە فاتیح رەسول حاجی عەولای کەبابچی لە 1931/2/22 لە گەرەکی قەلاتی شاری کۆیە لەدایک بووە ،لەسەرەتای هەرزەکاریەوە تێکەلاوی ڕامیاری بووە ،زۆر بەچاکی و پاکی و چالاکی کاری کردووە ،ساڵی 1946 لە گەڵ حیزبی شیوعی عێراقیدا بووە بەناوی نهێنی (گەندووش) لەوساتەوە قاڵکراوی خەبات و شۆڕش و سیاسەت وپێشمەرگایەتی بوو لەژیانی سیاسی خۆیدا سیاسیەکی بەهەڵوێست و ڕاستگۆو دڵسۆز و بە ویژدان بووە بەسەر بەرزی و سەر فرازی خەباتی کردووە ،تاڵی سەختی رۆژ گاری خەباتی چەشتووە ،بەندیخانەی بینیوەو دەربەدەر بووە ،تاپلەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی ڕۆیشتووە ،لەسەرەتاوە کادیر بووە ،خەباتێکی بێ گەرد و پاکی هەیە ،سیاسیە ،نووسەرە ،مێژوو نووسە ،لێکۆڵینەوەی هەیە نامیلکەو کتێبی پڕ بەهای چاپ کردووە، هەروەک کتێبە چاپکراوەکانی :

1. دەنگدانەوەی ئاشتی ساڵی 1954
2. توتنو توتنەوانی لە کوردستانی عێراق 1958
3. چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کوردستان سێ بەرگ
   یەرگی یەکەم 1991
   بەرگی دووەم 1992
   بەرگە سێیەم 1994
4. لە کاروانێکی دوورو درێژدا ئەزموونو تاقیکردنەوەی پەنجا ساڵ 1997
5. بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا 2001
6. لە پێناو دەسەلاتدا 2007

7. مشتێک لە پاشماوەی خەرمان هەندێک گوشارو نوسینو نامە 2007

پاش چواردەی تەمموز ئەو تۆمەتەی بۆ هەڵبەستراوە ،لە کۆبونەوەیەک ،کەگوایا فایلێکی دائرەی ئەمنی دەست کەوتووە لەلایەن چەند کادرێکی پارتی دیموکراتی کودستانەوە بەدەستیان گەیشتووە کەوا فاتیح رەسول پەیوەندی بە ئەمنەوە هەیە مانگی هەشت دیناری پێ دراوە ئەو تۆمەتە خیانەتە دەخرێتە پاڵی هاورێ فاتیح رەسول لەخۆی رادەبینێ و بێ منەت و بێ باک داوای لێکۆڵینەوە و دادگا دەکات ،سەرەنجام لێکۆڵینەوە دەکەن ،کابرایەک بەناوی خوازراوەی فاتیح رەسول پەیوەندی بەئەمنەوە هەبووە ،تومەز کابرایەک ناوی قادر رەسول هەولێر بووە کاتب لەدائیرەی ئەمنی هەولێر ئەو بەزمەی دروست کردووە ،لەبەردەم دادگا روون دەبێتەوە،فاتیح رەسول پاک و بێ تاوان دەردەچێت و کۆتایی بەو تۆمەت و قسەو قسەڵۆکە هەڵبەستراوانە دەهێنرێت ،فاتیح رەسول دەخەینە سەر کاری پێشوو ،متمانەو بڕوای بۆ دەگێردرێتەوە ،لەپاش دەرچونی فاتیح رەسول دەیکەینە ئاهەنگ و خۆشی و هوتاف کێشان هاواریان دەکرد :

**چـــــــەپـــــــڵان لـــــــێـــــــدەن بـــــــێ قـــــســـــوور**
**نـــــاجـــــیـــــح بـــــــوو فـــــاتـــــیـــــح رەســـــــــوور**


لەراستیدا زۆر تێکۆشەری پاک و بێگەرد بە ئاگری خیانەت دەسوتێن هەرچەند (دوکەڵ بێ ئاگر نابێ) بەلاّم پێویستی بەلێکۆڵینەوەی وردو زانستی و ویژدان هەیە ،بێ لێکۆڵینەوە تاوانە تێکۆشەرێکی پاک و دڵسۆز تۆمەتی خیانەتی بخرێتە پاڵ ،هەروەک چۆن بە موسڵمانێکی خواناس و بروادارو دیندار بەکافر و بێ دین و خواناس دابنێی!یەک لەوانەی پریشکی ئاگری بەرکەوتووە و باجی داوە ،لەسەر کار لابراوە و لێ پرسراویەتی لێ سەندراونەتەوە ،تێکۆشەری دیار و ناسراو دڵسۆز هاورێ (فاتیح رەسول بووە کەهەرگیزاو هەگیز گومان و ناپاکی لێ ناوەشێتەوە ،لێکۆڵینەوەو دادگا دەری خست پاک و بێ تاوانە بۆیە خەباتی پاکی و تێکۆشانی دەدرەوشێتەوە ،رێزو خۆشەویستی لەبەرزی دایە ،گەوهەری پاک بەتێزاب ناتوێتەوە ویژدان سەنگی مەحەکە :

**پـــــــــووشو پـــــەڵاشـــــیـــــش بـــــەســــــەر دەریـــــــــاوە**
**قـــــــــەدری مـــــــــــرواری قـــــــەت پـــــــێ نـــــەشـــــکـــــاوە**

فاتیح رەسولی ناودارو رێزدارو خامە نازدار، لە 2008/7/23 چاوی لێک نا بۆ دواجار، لە گۆرستانی

(کەکۆن) نزیک ئارامگای دڵدار، بە ئاڵای کوردستان پێچرایەوە، جەستەی لەژێر خاکی شاردرایەوە، بەڵام زیندووە باقی ناوی بۆ مایەوە، نابێ فاتیح رەسول جەسوورو روو سوور گچکە بکرێتەوە، لە بۆتەی یەک حزب بتوێتەوە کوردو شاری کۆیە پێوەی دەنازێ، بە هەڵوێستی، بە نووسینی ، بە مێژووی خەباتی پڕ سەرفرازی، ناوو ناودارێکە بۆتە مایەی شانازی :

**چـــــــەپـــــــڵان لـــــــێـــــــدەن بـــــــێ قـــــســـــوور**
**نـــــــەمـــــــری بـــــــۆ فـــــاتـــــیـــــح رەســـــــــوور**



مام ئەسعەد

## لەهەڵبژاردنی 1953\1\17
## مام ئەسعەد کفنی لەبەر کردوو
## سندوقی شکاند

ساڵانی پەنجاکان،کۆیە کانگای ململانێی سیاسی بوو لەنێوان حزبی شیوعی و پارتیدا،بنکەی جموجول و چالاکی سیاسی و ئاهەنگێران و کۆڕو کۆبونەوەی سیاسی و خۆپیشاندەران و کۆڕو کۆبونەوەو پێشبڕکێی جەماوەر راکێشان و لایەنگر پەیدا کردن بوو لەراستیدا خەباتگێرانی ئەو سەردەمەی کۆیە زیاترزۆربەی شیوعی بوون ،تەنانەت بەشێک لەگەرەکی بایزاغای شاری کۆیە ناونرا بوو گەرەکی (مۆسکۆ) پارتی و شیوعی بەئاشکرا ململانێیان هەبوو ،وتوویژی گەرم و گورو حەماسەت خوڵقێنەریان لەگەڵ یەکتر هەبوو ،بەڵام خوێن رژان و شەرنگێزی لێ نەکەوتۆتەوە !بەڵام چاخانەو کتێبخانەی خۆیان هەبوو بەتایبەتی رەخنە و نارەزایی و بوختانیان بۆ یەکتر هەڵدەبەست ،شیعر شانامەیان دەهۆندەوە ،شیعرەکانی شاعیری ناودار ئەحمەد دڵزار لەکۆبونەوەکانی حزبە شیوعی دەخوێنرانەوە شیعرەکانی رۆستەم حەوێزی بەتانەو تەشەر لەبەر دەکران و دە گوترانەوە !!

لێپرسراوی یەکەمی پارتی لەکۆیە رێزدار عەلی عبدووڵلا بوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بوو ،لێپرسراوی حیزبی شیوعی لەکۆیە تێکۆشەری دیار فاتیح رەسول بوو،لەسەرەتای ساڵی 1953میری بریاری دا هەڵبژاردن بکرێت لەعێراقدا،نوێنەرەکان هەڵبژێردرێن ! کاندید کراوی میری لەکۆیە (مەلا حەوێز ئاغای غەفوری ) بوو کاندید کراوی پارتی روناکبیری مەزن مسعود محمد  بوو ،هەرچەندە مسعود محمد ئەو پاڵاوتنەی لێخۆش نەهاتووە ،چونکە دادوەر بووە لەسلێمانی ژیانی ئارامو ئاسایی بوو ،دادوەری زۆر حۆش و رێز لێگیراو بوو ،چ ئیشی بەو پاڵاوتنەیە کەکەس نازانێ چەند سەری تێدا

بێ کڵاو دەبێت بەڵام رووی لێنراوە کەکاندیدی پارتی بێ و رەتی نەکردۆتەوە هەرچەند لە قوڵایی، دڵیەوە پێ ی خۆش نەبووە !!حیزبی شیوعی لەکۆیە بەرهەڵست بوو ،بڕیاری حیزبیان وا بووە خەڵک نەچێتە دەنگدان و پرۆسەی هەڵبژاردنەوە ! بەشدار نەبن و نەهێڵن سەر بگرێت ،مسعود محمد لەمزگەوتی گەورە لەکۆیە پاش نوێژی هەینی وتاری داوە ،سەرنجی خەڵکی راکێشاوە!رۆژی دەنگدان 17\1\1953 بووە لەمزگەوتی گەورەو مزگەوتی بایزاغا ،پەیتا پەیتا دەنگدەران دەنگیان داوە لەپڕ خۆپیشاندەران بەرابەرایەتی حزبی شیوعی شاڵاویان هێناوە بۆ سەر سندوقی هەڵبژاردن ،سندوقیان تێک وپێک شکاندووە ،کاغەزی دەنگدانیان پەرت و پەخش کردووە ،ئەوەی دیار بووە لەو رۆژەدا ژنانی حیزبی شوعی بە هەلەهەلەو هاوارەوەلە پێشەنگی ئەو خۆپیشاندەرانەدا (ئەسعد محمد امین حاجی بکر أغای حەوێزی) ناسراو بەمام ئەسعەد بووە ،خۆی پیاوێکی زەلام و کەڵەگەت بووە،لەسەر قوەت و شنگ و تاقەت بووە ،کفنی سپی لەبەر کردووە ،کفنەکەی بەخوێنی رەنگاندووە، لێ ی نوسرابوو: (اناللە وانا الیە راجعون)و

## کـــــفـــــنـــــی ســــــپـــــی ســــــــــۆر دەکــــــــــەم
## یـــــــان ئـــیـــــنـــــتـــــخـــــابـــــات بـــــــــۆر دەکــــــــــەم

پۆلیس و دەنگدەرانی تۆقاندووە ! سندوقی دەنگدانی شکاندووە ئازایەتی و ترسناکی نواندووە ،خەڵک و پۆلیس پەرتەی لێکردووە،سندوقی دەنگدانی بردووە ،لەبەر پۆلیس و میری بەرەو "کرۆژ" هەڵاتووە ،لەو پرۆسەیە سەرکەوتوون و نەیان هێڵاوە هەڵبژاردن سەربگرێت و ئەو روداوە بەس لە کۆیە قەوماوە لەشارەکانی تری عێراق چ رووی نەداوە ! ئاسایی پرۆسەکە بەدی هاتووە ،میری هەڵبژاردنی کۆیەی رەت کردۆتەوە لەبەر ئەو هەراو خۆپیشاندانەو صندوق شکاندن و کفن لەبەر کردنە!! مام ئەسعەد نەوەی ئەمین ئاغای ئەختەر ،شۆرە سوارێکی نادیارو ناوبزری شاری کۆیە بووە ،هەرچەندە لەبنەماڵەی حەوێزی بووە ،بەڵام هەقی خۆی نەدراوەتێ ،مام ئەسعەد لەساڵی 1921 لەشاری کۆیە لەگەرەکی بەفری قەندی لەدایک بووە ،خوێندنی ناوەندی لەساڵی 1940 تەواو کردووە ،لەدوا ناوەندی بووە چۆتە کۆماری مهاباد بەشداری کردووە وەک پێشمەرگە !مام ئەسعەد جوامێرێکی بەهیمەت و بەهەڵمەت و بەهەیبەت بووە ، رۆڵەی تەنگانەو رۆژی سەخت و پڕ مەینەت بووە ،بەرەچەڵەک ئاغا بەڵام گوشکراوی بیری رەنجدەرانەو مارکسیەت بووە ،کراوەتە بەرپرسی جوتیاران ،وەک هاوکاری چەوساوەو کرێکاران ،لەساڵی 1954 رابەرو خۆنیشاندەری خۆپیشاندانێکی گەورەی کردووە لەشاری کۆیە دژی هاوپەیمانی بەغداد ،کەدژی گەلی کوردبوون ،ئەو کفن لەبەر کردنەی 17\1\1953 روداوێکی پرسیاسی و پڕ بایەح بووە ،هەرچەندە مام ئەسعەد هەوڵ و مەینەتی دیوە ،هەر لەگەڵ بیری رەنجدەرانی بیرو

بازو جولاَنەوەی کوردایەتی بووە ،بەلاَم ئەو روداوەی هەلَبژاردن بەبیری خەلَکی کۆنینەی کۆیەو تیکۆشەرانی دێرین ناچێتەوە !!مام ئەسعەد دەناسنەوە ،ئەو روداوە دەگێرنەوە !مام ئەسعەد بەسەر بەرزی و سەرفرازی ،بەروسووری وشانازی ژیاوە لەخەبات و کوردایەتی کۆلَی نەداوە ،تا لە 4\2\2005 لەتەمەنی 84 سالَی بەراستی کفنی ژێر گۆری لەبەر کردووە ،ئەو پیاوەی بەزیندویەتی کفنی لەبەر کردو هەلَبژاردنی 17\1\1953 ی هەلَوەشاندەوە !مام ئەسعەد هەقە هەر لەهەلَبژاردن و دەنگدان یادی نەکرێتەوە ،بەلَکو وەک تێکۆشەرێکی دێرینی حیزبی شیوعی و پیاوێکی جوامێرو قارەمان گەورە پیاوێکی شاری کۆیە بیر ناچێتەوە ،چونکە لەژیانی خۆیدا خەباتێکی خاوێنی کردووە ،بۆیە یادت بەخێر مام ئەسعەدی قارەمانی هەلَبژاردن کفن لەبەری سندوقی دەنگدان شکاندن حەیف و داخ ئێستا لەکفنی پێچراوی سندوقی مەرگە.

## ململانێ

لەکۆیە دوو بنەماڵەی دیاروناسراو هەن حەوێزی و غەفوری غەفوریەکان ڕەچەڵەکی خۆیان دەگەڕێتەوە سەر خانی لەپ زێڕین و قەڵای دمدم ،بەبەڵگەدیار نیە یەک پشت بن ،بەڵام حەوێزیەکان ڕەگ و ڕیشەی درەختی بنەماڵەیان روونەو یەک پشتن هەموویان نەوەی حاجی بەکراغای حەوێزن حەوێزی و غەفوری دوو بنەماڵەی بەناوبانگن ،گەورە پیاوی ناوداریان لێ هەڵکەوتووە دەسەڵاتدار بوون بەڵام هەرگیز دەسەڵات و پایەو ئاغایەتییان بۆ زۆرو ستەم و چەوساندنەوە بەکارنەهێناوە پێکەوە بەبرایەتی فەرمانرەوایەتی کۆیەیان کردووە، بەڵام هەمیشە لەدژی یەکترو لەململانێدا بووین لەگەڵ ئەوەش خزمایەتی ژن و ژن خوازیان هەرهەبووە ،بەڵام قەد کەیفیان بەیەکتر نەهاتووە ڕقیان هەر لەیەکتر بووە !هەرچەندە خوێنیان لەنێوان نەبووە بەبیرە کەس نایە دڵۆپە خوێنێکیان لەیەکتر ڕشت بێ یان کوشتبێ یان ناوناتۆرەیان  بۆ یەکتر هەڵبەستبێ، لە راستیدا کۆیە کانگای ناووناتۆرەو نازناوی دزێو بوە، بەدەگمەن ئاغایەکانی حەوێزی و غەفوری نازناوی خراپیان بوە بەدرێژایی مێژوو قەت یەکتریان خۆش نەویستووە بەڵام کاری نارەوایان لەگەڵ یەکتر نەکردووە ،لەشارێک پێکەوە ژیاون خەڵکی کۆیە باجی ئەو ململانێ یەی نەداوەو جەزرەبەی بەر نەکەوتووە بگرە قازانجی لێ کردووە چونکە حەوێزیەکان بەردی بناغەی مزگەوتی گەورەو بازاڕی قەیسەریان داناوە غەفوریەکان خان و حەمامیان دروست کردووە !حەوێزی و غەفوری دووسروشت و دوو بۆچونی لێک جودان هەتا لەکۆیەدا باوە دەڵێن (حەوێزی بۆ خەت و قەڵەم ،غەفوری بۆ دەست و تفەنگ) حەوێزیەکان وەک نەریتێکی

بەجێماو لەڕۆژی یەکەمی  جەژن ئاگر ناکەنەوەو خواردن دروست ناکەن نەکو توشی نەگبەتیەک بن ،غەفوریەکان ڕۆژی یەکەمی جەژن ئاگر دەکەنەوەو پلاو ساوەر لێدەنێن ،
مەبەست بەشان و باڵ هەڵدان و ناساندنی حەوێزی و غەفوری نیە بگرە مەبەست پەندو ئەزموون وەرگرتنە دوو بنەماڵەی ناکۆک و لێک جیاواز بیریان لەشەڕو خوێن ڕشتن نەکردۆتەوە پێشبڕکێ ی شاکارو پیاوەتی و  بینا سازیان بووە، گەر لێم نەگرن و لێم نەکەنە هەرا ناکرێ حزبەکان پیادەی ئەو ئەزموونەی حەوێزی و غەفوری پەیرەو بکەن بیر لە شەڕو لەشکر کێشی نەکەنەوە، بیر لەئاشتی و ئاوەدانی و پێکەوە ژیان و پێکەوە فەرمانڕەوایەتی بکەنەوە ،با ململانێیان هەبێ لەسەر بنچینەی جوان کردنی کوردستان و خۆش کردنی ژیانی خەڵک با ڕقیان لەیەک بێ بەڵام ناوناتۆرە لەیەک نەنێن و شەڕی ڕاگەیاندن نەکەن ئەو دەرفەتە ڕەخساوەی دوور لەدەسەڵاتی بەغدا بقۆزنەوە ،بەو داهاتەی لەبەردەستیانە کوردستان خۆشترو ئاوەدانتر بکەنەوە ،خەڵکی کوردستان بێزارن لەشەڕ ،ئاوارەکان چاویان لەزێدی ئەژدادیانە بگەڕێنەوە کەلێ ی دەرکراون !نۆرەی پێشبڕکێ ی پڕۆژەو ڕاژەو بوژاندنەوە بێ، نۆرەی بەراورد کردنی دەسەڵات بێ ،کامیان بەپەرۆشی ئاشتی وئاوەدانی و ئازادین ،ململانێ و ناکۆکیەکە بەشەڕوخوێن و قوربانی تاقی کرایەوە ئەنجامەکەی ڕەنج بەخەساری کوردان دەرچوو.!
بانۆرەی خێرو خۆشی بێ بەشاکارو خزمەت گوزاری جەماوەر دڵنیا بکەنەوە ئەگەری شەڕ دوورە ،تامی ئازادی و فەرمانڕەوایی کوردان چەند خۆش و شیرینە بەئاشتی و ئاسایش و ئاوەدانی .

## گرینگی پایسکل لەهۆڵەنداو پێویستی بەکارهێنانی لەکوێیە.

پایسکل لەوڵاتانی پێشکەوتوو بۆ وەرزش و گەشت و گوزارو ڕاپەراندنی کار ئاسایی بەکار دێت بەتایبەتی لەهۆڵندا Nedar land کەبە وڵاتی گوڵ و پایسکل ناودەبرێت بەهۆڵندی بەپایسکل دەڵێن فیتس Fiets پایسکل گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە ،سودی زۆرە بۆ پاراستن و خاوێنی ژینگەو بۆ جولان و وەرزشی ڕۆژانەو بازاڕ کردن و خێرا ڕاپەراندنی کارو کەم خەرجی ،چونکە پاس و تەکسی میترۆ نرخێکی هەیە تارادەیەک گرانە هێندە هاتوچۆدەری ناهێنێ ،پایسکل لەهۆڵندا شەقامی تایبەتی و ترافیک لایتی خۆی هەیە ،نەک هەر بۆ گەرەک و بازارو شوێنە گشتیەکانی ناوشار ،بەڵکو لەشارێک بۆ شارو شوێنێکی دیکەش ڕێگای خۆی هەیە ،هۆڵندیەکان بەگروپ و بەکۆمەڵ لەسەر نەخشە بەپایسکل بۆ گەشت و خۆشی و پێشبرکێ دەگەڕێن سەدان کیلۆ مەتر بە پایسکل دەبرن ،پێداویستی مانەوەیان پێیە لەچادری گچکەو سوک و پەتو خواردەمەنی و ئاوو خواردنەوە لەسەنتەری شارەکان و وێستگەو فارگۆنی شەمەندەفەرو بازاڕو شوینە گشتیەکان جێگای تایبەتی هەیە بۆ هەڵپەساردنو ڕاگرتنی پایسکل ،جۆرەها پایسکل هەیە دوو پەیدان ،دوو زین دوو سووکان و سێ تایەو پایسکلی پیاوانەو ژنانە ئیستاب بەپێ و بەدەست ،پایسکل هەیە 10-12 گێڕی قورس و سوکی هەیە بێ زیادە ڕەوی هەندێ پایسکل نرخی لەهەندێ ترۆمبێل گرانترە !کورسی تایبەتی هەیە بۆ سوارکردنی منداڵ لەسەر سوکان و پاشکۆی پایسکل منداڵێک لەپێش و منداڵێک لەپاش پایسکل هەڵدەگرێ

یان کابینەی بچووک و بەتایە هەیە لەپشت پایسکل دەبەستریّ بۆ سەلامەتی و هەڵگرتنی منداڵ وشتومەک!بۆ پیرو پەککەوتە و کەم توانایان دینەمۆی ماتۆری گچکە هەیە بەپایسکلەکەیەوە هێزو وزە بەکار ناهێنیّ بەس سوکان دەگریّ بە ئاسانی پیّ ی دەگەریّ !هۆڵندیەکان هەموو پایسکل بەکار دەهێنن تارادەیەک ژمارەی پایسکلەکانیان لەدانیشتوان زیاترە، خاکی هۆڵندا تەخت و بیّ گردو بیّ بەردو شاخ کەم هەورازە بۆ کاروباری رۆژانە بەراپەرترو کەم خەرج ترە گەر ترۆمبێلیشیان پیّ بێت پایسکلەکانیان لەپشت ترۆمبێلەکەیان کەشوێنی تایبەتی خۆی هەیە هەڵدەواسن و لەکاتی پێویست بەپایسکل دەگەرێن کاری خۆیان پیّ رادەپەرینن !لەرۆژی داگیر کردنی هۆڵندا لەلایەن ئەڵمانەکانەوە ،ئەڵمانەکان پایسکلی زۆریان بردبەتالاّن بەبۆنەی یادی ئەو رۆژە هۆڵندیەکان بەپۆل و بەگروپ وەک خۆپیشاندان و یادەوەری پێشبرکیّ ی پایسکل دەکەن wielrennen یان هۆڵندی و ئەڵمانیەک بەشەرو قرە قر بێن ،هۆڵندیەکە بەئەڵمانیەکە دەڵیّ: (برۆ دزە پایسکلەکەی باپیرم بهێنەوە ) هۆڵندیەکان لەپایسکل لێخورین هەند لێزانن و شارەزان دەست بە سوکانەوە ناگرن و بەس بەپەیدان لەسەر زین جغارە دەپێچنەوەو دەتوانن بەدەست کیسەو هەگبە هەڵبگرن بەس لاق لەسەر پەیدان دادەنێن !، سەرۆک وەزیرو کورە مەلیک و کاربەدەستە گەورەکان بیّ خەوش پایسکل لێدەخورن و لەکۆبونەوەی گەورەی دەوڵەتان لەسەر خاکی هۆڵندە سەرۆکەکان بەسواری پایسکل بەرەو زیافەت و خواردنگەو جیّ ی کۆبونەوە رۆیشتن، هەروەک لەکۆبونەوەی سەرانی ئەوروپا لەشاری (ماسترێخت) کەناڵەکانی تەلەفزێون بەئاشکرا پێشانی دا !. پایسکل چەند گرینگ و دیاردەی شارستانیەت و خۆشی ژیانە ،کەچی تائێستا لەکوردستان خەوش و سوک و کەم بایەخە ،بەلاّم بۆ خۆم لەکۆیە لە گەرەکی گردی جوان پیاوی دیارم دیوە پایسکلی لێخوریوە وەک حاجی حەمە سووری حاجی رەسوولی مەنگوری و حاجی پاشای عومەر عەواش و وەستا حەوێزی گۆمەشینیو عبدالرحمانی بەریدو مەلا بەدرەدینی مەلا رووف ئاغای حەوێزی، وەستا سابیری خەبات و حاجی رەفیقی بازرگانو مەهدی چای چیو حاجی سایەق(حاجی عبدالله حاجی واحید) حاجی عبدالرحمان حاجی واحیدو بكر فتح الله و حاجی حەمیدی کەریم مامۆکو عبدالرزاق حمە صدیق باخچەوانو وەستا رەزای نادر عەجەم، لەگەرەکی گردی جولەکان بەپایسکلی خۆیان چونەتە بازارو سەرکار !.

خۆزگە لەبارودۆخی ئێستادا شەرم و قوفڵ و زنجیری بەستراوی پایسکل دەشکا لەناو گەورەو کاربەدەستان دەبوو بەباو،سلاّولەو شاسوارەی دەبیّ بەپێشەنگ وپایسکل لێدەخوریّ بەتایبەتی بۆ خاوێنی ژینگەو کەم خەرجی و گرانی سوتەمەنی و وەرزشی چەند بەسودو پێویستە ،کۆیە گەورەو فراوان بووەو پاس و تەکسی کەمتر لیّ دەست دەکەوێت ،هەقە لەپشت ئەوپیاوانەی شەستەکان پایسکلیان لیّ خوریوە ئەورۆ خەڵک هەبن لەکۆیە بژێنەوە سواری پایسکل ببن و بیکەنە نەریت و وەرزش !.



عبدالرحمن شێتە، رەهبەر سەید برایم، ئەحمەد دڵزارـ
کۆیە ٢٠٠١

# قامتێک لەقسە ژیرەکانی شێتە

لەکۆیە زۆر نازناو هەن ،رێک بەپێچەوانەن ،کەبەنازناوە زۆرو زەبەندەکانی کۆیەدا بگەرێین ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت بۆ نمونە حەمەسپی هەبووە ئەو کابرایە تابلێ ی رەش بووە وەک باینجان ،یان حەمەجوان دەلێن ناشرین بووە ،ئەحمەد چورچە وەک دە گێرنەوە زۆر قەڵەو زەلام بووە ،هەروەک دیارە دوو عبدالرحمان لەکۆیە دیارو ناسراون عبدوالرحمانە رووتەی رەحمەتی ،کەقەت رووت نەبووە ،. هەمیشە پۆشتەو پەرداخ بووە ،عبدوول رەحمان شێتەش تابلێیی عاقڵ و داناو ژیر بووە ،رووبەروو پێ ی گوتراوە شێتە پێ ی ناخۆش نەبووە ،بۆیە گوتویەتی هەر نازناوێ رووبەروو بگوترێ عەیبەو خراپەی تێدا نییە ! بەڵام ئەو نازناوەی رووبەروو باس نەکرێ پاشملە بگوترێ عەیبەی تێدایە ،رووبەروو تورەبونی لێ دەکەوێتەوە کۆییەکان هەقیانە شانازی بکەن بڵێن شێتەکەشمان عاقڵە ! نمونەش کاک عەبدول رەحمان شێتەیە عەبدول رەحمان مەحمود ئاغای ئەمیناغای حاجی بەکراغای حەوێزی ناسراو بە (شێتە) لەساڵی 1924 لە گەرەکی بەفریقەندی لەشاری کۆیە لەدایک بووە ،نەوەی ئەمیناغای شاعیری ناودار بووە تا شەشی سەرەتایی خوێندووە ،عەرەبی و تورکی زانیوە ،کەمێکیش ئینگلیزی پیاوێکی خانەدان و خۆشەویست و بەمێوان و کەسایەتی بوو مرۆڤێکی خۆش و کراوە و کۆمەڵایەتی بوو ، قسەکانی خۆش و نەستەق بووە ،هێند زاناو داناو بەتواناو ناسراو بووە ،کۆرو دانیشتنی خۆش و بەتام بووە ،پەندو نوکتەی دادەهێنا ،مایەی رێزلێنان و شادمانی بووە ،جارێک کاک عەبدو الرەحمان شێتەو شێخ حەمیدی رەحمەتی و شێخ سالار سەردانی شاعیری ناودار ئەحمەد دڵزار دەکەن ،کاک

ئەحمەد دڵزاریش ئەو سەردان و دیدارەی بەشیعر دارشتووە ،کە گەورەیی کاک عەبدوالرەحمان شێتە دە گەیەنێ شیعرەک بەو شێوەیە:

## دووشێخ و شێتێک

**هەشتی مایسی ساڵی دووهەزار**
**سێ دۆست هاتنە لام دۆستی وەفادار**
**شێخ و شێخ زادێک شێتێکی دڵسۆز**
**کەعاقڵتر بوو لەعاقڵانی هۆز**
**عەبدوالرەحمانە شاگوڵی سەرچڵ**
**بەتوێکڵ شێت و بەکاکڵ عاقڵ**
**شێتێکە بەڵام ،ئاژەڵی دوو پێ**
**دەباتە سەر ئاو ئاوی نادا پێ**
**بەپەندی باش و بەئامۆژگاری**
**ڕێبوار دەخاتە سەر ڕێی ڕزگاری**
**کاشکی خزمان سەرجەم هەموویان**
**وەک شێتە دەبوو رەوشت و خوویان**
**کەسایەتی وا زیرەک و زانا**
**شایانە بژی لەناو دڵمانا**

2000\5\9 دڵزار

رەحمەتی عەبدوالرەحمانە شێتە قسەی خۆش و نوکتەو بەزمی زۆر بووە ،گەر قامتێک لە قسە نەستەقەکانی و وتە خۆشەکانی بگێرینەوە ،فێنکی دەخاتە دڵەوە هەقیشە نوکتەکانی بکرێت بە کتێب و بنوسرێنەوە ،خۆشی دەخەنە دڵەوە هەروەک :
کاک عەبدوالرەحمانە شێتە شیوعی بوو ، خۆپیشاندان دەکەن دژی میری ،هەرکەسێک دە گرن لەبەردەم دادگـاو داوەر ناوی کاک عەبدوالرەحمان شێتە دەهێنن کەبزوێنەرو لێپرساوی خۆپیشاندانەکەبووە ،کەنۆرە دە گاتە سەر کاک عەبدوالرەحمان شێتە،
داوەر لێی دەپرسێت راستە خۆ پیشاندانتان کردووە ،شێتەش دەڵێت :ئەرێ وەڵڵا چما لەوێ نەبووی

بمزانیبایە لەدووت دەهاتم ،هێند خۆش بوو راوی پۆلیسمان دەنا ،راویان دەناین و بەردمان تێ دەگرتن و بەردیان تێ دەگرتین هێندە خۆش بوو نەبێتەوە وەڵلا بمزانیبایە هەر لەدووم دەناردی ،داوەر سەری دەسورمێ دەڵێ ئەو شێتە چی یە !! راست ئازادی دەکات وادەزانێ شێتە ،بەوشێوەیە کڵاوی لەسەری داوەر نابوو ..!

ـ جارێک کابرایەک شتی خراپ لەگەڵماڵێکی خراپ دەکات پەیوەندی بەرەوشتەوە دەبێت ،دوایی ئاشکرا دەبێ،دەبێتە کێشە ،بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە ،کاک عەبدوالرەحمان شێتە رادەسپێرن ،ئەویش بەرێک و پێکی بەپارەیەکی کەم قەناعەتیان پێ دەهێنێ کەکوشتن و خوێن رشتن و هەرەشەی لێ نەکەوێتەوە ،بەڵام ماڵە کەتن کەرەکە بەو پارەیە رازی نابن پێیان زۆر دەبێت کاک عەبدوالرەحمان شێتە دەڵێت :

ئەو پارە کەمە هیچ نیە مەمنون بن لەگەڵ حیزانتان لێ قەوماوە !لەگەڵ پیاوانتان لێ قەومابا ،خەڵکیان لێ دەکوشتنو خوێنیان لێ دەرشتن ،تۆڵەیان لێ دەکردنەوە ،کوو بەو پارە کەمە سوڵح ناکەن!ئەوجا رازی دەبن .

کاک عەبدوالرەحمان شێتە بەدرۆزنێک دەڵێت :زۆرم خۆش دەوێی ی کابرای درۆزنیش دەڵێ بۆ ؟!

کاک عەبدوالرەحمان شێتە دەڵێ چونکە لەخەتێک یەک دەگرینەوە من دژی خوام درۆزنیش دژی خوایە !!.کاک عەبدوالرەحمان شێتە ئەو زاتە کەسایەتییە لە 2003/12/11 لەشاری کۆیە کۆچی دوایی کرد لەگۆرستانی عەرەبیان نێژراوە ،بەراستی خەزنەیەکی پر زێرو نایاب و سەرچاوەی نوکتەو قسەی خۆش بوو ،خوا لێی خۆش بێ



دڵدار ـ یونس ڕەئوف مەلا مەحمود

# دڵدار مابا تیرۆر دەکرا

دڵدار ناوی یونس ڕەئوف کوڕی مەلا مەحمودی مەلا سەعدە، لەبەهاردا لەکۆتایی گرانی گەورە لە 20 شوباتی ساڵی 1918 لەشاری کۆیە لەدایک بووە، دایکی یا (زەهوە)ی کچی خورشیدە فەندیە دەچنەوە سەر بەرەبابی حاجی قادری کۆیی، دڵدار لەلەی هەبووە بەناوی (فاتمی سەیدی) بەلایە لایەو چیرۆک و پەندو مەسەلۆکە پەروەردەی کردووە، لەباوەشی گرتووە، دەستی بەپشتیدا هێناوە، سەری خوراندووە، شەوانە پێی وتووە (پسکۆ، بنوو، چ گورگ لەماڵ نیە، دەنگی بلوێری شوان دێت، چیرۆکی مەڕۆکەو بزنۆکەی بۆکردووە، فاتمی سەیدی وەک دایکی دڵداری شاعیر خۆش ویستووە، دڵدار پاوانەی لەپێ و کۆچکی لەسەر، بەپڵ پڵەی زیو، منداڵێکی بەناز گۆشکراوبووە، دڵدار سەرەتایی و ناوەندی لەکۆیەو ڕانیەو هەولێر خوێندووە، هەر ساڵەی لەجێیەک بووە، ئامادەیی لەکەرکوک تەواوکردووە، لەکۆلێژی ماف لەبەغدا بڕوانامەی بەدەستهێناوە، دڵدار لەخێزانێکی دیندارو کورد پەروەرو تێکۆشەر بووە، براکانی پارێزەرو باوکی فەرمانبەر بووە، دڵدار تورکی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی زانیوە، وا مەزەندە دەکرێت فەرەنسیشی زانیبێ، چونکە شیعرێکی (لاڤۆنتین) شاعیری فەرەنسی زۆر وەستایانە کردۆتە کوردی، پارێزەرو یاساناس و سیاسی و لێزان بووە، ئەوپەڕی ڕووناکبیرو ژیرو بیرفراوان بووە، شارەزایی لەبەهائیی و دین و فەلسەفەو ئاسمان بووە، دروشمی هیواو جوامێری و سەربەرزیی ژیان بووە، کورد پەروەرو عاشقی کوردو کوردستان بووە، دەستەی دامەزرێنەری حزبی هیواو سکرتێری حزبی هیوا

بووە، دڵدار دووجار ئەڤیندار بووە، یەکەم جار بەنازدارێکی کۆیی و خزمی خۆی بووە شیعری (ئەی بادی شەماڵ)ی بۆ هەڵکردووە، جارێکی دی شیعری (خەندەکەی بایی) بۆ بەهیە فەرەجوڵڵای کوردی وتووە، سەرەنجام دڵدار ژنی نەهێناوە، وەک حاجی قادری کۆیی خزمی وارسی عیساو بێ وەچە بووە، دڵدار لەداک را ئەلەم زادە، لەباب را مەلا زادە، بەبنەماڵە (خادم سجادە)!

(خادم سجادە) نازناوی بنەماڵەکەیان بووە، ئەو نازناوە لەوەوە هاتووە بەرماڵی پێغەمبەر (د.خ) لەسەربێ لەلایان پارێزراوبوو بەبۆنەو کۆری ئاینی تایبەت ئەو بەرماڵەی پێغەمبەریان (د.خ) دەردەهێنا، موتەفەرک و موبارەک و پیرۆز بووە، ریزێکی ئاینی گەورەیان هەبوو لەلای خەڵک!، بەڵام دڵدار لادین بووە، خۆی لەقەرەی تەقدیسی تاکە مامەند داوە، لەگەڵ دایک و مامۆستاو سوختەو فەقێ یان گفتوگۆی زۆر کردووە، لێی توورەبوون و لێدانی خواردووە، دڵدار لەکەرکوک بیری نەتەوایەتی گەشە پێداوە، شیعری (ئەی رەقیب)ی لەکەرکوک داناوە، کەبۆتەسرودو مارشی نەتەوایەتی ئالای کوردستانی پێ هەڵکراوە، لەو سەردەمەدا لەسرودی ئەی رەقیبدا وتویەتی (دینمان، ئاینمانە، نیشتمان) لەساڵی 1940 لەبەغدا شیعری (کوردستان)ی داناوە (کوردستانی خۆش نیشتمانی جوان.. تۆ قیبلەگاهی منی بێ گومان.. لەبەرچی بەڵێ کوردستان تۆ منت خوڵقان.. تۆ منت خوڵقان پێت بەخشیم ژیان، بۆ کوردستان هێندە پیرۆزە، چونکە کوردستان، نیشتمانی جوان، قیبلەمی، دینمی، خوامی بێ گومان! دڵدار لەو سەردەمەدا وێراویەتی بەکوردستان بڵێت (تۆ قیبلەگاهی منی بێ گومان)، چونکە کوردستان ئەوی خوڵقاندووە لەوەش زیاتر بەکوردستان بڵێت (قیبلەمی، دینمی، خوامی، بێ گومان) لەساڵی 1937دا لەکەرکوک شیعری (ئەی خودایە)ی داناوە، گلەیی و سکاڵا دەکا، رووی لەخوا دەکا:

**ئەی خودایە حاڵی عالەم هەقی شایانی نیە**
**میحنەت و ئیدباری زۆرو شەهدی بێ ژانی نیە**
**سا ئەزانی بۆ چ ئەمن وا مەعرەزی شەکوا ئەکەم**
**تابزانی قودرەتی تۆ حەدی ویجدانی نیە**
**رێگەی بەشکردنی رزقت لەدونیا شاهدن**
**هێندێ کەس ئەفرادی لۆرت و هێندێ کەس نانی نیە**
**رۆژێ فەرموت (لیس للانسان الاماسعی)**
**هیچ کەسێکیش هێندەی فەلاح ئیش و کێلانی نیە**
**ئیش دەکات و رەنج دەدات و رووتووقووت و زگ بەتال**
**ئاخری بێ سوود دەمێنێ ساڵێ کەبارانی نیە**

**گەر له ئەفلاکا هەبایه حاکمێکی تر بەرقەرار**
**سائەچووم ئەموت خودای من سودی ئینسانی نیه**

دڵدار لەسەر ئەم شیعرانە تیرۆرنەکراوە، بەچاوی غەزەب سەیری نەکراوە، سەرنەبردراوە، ئەو گوزارشت و وشانە ئێستا چەقۆی لەسەرە، هەرچەند خۆی لەکۆتایی شیعرەکەی دەڵێت:

**رەنــگــە کـــەم دیـــــدەو مـــەلایــان هــانــی خــەلـقـی وابـــــدەن!**
**کــوشــتــنــی دڵـــــــدار حـــــەڵاڵـــــە، چــونــکــە ئـیـمــانـی نـیــە!**

ئەو سەردەمە جەنابی مەلای گەورەو مەلا مەعسووم لە کۆیە لەژیاندا بوون، فەتوایان نەداوە، بیکوژن هانی کەسیان نەداوە، پەسەندی دیالۆگ و گفتوگۆیان کردووە، خۆی دڵدار 30 ساڵ ژیاوە، بەڵام بەبەرەباب تەمەن کورتن، مزگەوتێکیان ماوە لەکۆیە بەناوی (خادم سجادە)! دڵدار لە 1948/11/12 کۆچی دوایی کردووە.

بەڵام تا سرودو شیعرو باوەڕ بمێنێ، دڵدار لەبیرناکرێ، لەناخی گەلی کورد دەژی و زیندووەو نامرێ!

رەنگە بێژن ئەو کورە سەیدزادەیە چەند لادینە، لەکن خۆی سەیدە، کەی ئەمە نوسینە؟

بەڵێ: بەڵام نەقڵی کفر کفرنیە! بڕوای بەتینت هەبێ دەردی دڵدار گوتەنی: نەوەک دڵداری دڵ پەروەر، دڵت قورئانی دینت بێ

## کۆیە دەهێنێ

کۆیە گەرجاران کاروانسەراو شارێکی بازرگانی بووبێ، بەلاّم پاش جەنگی گەورەی جیهانی شادەماری ئابووری کزو بێهێزبووە، گەرچی خاکێکی بەبەرەکەتو نەوتاویو پڕ گەچو گۆگردو بەردی هەیە بەلاّم گەشەی پیشە سازی پێوە دیارنەبووە!! لەزەمانی بەعس کۆیە لەگۆڕستانێک دەچوو بەئاستەم نووزەو جووڵەی تێدابووبێ!! کۆیە بەهۆی شاخو باخو کانیو ئاوی، زەماوەندگەو هاوینگەی فێنکستانی بۆ گەشتو خۆشی تێدا هەڵکەوتووە، هەرلەچنارۆکو حەمامۆکو هەرمۆتەو تۆبزاواو ناورەزانی بەلاّم شاری گەشتیاری نەبووە بەڵکوهەر بەشاری زانستو سیاسەتو ئەدەبو هونەر ماوەتەوە، لەکۆن زۆربەی شاعیرو مەلاو ناودارەکان لەکۆیە خوێندوویانەو ئیجازەیان وەرگرتووە بۆیە گوتراوە بۆ خوێندن: هاوینان شنۆ، بەزستانان کۆ! بابانەکان گرنگیو گەشەیان بەخوێندن داوە لەکۆیە بەکردنەوەی مزگەوتو گرنگیدان بەزانایانی ئایینی، هەربۆیەشە حاجی قادری کۆیی بەو مەزنایەتییەی خۆیەوە رووی لەبنەماڵەی جەلیزادە کردوەو پێدا هەڵگووتوونو:
پێی وابووە ئەساسی عیلم لە کوردستان بنەماڵەی جەلیزادە دایناوە!!حاجی قادری کۆیی کۆیەی زۆر خۆشویستووە، شیعری زۆری بەسەر کۆیەدا هەڵداوە دیارە هەقیەتی بڵێ:

**هــەروەکــو شــارانــی تــر کــەس ئـاشـنـایـی کـۆیـەنـەبـوو**
**شـیـعـرو ئـەیـبـاتـی مــن خـەڵـکـی لــەسـەر کــۆکــردەوە!**

حاجی قادری کۆیی پێشرەوی شۆڕشگێڕیەتی کوردیو داهێنەرو رابەر بووە، قوتابخانەی خەباتی داهێناوە بۆیە هێمن بەحاجی قادری کۆیی دەڵێ:

**هـــەمـــوو شـــــــاگـــردی تـــۆن شـــیـــریـــن کـــەلامـــان**
**لـــەتـــۆ فـــێـــربـــوون خـــەبـــات (قـــــازی)و (مـــەلا)مـــان**

کۆیە مەبینن بەگچکەییو کۆڵانە تەسکو لادیوارە رووخاوەکانی، هەمیشە خەزێنە لەکەلاوەدا شاردراوەتەوە، کۆیە خەڵکی ناودارو سیاسەتمەدارو ئەستێرەی پرشنگدارو خوێندەواری پلەداری هەند لێ هەڵکەوتووە لەگۆشەو شارەکانی کوردستان دیارن!
کردنەوەی زانکۆ لەکۆیە گەرانەوەیە بۆ رەسەنایەتی شاری کۆیە، چونکە یەکەم کچ لەرۆژهەڵاتی ناوەراست بەتێکەڵاوی خوێندبێتی کۆیە دەهێنێ زانکۆی لێ بکرێتەوە، ئەو بریارە بەجێو مێژووییەی مام جەلالو م. س (ی.ن.ک) بارتەقای زۆرشت دەگرێتەوە، بەر پەچدانەوەی زاڵمیەتی بەعسە، کەدەیویست کۆیە بکاتە (گوند) کەهەزاران ساڵە شارە! وەفادارییە بۆ شەهیدەکانی بۆ خەباتو تێکۆشانی، گرنگیدانە بەمێژوویەتیو رەسەنایەتی کۆیە!
تەرخان کردنی 53 دۆنم زەوی بۆ زانکۆ، بەخشینی مام جەلال ماڵ و حاڵی خۆی لەکۆیە بۆ زانکۆ چ جوامێری و پەرۆشی مەزنایەتیە، کردنەوەی زانکۆ لە کۆیە شاکارو شەنگوڵی کۆی راژە گوزاریە، هەر گەشاوە بێ ئەستێرەی زانست، زانکۆ لە کۆیە، لوتکەی شکۆیە.



عوسمان مستەفا خۆشناو

# کۆمەڵەی دەنگ و پەخشنامەی پێشکێش

لەقۆناغی هۆشیاربوونەوەو پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی و جوڵانەوەو راپەرین و شۆرشەکانی کورد، هەمیشە خوێندەوارو کوردپەروەرو تێکۆشەرانی کورد لەسەرەتاتکێ و چاوشارکێدابوون لەگەڵ سیاسەت و کوردایەتی و پارتایەتی، لەمێژووی سیاسی کورددا دەیان رێکخراوو کۆمەڵەو حزب دامەزران و یەکیانگرت و تێکەڵبوون و لێکترازان و پەرشوبڵاوبوونی تێدا روویداوە، گەشەیان کردووە یان نەماون.

شاری کۆیە یەک لەو شارە زیندووانە بووە، مەکۆی کوردایەتی و بناغەی پارتایەتی و بنکەی سیاسەت بووە، تەنانەت چاخانەو پەرتووکخانەو قوتابخانەیان کردۆتە پێگەو جێگەی سیاسەت و ململانێ و گفتوگۆو کۆبوونەوەو لێکتێگەیشتن. ئەودەم کۆیە چوار گەرەک بوو (بەفری قەندی، هەواوان، قەلات، بایزاغا)، دوو قوتابخانەی سەرەتایی کوران و کچانی لێبووە، لەسەرەتایساڵی چلەکان گروپێک خوێندکارو هەرزەکار، لەبەهاری ژیان و تەمەن بووین، لاسکی ناسکی باخی ژین بووین، تەمەنیان لە 16 ساڵ تێنەپەریوە، خەریک و سەرقاڵ دەبن کۆمەڵەیەک پێکبهێنن، بیرۆکەیان لا گەلاڵە دەبێت بەمەبەستی دژایەتی کۆنەپەرستی و پروپووچی هەندێک شێخ و مەلای نەزان و زۆرداری ئاغاو دوورکەوتنەوە لەخواردنەوەو رابواردن و یاری قومار بۆ پشتگیرییکردنی خوێندن و هاندانی زیرەکی خوێندکاران و یارمەتیدانی لێقەوماوان و هەژاران. لەپایزی ساڵی 1942 لەمانگی دە لەماڵی عوسمان

مستەفا خۆشناو لەگەرەکی بایزاغای شاری کۆیە کۆمەڵەیەک دادەمەزرێنن بەناوی (کۆمەڵەی دەنگ) بەو نیازەی کۆمەڵەی دەنگ کۆمەڵەیەکی سیاسی و پێشکەوتنخوازو کوردایەتی بێت، بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و پشتگیریکردنی شۆڕشی بارزان، کەبڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵەی دەنگ دەدەن ئەو ڕێزدارانە بوون: سەعیدی مەلا ئەحمەد، عەبدولخالق فەتاح حەوێزی، حاجی عومەر حاجی محەمەدی بازرگان، کەمال خورشید ئاغا ناسراو بەحاجی، حیسامەدین تەیب ناسراو بەشەعب، بابەشێخ کاکە ناسراو بەبابەشێخی کاکە شێخ ساڵح، محەمەد تۆفیق وردی هەرچەندە لەو کۆبوونەوە نەبوو، بەڵام هاوڕابوو لەگەڵیان دایدەنێن بەڕاوێژکارو ئەندامی پەیوەندیی، هەر لەو کۆبوونەوە عوسمان مستەفا خۆشناو تەمەن 16 ساڵ 1926-1942 دەبێت بەبەڕێوەبەرو بەرپرسیاری کۆمەڵەی دەنگ، هەرلەوێش بریار دەدەن بڵاوکراوەیەکی دەستنووس دەربکەن بەناوی (پێشکێش) بەدەستوخەتی چەند ئەندامێکی لیژنەی باڵای کۆمەڵەی دەنگ بنووسرێت بۆئەوەی دەستخەتەکان نەناسرێنەوە، گۆڤارەکە بەدروشمی (بخوێنن بخوێنن، هەر بخوێنن) و بژی کوردو کوردستان و شیعری ئەحمەد موختار جاف:

**بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان**
**هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە**

دەرازاندەوە، کۆمەڵەی دەنگ لایەنگرو ئەندامیان هەبوو، لەکۆیە وەک دیاربێ (مەحمود فەقێی حاجی ساڵحی قەساب و مەمەندی وەستا سدیقی خەیات و تۆفیق قەندیل و کاکە فەرەنسیس (دیان)و واحیدی سەدیقی شینەی باخچەوان، مەجیدی کاکەی حاجی مەحمودو مستەفا ساڵح و بەجیاوازیی گەرەک و بنەماڵەو هەژاریی و پارەداریی خەڵکیبان کۆکردۆتەوە، بەڵام بەمەرجی ئەندامێتی هەروەک مەرجی ئەندامەتییان وەرگرتنیان لەکۆمەڵەی دەنگ ئەوەبوو دەبێت هەستی کوردایەتی و گیانی خزمەتگوزاریی و لەخۆبووردنیان هەبێت، لەدەست و زمان ڕاست و پاک بێت، بێ هەواو خۆشەویست بێت لەناو گەرەک و بازارو قوتابخانە، قسەی سووکی بەدواوە نەبێ، نابێت هاتوچۆی نادی و چاخانە بکات، بەدووربێت لەخواردنەوەو یاری قومارو جگەرەکێشان، دڵباش و چاوتێربێت و ئابوونەی مانگانەی کۆمەڵەی دەنگ بدات.

ئامانجی دووری کۆمەڵەی دەنگ (رزگاری کوردو کوردستان و نەهێشتنی نەخوێندەواری و نەخۆشی و هەژاری و ریسواکردنی زۆرداری و دزی و دەستدرێژی بووە، لەبەر رووناکی لالەی سێ نمرە دەستیان دەخستە ناو دەستی یەک و بەقورئان و ئاڵای کوردستان و خەنجەر سوێندیان دەخوارد، دڵسۆزبن و بەڕاستی و پاکی و چاکی بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزانە خەبات بکەن بۆ بەرژەوەندیی کوردستان.

(کۆمەڵەی دەنگ) هەر لەبازنەی شاری کۆیە نەخولاوەتەوە، لەچوارچێوەی وڵاتی کۆیە دەرچووە،

پەلوپۆی هاویشتووە بۆ قەڵادزەو پشدەر (مەحمودی حاجی حەمەڕەش) ئەندام و بەرپرسیاری کۆمەڵەی دەنگ بووە لەوێ، لەڕانیە (تۆفیق قەندیل) و (مەمەندی حاجی سەدیقی خەیات)و لەتەق تەق (کێخوا عەزیزی کێخوا ڕەشید) ئەندام و بەرپرسیار بووە لەتەقە تەق، (کۆمەڵەی دەنگ) هەڵساون بەچالاکی وەک یارمەتیدانی خوێندکارانی هەژارو هەتیوو بێکەس، کەمکردنەوەی باجانەو بەشداریکردنی لەکردنەوەی قوتابخانەی ئێواران بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بڵاوکراوەی (پێشکێش) یان (پێشکەش) زمانحاڵی کۆمەڵەی دەنگ بووە، ئەو پەخشنامە دەستنووسانەیان بەخشیوەو دابەشکردەووە بەسەر کەسایەتی دیارو ناودارو ڕووناکبیریی کۆیە.

هەرچەندە ئەندامی کۆمەڵەی دەنگ نەبووین، بەڵام (بڵاوکراوەی پێشکێش)یان پێبەخشیوون و پێیانداون هەروەک: جەنابی مەلای گەورە، مەلا محەمەدی حەتک (دلاوەر)، مەسعود محەمەد، مەلاشێخ سدیق، دڵداری شاعیر، مامۆستا مستەفا شێخ نیعمەتوڵڵا هەولێری، مامۆستا مەجیدی شێخ نوری، عوسمان عەونی، ئەکرەمی فاتێلان، محەمەد حەوێز (حەمەڕەش) ئەو زاتانە و ئەندامی (دارکەر، خۆیبوون، کۆمەڵەی ژێ کاف، هیوا.. )بوون.

(کۆمەڵەی دەنگ) پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵەی ژ.ک هەبووە، نامەو بڵاوکراوەو دەنگوباسیان دەهێناو دەبردو دەگۆڕییەوە لەنێوان کۆیەو مهاباد (حەمەدەمینی حەمەشینی چایەچی)، پۆستەچی و پەیک و نامەبەر بووە، خۆی کاسبی دەکرد لەنێوان سنووری عیراق و ئێران، پۆستەکەی کۆیەی دەگەیاندە دەست (دڵشاد ڕەسولی) پێشتر لەکۆیە ژیاوە، مهابادی بووە، دەست محەمەدی میرزا غەفوور پۆستەی مهابادی دەهێنایەوە دەیدا بەدەستی (عوسمان مستەفا خۆشناو) بەرپرسی کۆمەڵەی دەنگ، هەر لەو ڕێگاو نامەگۆڕینەوە بووە داوایان لەکۆمەڵەی دەنگ کردووە، کەوا هاوکاریی کۆمەڵەی ژ.ک و بەشداریی بکەن لەکۆماری مهاباد، (کۆمەڵەی دەنگ) پاش ڕاوێژو کۆبوونەوە (مامۆستا محەمەد تۆفیق وردی)یان هەڵبژاردووە، مامۆستا محەمەد تۆفیق وردی جوامێرانە پەیوەندیی بەکۆماری مهابادەوە دەکات دەبێت بەمامۆستاو نووسەرو ڕەخنەگر لەوێ، (کۆمەڵەی دەنگ) چالاکی دیکەی هەبووە بەهەڵدانی ئاڵای کوردستان لەسەر قوتابخانەکانی کۆیە، بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو نووسین لەقەڵادزەو ڕانیەو تەقتەق و شاری هەولێر. بۆ پشتگیریکردنی شۆڕشی بارزان.

(کۆمەڵەی دەنگ) 31 ژمارەی (پێشکێش) (پێشکەش) یان بەدەستنووس دەرکردووە، دەبێت ژمارە یەکی لەمانگی 10ی ساڵی 1942 نووسرابێتەوە، ژمارە31 ساڵی سێیەم لەمانگی ئاداری ساڵی 1945 بڵاوکراوەتەوە، لەسەر ئەو جموجوڵەو چالاکییانە (عوسمان مستەفا خۆشناو) دەگیرێت لەقشڵەی کۆیە لەکەکۆن دوایی ڕەوانەی هەولێر دەکرێت پاش دوو مانگ و چەند ڕۆژێک ئازاد دەکرێت، بەڵام جوامێرانە و خۆڕاگرانە بەرگریی دەکات، چ نادرکێنێت و بەرووسووری و سەربەرزیی دەگەڕێتەوە کۆیەو ناو هەڤاڵانی، سەرەنجام کۆمەڵەی دەنگ بەرێگای هاورێی، حزبی شیوعی (مەلا شەریف

ڕەنگەڕێژانی) کەخەڵک بە(مەلاعەرووس) ناوی دەهێنن، پاش گفتوگۆو دانیشتنی و راوێژی دوورو درێژی ڕێکەوتن دەکەن لەگەڵ کۆمەڵەی دەنگ کەبچنە ناو حزبی شیوعی عیراقی بەشی کوردی چەند ئەندامێکی کۆمەڵەی دەنگ رازی نابن تێکەڵ بەحزبی شیوعی عیراقی بن لەوانە حاجی عومەری حاجی محەمەدی بازرگان و مام تۆفیق قەندیل دەڵێن: ئێمە کوردایەتی دەکەین ناچینە ناو حزبی شیوعی لەگەڵ عەبدولخالق فەتاح حەوێزی دوایی (کۆمەڵەی دەنگ) لەگەڵ حزبی شیوعی تێکەڵ دەبن، ڕێک دەکەون بەرپرسیارێتی حزبییان لەناو حزبی شیوعی بدەنێ، کۆمەڵەی دەنگ نامێنێ و عوسمان مستەفا خۆشناو دەکرێتە کارگێرو بەرپرسی لیژنەی ناوچەی کۆیە حزبی شیوعی لەکۆیە، تەمەنی کۆمەڵەی دەنگ لەپایزیساڵی 1942 تا هاوینی 1946 دەبێت ئیدی لەناو حشع لقی کوردستان دەتوێنەوە، دەبنە لیژنەی شاری حشع لەکۆیە.


# حاجی قادری کۆیی کۆیی بووە یان گۆرقەرەچ؟

لێکۆڵینەوە لە شاعیرە کۆن کلاسیکی یەکانی کورد بۆ ناسین و بیرو سروشت و قوڵبونەوە لە ژیانیان ،باشترین و راسترین سەرچاوەو بەڵگە هەر شیعرەکانیانە لە کلاّو رۆژنەی شیعرەکانیانەوەرۆ دەچینە ناخیان و راستی و رووناکیمان بۆ دەردەکەوێت ،وەک دیارە شاعیرێکی مەزنی وەک حاجی قادری کۆیی کە لە ساڵی 1897 لە شاری ئەستەنبول لە ئاوارەیی‌و بێ کەسیدا کۆچی دوایی کردووە لە گۆرستانی(قەرەج ئەحمەد)نێژراوە ،حاجی قادری کۆیی رۆژی لە دایک بوونی خۆی نوسیوە لە شیعرێکدا

**بـــەئـــەمـــری رب الـــعـــالـــمـــیـــن دەرفـــرمـــان**
**ویـــلادەتـــمـــە لـــە حـــەڤـــدەی شـــەهـــری شـەعـبـان**

هەروەک دیارە کە بێ ژن و ماڵ و بێ نەوە بووە بەڵگەی شیعرەکەیەتی :

**هـــــەر مـــنـــم ئـــێـــســـتـــە وارســـــــی عـیـسـا**
**بـــێ کـــــورو مـــــاڵ و بـــــێ ژن و مـــەئـــوا**
**ئـــــەوی شـــاعـــیـــر نـــــەبـــێ کـــــۆرە وەجـــاغـــی**
**لـــەســایـــەی شـــیـــعـــرەکـــان بـــابـــی کـــورانـــم!**



زۆر شاعیری دیش شیعری به جگەر گۆشەی خۆی شوبهاندووە !هەر لە ژێر رۆشنایی شیعرە کوردیەکانی حاجی قادری کۆیی دەردەکەوێ زۆر ژیاوەو پیربووەو سەرو ریشی سپی بووە هەروەک :

**سـەرو ریـشـم سـەراپـا بـۆتـە لـۆکـە**
**شـەوێ هـەمـرازمـە پـشـمـین و کـۆکـە**
**لـەبـەر پـیـری ئـەوەنـدە بـێ حـەواسـم**
**دەڵـێـی ئـەرکـانـی ئـیـسلامـی ئـینـاسـم**

گەر لە روانگەی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیییەوە بروانین بیدەینە بەرمەدی نەزەر،بۆمان دەردەکەوێت حاجی لە کوێ بووە ،چۆن ژیاوەو بیر کردنەوەی چۆن بووە ؟زۆربەی ئەوانەی لەسەر حاجی قادری کۆیی یان نوسیوە ئاماژە بەوە دەکەن حاجی قادری کۆیی لە گوندی گۆرقەرەج لە دایک بووە ،بەڵام لە شیعرەکانی چ بەڵگەیەک بەدەستەوە نیە بۆیە تەم و مژێکی گوماناوی پەیدا دەبێت کە لە گوندی گۆرقەرەج لە دایک بوو بێت چونکە :
حاجی قادری کۆیی نازناوی (کۆیی )هەڵبژاردووە،زۆر شاعیریش ناوی گوندی خۆیان هێناوە کردویانە بە نازناوئەی بۆ حاجی قادری کۆیی ناوی کۆیی هەڵبژاردووە خۆ کۆیە بە هۆی ئەوەوە ناوبانگی دەرکردووە هەروەک خۆی دەفەرموێی:

**هـەروەکـوشـارانـی تـر کـەس ئـاشـنـای کـۆیـێ نـەبـوو**
**شـوهـرەتـی ئـەبـیـاتـی مـن خـەڵـکـی لـەسـەر کـۆکـردەوە!**

هەر بە شیعرەکانی دەزانرێت حاجی قادری کۆیی باوکی ناوی ئەحمەد بووە دایکی ناوی فاتێ

**بـاوکـم ئـەحـمـەد بـوو نـاوی فـکـرم دێ**
**خـەڵـکـی لادێبـوو دایـکـی مـن فـاتـێ**

نەیگوتوە خۆم لادێیم و خەڵکی گوندم بە فکری دێ خەڵکی لادێ بوو باوکی یان دایکیحاجی قادری

کۆیی له شیعره‌کانی باسی گه‌ره‌ک و جێگاکانی کۆیه‌ی کردووه‌و شاره‌زابووه ،له دووری ئاواره‌یی که غوربه‌تی به شاهی له بیر ناکرێ ده‌بێژێ

**لـــــه قـــوشــخـــانـــه‌وه تـــا ده‌مـــــــی ئـــیـــچ قــــه‌ڵا**
**لـــــه بــــایـــــزاغــــه‌وه تــامــه‌حــلــلــه‌ی قــــه‌ڵات**
**هـــه‌مـــوو خـــزمـــی خـــۆمـــن ده‌زانــــــم ده‌ڵـــێـــن**
**لـــه بــــێ حــورمــه‌تــیــمــان بـــوو (حـــاجـــی)هــــه‌ڵات**

قوشخانه‌و ئیچ قه‌ڵاو بایزاغاو قه‌ڵات گه‌ره‌ک بوون له شاری کۆیه، حه‌زره‌تی حاجی گه‌ر له‌کۆنه‌وه له کۆیه نه‌بوبێت ئه‌و هه‌مووخزمه‌ی له کوێ بوو !؟کام لادێ ی هاتۆته شار ئه‌و هه‌موو خزمه‌ی هه‌یه !!.نه‌ک باسی له گه‌ره‌کانی کۆیه کردووه ،ناوی جێگاکانی هێناوه ،وه‌ک :شیوی ڕه‌زان ،ده‌شتی هاموون،چناڕۆک ،حه‌مامۆک ،که‌کۆن و ،هه‌یبه سوڵتان ،ڕه‌نگه کۆیی هه‌بێت ئێستاش شیوی ڕه‌زان و ده‌شتی هاموون پێ نه‌زانێت ،کام کۆیی به‌قه‌د حاجی قادری کۆیی هێنده شاره‌زاو سه‌رسام بووه به کۆیه !؟ حاجی قادری کۆیی باسی زۆر گوندی ده‌وروبه‌ر ده‌کات وه‌ک :عمر گونبه‌تی ،جه‌لی،نازه‌نین،فه‌قێیان ،ته‌که‌ڵتوو ،ئیله‌ڵلا ،حاجی قه‌ڵا ،ئاوه‌گرد هه‌ندێ گوندو جێ‌ی دوباره کردۆته‌وه ئه‌ی بۆ جارێ ناوی (گۆڕقه‌ره‌جی )نه‌هێناوه نه‌ک هه‌ر ئه‌و گوندانه‌ی ده‌وروبه‌ری کۆیه ناوی زۆر شوێنی هێناوه له شیعره‌کانی وه‌ک ده‌شتی بیتوێن، لاجان ،شێخ وه‌سان ،به‌رده‌شان ،حه‌ریر ،سابلاخ،باڵه‌ک ،سینگوره ،ده‌ماوه‌ند،بیتوێن، شێخ بزێنی ،بۆتان ،که‌رکوک، هه‌ورامان،سنه،سلیمانی !ئه‌ی بۆ ناوی گۆڕ قه‌ره‌جی نه‌هێناوه پێ ناچێ چ یادگاریه‌کی هه‌بوو بێت ئه گینا ناوی ده‌هێناو ده‌بووه به‌ڵگه‌یه‌کی مێژوویی .

تا ئێستاشی له‌گه‌ڵدابێت و هیچ شاعیرێکی کۆیی و غه‌یره کۆیی هێنده‌ی حاجی قادری کۆیی سه‌رسام نه‌بووه به کۆیه جگه له‌وه‌ی ناوی که‌سایه‌تی‌و ناودارانی کۆیه‌ی هێناوه (شێخ نه‌بی خاریجه له‌م بابه) ستایشی کۆیه‌ی زۆر کردووه کوریان غیلمان و کچیان حۆری‌و نمونه‌ی جه‌نه‌ت و قوبه‌ی کشمیری به‌ر شه‌قاندا بێت و هه‌ر کۆیین له هه‌موو عه‌یبێ به‌ری بن و ڕۆسته‌من وه‌ختی شه‌جاعه‌ت وحاته‌من وه‌ختی سه‌خاوه‌ت وه‌ک ده‌رده‌که‌وێت (14)جار ناوی(کۆیه‌و کۆ)ی هێناوه پێش برکێ‌ی پێ کردووه :

**نــالــی و خــاکــی بــه‌بــه،(حــاجــی) یــو (کــۆیــه) بــه‌مــه‌ســه‌ل**
**عــه‌یــنــیــهــی حــافــز و شـــیـــرازه کــه‌لــیــم و هـــه‌مـــه‌دان**
**ره‌فـــیـــقـــانـــم لـــــه (کـــۆیـــه)ئـــاشـــنـــا نـــیـــن!**

وقـــوفـــی حـــاڵـــی ئـــێـــمـــەی بـــێ نـــــەوا نـیـن

لـــەشـــەرق و غـــەربـــەوە تـــا قـیـتـعـەیـی کـۆ
لـــەبـــەر گـــۆچـــانـــی ئـــەمـــرت بـــێ وەکـــــو گـۆ

لـــەبـــەر ئـــــەم نـــاتـــەبـــایـــیو کـیـنـە جـۆیـی
لـــــەلای ڕۆمــــــــی زەلـــیـــلـــن مـــــــەردی کـۆیـی

لـــە دەرووی کـــولـــلـــی بـــاغـــی شـــــاری کـۆیـە
دووصـــــــەد بـــن داری زەیـــتـــونـــی بـــە جـۆیـە

لـــەمـــەیـــدانـــی بـــە هـــــارا شـــــارەکـــــەی کـۆ
قـــوبـــەی کـشـمـیـری دابـــــەر شـــەق وەکـــــو گـۆ

جێی پرسیارە هێندە ناو هێنانی کۆیە ،ناونەهێنانی گۆرقەرەج، توێژینەوە هەڵدە گرێت ،گومان دروست دەکات با وەک حاجی دەڵێت:

ئـــاخـــر ئـــــەم عـــەقـــڵـــەیـــان هـــەبـــوو بـــۆیـــێ
گـــــــەر سـولـێـمـانـیـە وەیـــــا (کـــۆیـــێ)

زانای مەزنونەمر مسعود محەمەد لە کتێبی حاجی قادری کۆییبەشی یەکەم بەغدا 1973 لە لاپەرە 78 لە بابەتی(حاجی قادری کۆیی کەی لە کویێ هاتۆتەدنیاوە)؟! نوسیویەتی وەک خۆی دەینوسمەوە:
<u>بۆ دیارکردنی جێی لەدایک بوونی گوتەیێیکی تەواتور هەیە دەڵێ:</u>
حـاجـی لـە گـۆڕ قـــەرەج بـە وەلـــەد بـــوە. نـامـێـلـکـەی بـاسـکـراویـش هـەر ئـــەوە دەڵـــێـــتـــەوە.ئـــەوەیـــە گـــوتـــەی دەمـــاودەمـــیـــش لـــە هـــەوەڵـــەوە هـەر لـە نـوسـیـنـەکـەی مـەلا عـەبـدووڕەحـمـانـەوە سـەری هـەڵـدابـێ و لـەوێـوە گەیشبێتە نـاو نـوسـراوی چـاپ کـراو.لـە راسـتـیـدا ئـەگـەر نامیلکەکە بۆ مـێـژوی هـاتـنـە دونـیـای سـاڵـێـکـی گـومـانـاوی دیـار نـەکـردبـا شـایـەدیـەکـەی ئــەوم بـۆ دیــار کـردنـی جـێـگـەی لـەدایـک بـونـی بـەکـافـی دادەنـــا و دەمـکـردە

پشتگیری کەرتی تەواتورەکەو ئەوەوم لە بیر خۆم دەبردەوە کە تەواتورەکە زادەی نامیلکەیەو پشتگیری کردنی یەکێکیان لەوی دێکە دەبێتە شایەدی دان بۆ نەفسی خۆی .

نالی چەند جارێک لە دیوانی شیعرەکەیدا ناوی خاکوخۆڵ دەهێنێو لە هیچ هەڵبەستێکدا راناگەینێ کە جێگەیێکی دیکە بوبێ بە مەفتەنی، بە پێچەوانەی حاجی قادر کە لە سەرانسەری دیوانەکەی بە غەیری کۆیێ ناوی جێگەیێک ناهێنێ کە مەفتەنی بوبێ. بەرێکەوتیش ناوی گۆرقەرەج ناهێنێ وەک لە موناسەباتدا ناوی گەلێکدێی وڵاتی کۆیەو غەیری کۆیێ دەبا، حاجی نەیویستوە لە کۆیێ بەولاوە بۆی بە مەفتەن حیساب بکرێ. ئاخۆ ئەو دێیەی باوکی حاجی گۆر قەرەج بوە یا غەیری ئەو هەر زاهیری حاڵو راگەیاندنی تەواتور هەیە ساغی کاتەوە: هەرچی سەرچاوەی خەبەرە هەیە دەڵێ مەبەستی حاجی لەو دێیەی ناو بەیتەکەدا گۆرقەرەجە هەرچی باسی حاجی قادریشی کردوە بە قسە یا بە نوسین گوتوەتی مەفتەنی خانەوادەیی حاجی گۆرقەرەج بوە. ریوایەتی دوەم، کە ئەویش بە تەواتور پێمان گەییوە، دەڵێ حاجی قادر لە کۆیێ هاتۆتە دونیا، مەلا ئەحمەدی باوکی زوتر ، واتە بەر لە وەلادەتی حاجی گۆرقەرەجی جێهێشتوە. بەلای ئەم ریوایەتەوە بەیتەکەی حاجی کە دەڵێ ((باوکم خەڵقی لادێ بو)) ئەو واتایە هەڵدەگرێ کە بە ئەسڵ لادێی بوبێ بەڵام لە دەمی وەلادەتی حاجیوشت بەبیر هاتنی لە کۆیێ ژیابێ. پشتگیری کەرانی ئەم ریوایەتە بۆ بەهێزکردنی رای خۆیان رستەی ((خەلقی لادێ بو)) دەکەن بە بەڵگە بۆ ئەمە کە حاجی خۆی لادێی نەبوبێ دەنا دەبوا بڵێ خۆیشی لادێی بوە لەوەش زیاتر قسەیان هەیە بۆ ئیسپاتی بیرو باوەری خۆیان: بەلای رای وانەی نابێ دایکی حاجی،(فاتێ)ش لادێی بوبێ، چونکە لەرێی، بە اصتلاح،(مفهوم المخالفه) وە کە بگوترێ باوک لادێی بوە لە خۆوە دێتە زیهنەوە کە دایک شارستانی بوە. وەک ئەوەی یەکێک بڵێ (لە نێوانماندا دارا خەلکی هەورامانە) دیار دەکەوێ ئەوانی دیکە خەلقی هەورامان نین، دیسانەوە شتێکی تریش ئیزافەی سەر قسەکانیان دەکەن و دەڵێن ئەگەر جارێکیان حاجی گوتبێتی باوکم خەلقی لادێ بو لە هەمو دیوانەکەیو سەرانسەری شیعرەکانی خۆی بە کۆیی داناوەو سۆز و خۆش ویستنێک نەماوە لە ناخی دڵیەوە بۆ کۆیێ و خەلقی کۆیەی هەڵ نەرشتبێ ئەگەر خەیاڵو بیر کردنەوەی منداڵی بیگێرابایەوە، حاجی خۆی مانیعە لەوەدا زادەی غەیری کۆیێ بێ، بۆیە لزوم نابینم باسی هەندێ بەڵگەی لابەلا بکەم کە ئەوە دەگەینێ حاجی لەکۆیێ بەوەلەد بوە چونکە نەکۆتایی بە دەمەتەقە دێنێ نەشتێکی ئەوتۆش ساغ دەکاتەوە، تەئسیرێکی ببێ لە هیچ سەروبەری باسەکەمان. گۆیا ئەگەر حاجی قادر کۆیێ نەباو سەردەشتی با وەیا رەواندزی چ فەرقێکی دەکرد؟ بەنیسبەت کوردایەتیو گیانی میللی کوردەوە حاجی هەر دەمایەوە وەک یەکەم چرای شوعلەدار.

حەزرەتی حاجی چ کۆیی بێت یان گۆر قەرەج مەزنایەتی خۆی هەر دەمێنێ بە هەستی تەسکی کۆیایەتی لێک مەدەنەوە حاجی شاری بێت یان لادێی هەر لوتکەو ڕابەرو گەورەیە بە شارو لادێی نیە هەروەک خۆی دەفەرموێ:

**لازمــــە ئــەم غــــــەزەلە وەک غــەزەلــێ بـیـکـەنـە بـەر**
**هــــەروەکـــو حــاجــی ئــەگــەر شــــارە وەگــــــەر دیـهـکـەدەیـە!**

تێبینی

ئەو نوسینە بێوەرام نەبووە، لە لایەن روناکبیرو نوسەرانی تەقتەقەوە زۆر بەرپەرچ درایەوە .


شێخ مستەفا قازبەگیان

# شێخ مستەفای قازبەگیان

قازبەگیان گوندێکی شێخانە لە دەشتی کۆیە لە بناری هەیبە سوڵتان لە ناو باوەشی شاخە ، ئاوێکی خۆش و ساز گارو زۆری هەیە لە دەمارو ناخی شاخەوە دێتە دەر ، پر لە بەردو کارێزو دار تووە ، دەبێت رەچەڵەکی شێخایەتیان لە شێخانی دۆڵی خەلەکانەوە هاتبێ:قازبەگیان لە قازیو بەگەوە هاتووە گوایە قازی بەگ دادوەر بووەلەوێ : ئەو گوندە بە گشتی تایبەت مەندیەکی خۆی هەبووە لە زیرەکیو خانەدانی و خزمەت گوزاری و چاکیو رێک و پێکی !! رۆڵەکانیان زۆربەی ناویان کوردیە(ماکۆک ، ئاودێر ،کاوە ،مەریوان ، ئاسۆ، کوردۆ، دانا ، دارا، شەماڵ ، ئازاد .هتد) شەرەفی ئەو ناو گۆرین و ناو لێنانە کوردیە دەگەرێتەوە بۆ شەهیدی قائیمقام مامۆستا حەمید کەریم شانە سەردەمانێک لەو ناوە مامۆستا بووە!! قازبەگیان خەڵکی خانەدان و قسە زانی لێ هەڵکەوت بوو دیارو ناودارەکانی (شێخ رەفیق شێخ عەبدوڵا شێخ مەحمود) و سەید عەلی سەید عەزیز ناسراو بە (سەید عەلیە زلە) و شێخ مستەفای شێخ عەبدوڵای شێخ مەحمود ناسراو بە شێخ مستەفای قازبەگیان : شێخ مستەفا لە ساڵی 1928 لە قازبەگیان هاتۆتە ژیانەوە قەت نەیخوێندووە، نە لە حوجرەی فەقێ یان ، نە لە قوتابخانە ، بەلام تا بڵێ زیرەک شارەزاو قسەزان بوو ، راوچی و چاکساز بە ناونیشان بوو، لە رەنگو روخساری ، وەج و جوامێری دەباری!!ئەسپ و ماین و تولەو تاژی هەبوو ، نمونەی پیاوی کوردەواری بوو، تفەنگچیو خەنجەری لە پشت بوو ، پیاوێکی کۆمەلایەتیو بەرەوشت بوو، قسە رۆیشتوو بوو کێشەی خێڵەکایەتی پێ چارەسەر دەکرا ، شێوازی رازی بوونی بە هێز بوو ، شاڵ کەسکو خۆشەویست و بەرێز بوو، قسە

خۆش ، پەندو بەندو شتی فۆلکلۆری زۆر دەزانی ،لە کۆڕو دانیشتن دەری دەبڕی بە جوانی و لێزانی، قسە لە ڕوو و نکۆلکار بوو ، زۆر ئازاو دیاروبەکار بوو ، بە قسە خۆشەکانی دۆستایەتیو خۆشەویستی پەیدا دەکرد زۆر جار کە مێوان درەنگ دەهاتە ماڵی ، خواردنی خۆش و باشی بۆ لێ دەنا ، شتێکی بۆ دەکوشتەوە دەیگووت مێوانی درەنگ وەخت نانی لەسەر خۆیە نەک لەسەرخۆیەتی واتە دەبێ ئارامی هەبێ تا خواردن پێ دەگات نەک چی هەیە و ئامادەکراوە لەسەر خۆی یەکسەر بیخوات !یان کە وەختی نان خواردن دەهات دەیگووت "مەسینەو دەستشۆر پێش هەموو شتێ دەچنە بەهەشتێ چونکە موژدەی نانخواردنیان پێ یە"دەربارەی ئازایەتی دەیگووت "دوو کەس ئازایە ئەوەی شایی بە خۆیە یا ئەوەی شەرمی بە خۆیە"بۆ شایی زەماوەند و شاباش بۆچونی خۆی هەبوو دەیگووت(شایی کەر )ڕاستە چونکە لە شایی شاباش زۆر پارە دەبەخشێت و گیرفانی بەتاڵ دەبێت ، دوای هێندە تەقە دەکات بە تفەنگ ، فیشەکی پێ نامێنێ بۆیە شایی کەرە!!زۆر حەزی لە مێوانداری و خانەدانی بوو کەسێک بانگی بکردباو نەهاتبا دەیگووت(بەنانی من ز گی دێشێ،!بۆیە نانم ناخوات)!!پەندێکی دیکەی لەبەر بو دەیگووت "بەتای تێقەڵە، هەتا دێگەڵە" واتە کارێک کە جێبەجێ نەبێ، سەری دەردەچوو لە کێشەو داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ، بەڵام بۆ خۆی کێشەی هەبوایە بە هەڵواسراوی دەمایەوە !چونکە داد گاو دادوەری رادە گرت ، قسەی هێند بوو مەلای دەبەستەوە !دە برای هەبوو لە گەڵ برا گەورەکەی شێخ ڕەفیقی قازبەگیان تەبا نەبوون ، دانوویان پێکەوە نەدەکولا ، لە گەڵ ئەوەشدا پێشبرکێی پیاوەتیو خانەدان و مەردایەتیان هەبوو لە گەڵ یەکتر !شێخ مستەفای قازبەگیان هاوینان هەواری لە گوێژەی دار بەسەری قازبەگیان بوو ، لە 1985/9/4 پۆلێک هەلی کۆپتەر لە هەواران لە دەشتایی سێ کوری نازداری شەهید کردن بە ناوی (شالاو دارا+دانا)ئەو سێ کورە مندال و هەرزەکار بوون ، پاکو بێگەردو پەپولە و نازدار بوون ، پێشمەرگە و چەکدار نەبوون ، سیاسەتی دڕاندانەی دوژمن کوێرانە لە ناوی بردن، تاوانیان هەر ئەوەندە بوو لە گوند دەژیان و کورد بوون بۆیە بە ناحەق خوێنیان ڕشتن و شەهیدیان کردن !ئەو ڕووداوە جەرگ برە شێخ مستەفای قازبەگیانی هەژاندو برژاند! لە داخا لە تاو جەرگەکانی گر گر دەسووتا و لە بیری نە دەچۆوە ،لە ناکاو ڕادەچڵەکی و ناوی کورە شەهیدەکانی دەهێنا لە گەڵ ڕاچڵەکینی !ئۆقرە نەمابوو شەوان دەچووە سەر گۆری کورە شەهیدەکانی ، ئاگری تەندووری جەرگی دانە دەمرکایەوە !لەبەر خۆیەوە هاواری دەکرد، لاوانەوەو لاوکی تێ هەڵدەکرد ، لە کۆیەڕا کە دەهاتەوە بۆ ماڵێ لە قازبەگیان لەسەر تراکتۆر یەک بەخۆی لاوکی کاوێساغای دە گووتەوە بە حەزینی!بۆ خۆشی لاوکی دادەناو دەیرازاندەوە ! لە شەڕەکەی (کەلکە سماق) لاوکێکی سۆزدارو جۆشداری هۆندبۆوە ، لەسەر شێوەو گوتنی کاوێساغا ناو بە ناو (کورد خائینۆ)ی تێ هەڵکێش دەکرد! ببوە سەرچاوەی بە زەییو ویژدان سووتان !خەڵکی دەشتی کۆیەوقازبەگیان زۆر ئەولاوکەیان لەبەر بوو بە تۆمارکراوی هەیان بوو ! شێخ مستەفای قازبەگیان ، پێشمەرگە و شێخی خۆشدەویست بە دڵ

و به گیان !هەر بەداخ و حەسرەت و جەرگ سوتانەوە ئارامی نەمابوو تا لە رۆژی 1992/4/17 لە تەمەنی 64 ساڵی لە ناو گوندی قازبەگیان ، خۆی کوشت لە داخان، بووە گوڵاڵە سوورەی ناو باخان!شێخ مستەفای قازبەگیان بەو تەمەنە خۆکوشتنەکەی سەیرو سەرسوڕمان بوو ، کە دەستی چووە خۆی دیارە وا ئاسوودە بوو دەست لە مل منداڵەکانی بکاتن لە باوەشی خاک!هەر گیانی شاد بێ و گەردنی خۆش و ئازاد بێ!.



مەلای گەورە

# بەرەی مەلایان ومەلای گەورە



شێخ نوری جەلیزادە

بنەماڵەی جەلیزادەیان لە کۆیە پێ یان دەڵێن بەرەی مەلایان یان تائیفەی مەلایان:چونکە لە ئەژادو ئەبادیانەوە هەر مەلایەتیان کردووە ، رەگو رەچەڵەکی ئەو بنەماڵەیە لە گوندی (بێگەلاس)ەوە دەست پێ دەکات لە (حاجی گەزۆ)وە ، ئەو خانەوادەیە لە جەزیرەی بۆتانەوە هاتوون و لە بێگەلاسەوە چونەتە شیوەشانی مەلایانی بناری کۆسرەت و گوندی جەلی خۆشناوەتی لە گوندی (جەلی)یەوە نازناوی جەلیزادە وکاکی جەلی یان بۆماوەتەوە:مەلا عەبدول رەحمان جەلیزادە ،مەلایەکی زۆر زاناو بەتوانا بووە هاوچەرخی ئیبنو ئادەم و شێخی نۆدی بووە،لەسەردەمی قەلەم رەوی پاشایەتی عەبدول رەحمان پاشای باباندا،عەبدول رەحمان پاشای بابان لە کۆیە کۆبونەوەیەکی مەلاو پیاو ماقۆل و شێخ و دیارو ناودارەکانی کۆیەو دەوربەری دەکات، مەلا عەبدول رەحمانی جەلیزادە لەو کۆبونەوەیەدا بەشدار دەبێت و جێگایەکەشی لە خوارەوە بووە ،لەپرسیار لەشەرع و ووتوێژ گفتوگۆدا، کاکی جەلی سەرنجی عەبدول رەحمان پاشای بابان و خەڵکەکە رادەکێشێت دیارە جێگاکەیزۆر گونجاو نەبووە ،بۆیە عەبدول رەحمان پاشای بابان دەفەرموێ (ئەو شوێنە جێی تۆ نیە فەرموو هەڵکشێ) کاکی جەلی مەلا عەبدول رەحمانی جەلیزادە دەڵێت:(پاشا ئاگر نزمیش بێت بلێسەی بۆ سەرەوە هەر دەچێت) ئیدی عەبدول رەحمان پاشای بابان ، مەلا عەبدول رەحمانی کاکی جەلی لە گوندی (جەلی) یەوە دەهێنێتە کۆیە ی مزگەوت و چەند گوندێکی سەر بەکۆیە و رانیەی لەقەبەل دەنێت وەک (پێ بازۆک

چنارۆک،هیزۆپ،بیستانە ، گەلی گولان) ئەو رووداوە ساڵی 1210 کۆچی بووە لەو ساوە تا ئێستا 215 ساڵە لە کۆیە نیشتەجێن هەر بەمەلایەتی و کەسایەتی و دینداری رێزداری هاتوون ،حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلیزادە ،کە هاوفەقێی حاجی قادری کۆیی بووە ،حاجی قادر کۆیی لە نامەو شیعرەکانی باسی کردووە ،یادگاری باڵەکایەتی دەگێڕێتەوە ، لە هەمان کاتیشدا گووتوویەتی :

**بـــەغـــەیــــری جـــــەدی شـــێــــوە کـــێـــهـــەدانـــا!**
**لـــەکـــــوردســــتـــــان بـــنـــاغـــەی عـــیـــلـــمـــی دانـــا**

شێخ رەزای تاڵەبانیش بەباو جودی پێغەمبەری ناوی هێناوە ، مەلا عەبدوڵلای جەلیزادە سێ کوری بووە ،(باوەدین-مەلای گەورە-شێخ نوری)دیارە باوەدین بە گەنجی جوانە مەرگ بووە، ژنی نەهێناوە ،بەڵام لە شیعرو پیاهەڵدان بە میری میران و کاکە باوە ناوی هاتووە ،مەلای گەورە و شێخ نوری ماونەتەوە دایکیان جودا بووە دایکی مەلای گەورە (ئایشە خانی کچی حاجی بەکراغای حەوێزی)بووە دایکی شێخ نوری (زەینەب خانی کچی شێخ عەبدول کەریمی بەرزنجی کۆیی) بووە شاعیرو بە توانابووە ، نازناوی (حەزینە) بووە ، لە کۆچی دوایی مەلا عەبدوڵلای مێردی شیعرێکی حەزین و ئاگرینی دارشتووە بۆی!شێخایەتی شێخ نوری لە دایکی یەوە بۆ ماوەتەوە، برا گچکەی مەلای گەورە بووە ، وەک دەگێرنەوە مەلای گەورە و شێخ نوری منداڵ بوون ،جارێکیان شێخ نوری دەگێڕێتەوە دەڵێت:لەخەوما کەوتمە ناو ئاوێ تەڕ نەبووم مەلا گەورەش گووتویەتی :

**ئـــەو شـــێـــخـــە چ شـــێـــخـــێـــکـــە کـــە تـــــەڕ نـــەبـــووە لـــە ئـــاوا!**

مەلا عەبدوڵلاش گوێ ی لێ دەبێت و یەکسەر وەرام دەداتەوە و دەڵێت:

**<u>ئەو شێخە برای تۆیە وەکو نوورە لە چاوا</u>**

دیارە ئەو شێخ و نوورە مەبەستی شێخ نوری خۆی بووە!!مەلا عەبدوڵلا باوکی مەلای گەورە لەساڵی 1908 کۆچی دواییکردووە، مەلای گەورەش (1876-1943)واتە 67 ساڵ ژیاوە ، مەلای گەورە لە منالیەوە لە سوختە و فەقێ یایەتی لە ناخەوە کەسایەتی و بەرزە فربووە ، چاوی لە نانی راتبی رەحمەتی نەبووە ، ساڵی 1912 بۆتە موفتی وساڵی 1919 بۆتە قازیو ساڵی 1924 هەڵبژێردرا بەئەندام لە ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق ساڵی 1913 قوتابخانەی هێناوەتە کۆیە ،داوای لە والی موسڵ کردووە ، قوتابخانە بکاتەوە ،ساڵی 1926 کچی خۆی ناردۆتە قوتابخانە بە تێکەڵاوی کەلەرۆژهەڵاتی

ناوەڕاست نمونەی وانەبووە ، جەنابی مەلای گەورە مەلایەکی هێند باڵاو بەتواناو زانا بووە ،شعری هەیە بەڵام بە شاعیریەکەی هێندە بەناوبانگ نەبووە،دژایەتی شێخەکان و خورافاتی کردووە ، زانست خوازو مەلایەکی پێشکەوتن خوازبوو:

**عـــیـــلـــمـــی تـــەبـــیـــعـــەت عـــیـــلـــمـــی خـــودایـــە**
**قـــالـــەو قـــیـــلـــە لـــەگـــشـــــــــــــت هـــەبـــوایـــە**
**عـــیـــلـــمـــی کـــیـــمـــیـــات گـــــەر نـــەخـــوێـــنـــدوە**
**بـــــەخـــــوای نـــــازانـــــی خـــــوا چـــــی کـــــــــــردووە!**

پێی وابووە:

**بـــەڕیـــشـــی پـــــان و پـــرچـــی پـــڕلـــە ئـەســـــــــپێ**
**بـــنـــاغـــەی ئـیـشـــی کــــــــوردان چـــۆنـــدە چـــەســـپـــێ؟**

لەشیعرێکیدا دەڵێت:

**تـــــەمـــاشـــاکـــــەن چـــیـــایـــان چـــــۆن دەکـــــــــۆڵـــن**
**هـــــەتـــاکـــــەی ئـــێــــوە هـــــــەر بـــــــەرمـــــاڵ بـــــە کـــۆڵـــن**

جەنابی مەلای گەورە هەر لە کۆیەو چنارۆک ژیاوە :بۆیە کۆیەی زۆر پێخۆش بووە لە شیعرێکدا بەسەر کۆیە هەڵدەڵێ:

**ئـــــــەوەنـــــــدەم شـــــــاری کـــۆیـــیـــە لا عـــــەزیـــــزە**
**بـــــــــــەدوڕو لــــەعـــلـــی نـــــــــادەم ورتـــــکـــــە بـــــــەردی**
**لـــــــە دونـــــــیـــــــادا چ شـــــــار نـــــاگـــــاتـــــە کـــۆیـــە**
**بـــــــەڕوبــــــــاروبــــــــەدەشـــــــتـــــــو کـــــێـــــو گـــــــردی**
**هـــــــەواکـــــــەی خـــــۆشــــە ئـــــــاوی ســـــافـــــی خـــۆشـــی**
**بـــــەعـــــەیـــــنـــــی (جـــــنـــــە الـــــخـــــلـــــد)ە لـــــــەعـــــــەردی:**

ئەو زات و بلیمەتە بەژانی گەدە لە 1943/10/12 ماڵئاوایی کرد ، لەسەرە مەرگ گووتبوی (بە دوعاو ویداعێکی ئەبەدی):لە ڕاستیدا جەنابی مەلای گەورە تا ئێستاش بۆشایی پڕ نەبۆتەوەو دیارە، بۆیە بەجەستە مردووە، بەڵام بە ئاکارو روح هەر زیندووە!!ئەو بنەماڵەیەش لە مەلای گەورەوە مەلایەتیان کۆتایی پێ هێنا!



خوشکه فریشته - خدیجه مستەفا

# فریشتەی شیعرو تێکۆشان

(له بێشه بێته دەر شێر ،چ مێ بێ چ نێر) لەو شێره ژنانەی هەیبه سوڵتان ،لەو شۆره سوارانەی گۆرەپانی تێکۆشان،تەواری چیاو گوڵی باخه ،خەدیجه خانی مستەفاغا ،ناسراوه به فریشته ،بەراستی پەری بەهەشته ، له شاری کۆیه ساڵی 1926،خودا کچێکی بەخشی و پێشکەش ، ئەو تەواره ، ئەو ئافرەته نازداره،خوشکی شاعیران(شارەزا)و (دلزار)ه، له خەبات بووه هەمیشه و بێ ووچان، گوڵ وەنەوشەی باخی شەمەو ئۆمەر خووچان ،بۆته سەرگوڵ و سەرکاروانچی کچان،شاعیرو شوعی و تێکۆشەر،ژیرو بەباوەرو کۆڵنەدەر ،پەی به خەبات و سیاسەت و شیعر بردوه،(نه حەرفی مەکتەبێکی خوێندووه، نه ئوستادێ پەلی گرتوه،سەرف بەرزی زەکا)،روو له شیعرو تێکۆشانی دەکا ، ئافرەتێک به ئافراندن و ئافەرین ،بیرو بەرچاو فراوان و بەرین،خوشکه فریشته خەدیجه خان،پەری شیعرو خان ومان ،ژیانی بۆ شیعرو تێکۆشان ،کردۆتەوه تەرخان، بیری نەکردۆتەوه له ماڵ مێردو زێر،هەر شوعی و تێکۆشەرو شۆرشگێر، بەهۆی براکانی باوک و نەنک و باپیرانی ،دیاره شعریان له کۆیەو شاعیرانی، نەنکه سوراحی کچی حاجی بەکرئاغای قاصد خوشکی ئەمینا غای ئەختەر بووه ، که دەکاته نەنکی فریشتەخان ، نەنکه سوراحی گوڵی دیوەخان، ئاغاژن و شۆرەژن و خانەدان ، شارەزای شیعر و شاعیر بووه،پزیشکێکی میللی و ژیر بووه، ئەو ژینگەو کەشه شاعیریەی دەوروپشته ، کاری گەری هەبووه لەسەر شاعیریەتی فریشته ، ساڵی 1943 شیعری داناوه ، هەوێن و سرۆشانی جۆشاوه ، پێنج خشتەکیەکی لەسەر دێرو شیعرێکی (حمەی ملا حوسێنی بەرگ درو)دارشتووه بەو شێوەیه:

**سـەیـری کـەن ئـەو دوژمـنـانـەی ڕوبـــەڕوی مـــرۆڤ دەچـــن!**

**چـەنـد تـەریـقـن دەبـنـە قـەتـریٚ ئـاو بـەخـاکـا دائـەچـن**
**چـونـکـە هــەر خـۆیـان دەزانـــن چـەنـد خـەتـابـارو کەچن**
**خـائـیـنـان ئـەمــڕۆ بــەجــاریٚ شـــەرمـــەزارو مـل کـەچـن**
**قــوڕ بـەسـەریـان جـا لـە چنگ میللەت لـە بـۆ کـویٚ دەردەچــن**

فریشتەی شاعیر ئافرەتێکی ئاشتیخوازو کۆتری ئاشتی بووە لە ساڵی 1958 دا گوتویەتی ئاشتیم دەویٚ:

**ئــاشــتــیــخــوازم ئــاشـــتــیــم دەویٚ**
**ســـەرفــرازم ئــاشــتــیــم دەویٚ**
**تــێــکــۆشــەرم ئــاشـــتــیــم دەویٚ**
**دژی شـــەڕم ئــاشــتــیــم دەویٚ**
**ڕاســـت بـــێـــژم ئــاشــتــیــم دەویٚ**
**نـــاحـــەق نـــێـــژم ئــاشــتــیــم دەویٚ**
**شـــەڕ نـــا پـــەســنــو بـــێ دادە**
**دوژمـــنـــی ئـــادەمـــیـــزادە!**
**شـــەڕ فـــرۆش بـــابـــۆت دەرکـــەویٚ**
**شـــەقــیــش بـــەری ئــاشــتــیــم دەویٚ!**

ژیانی تێکۆشانی خوشکە فریشتە ، ساڵ1948ە،پەیوەندی بە بزوتنەوەی رز گاری خوازی نیشتمانییەوە بووە ،ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە بزوتنەوەی ئافرەتان ، ئەوەندە گەڕاوە دەوڵەتان،لە 1959/6/1 بۆ ماوەی دوو مانگ لەسەر بانگهێشتی یەکێتی ئافرەتانی گشتی چین بۆ کۆماری چینی میللی چووە، وەک نوێنەری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ،لە گەڵ کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق کە پێنج ئافرەتی عەرەب خۆیو ئافرەتێکی کورد بەناوی (ناجیە عزیز)!فریشتە خان بە جل و بە گی ئاڵاو واڵای کوردیەوە ، بە خشڵو سەرتاس و پل پلەی زێڕو سێ لوولەو گۆبەرەوە،بەشداریان لە کۆنگرەی ئافرەتانی چین کردووە ، ئەو دوو ئافرەتەی کوردە لە نزیک پێشەوا(شوئین لای)دانیشتبوون،پێی سەرسام بووین، گوتیان کوردین لە نەتەوەی عەرەب جیاوازین، فریشتەی شاعیر لەوی ئەو شیعرەی خوێندۆتەوە:

**ئــەم ڕۆژە چ ڕۆژێــکــە دوو ســەد جـەژنـی بـێ بـە قـوربـان**

**نەورۆزی گەلە چواردەی تەمووزە برایان!**
**بۆ هەر کوێ ئە چی خوتبەی شێرانە لە مەیدان**
**هاوارە لەهەر لاوە بەدەم پڕ بە دڵ و گیان**
**ئەم ڕۆژەیە ڕۆژی فەرەحو شادی خەندان**
**ئەو ڕۆژەیە دەشکێنێت هەموو بەندو کەلەپچان!**

ئەو دوو ئافرەتە کوردە (بەجل و بەر گی کوردیەوە هێندە بەرچاو جوان و جێی سەرنج بوون کامێرای چاویان نەتروکاوە،بەسەرسامیەوە تێان ڕوانیون،کەلەپورو کەلتوری کوردیان پێناساندوون و تەنانەت چێشتی یاپراخیان بۆ لێناوون‌و پێ یان عافێت کردوون، ئەوەی سەیرە هەردوو ئافرەتی کورد بوین لەسەر شێوەو ناوەڕۆکی وتارەکە ناکۆک بوین ،پەستی و مشت و مڕو دڵگیریان بوە،سەرەنجام ڕێکەوتون پێکهاتوون ،ووتارەکەیان دەستکاری کردووە ، ناجیە عزیز وتارەکەی خوێندۆتەوە، لە هۆڵی کۆنگرە ئاگری کردۆتەوە، باسی ناوداری کورد و ئافرەتانی دیارو شۆڕشەکانی کوردی تێدا کردبوو!!
فریشتەی شاعیر ئەو گەشتەی لە شیعرێکی جواندا هۆندۆتەوە بە ناوی:

## چیم دی لە چین

**چیم دی لە چین، چیم دی لە چین**
**چیم دی لە سەرچاوەی زانیین**
**دەشتی سەوزو پان و بەرین**
**دۆڵ و گرد دارستانی شین**
**کشتوکاڵ ،بێستانی ڕەنگین**
**ئافرەتانی باوەڕ بە تین**
**سەربەرزن وسەربەست دەژین**
**لەکارخانە ،جاتی چنین**
**شان بەشانی پیاوان دەژین**
**لە تێکۆشان و ڕاپەڕین**
**لە پاراستنی خاکی چین**
**ژن پۆلیسن لە جادەکان**


**وەزیر،نوێنەر،لەپەرلەمان**
**ئیش کەرن سەربازی دەوڵەت**
**مووچە خۆرن لە حکومەت**
**لەبەر دەکەن پۆشاکی پیاو**
**تەماشا دەکرێن بەیەک چاو**
**لەناو پەرێز لە پاوان**
**درویێنە ئەکەن بێوچان**
**بێماندوو بوون و بێراوەستان**
**زۆر ڕووخۆشن لەگەڵ میوان**
**شیرین گوفتار ،کردەوە جوان**

ئەو گەشتە ، لەو سەردەمە پڕ بایەخ بوە،بەتایبەتی بەرامبەر(شوئین لای)سەرۆک وەزیران و (لیۆ شاوشی)جێگری پێشەوای چین دوو ئافرەت بە جلکو بەر گی کوردی بەشاییو بەهەڵپەرکێو خواردنی کوردەواری ، وتاری سیاسی ،سەرنجی گەورە دەسەڵاتدارنی چینی ڕاکێشاوە،
فریشتەی شاعیرو شوعی تێکۆشەر ،ئافرەتێکە هاوشانی خانزادو قەدەم خێرو حەپسەخانی نەقیب و ڕەوشەن بەدرخان هتد لە ساڵی 1947 لە شیعرێکیدا کە پڕ لە ئامۆژ گاریو ڕێنمایەیە بەناوی (خوشکینە):

**خوشکینە بەسیە غەمو پەژارە**
**وەرنە کۆڕی ژین ئازاو بەکارە**
**بڕۆن بۆ مەکتەب هەروەکو لاوان**
**هەرچی بخوێنێ ئەو پایەدارە**
**هەستن لە خەوی غەفڵەت ڕاپەڕن**
**هەتاکەی نوستن ،عالەم هۆشیارە**
**ئێوەش بڕوانە کچی ئەوروپا**
**کە چۆن خەریکی ئیش و کردارە**
**بۆچی دواکەوتون لە کاروانی ژین**
**بۆچی ژیانتان ، واناڵەبارە**
**عالەم بەجارێ مەستی سەربەستین**

**بـــــــۆچ بـــەشـــی ئـــــێــــوەش جــــــــەورو ئـــــــازارە**
**ئـــــــیـــــتـــــــر پـــــــێـــــــشـــــــکـــــــەون.**
**تـــــــاکـــــــــو ســـــــــــــەرکـــــــــــەون.**

فریشتەی شاعیرو شۆڕگێڕ، گوڵێکی گەشە لە ئێخەی شاخ و باخی کوردستان. شێرە ژنێکی ئازاو بەورەیە لە گۆڕەپانی شوعیەت و تێکۆشان.


شۆڕش حاجی

# نامەیەک لە نێوان
# جۆن میجەر و شۆڕش حاجی دا


شۆڕش حاجی یەک لەو تێکۆشەرو ڕەوشەنبیرانەیە ، لە 1958/10/25 لە بنەماڵەیەکی ڕێزدارو کورد پەروەر لە شاری کۆیە لە دایک بووە ، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی و دواناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە لە زانکۆی موسڵ کۆلیژی ئەندازیاری بەکالۆریۆسی وەرگرتوە ،لەسەرەتای شۆڕشی نوێوە لەگەڵ ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کاری کردووە، لە1980/2/18 پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە ،جۆرەها لێپرسراوەتی بینیوە !ژیان و خەباتی پێشمەرگایەتی زۆربەی لە دەشتی کۆیە بووە ،لە ڕۆژگارە سەخت و ڕەشەکان درێژەی بە خەبات و پێشمەرگایەتی داوە، جوتیارو خەڵکی دەشتی کۆیەو تەق تەق بە مامۆستا شۆڕش ناوی دەهێنن، گوند نی یە لە دەشتی کۆیەو دەم زێ‌و دەوربەری تەق تەق ووتاری سیاسی لێنەدابێت و کۆبونەوەی هۆشیاری پێنەکردبێت!تێکۆشەرێکی بە ویژدان و هۆشیار ،بەبیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەو هاوچەرخەوە ڕەفتاری کردووە، خۆشەویست ، کۆمەڵایەتی ،ڕووناکبیر ،کادیرێکی بە تواناو قسە زان، باوکیشی حاجی ڕەسول خەبات گێڕو کورد پەروەر لێپرسراوی ناوچەی پارتی بووە، دایک و باوکی ئامۆزان ،مام عومەر دەبابە مامیان بووە،دایکە کوڵنەدەرو جگەرسۆزەکەی لە ڕۆژانی دژوار بە پەرۆشەوە لەو شاخ و لەو دەشت بە دوو کورەکەیەوە بوو ،بۆ دیداری و خۆشەویستی بەمەنجەڵی خواردنەوە بە ڕێگای پرمەترسی سەردانی کورەکەی کردووە، لەسەر کۆمەڵەو ڕێکخستنی(هاوار)ی برای شۆڕش حاجی دەگیرێت،لەو بارودۆخە ناخۆشە حاجی ڕەسول لە ماڵی خۆی دۆشەگێکی نەرم ڕادەخاو لەسەری ڕادەکشێت ،دایکی کورەکان


(شۆڕش و هاوار) واتا خێزانی حاجی ڕەسول پڕی دەداتێو دەڵێت چۆن دڵت دێت و ویژدانت پەسندی دەکات لەسەردۆشەگی نەرم دانیشی ،کوڕێکم لە زیندانی بەعسە لە ژێر ئەشکەنجەو لێدان لەسەر عەردی ڕەقە ،کوڕێکیشم لە شاخ و پێشمەرگایەتی لەسەر بەردی ڕەقە !!نموونەی میهرەبانیە دەنا چ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ!! پەیوەندی بەیەکەوە نی یە !.شۆڕش حاجی بابەتی کۆمەڵایەتیو نەریتی کوردەواریو دابی شارستانیەت و ململانێی هەرس دەکردو دەگونجا لەسەرجەم بوارو ڕۆژگارەکانی ژیان!لە 1985/12/10 کچە پێشمەرگەیەکی خواستووەو چۆتە هێلانەی هاوسەری، لە ژێر تۆپ باران و بۆمبا ئاهەنگی ژن گواستنەوەو مانگی هەنگوینی کردووە 1990 چۆتە لەندەن و 1992 دیبلۆمی لە کۆمپیوتەر بەدەست هێناوە ،لە 1992/12/22 تا 1994/8/20 لە ئەمریکا لەگەڵ ڕێکخراوی(هیومەن رایتس ووۆچ)وەک لێکۆڵەرەوە کاری کردووە، لەسەربەڵگە نامەکانی بەعس !لە 1995/8/25 ماجستەری لەسەر (سەرچاوەکانی ئاو )وەرگرتوە لە زانکۆی (سیتی)بە پلەی زۆرباش ،لە 1996/7/2 دیبلۆمی باڵای لە خوێندنی باڵا لە زانکۆی(گرینج) بەدەست هێناوە!لە 1996/9/19 مامۆستای کۆلێژی ئەندازیاریە لە لەندەن و خوێندکاری دکتۆرایە ئێستا !شۆڕش حاجی نوسەر ،لێکۆڵەرەوە ،پێشمەرگە، تێکۆشەر، بنەماڵە ،زمان زان ،کەسایەتی،کۆمەڵایەتی ،سادە،بەوەفا ،ڕووناکبیر،خاوەن بروانامە ،ژیرو هۆشیار ،چی ڕەوشتی جوان و باش هەیە لێ ی کۆبۆتەوە ،فریشتەی سەرشانی مرۆڤایەتی یە ،هاوسەنگەرو هاورێبازی پێشمەرگایەتیم بووە،دەهێنێ وەک خۆی باسی بکرێت ،جا کرۆکی مەبەست!لە کۆرەوەکە ،کە هەموو کورد لێ ی قەوما!

ـ ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی بەریتانی (چارلز ویلەر) لە دایکو باوکێکی ئینگلیز لە ئەلمانیا لە دایک بووە لەساڵی 1923 بە تەمەنی 85 ساڵی کۆچی دوای کردووە، (چارلز دیلەر) یەکێک لە شەرەکانی مانگی نیسانی 1991 یەک لە چیاکانی کوردستان کە پربوو لەو خێزانە ئاوارانەی لەدەست زوڵمی سەدام هەڵاتبوون! ژنێکی کوردی دۆزی بۆوە کە کەمێک ئینگلیزی دەزانی، قسەکانی ئەو ژنە وەک گوللە وابوون لە کاتێکدا هەوڵی دەدا لەگەلی گوتبووی (ئەمریکا پشتی گەلی کوردی بەرداو بەتەنیا بەرەو ڕووی سەدامی کردەوە بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خەڵکی کورد بکوژرێو دەربەدەری بکات، لە ترسی سەدام هەڵاتووین، بۆچی دونیا گەلی کوردی لە بەردەم جەلادێکی وەک سەدام بەجێ هێش تی ن) دوایی گوتبووی ((ئێمەش وەک ئێوە مرۆڤین)) پاش پەخشکردنی ئەو دیدارە، جیهانی وروژاندو هەژاند، کاریگەری خستەسەر جۆن میجەر پرۆژەی ن ەواو ئارامی بۆ کوردستانی عێراق داناو لەلایەن ئەمریکیەکانەوە پەسەند کرا، جۆن مێجەر سەرەک وەزیرانی ئەوسای بەریتانیا پێشنیازی پشتیوانی کوردی کرد بە دانانی بنکەی (ئەنجەرلیک) پرۆژەی نەوای ئارام، وای لێهات کورد پشوی ئازادی بدات و حکومەتی هەرێم و پەرلەمان پێک بهێنێو ئەژدەها مرۆڤ خۆرەکەی بەغداش(سەدام حوسێن) ئەودەم لەسەر تەختی خوێنکاری بوو!سەرەنجام جۆن مێجەر لە هەڵبژاردن و کەش وهەوای

دیموکراتی بەریتانیا دەرنەچووا!شۆڕش حاجی داوا لەسەرکردەو دەسەڵات دارانی کورد دەکات !نیگەرانی خۆیان دەربڕن به نامەو نوسراو به بۆنەی دەرنەچونی!پوختە گوێی لێ ڕاناگیرێت !ناچار خۆی وەک کوردێک ،تێکۆشەرێک ،بەوەفایەک،نامەیەکی شایسته ئاراستەی جۆن مێجەر دەکات دەنوسێت گەلی کورد گەلێکی وەفادارە چاکەو پیاوەتیومرۆڤایەتی تۆ له بیر ناکات!بۆیه نیگەرانه به دەرنەچونت،

بێگومان جۆن مێجەر زۆر خۆشحاڵ بووه ،جگه لەو نامه ڕەسمیو نوسراوەی به تایپ، بەدەست خەتی خۆی وەرامی شۆڕش حاجی دەداتەوە ،دەقی نامەکە به ئینگلیزیو وەرگێڕاو بەکوردی وەک بەڵگە نامه لەبەر دەستدایه!باخوێنەر سەرپشک بێت لێک دانەوەی ناوێت،بادادوەر بێت لەو بەڵگە مێژوویی یه،تێبینی هەر ئەوەیه مستەر ڕەسول نازناوی شۆڕش حاجی یه ،له دەرەوه گە. یەکێک نازناوی نەبێت ناوی باپیری دەبێته نازناو: ئەمەش دەقەکەیەتی:





دەقی نامه ئینگلیزیەکە بەکوردی

لەسەرۆکی ئۆپۆزسیونەوە

- پەرلەمان —

لندن مایسی ١٩٩٧

ئەزیزیەتتان خوارە کەئاوا بەسۆزەوە نامەت بۆ نوسیبوین.

من ونۆرما نامەیەکی یەکجار زۆری پیشگیریمان پێ گەیشت.

ووشە بەسۆزەکانت وهیوای سەرکەوتنت کەبۆ خواستبوین زۆر جێگای سوپاس وستایشە.

شەرەف وشانازی یەکی زۆر گەورە بوو کەوەك سەرۆك وەزیران خزمەت بکەم. لەکاتێکدا کەمن دەگەڕێمەوە بۆ کورسی یەکانی پشتەوە لەپەرلەماندا ، من هەمیشە پشتیوانی لەکارە چاکەکانی حکومەت دەکەم وزۆر بەتوندیش دژی ئەو سیاسەتانەی حکومەت دەکەم کەخزمەتی وولاتەکەمان نەکات.

زۆر دڵشاد بووم کەنامەت بۆ نوسیوم.

لەگەڵ گەرمترین هیوای سەرکەوتن .

دڵسۆزتان

جۆن مێجەر

هیوادارم بمانبوری لەوەی کەئەو بەشەی سەرەوە نامەیەکی ئاسایی و ڕەسمی یە. بەنیازبووم زۆر زووتر وەڵامی ئەو نامە تایبەتی وبەسۆزە بدەمەوە. بەڵام ئەو هەموو نامە زۆرەی بۆم هاتبوو ڕێ ی ئەوەی لێ گرتبوم کەبەتایبەتی وەڵامت بدەمەوە

هیوادارم کەتەقدیری وەزعی ئێمە بکەی ودووبارە سوپاست دەکەم بۆ هەموو ئەوانەی نوسیبوت.


عبدالخالق قوتب

# مامۆستا عەبدولخالّق قوتب
# دانەری ئاوازی ئەی رەقیب

کەسایەتی خزمەتگوزارو هۆشیارو ناو بزر، مامۆستایەکی بەتواناو ژیرو خاوەن هزر(مامۆستا عبدالخالق قوتب) نیشان، رەسەن زادەو رێزدارو شایان، لەساڵی 1905 لە کۆیە لە دایک بووە، لەگەڵ دڵداری شاعیر خزم و نزیک بووە، لای مەلا سەعد لە سوختەخانە، دوایی چۆتە قوتابخانە، سوختەیی و سەرەتایی لە کۆیە خوێندووە، خانەی مامۆستایانی لە کەرکوک تەواو کردووە، بۆیەکەمجار لە ساڵی 1925 لە بەسرە دامەزراوە بە مامۆستا! دوایی داوایان کردووە و گەڕاوەتەوە کۆیە، کە هاتۆتەوە لەسەر ڕێگای گوندی شیلەو کانی قەرە لە کۆیە جەنابی مەلای گەورە و جمیل ئاغای حەوێزی قایمقامی ئەو دەمی کۆیە و عبدالرحمان شەرەف بەڕێوەبەری قوتابخانە بووە لەگەڵ ئاپۆرەیەکی خەڵک لە پێشوازی دابووین. ئەو رێزدارو ئازیزە لە کۆیە، خۆشەویست و کەسایەتی بووە بۆیە ، بەو شێوازە پێشوازی لێکراوە، شایستە بووە بۆیە رێزی لێنراوە، بە مامۆستایەتی گەڕاوەتەوە، لەشاری خۆی حەساوەتەوە، لە ساڵی 1930-1932 بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئولابووە ، لە کۆیە چالاکی هونەری هەبووە نواندنی (کچی کوردستان) ی رێکخستووە (کورد چیەتی) کردووە، ئەو دەم بە کوردایەتیان وا گووتووە، مامۆستای (کاکە زیاد ئاغای غەفوری و مستەفا خۆشناوو نافیز جەلال و مسعود محەمەد و بەکر ئاغای حەوێزی و عەلی عەبدوڵڵاو نەجیبەخانی کچی مەلای گەورەو یونس رەئوف دڵدارو عومەر جەلال و مەجید شێخ نوری و چەندین ناوداریی دیکە بووە)!

دوایی گواستراوەتەوە بۆتە بەڕێوەبەری فەرمانگەی (ئینحساری توتن) لە کەرکوک و بەسرەو ئەوجا

هاتۆتە سلیمانی لە ساڵانی 1947-1957 لە سلیمانی ژیاوە، لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکەی سلیمانی ئاشنایەتی و تێکەڵاوی هەبووە، ناسراو بووە سەرسام بووین بە هەڵوێستو ئاکاری، بەخۆشەویستی و ڕێزداری، هەرچەندە دوور کەوتۆتەوە و لە کۆیە بەڵام لەگەڵ خەڵکی کۆیە دانەبڕاوە، دۆستایەتی بەهێزی لەگەڵ کاکە زیاد ئاغا غەفوری و عارف ڕەشید سەقاو مەسعود محەمەدو عبدالرزاق بیمارو (سەمەد بەنا)و(محەمەد بەکر بەنا)و لەگەڵ ناوداران هەبووە! زۆر سەرسام بووە بەدەنگی تایەر تۆفیقی نەمر حەزی زۆر لە مەقام و دەنگی بووە، بە بیرو یادگارو خەیاڵ هەر لە کۆیە بووە گەرچی بەجەستە لەوێ نەبووە، ساڵی 2001 مامۆستا محەمەد دارپاس لە بەغدا سەردانی کردووە و بە دیداری شاد بووە بۆیە لە گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی ژمارە(5) ئاداری 2001) دیمانەکەی بڵاوی کردۆتەوە و نوسیویەتی : مامۆستا فەرمووی: ( من کۆیەی وەفاو زانست و ناوداران قەت لە بیر ناکەم، کۆیە شاری خۆمە من منداڵی کۆیەم لە کۆیە گەورە بووم و ئێستاش بەو هەوایە دەژیم کە لە کۆیەوە دێ)
مامۆستا عبدالخالق قوتب زاوای مامۆستای ناودار رفیق خادم سجادە بووە سێ کوڕو سێ کچی هەبووە، لە ڕۆژی 2002/6/12 لە تەمەنی 97 ساڵی گیانی پاکی سپاردووە لە بەغدا.
ئەوەی پێویستە مامۆستا عبدالخالق قوتب ئەستێرەیەک بووە لە پێشەنگی هونەرو هونەرمەندانی کورد، تا ئێستا وەک پێویست نازانن، ئەو مامۆستا گومناوە دانەری ئاوازی (ئەی ڕەقیب) بووە، زۆر جار باسی شێخ حسین بەرزنجی و ڕەفیق چالاک کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا مامۆستا عبدالخالق قوتب ئاوازی بۆ (ئەی ڕەقیب) داناوە، چەند بەڵگەیەک ئەو ڕاستییە ڕوناک دەکەنەوە، لە دەستنوسێکی مامۆستای نەمرو ناودار محەمەد رسول هاوار بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا عبدالخالق قوتب لە لەندەن لە 2002/7/24 نوسیویەتی ، ئەو دەستنوسە لای کاک شەوکەتی سەیدەلیە لە سلیمانی و هەم زاوای مامۆستا عبدالخالق قوتبە تەنانەت نامە دەستنوسەکەش بۆ کۆپی کردم و زانیاری دیکەشی پێداوم و سوپاسی دەکەم، دەقی دەستنوسەکەی مامۆستای نەمرو مێژوونوس مەحەمەد رسول هاوار بەو شێوەیە: ئەوەی شایەنی باسە . کاک عبدالخالق لە باوکەوە لە بنەماڵەی(قوتب) ناسراوە لە شاری کەرکوک بەڵام خۆی لە شاری کۆیسنجق لە دایک بووە، دایکی ئامۆزای (یونس ڕەئوف —دڵدار) ی شاعیری ناسراوو خاوەنی شیعری (ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زبان) کە ئێستە بووە بە مارسلیزی کورد جارێک (نوری شاوەیس )بۆی باس کردم کە کاتی خۆی ئەو ئاوازەی بۆ ئەم شیعرە داناوە.
دیارە مامۆستای نەمر (هاوار) جێی باوەڕو مێژونوسێکی ئەمینە خاوەنی کتێبی شێخ مەحمودی نەمرو سمکۆی شکاکە، کە بەهایەکی مێژوویان هەیە!
سەرچاوەی دیکەش ئاماژە بە مامۆستا عبدالخالق قوتب دەدەن کە دانەری ئاوازی (ئەی ڕەقیبە)! هەروەک مامۆستا سۆران مەحوی لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە84-ئابی 2007 نوسینێکی ڕێک و پێک

و تێرو تەسەل و چڕو پڕی لەسەر نوسیوە لەسەر هەڵوێست و کەسایەتی دواوە بە ناونیشانی (ئەو مامۆستایەی ئاوازی سرودی ئەی رەقیب)ی داناوە.... مامۆستا عبدالخالق قوتب کۆیە 1905 بەغد 2002/6/12.

لە پارچەو کۆپلەیەکی نوسینەکەیدا نوسیویەتی:مامۆستایان(محەمەد خدری تاپۆو نوری شاوەیس گووتویانە ئەو سرودە بەرزە مامۆستا عبدالخالق قوتب کە پیاوێکی گەورەی کورد بووە ئەو دانەری ئاوازی (ئەی رەقیب)بووە خۆشی مامۆستا قوتب و مامۆستادڵدار تا لە ژیاندا مابوون ئەو راستیە یان بە گوێی خەڵکی دا داوە.

گومانی تێدا نیە دایکی دڵداری نەمر ئامۆزای مامۆستا عبدالخالق بووە ، مامۆستا عبدالخالق قوتب دایکی دڵداری بەدایە ناو هێناوە چونکە شیری ئەوی مژیوە، دەکاتە برای شیری یەکتر لەگەڵ دڵدار جگە لەوەش مامۆستایدڵداربووە، دڵداری نەمر لە بیرەوەریەکانیدا باسی کردووە، دیاریشە شیعری ئەی رەقیب هی دڵدار بووە چونکە بەگەنجی جوانەمەرگ بووە، بەئاشکرا باسی کراوە شیعرەکەی هی دڵدارە، بەلام لەبەر زوڵم و زۆرداری داگیر کەران نەتواندراوە بە وردی بەداچوونی بۆ بکەن بڵێن ئاوازەکەی هی مامۆستا عبدالخالق قوتبە! لە سنورێکی تەسک ونهێنیدا ماوەتەوە! ئەو ئاوازە بەسۆزو کارگەرو هەژێنەرە، کە رەهەندێکی شۆڕشگێرانەهەبووە، جۆش و خرۆشی بەکوردایەتی داوە مامۆستا عبدالخالق قوتب دانەری ئاوازی ئەی رەقیبە.

هەقە هەقی خۆی بدرێتێ و گوماناوی نەبێ ومۆرک و موڵکی دانەری ئاواز بناسرێتەوە، ناوی بهێندرێت و بزاندرێت....



سەید برایم بەرزنجی



مامۆستا سدیق سادق

# هەڵوێستێکی بوێرانەو شیعرێکی یادگاری بەندیخانە

مامۆستای تێکۆشەرو کورد پەروەر ،کوردێکی بە هەڵوێست کۆڵنەدەر ،مامۆستا سدیق مەلا صادق مەلا ئەحمەد ،لە بنەماڵەیەکی دیندارو مەلا زادەو باخەبەر لەساڵی 1933 لە گەڕەکی بایزاغای شاری کۆیە ڕێگای ژیانی گرتۆتەبەر ،لەشاری کۆیە لە زاگ و زێدی خۆی ،سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندی تەواو کردووە،ساڵی 1958 بڕوانامەی(دار المعلمین عالی)وەر گرتووە ،ساڵی 1959 لە کۆلیژی سەربازی یەدەک دەرچووە، بۆتە ئەفسەر ،بە ئەفسەری وەک دڵسۆزی پارتی و دۆست، لەڕێگەی گرتک و ڕۆست، بەشداری کردووە لە دامرکاندنەوەی جوڵانەوەی شێخ ڕەشیدی لۆلان لە ناوچەی برادۆست لەساڵی 1961 بۆتە مامۆستا لە ناوەندی کۆیە ،هەر ئەو ساڵە هەڵبژێردراوە بە لێپرسراوی لێژنەی ناوچەی کۆیەی (پ.د.ک)،ساڵی 1958 سەرۆکی وەفدی کۆیە بووە بۆ پیرۆزبایی لە زەعیم عبدالکریم قاسم بە بۆنەی سەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەمموز و دامەزراندنی کۆماری عێراق، یەک لە شاکارو شانازیەکانی مامۆستا صدیق صادق، لە کۆنگرەی مامۆستایان لەبەغدا بەرامبەر (عبدالکریم قاسم) هەڵوێستێکی جوامێرانەی نواندووە ،لەناو کوردو پارتی دەنگی داوەتەوە ،لە کۆنگرەی دووەمی مامۆستایان لە بەغدا، لەکۆبونەوەی یەکەمی کۆنگرەکە زەعیم عبدالکریم قاسم ئامادە دەبێت ،سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە لە ڕۆژنامەی (الحریە)وتارێکی ڕەگەزپەرستانەی نوسەری شۆڤینی (کلوفیوس مقصود) بڵاوکرابۆوە،بەناونیشانی (حل المسالە الاقلیات القومیە فی **الوطن** العربی)

له ووتارەکەیدا نوسرابوو (باشترین چارەسەرکردن بۆ کێشەی کەمە نەتەوەکان لە نیشتمانی عەرەبدا ئەوەیە کە بیانتوێنێتەوە لە ناو قەوارەی نەتەوەی عەرەبدا) مەبەستی تواندنەوەی کوردو تورکمان و ئەرمەن و ئاسوری بوو (کلوفیوس مقصود) نوسەرێکی رەگەزپەرستی لوبنانی بوو ،نوێنەری لوبنان لەبارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان لە نیۆرک ،زەعیم عبدالکریم قاسم خۆی بە دیموکراتخواز نیشان دەدا ،مامۆستا صدیق صادق لە هۆلی شەعب لە بەغدا وەک نەرە شێر نەراندی ،رۆژنامەی (الحریە) ی بەرزکردەوە ، گووتی:سەرۆک ،ئەو رۆژنامەیە لەسەردەمی فەرمانرەوایی لەبەغدا دەرچووە ،ووتارێکی تێدایە داوای تواندنەوەی نەتەوەی کورد دەکات!ووتارەکەی هەندێک خوێندبۆوە،ئەندامانی کۆنگرە زۆربەی لەبابەتی (کلوفیوس مقصود)بوون،دەیکەنە هەراو هۆریاو فیتە فیت و هاوارکردنی ناشیرین ،عبدالکریم قاسم داوای لێدەکات بێتە وەزارەتی بەرگری،بەڵام مامۆستا صدیق صادق کۆڵ ناداو هەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت :سەرۆکی خۆشەویست میللەتی کورد لەسەر زەوی خۆی دەژی کە پێی دەڵێن کوردستان ،زەوی کەسی داگیر نەکردووەکوردستان موڵکی باب وباپیرو ئەژدادی کوردانە،پێش ئەوەی ئاینی ئیسلام بڵاو بکرێتەوە ،پێش هاتنی عەرەب لە دوور گەی عەرەبیەوە بۆ عێراق کورد لەسەر ئەو خاکە ژیاوە ،کورد میللەتێکی ئازاو ئاشتی خوازە ،کوردەکان بەسەرۆکایەتی سەلاحەدینی ئەیوبی وولاتی عەرەبیان لە چنگی بێگانە پاراست ،نەیان هێشت خاچ پەرستەکان فەلەستین داگیر بکەن ،ئەی سەرۆک چۆن بەرەوای دەبینن لە ژێر حوکمی ئێوە ،لە عێراق ئەم جۆرە بیروباوەرە ناراست و ناشیرینانە لە رۆژنامەی (الحریە) دابلاوبکرێتەوە !ناچار عبدالکریم قاسم هاتە گۆو گووتی:وشەی کورد لە ووشەی گورد هاتووە ، واتا ئازا ،کورد لەسەردەمی سەنحاریب و ئاشوریەکان ناویان هەبووە ،بونی خۆیان پاراستووە ،کورد لەسەر زەوی خۆیان دەژین...ئەوجا باسی سەلاحەدینی ئەیوبی کردبوو کە چەند ئازایانە وولاتی عەرەبی ئیسلامی پاراستووە ،ئەو گفتوگۆ ووتانە لە رادیۆو تەلەفزیۆن بلاوکرابۆوە ،دەنگ و زایەڵەیەکی وای دایەوە .مامۆستا موعتەسەم عبدالمجیدو جەلال کۆیی کە سەربازو یاریدەدەری عبدالکریم قاسم بوون، مامۆستا صدیق صادق لە هۆلی شەعب دەپارێزن ،ئاگاداری دەبن تا دەگاتەوە بارەگای پارتی لە بەغدا ،لەوێ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو حیلمی عەلی شەریف ماچی دەکەن و پیرۆزبایی لێدەکەن ،هەمان ووتەو ووتار لە رۆژنامەی (خەبات) بلاودەکەنەوە ،ئەو هەلوێست جوامێرانەو دلێرانەی مامۆستا صدیق صادق چی کەمتر نەبووە لە شیعرە بیست و حەوت ساڵەکەی بێکەس کە رووبەروو خوێندیەوە ،مامۆستا صدیق صادق لە ژیانی سیاسیو خەباتی خۆیدا توشی دەردە سەریودوورخراوەیی و دەربەدەری و قوربەسەری بووە ،لەو سالانەی مامۆستا صدیق صادق لێپرسراوی ناوچەی (پ.د.ک) بووە سەید برایمی حاجی سەید سەعیدیش ئەندام ناوچە بووە ،لەسەر خەبات و کوردایەتیو پارتایەتی گیراون ،جارێک ساڵی 1963 لە بەندیخانەی (موسەیب) دەبن ،دیارە زوتر مامۆستا صدیق صادق بەربووە ،داوا لەسەید برایم دەکات چیت پێویستە بۆتی جێ

بەجێ بکەم،دیارە بەندیخانەکە بێ یاتاخ و ڕاخەر بووە ،سەید برایم داوای(بالیف ) سەرینێک دەکات ،مامۆستا صدیق صادق (بالیفە- سەرین)ەکەدەنێرێ بۆی بەڵام هەر لەوێ دوو کەسی گیراوی سیاسی دیکە داوای بالیف دەکەن ،مامۆستا صدیق صادق دەڵێ:بالیفەکەی بۆ سەید برایم گەورەیە و درێژیشە بەشی هەرسێکتان دەکات ،سەید برایم سەیری پێدێت، بەپارچە شیعرێک وەرامی دەداتەوە ،سەید برایم نازناوی (برژاو)و(دەهری) بووە سەردەمێک.
شیعرەکە بەو جۆرەیە:

**لەکەرکوک دەرچووین بۆ خوارو جنوب**
**بەبێ ئیرادەو بێ پرس و مەرغوب**
**پاش شەوو ڕۆژێ چوینە موسەیەب**
**لەترسی لێدان گشتمان موئەدەب**
**زۆری ڕووت و قووت بێ بەرگ و جلک**
**شێواو نارێک گشت پیس و چڵک**
**بێ پۆشی و ئەشیا ،بێ نوێن و پێخەو**
**ئەرزمان ڕایەخ ،بەرد بالیفی شەو**
**کە چوینە ژوورێ ناوبەندی قەڵا**
**زانیمان ئێرە جێی پێشووی سەرا**
**یەکێ هاتەلام هاوشارەکەی خۆم**
**کۆنە مامۆستای ناو شارەکەی کۆم**
**کاک صدیق فەرمووی بە لوتفی بەڕێز**
**بۆتی دەنێرم بالیفێکی درێژ**
**کاتێ بالیف هات کوڵکن و چڵکن**
**بالیفە کۆنەی دیاری ناو سجن**
**هەندەی پێنەچوو یەکێ پەیدابوو**
**کاک صدیق ووتی بابیکا بە دوو**
**لەپاش چەندی دی یەکێکی تر هات**
**گووتی بیکە سێ دوویان بۆ خەڵات**
**گووتم لەیەکێ وابوو بەسێ کەس**
**موتەفەرکی مەلا بۆ شێخیەو بەس**

بـــەچـــاکـــم زانـــــــی وازی لـێـبـێـنـم
عــیــزەتــی نــەفــســم بــە ســـووک نــەشــکـێـنـم
بــالــیــف چ بــالــیــف خـــڕبــــوو وەکــــو گـۆ
بـــت دایــــە بـــەر شـــەق دەچـــــووە شــــاری کـۆ

سەید برایم بەندیخانەی موسەیب1963

مامۆستا صدیق صادق پاش بەربونی مامۆستایەتی کردووە،لە قلعە سکر ،شەقڵاوە ،عەینکاوە ،یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بووە ،ساڵی 1974 بۆتە پێشمەرگە ،لەشۆڕش بۆتە بەڕێوەبەری پەروەردەی گشتی هەولێر لە دەرەبەندی ڕایات ،ماڵی لەشاری مهاباد بووە ،کە گەڕاوەتەوە دوورخراوەتەوە بۆ دیوانیە دوایی گەڕاوەتەوە هەولێر ،ساڵی 1992 دامەزرا بەسەرپەرشتیاری پسپۆڕی کارگێری ،ساڵی 1996 کرا بە ڕاوێژکار لە دیوانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ،لەشەوی2002/1/27 دڵە پڕ جۆشەکەی لە لێدان کەوت ،سێ کوری لە پاش بەجێ ماوە بە ناوی (شێروان ،سامان ،دانا) ،مامۆستا صدیق صادق نەک هەر تێکۆشەرێکی خۆڕاگرو باوەڕ ئاگر بووە بەڵکو نوسەرێکی هەڵکەوتوو بوو،پیاوێکی بە ناوو قسە خۆش و دەرکەتوو بوو ،گیانی پاکی شاد بێ ،گەردنی خۆش و ئازا بێ ، ناوی هەر بمێنێو لە یاد بێ!!



## حەزرەتی حاجی و (جنێو)

حەزرەتی حاجی قادری کۆیی هەر شاعیرێکی نەتەوەیی و کوردایەتی نەبووە،ڕاستە مەزنایەتیو گرنگی حەزرتی حاجی لەودوایە بانگی خەبات و ئازادیوپێشکەوتنی داوە،بەشاعیرێکی قۆناغی نوێی نەتەوەی کورد دەژمێردرێت ڕابەروپێشڕەوی بزوتنەوەی کوردایەتیە،شیعرەکانی نیشانەن بەڵام ئێستاش شیعرەکانی حەزرەتی حاجی دەهێنێ ووردتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت زۆرکەلێن ماوە بەزانستیانە ڕوونەچونەتە ناو ناخی شیعرەکانی بەتەواوی شۆڕنەبووینەتەوە، ڕوون نەکراوەتەوە چونکە هەر شیعری نیشتمانیونەتەوایەتی نیە بەڵکو بابەتی جۆراوجۆری لە شیعردا هەیە هەروەک لە تاراو گەی و نامۆییو ناوهێنانی ئەوروپاو خێڵو شوێنو شارو کەسو شاعیرەکانو تۆپو تفەنگو قەڵەمو پەندی کوردیو زاراوەی کۆیی یانە و باسی ڕۆژنامەو کشتوکاڵو ژیانو مردن .......هتد

هەر بابەتەی دەکرێ لە شیعرەکانی وردبینەوە بەدەر لە شیعرەکانی نیشتمانیوشۆڕشگێرانەی حەزرەتی حاجی بەو نەزاکەتو ناسکیوپر بەئەدەبەی خۆیەوە لە ڕقانوپەرۆشی جنێوی داوە،ووشەی داشۆری بەکارهێناوە دیارە گەیشتۆتە ئێسقانی بە تایبەتی بەرامبەر شێخەکان ڕاستە شێخ ڕەزای تاڵەبانی شۆڕەسواری ئەو بوارەیە حەزرەتی حاجی ئاماژەی بە شیعرێکی شێخ ڕەزا داوە کە دەربارەی کوڕێکی بولغار ووتویەتی :

**موختەسەر خۆشە قسە بردمە مەنزڵگەی هی خۆم**
**گرتم خستم و لێم بردو گونم کرد بە چوار**

لەژێر ئەو شیعرەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی،حەزرەتی حاجی دەبێژێ :

**ماهی بێ میهرم لەدەرگا هاتە ژوور**
**ماتەم و شین و غەمی کردم بە سوور**
**کورت و کرمانجی کە گرتم بە ڕەزا**
**خستم و باقی وەکو بەیتی ڕەزا**

حەزرەتی حاجی چەند جارناوی حەزرەتی نالی هێناوە تەنانەت تورە بووە کە شیعرەکانی لە گەڵ یەک تێکەڵ دەکەن بۆیە دەڵێ :

**بەیتی نالیوبەیتی من گەر تێکەڵی یەکتر دەکەن**
**ئەحمەقی سورەت پەرستو جاهیلی مەعنا نەزان**

حەزرەتی حاجی لە شیعرەکانی دا چەند جار تەرەس وکەروحیزوقەحبەوسەگ وگاو گەواد و لۆتی وخوێڕی و تروسمتی بەکارهێناوە تەنانەت شیخ نەبی بە (کەرنەبی) ناوبردووە،ئەو شیعرانەی (سەگ وکەروماکەر)ی تێدا بەکارهێناوە وەک جنێو :

**ئەوسەگانەی کە لای ئێمە وەزیرو وکەلان**
**بێنە لای تۆ بە خودا نایکەیە گاوانو شوان**
**ئەمە کەرمیزە دەڵێن واریسی شەرعی نەبەوین**
**هەموو عەبدی صەنەمن ، باسی مەکە گەورەکەیان**
**هەر ئەدیبێک بووە ساخوا لە دەمی ناوە بڵێ:**
**دەوڵەتی داوە بەکەر، نیعمەتی داوە بە سەگان.**

**لە شیعری حاکمو میرەکانی کوردستان دەڵێت:**
**میللەتیش هێندە کەرن وەکو جاران**

**دەســـتـــيـــان مـــاچ دەكـــــەن دەڵـــيـــن قـــوربـــان**
**گـــــەر لــــە ســــەحـــرا مـــــەلا نـــەمـــردايـــە**
**گـــورگـــە شـــيـــن بـــا كـــــەری بـــخـــواردايـــە**

**لە شيعری تاجی بسم الله الرحمن الرحيم دەڵێت:**

**شـــەيـــخـــەنـــا گـــــەر ئـــــەم قـــســـەت نـــايـــێـــتـــە گـــوێ**
**ســـــەيـــــران وا چـــۆڵـــــە كـــــــەری تـــێـــــدا بـــگـــێ**
**يـــــەك بـــــە يـــــەك وەك ئـــێـــوە بـــــوونو زێـــدەتـــر**
**ســــەربـــەســـــەر بـــۆ بــــاری كـــافـــر بـــوونـــە كـــەر**

**شـــێـــخ دەڵـــــێ بــــاری ريـــا شـــانـــم جـــــدەو نـــاكـــا ئـــەگـــەر**
**كـــێـــوی كـــارۆخ بـــێ ، گـــوتـــم: صـــەد(بـــارك الـلـه) كـــەر نەبی**
**مـەسـئـەلـەی كـوحـلـی لـە بحچی مـەبـنـی يـا تـەقـريـر ئـەكـرد**
**پـێـی ئـەڵـێـت (.....) ئەحمەقی كـــەروا ئـەڵـێ (ابـــن الحجر)**

حەزرەتی حاجی لەگەڵ كابرايەك بەشەڕ دێت لەسەر زمانی كوردی موكەدەردەبێت بۆيە پێی دەڵێت:

**گـــوتـــم : ئـــێـــســـتـــاش لــــەســـــەر كـــــەری مــــاوی**
**چـــــابـــــوو مـــســـتـــم نـــــــەدا لـــــەنـــێـــو چـــــاوی**

لە شيعرێكە رەگەز دۆزيدا كە سەرواى دووبارە دەبنەوە هەر وشەيان مانايەك دەداو دەڵێت :

**زۆر ســـەگـــم ديــــوە فـــەقـــەت نـــەمـــدی رەقـيـبـی هـەنـدەسـە**
**وەزعــــی نــــامــــەوزون دەبـــێ وەك خـانـويـی بـێ هـەنـدەسـە**

**وشەی سەگو كەری زۆر بەكارهێناوە لە شيعرەكانيدا هەر وەك:**
**حـاجـيـبو (حــاجـــی) هـەمـوو رۆژێ بـەگـژ يـەكـدا دەچـــوون**

**بێـحـەیـل بــوو ئــەو ســەگــە عـــاری نــەبــوو، (حــاجــی) بــەزی**

**جــیـــنــگـــەنـــەی ئــــێـــــرە بــــــاوجـــــوودی کـــــەرن**
**هـــــەر وەکـــــــوو دۆمـــــــی ئــێـــمـــە دەربــــــــەدەرن**
لــــــەم هـــەتــیـــوانــــی مـــــەکـــتـــەبـــەن بــەکــســـەر
کـــــــوردەکـــــان بـــــــار دەکــــــــەن وەکـــــــو مـــــاکـــــەر

**شەریعەت گەر بزانی یا نەزانی**
**وەکو کەر دەچنە بن باری گرانی**
**(لە عەهدی (کەرنەبی) تا دەوری (گا کوێر**
**لە گوێی گا نووستوون زۆر حەیفە بۆ شێر**

**بوومی وێرانە بە رۆژو، سەگی ئەو کۆیە بە شەو**
**هەردووکی خزمی یەکن (حاجی) بەبێ خزمو کەسە**

**هەرکەبیستم پێم دەڵێ:(حاجی)سەگی دەرگانەمە**
**من لە ترسی گورگی بەدکارم کەری خۆم بەستەوە**

**لەگەڵ ئەم ئاهووە دێ ئەم سەگی ریش کۆن و نوێ**
**دێتە ئەنیسی سەری کۆی دولبەرە جانیش گرەوە**

**لەبۆ ژن دێ لە کۆڵان وەک سەگی هار**
**لەژن هەڵدێ بە می‌س‌لی کەر لە خانی**

**کراوە ئینتخـــــابی وشکە صۆفی**
**لە دیوانی(کەر)ی بێ نوقتەی شەگ**
**شەگ: بێ نوقتەواتە سەگ**

**دونیا سەگی لە ئۆغڵەمە تۆقیوە تالیبی**

نەیماوە هەر وەکو سەگی پێ سووتو راحەتی
خـــۆتو حـاکـمـی ئـــەم مـەسـئـەلـەیـە کـــەی دەبـــێ وابـــێ
پـــیـــری وەکـــو تـــۆ(مـــاە) ی هـــەبـــێ مـــاکـــەری گـابـێ
بـــێ مـــــروەتـــێ بـــەم مـــــروەتـــە قـــەت مـــــروەتـــی نـابـێ
ســـەد دەفــعـــە کــەریـــش هـــەر وەکـــــو مـــــروەتـــی گـابـێ

حەزرەتی حاجی بێ پەردەو پەروا حاشاحازری وشەی (حیز)ی لە شیعرەکانی دا بەکارهێناوە :

نـــاگـــەن بـــە حـــیـــزو رێـــگـــری ئـــێـــمـــە لـــە مـــولـــکـــی رۆم
عـــەلـــلامـــەیـــی ویـــلایـــەتو شـــێـــخـــی ویـــلایـــەتـــی

لـــێـــی گـــەرێ قـــەومـــی تـــۆ هـــەمـــوو مـــارن
دزو حـــیـــزو پـــیـــاو کـــوژو هـــارن

تـــەنـــبـــەڵـــی کـــاری حـــیـــز و بـــێ خـــێـــرە
دەســـتـــی مـــانـــدی لـــەســـەر زگـــی تـــێـــرە
مـــونـــقـــادی عـــەجـــەم مـــوتـیـــعـــی رۆمـــن
مـــەحـــکـــوومـــی خـــەراتو حـــیـــزو دۆمـــن

ئـــەگـــەر کـــوردێـــک قـــســـەی بـــابـــی نـــەزانـــی
مـــەحـــەقـــەق داکـــی حـــیـــزە بـــابـــی زانـــی

بـــڵـــێ بـــەو ســـەر کـــزۆڵـــەی کـــوز پـــەرســـتـــە
بـــە چـــاوی کـــلـــدارو ریـــشـــی پـــانـــی

ئـــەمـــە دونـــیـــایـــە نـــامـــێـــنـــێ تـــا ســـەر
لـــە بـــۆ ئـــازاو دانـــاو حـــیـــزو مـــاکـــەر

بـووکـی دنـیـا وەک دەڵـێـن وا بـێ حـەیـاو بـێ فـەڕ نـەبـوو

هێندە دامەن هەڵکراوو حیزو ماڵان گەڕ نەبوو

ئەی ئەمیری کوردەکان بۆ ئێوە عەیبەو شوورەیی
حیزەکی وەک ......................... دادەنێ

ڕێگرو حیزو دزە، ژن هەڵگرو ماڵان بڕە
فائیدەی چی نیوو کونیەی خۆی موسوڵمان دادەنێ

لەبەر حیزە بخۆیو ناتەبایی
لەژێر حیزی حیزان بوویننە دۆشەک

حەزرەتی حاجی جگە لەو وشانە، وشەی گەوادو تەرەسو سمتو تڕو قەحبەو لۆتیو خوێڕی
....... بەکارهێناوە وەک :

ووشکە صۆفی بڵێ بە شێخی تەرەس
بابەسەرما نەبێ مێسالی هەرەس
کەر نەبی! کام پیاوی پێ غەڵەتا
بەن بەن گرێدانو تا بڕینو نەفەس
فەرقی ناکەس لەگەڵ سەگان ناکەم
ها بە عەکسی بخوێنەوە ناکەس

تۆدەزانی خۆ هەتیویت صەبر بێ (حاجی) نی یە
بۆچی مەنعی لێ دەکەی گەووادی بێ دین هەی تەرەس

ئەمانە بێ شعوورو گێژو وێژن
موتیعی لۆتی خوێڕیو هەرزە بێژن

ئەدیبو عاقلی لەم بەحرە وەک تڕی بن گۆم
گەلێی ون بووە(حاجی) وەچاکە لێ دەرچین

ئاسنی سارد بە فوو نەرم نابێ
بە تڕانیش حەمام گەرم نابێ

ئەوەی موحتاجی نانو پیوازە
یا هەتیوبازە یانە مێ بازە

باسی زولفی درێژو چاوی بەخەو
نەبڕاوە بووە تڕی خوسرەو

جێی ئەمە وشکە جێی ئەوەی ئاوە
تێ دەگا قینگ درانی پێ ماوە

دنیا بە (تڕان) دەخۆنو دەیدەن
هەرچۆنێ مەرامیان دەیکەن
حەیفە بۆ مەردی صاحیبی تەمیز
هێندە باسی مەکانی پیسیو میز

هەموو مردووی میانو سمتی خڕن
بەیتی مەدداحیان بەجان دەکڕن

بابڵێن: ئەم شێتە قەحپە مردووە
چەند وەڕیوە، چەند ووڕێنەی کردووە

مەرقەدی ئەقتابو قوببەی ئەهلی ڕاز
بۆتە جێگەی گاگەلو مۆڵگەی بەراز

سمتی دەلەرێتەوە دەڵێی دووگی مەڕە
گردو سپیو لوسە وەکو توری تەڕە

**بــێ میـنـنـەتـە گـــەر خـــوانــی وەلـــی نـیـعـمـەتـی(حـاجـی)**
**ئـــەم شـێـخـە چـــی یـــە، قـونـچـکـی پـــیـــوازە، ســـەری سیر**

حەزرەتی لە داخانبۆ پەرۆشی کوردان رەفتاری هەندێ شێخ جنێوی داوە، وشەی داشۆری بەکارهێناوە، دەبێ ئەو بوارە لێک بدرێتەوە کەوا حاجی قادری کۆیی ئەستێرەیەکی پرشنگدارە، ئاسمانی ئەدەبی کوردی لە شیعری داشۆریدا دەبێ ئەو راستیەش بگەشێتەوە شێخ رەزای تاڵەبانی بەردی بناغەیە لە گوڵزاری ئەدەبی کوردی، چ خەوش و پەشمەیەکی تێدا نیە، بەڵکو ئەو بوارە زەوق و سەلیقەیەکی وردی دەوێ، هەر چەند بواری حاجی کوردایەتی بۆیە خۆی دەڵێ:

**پـــەشـــمـــە حـــاجـــی وەرە وەکـــــــو جـــــاران**
**بـــــێـــــرەوە ســــــەر حــیـــکـــاتـــەتـــی کـــــوردان**

## گەڕەکی گردی جوان و مام عەلیە کوردە

گەرەکی گردی جولەکان یان گردی جوان هەروەها گەڕەکی گردی ئۆمەر خوچانو یان گەرەکی سەرباخ یان (گردی) پێی گوتراوە ساڵی 1957 دروست کراوە،وەختی سەعید قەزاز کە وەزیر بووە،ئەو زەویانەی دابەش کردووە بۆیە لە باری کەسێتی (دەفتەرنفوس) (سەعیداوە) نوسراوە،مەبەست لە سەعید قەزازە،شێوەی دابەش کردنی زەویەکان بە دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە،بۆیە جێی باشوپێشەوەی ماڵەکان تێکۆشەرانی پارتی بەریان کەوتووە،هەرچەندە زۆربەی گەڕەکەکە هەژاروخەڵکی لادێ بوون،ئەندازیار عەلی عەبدوڵڵا شێوەی دابەشکردنی زەویەکەی داڕشتبوو،هەر پارچە زەویەک ($210م^2$) داناوە،دوو ماڵ لە تەک یەک کۆڵانی بۆدیاری کراوە بۆیە بە شێوەیەکی ئەندازەیی خانووەکان داڕێژراون گەرچی خوار گردی خانووەکان بە قوروخشت دروست کراون،زۆریش ئەو پارچە زەوییەی کردۆتە نیوە،دروست کردنی گەڕەکی گردی جوان مەسەلەیەکی سیاسی بوو،ئەو دەم عەلی عبدوڵڵا هەم ئەندازیار بوو هەم ئەندامی مەکتەبی سیاسی(پ.د.ک) بووە،دەستی دیاری هەبووە لە نەخشەیوبەردی بناغەی گەڕەکەکەی،خانووی ماڵی بابم ڕێک لەسەر گردی هەڵکەوت بوو،بەرزترین جێی گردی گەڕەکی جوانی بەرکەوت بوو،نەخشەوپلانەکەی ئەندازیار علی عبدوڵڵا دایڕشت بوو، شێوەی نەخشەکەمان ماوە بە دەستوخەتی خۆی،وەستا حەوێزی گۆمەشینی وەستایەتی تیا کردووە،دروستی کردووە،باپیرم(سمایلە سووری نەجار) بابی دایکم

دەر گاوپەنجەرەکانی دروست کردووە،جادە قیرتاوەکەی بە کرێکار بێ ئامێر خۆشکراوە(ئەحمەدی یابەیبوونێ) بە تیرۆگ قیرەکەی ڕێکوراست ڕێک خستووە پانی کردۆتەوە، دایکم (خەجاوە خانی سمایلە سوری نەجار) هەمیشە دەیگوت کورەکەم(ڕەهبەر) (پێوقەدەمی خێر بوو) چونکە لەدایک بووە خانووی گردیمان دروست کردووە،هاوکات لەگەڵ ساڵی لەدایک بوونم، خانووەکەمان لە جێیەکی بەرزودیار چوار هۆدەی خەوتنوجگە لە چێشتخانەوگەرماوو ئاودەستخانەی هەبوو، ماڵەکەمان حەوشو بێرایی‌وباخچەی تێدابوو باخچەکە لە فریزودارتوو،پرتەقاڵ هەنجیروهەناروموێوێکی حەفت بەرە لق‌وپەلکی لەبەر بێرای تا سەربان شۆربووبۆوە،دایکم بۆ وشی یە (هێشوو) ترێکان تورەگەی بۆ دروست کردبوو لەبەر کێشکەوزەر گەتە و زەنگە سورە، هاوینان لە حەوشە تەختی نوستنمان هەبوو، لەبەر پەنجەرەی ماڵی خۆمانەوە حەمامی جموریو مزگەفتی گەورەو بەشێکی ناوبازار دیاربوو،ئەو سەردەمە لە خانووە خۆش‌وخوا پێداوەکان بوو،دەرودراوسێکانی گەرەک باشو گونجاوخۆشەویستو ڕێک‌وپێک بوون،ئەو دەمە گەڕەکەکانی کۆیە لەناو یەکو لێک نزیک بوون گردی جولەکان بۆ ئەو سەردەمە دوورو دابڕاو بوو،بۆیە زۆریەی پیاوەکانی گەرەک پاسکیلیان هەبوو بێ ئەوەی خەوش‌وشەرم بێت،بەڵکو زۆر شارستانیانە بوو بە گشتی دراوسێیەتی خۆش بوو لە گەرەک نێوانیان باش بوو، کوڕانی گەرەک برادەر بوون کچانی گەرەک دەستە خوشک بوون ڕێزوخۆشەویستی پاکی لە دراوسێیەتی بە هێز بوو لەگەرەکێ مەلا سمایل دوکانی هەبوو، دەستە بسکیتی بە مووسێ پارچە دەکرد شەکرۆکە و چوکلاتو گوومشکو کێکو شیرینی و هەڵقوومی هەبوو، هەر لەو گەرەکە سەلاحی مام خدر شەکەراتی هەبوو (گەرۆک) سندوقێکی گەورەو پڕاوپڕی لەسەر دەنا یەک بە خۆی هاواری دەکرد یەڵڵا شەکرات لە گردی جوانو سەر قۆنگرێوشێخی شێخ موسرێوگەرەکی دیانان گوێیان لێ دەبوو،دەنگی دەدایەوە لە قوتابخانەی ئولای سەرەتای ،هەر لە گردی جوان نزیک مزگەفتی گردی لە سیلەی کۆڵانی پیاوێکی دەشتەکی‌وپیروداماولە بنی دیواری ماڵی حاجی حەمیدی کەریم مامۆک سندوق‌وسینیەکی فافۆنی وردەواڵەی لە شەکرۆکەوچوکلات دانابوو ناوی مام عەلیە کوردە بوو،ناوی ڕاستی حەمە علی حەمە ساڵح بوو خەڵکی گۆپتەپەی وراتی کۆیە بوو ژنی نەمابوو بێ کابان بوو،دوو کوڕی لەگەڵ من قوتابی بوون یەکیان ناوی عەبدوڵڵا بوو ئەوی دی عەبدەلڕەحمان ناتەواو و شەپڕێو بوو لە ئێمە گەورەتر بوو نازانم تا چەندیان خوێند بەڵام عبدولڕەحمان زوو مرد لەبەر ناتەواوی‌و ناساغی!

مام عەلیە کوردە ماڵی لەخوار گردی جولەکان بوو،لە خانوویەکی قور دەژیا،هێندە هەژارودەست کورت بوو،دوکانی نەبوو هەر ئەو سندوقەی بەکەرەستەی منداڵان دانابوو،ناو بە ناو گندۆرەوتەرۆزی دەفرۆشت،چەند بەردێکی لە باتی کیلۆو کێش دانا بوو،ئێمە کوڕانی گەرەک لە کنی ڕادەوەستاین‌و زەوقی هەبا گۆرانی تێ هەڵدەکرد بەرامبەر سندوقە شەکراتەکەی،هەژاری‌و ئازاری ڕۆژگار پەکی

خستبوو،زەمانە تاقەتو شنگی لێ بڕیبوو،چاویلکەی لە چاو بوو گوێی شۆڕببوەوە،جەمەدانی لەسەر دەناوجلێکی شڕی لەبەر بوو،پێدەچوو بە گەنجی کوڕی ڕۆژ گاری خۆی بوو بێ،(2-3)ژنی هێنابوو،(4) کچو (4) کوڕی هەبوو،مام عەلیە کوردە زەمانوڕۆژ گاری خۆی دە گێڕایەوە،لە گۆپتەپە ماڵی سوتابوو،کەوتبووە گوندی(دۆندار) لای عەباس ئاغا سێ ساڵ لەوێ مابووەوە،سەرەنجام هاتۆتە کۆیە،مام عەلیە کوردە شیعرولاوکو گۆرانی زۆر لەبەر بووە پێ دەچوو گۆیندە بووبێ،بەڕێزوخۆسەویستیەوە گوێمان لە دەنگو گۆرانی دە گرت نەخوێندەوار بوو ئێمەش تازە هەرزەکار و شلکە نەمامی هەڵچووی باخی ژیان بووین بەڵام تەمەن جیاواز بووین لە گەڵ(مامۆستا زرار شێواو و کەریم فەرەجوئەحمەد مەلا خدروغازی حاجی ودەروێش مام ڕەمەزانو زاهیر کەریمو صباحی مام نجمو بە پێوەرادەوەستاین یەک کورسی هەبوو....مام عەلیە کوردە سەری چوبا نوێژی نەدەچوو زۆر جار لەکاتی نوێژ ئاگامان لە سندوقە شەکراتەکەی دەبوو تا لە نوێژەکەی دەبۆوەودەهاتەوە.

ئەو وەختەی لە کنی ڕادەوەستاین،مەسەلەوچیرۆکوسەر گوزشتەی دە گێڕایەوە،ئێمە نەمان دەزانی مام عەلیە کوردە چۆن ڕۆژ گار هاڕیویەتی،چ سەختیەکی چەشتووە،ئێمە کەیفمان پێ دەهات، گوێمان لێدە گرت،خۆم حەزم لە شیعرو ووشەی فۆلکلۆر بوو،بۆیە بەشێکم لەو شتە فۆلکلۆریانەم لە سەرەتای ساڵی 1970 نووسیوەتەوە ئەو دەفتەرە کۆن و گەچلاوەم لەلای خزمان لە هەولێر پێگەیشتەوە کە ئەو گۆرانیولاوکانەی مام عەلیە کوردە چریویەتی،هەموویم دەماو دەم لە ئەو وەر گرتووە هەر وەک یاد گاری بە یادی ڕۆژانی گەرەک و هەرزەکاری،دەخەمە ڕوو بۆ سوودی کەلەپووری گەلەکەمان، گیانی مام عەلیە کوردە خۆشو ئاسودە بێ .

**لەرەو رەوی کۆتران لە فرینی تۆز پەیدا بوو**
**دوو رەشماڵی رەشۆکە لە مێرگێکیان هەڵدا بوو**
**دوو کیژی گوارە زێرینی لە دەرکێ راوەستا بوو**
**دوو سنجاقی زێرینی لەیەخەی خۆیان دابوو**
**دەستم برد بۆ سنجاقی زەرمەمک بەرەڵلا بوو**
**عەرەبم لەوێ نەدی باڵەک باڵەک پەیدا بوو**

دوو گۆپڵەی دیکەش جگە لەوەش سەر بردەی بارامو بریا شوان بامۆهانای بەبەر خوای دەبەمو لە

کوێم دیتو لەکوێم دیتو خەزێمو حەزێمی یارێ لەگەڵ:

**بابی بابم شێخ مەحمود لەگەڵدەزگای داینایە ........**
**بۆ خۆی لە چیاو چۆڵان ئۆردوگای لە سەحرایە .........**
**لە لەشکری راخوری سوندی تاق راوەستایە**
**بەعام سپێران سێ تۆپ وا دامەزرایە**
**سەید ئەحمەدی جەباری عەسکەری تەعلیم دایە**
**کەریمی فەتاح بەگی بۆ خۆی قوما ندەی دایە**
**لە دەوری چەمچەماڵی بوویتە حەربو غەزایە**
**500 عەسکەری فەلە، سێ سەدیان بەدیل گیرایە**
**کاکە لێیان مەترسن پشتیوانمان خودایە**

**کەپرێکت بۆ بکەم لەناو کەپرۆکان**
**داوێمە کەپرێ گوڵی کەژۆکان**
**بریا مەرجان بەڵام لەناو کرمۆکان**
**خاڵی گەردن بام ڕیشوە دەسرۆکان**
**کەپرێکت بۆ بکەم لە قوولەی دەربەندی**
**داوێمە کەپرێ پەلکی گیا بەندی**
**دەچمە کن دایکی بەزاوا بەندی**


**کەپرێکت بۆ بکەم لە ڕێی بەغدا یێ**
**داوێمە کەپرێ پەلکی گیا یێ**
**لەسەری دەنوویِن لەگەڵ لیلا بێ**

**کەپڕکت بۆ بکەم لەڕێی کەرکوکێ**
**داوێمە کەپرێ پەلکی گرووکێ**
**لەسەری دەنوویِن لەگەڵ نوێ بووکێ**

**کەپرێکت بۆ بکەم لەڕێی هەولێرێ**

داوێـــــمــــــه کـــه‌پـــرێ پـــه‌لــکـــی کــنــێـــرێ
لـــه‌ســـه‌ری ده‌نـــوویـــن لـــه‌گـــه‌ڵ بــــووک مـێـــرێ

کـــه‌پـــرێـــک بـــۆ بـــکـــه‌م لـــه کـــلـــکـــه‌ی مـــاڵان
داوێـــــمــــــه کـــه‌پـــرێ پـــه‌لــکـــی قـــه‌د پـــاڵان
یـــــارێ هـــه‌ڵـــده‌گـــرم ده‌چـــمـــه نـــاو خـــاڵان



نه‌خشه‌ی خانووی سه‌ید برایم له گردی به خه‌تی تێکۆشه‌ری ناسراو علی عبدالله‌ی ئه‌ندازیار، ساڵی 1957



عبدالواحد حاجی ئاغا مستەفا

# لە بیتهۆڤن
# گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای وەڵلا

بەهۆی سروشتو دیمەنو زۆری ڕەزو باخچە لە کۆیە، لەگەڵ کاری ڕەزەوانیو فەقێیایەتیو قورئان خوێنو جۆری پیشەوەریی وەک ئیمەندرو، سۆلدروو، خەرەک ڕێس، پەرەچییەتی، ئەو پیشەو ئیشانە وایکردووە بەدەم ئیشەوە بەزەوقو سەلیقەو خۆشییەوە، وەستایانە دەمبکەنەوە بە گۆرانیو ئاوازو بەستە، ناکرێ ڕۆڵو کاریگەری ئەمین ئاغای ئەختەر1839-1887 ڕەچاونەکرێت دیوەخانی کردبووە یانەی ئاوازو گۆرانیو ئەدەب، چی گۆیندەو دەنگخۆش هەبووە، خری کردۆتەوە، دەنگی تاقیکردۆتەوە، ژیانی بۆ دابینکردوون، ڕێزی زۆری لێگرتوون، شیعرو ئاوازی بۆ داناون، ئاهەنگو بەزمی بۆ سازداون، هانیداونو پێشبرکێی، پێکردوون، چێژی لێوەرگرتوون، گەر کاریگەرو بەسۆز ڕای لێبوایە تنۆک تنۆک فرمێسکی بۆ هەڵرشتووە، بەدەم سەربادانو نێرگەلەوە خۆی بۆ ڕاژاندووە، بیریارو ڕەوشەنبیر مەسعود محەمەد ڕای وایە: (لەسەردەمی ئەمین ئاغادا) بازاری گۆرانیو مۆسیقا سەر لەنوێ کەوتەوە گەڕ، فێرگەی بەستەسازیو مۆسیقاشناسی کە میراتێکی یەکجار کۆنی ڕابردووی کۆیەیە، نوێ بۆوەو بوژایەوە، ئەمین ئاغا بۆ خۆی شاعیرێکی هێژابووە لە کوردیو فارسیو بەشێکی زۆری بەیتی گۆرانیو بەستەکانی خۆی دەهۆندنەوە .

ئەمین ئاغا بە ئوستادو لێزانی، بەشارەزایو عەشقەوە ئاوازو گۆرانیو مەقامی لە کۆیە گەیاندۆتە لوتکە، لەگەڵ هاژەی ڕووبارو چەهچەهەی بولبولانو زایەڵەی گۆرانیبێژانی سەر ڕەزانو ئاهەنگی دیوەخانان بۆیە کانگای بەهرەو هونەر، هونەرمەندو ڕوناکبیر مامۆستا باکووری دەڵێت: کۆیە چونکە شارێکی

زیندووە ناوچەیەکی زانستو هونەرو شیعرو ئاوازو گۆرانیو مەقامی رەسەن بووە بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەمدا .

لەو بەهرەوەرانەی کۆیە کە یەکەم کەس نۆتەی مۆسیقای هێناوە ناو مۆسیقای کوردیو یەکەم کەس مۆسیقاو ئاوازی رۆژئاوایی هێناوە ناو گۆرانی کوردیو یەکەم کەس ئۆپەرێتی هێناوەتە ناو هونەری کوردیو پیاوی دیارو ناودارو ئەفسەرو کەسایەتی بە هەشتی(عەبدول واحید حاجی ئاغای مستەفا)یە کە لە ساڵی(1898) لە کۆیە لە دایکبووە، سەرەتایی لە کۆیە خوێندووە، مەدرەسەی روشدیەی عەسکەری لە موسڵ تەواو کردووەو چۆتە ئەستەنبول ساڵی(1915) لە کولیەی عەسکەری دەرچووە بۆتە ئەفسەر لە سوپای عوسمانیدا، بە ئەفسەری چۆتە میسر ئاشنایەتی لە گەڵ شێخ ئەمینی کوردی پەیدا کردووە، کە خاوەنی تەریقەی نەقشبەندی بووە، لە میسر، چۆتە فەرەنسا، لە شەڕی یەکەمی جیهانی لە بەرەی باکۆ بەشدار دەبێت، بریندار دەبێت، لە لایەن سوپای روسەوە دەستگیر دەکرێت، بەهۆی سەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتۆبەرەوە ئازاد دەکرێت، دەنێردرێتەوە ئەستەنبول، حکومەتی عوسمانی بۆ چارەسەر دەینێرێتە ئەڵمانیا، لە ئەلمانیا فێری نۆتەی موزیکی رۆژئاوایی بووە، دە گەرێتەوە کۆیە شەری یەکەمی جیهانی کۆتای دێت لە گەڵ چەند ئەفسەرێک رووەکەنە سوریا بەهۆی پروپا گەندەی بەریتانیاو فەرەنسا بەو خەیاڵەی دەوڵەتی کوردی دامەزرێنن .

لە بازاری حەمیدیە تەقەیان لێدەکەنو دوو ئەفسەریان لێ شەهید دەکەن لە رێگەی موسلەوە دە گەرێتەوە کۆیە لەسەر دەستی قەشە سووری کۆیە فێری زمانی لاتینی بووە خۆی عەرەبیو تورکیو ئینگلیزیو فارسی وەک بولبول بووە، کەمێکیش روسی زانیوە شارەزای خەتی مسماری سۆمەرییەکان بووە، ئەفسەرێکی کورد پەروەرو روناکبیرو بەهرەوەرو شارەزا لە مێژووی کوردو مامۆستای نۆتە، یەکەم کەس بووە لە مۆسیقای هاوچەرخ داهێنەری گیانی شۆرشگێری سروودی کوردیو گۆرانیو ئاواز لە گەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق 1921 دە گەرێتەوە ناو سوپا دەبێتە ئەفسەری دوو ئەستێرە لە فەوجی ئیمام موسای کازم کە یەکەم فەوجی سوپای عێراق بووە، دەبێتە مامۆستای مۆسیقا لە باندووی پادشای عێراق، بەڵام بە پیلانی شۆڤێنانە لە ئەفسەری دادە گرنو دەیکەنە نائیب زابت، هەر چەندە دۆستانی داواو تکای لێدەکەن سکاڵای ئەو غەدرە بکا بەڵام نکۆڵی لێدەکا دەڵێ سەر بۆ کەس شۆر ناکەم تا کاتی خانەنشین ساڵی1956 کە ئەو کات رەئیس ئەوەل بووە، هەرچەندە ئاشنایەتیو دۆستایەتی لە گەڵ عەبدولکەریم قاسم هەبووە، بەڵام هێندە مەزنو دەروون بەرز بووە پێی ئەستەم بووە داوابکا بە خۆرا گرییو جوامێریی ژیاوە، بەهۆی چالاکی موزیکو هەستی کوردایەتی دە گوێزێتەوە عەممارەو کەرکوکو دیوانیە لە کاری سوپا لایدەبەن دەکرێتە بەرێوەبەری ژمێریاری فرقەی یەک، ساڵی 1970 دە گەرێتەوە سلێمانیو لە 1975/3/16 پەپوولەی موزیکی دەفرێ بۆ کاروانی نەمریو لە زێدی باوکو باپیری لە کۆییە بە خاک دەسپێردرێت .

عەبدولواحید حاجی ئاغای مستەفا ئاغا محەمەد، نازناوی ئاغایەتی لە ئێران لێنراوە، چونکە باپیری ئاغا محەمەد قونسوڵی دەوڵەتی عوسمانی بووە، ئاغانین، بەڵام رەسەنە کۆیین لە بنەماڵە رێزدارەکانن خاوەن زەوی‌و زاری زۆرن لە کۆیەو دەوروپشتی، ئەو زاتە ئەو ئەفسەرە بزرو کوردپەروەرو بەهرەوەرە شەرەفی یەکەم کەسی پێدەبرێت لەناو هونەرو ئاوازو گۆرانی کوردی، بەردی بناغەی مۆسیقای لە سلێمانی داناوە مامۆستا کەماڵ رەئوف لە رۆژنامەی ئاسۆ بە نووسین ئەو راستیەی سەلماندووە لە رۆژنامەی ژیان ژمارە 32 ساڵی یەک لە 9ی ئەیلولی 1926 نووسویەتی: نائیب زابتی فەوجی چوارەم، جەنابی واحید ئەفەندی کوردی ئاغا مستەفا، خەڵکی کۆیسنجق کە لە باندوی مەلیکیدا موعەلیمی موزیقە بووە، ئەمە ساڵێکە 1925 مەجانەن بەتەلەبەی مەکتەب دەرسی فەننی مۆزیقا تەدریس ئەکا، تەشویق‌و تەئمیناتی ئەم زابتە بووە بە باعیسی جەسارەتی هێنانی ئەم باندوو، موزیقەی بەغیرەتێکی بێ میسالەوە تەعەهودی فەرمووە هەتا لێرە بێ هەروا بەمەجانی تەعلیمی موزیقە بەتەلەبە بکا، هەیئەتی موعەلمین و تەلەبە بە کەمالی حورمەت ئەم زاتە حەمیدو مەندەو سنعەتکارە تەقدیم ئەهالی موحتەرەم ئەکات .

هەروەها دکتۆر ئەورەحمان میرزا عەبدوڵڵا لە بیرەوەریەکانیدا نووسیویەتی یەکەم تیپی گۆرانی‌و یەکەم تیپی موزیقە لە سلیمانی کاک عەبدول واحید نائیب زابتێکی کوردی کۆیە مەردانەو بەدڵ‌و بە گیان کەوتە ئیش کردن خۆیی‌و مامۆستاکان‌و چەند قوتابییە کیان هەڵبژارد فێری موزیقەمان بکەن‌و تیپی موزیقەی لێ پێکبهێنن .

هەروەها هونەرمەندی نەمر رەفیق چالاک دەڵێت: خوالێخۆش بوو کاک عەبدول واحید یەکەم کەس بوو کە نۆتەی مۆسیقای هێنایە ناو مۆسیقای کوردیەوەو لە رێگای ئەمەوە مۆسیقای هاوچەرخ لە کوردستاندا دەستیپێکردو ئێمە هەموو قەرزاری ئەم مامۆستایەین، عەبدول واحید ئاغا مستەفا ئەو مامۆستا بەهرەوەرە ئەو ئەفسەرە کوردپەروەرە لەسەر کوردایەتی‌و سروودو ئاوازو گۆرانی کوردی پایەی داگیراوە گوازە گوازی شارانی پێکراوە داگیرسێنەری کورەی مەشخەڵانی سروودی ئاگراوی بووە(هەر پیرەمەگرون موقەدەسی، چەند شیرینە لام داروبەردی وەتەنم، دلاوەران، ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی رۆحی شیرینی منی، تادەست لە مل هیوا نەکەم، کوردستان جێگای بەچکە شێرانە، واوەتەن خەملیوە وەک گوڵ نەوبەهاری میللەتە، ئەیکوردینە ئەی مەردینە،.....) سەرەرای پایەی کۆمەڵایەتی‌و کەسایەتی بوێرانەو جوامێرانە پەرەی بە گۆرانی‌و سروودو موزیکی کوردی داوە، سروودەکانی بەرگری موزیکی هاوچەرخ بوژاندۆتەوە، پاش نیوەرۆیان دەرسی موزیکی گوتۆتەوە، لە ساڵی 1925 کە خوێندن بە کوردی بووە لە سلیمانی، لە ئەلمانیاوە پیانۆی لەگەڵ خۆی هێناوە کە رۆڵێکی گەورەی گیراوە شیعرو ئاوازی داناوە دەنگی خۆش‌و بەسۆز بووە، بەڵام لە کۆری خێزانی‌و تایبەتی گۆرانی تورکی‌و فارسی چریوە بەوەستایی‌و مامۆستایی‌و هاوچەرخ رۆڵی کاریگەری بینیوە ئەو

ئەفسەرە تێکۆشەرە پێشەنگی کاروانی ئاوازو گۆرانیو سروودی کوردی بووە، جیّی خۆیەتی وەک خۆی بناسرێت لە هەموو سازو ئاوازێکو سۆزی گۆرانیەکو گری سرودێکو ژەنینی ئامێرێکی لە موزیکی کوردی ناوی بەهەشتی عەبدول واحید ئاغا مستەفا بدرەوشێتەوە، ناوی بگەشێتەوە، چونکە شەرەفی یەکەمی لە موزیکی کوردی لێدەوەشێتەوە .


هونەرمەند تاهیر تۆفیق


## نامرێ، دەنگی دەمێنێ
## تایەری خۆشخوانی من

گوتم بەبەختی خەواڵوی حاجی
گورەی بەهاری ئێستای باواجی
خەمڵیوە دیمەن جوانترین شێوە
ئەوەڵ سەحەرە بە سەدای سێوە
لە حەمامۆکو لوولەی زایەری
شیرین بەهارەی خارە تایەری

هونەرمەندی بەهرەمەندی مەزنو خۆشخوان(تایەر تۆفیق) لە ساڵی1921لە شاری کۆیە لە دایکبووە، لەبەرەبابێکی هەرە کۆنی کۆیەن(شێخانی)ین بە ڕەچەڵەک دەبنەوە ئێزیدی، بەڵام خارە تایەر هەرگیز نازناوی(شێخانی) لەخۆنەنا! بڕواومتمانەی بەخۆی بوو، ڕەچەشکێنو کۆتپچڕێن بوو لەو سەردەمە لەناو ڕەزانو هەرمۆتە(مەی)دەخواردەوە، گۆرانیومەقامو سروودی دەچڕی، سەخت بوو لەو زەمەنەدا تەنانەت مام تۆفیقە درێژی باوکیشی نیگەران بوو، پێی وابوو کوڕی خەڵکی دەبێت بە دکتۆرو مامۆستاو...... کوڕێ ئەویش پاشەڕۆژی نابێت!! تایەر تۆفیق دەنگ خۆشیەکەی لە دایکو بابی بۆماوەتەوە! مام تۆفیق دەنگی خۆشو نەغمەداربووە، بەڵام بەدابو نەریت نەکراوەو نەگونجاوە

گۆرانی بچرێو دەنگهەڵێنێ، دایکی(یاعیسمەت) دەنگی هێندە خۆشو سۆزدار بووە، سەردولکەو لاواندنەوەی گوتووە، جۆشوخرۆشی بەرپاکردووە، دەنگخۆشی خارە تایەر بۆ ماوەیە، لە دایکو باببیەوە بەریکەوتووە، دەنگێکی بە چریکەو کاریگەربووە، ژێیەکانی قورگی ئاوازدارو بەپشوو بوون، لە خێزانێکی کەم دەرامەتوبەنەزاکەت چەکەرەی کردووە تاسێی ناوەندی خوێندووە، بۆ ئەو سەردەمە زۆربووە، بەلام تایەر تۆفیق ماوەیەک(پاکەوان) کەناس بووە، سەردەمێکیش ئوتوچیەتی کردووە، هەر خاوەنی کەسایەتیو دەروون بەرزبووە، لەگەڵ دەوڵەمەندوخواپێداوەکان کۆرو بەزمو رەزم بووە، بەلام قەت خۆی پێدا شۆرنەکردوونەتەوە، چاوبەرەوژێری کەس نەبووە، خەرجی بە خواردنو خواردنەوەی خۆیداوە، لەوەختی گۆرانی گوتندا لەسەر شانۆ شەددە دیناری بەسەردا هەڵوەریوە، بەلام پێی لێناوەو چرووە دینارێکی هەڵنەگرتۆتەوە، کەسایەتیو عیزەتی نەفسی لەلوتکە بووە، بە هەژاری ژیاوە، گەرچی مووچە خۆربووە، دانیشتنی تایبەتی کۆری خواردنەوەی زۆربووە، هەندێ تایبەتمەندی خۆی هەبووە، بەهرەو هونەرەکەی گەورە کردووە، تامرد گۆرانیوسروودی بۆ بەعسودا گیرکەران نەگوت، بە پێچەوانەوە شیعری جوانوسروودی ئاگراویو نیشتمانی هەڵبژاردووە، وشەی پیتەکانی سروودو گۆرانیەکانی گردارو پشکۆبوون، ئاگردانی خەباتی پێجۆشداوە(شیرین بەهارە، گوڵی سەربەستی، سەدەی بیستەمە، داری ئازادی، هێزی گەل، ئیش کەرۆیی، گوتم ئەی کچ لە گەشتی،.....) بەستەو گۆرانی دڵداریشی گوتووە تێهەڵکێشی نیشتمانی کردووە، زایەڵەی زوڵاڵی چریکەو سەدای هێندە کاریگەرو بەسۆز بووە ئەڤینداڕانی گۆرانیو ئاواز بەروونی لێیتێگەیشتوون، وشەو پیتەکانی هێند جوان دەربریوە، هەر گۆرانیو بەستەو مەقامو سرودێکی زێرو گەوهەریان لێباریوە، لە ناخەوە هێندە نیشتمان پەروەرو دڵسۆزی کوردو کوردایەتی بووە، تاوەک دارە خرکەلانەکەی بەرماڵان وشک نەبۆوە، هەر هەڵوێستو هەستی نیشتمانی لێچۆراوە، لە ساڵی(1946)دا چۆتە ئێسگە قەت خۆی نەدۆراندووەو پەرەی بە هونەرەکەیداوە تا(1987/10/20) جەستەو قورگی کەوتە ژێر خاک، دەنگی هەرما، خارە تایەر وەک حاجی قادری کۆیی واریسی عیسا لە سایەی سروودو گۆرانیەکانی بابی کورانە! هەر گۆرانیەکی کچێکو هەر سروودەی کورێک دەهێنێو وەچاخ کوێر نییە، بە یادیو بە دەردیی (عەونی) گوتەنی:

**سەد درووودو سڵاوم بێ لە گیانی پاکی ئەو**<br>
**دەستە گوڵ پێشکەشی سەر گۆرو سەر خاکی ئەو**<br>
**ئافەرین سەد ئافەرین بۆ هەستو نەستی چاکی ئەو**<br>
**خوایە رەحمەترێژیکا سەر گۆری باوکو دایکی ئەو**<br>
**نامرێ، دەنگی دەمێنێ تایەری خۆشخوانی من**



ئازاد حەمە گەمحان

# کە مانگ هەڵهات

# حەوجە بەئەنگوست نییە

شاری کۆیە، شاری خەباتو بەرخودانە، شاری قوربانیو شەهیدانە. بەرامیاریی هونەر بەناوبانگە، لە ناو ئەستێران وەک مانگە، توو بەشقی خوا شاری واتان دیووە، لەهەر باخێ گوڵی یەکەمی چنیوە،

(هەر فنوونێ لێی دەپرسێ ئەهلی ئەو لێ بوونەوە،

وەک قەدیم گوڵزاری غیلمی زۆر گوڵی گرتووە)

ئەو شارە، چەند گچکەو نازدارە، بەڵام دڵ گەورەو دیارە، لە مەیدانی جوانیدا حاجی قادر پێیوایە: قوبەی کشمیری بەرشەقانداوە، لە وەختی سەخاوەتو شەجاعەت نموونەی پیاوەتین،(عاصی) بە عاصیمەی سوڵتانی زەوقی داناوە،

**لایەقە بۆ شاری کۆیە پێی یلێین خولدی بەرین،**
**چونکە شوێنی وای نەدیوە قەت لە ئەقتاری زەمین**
**وەصفی جوگرافی دەلیلە شاری کۆیە یەکەمین**

کۆیە لەچاو باڵاو جەستەی خوێنی زیاد بەخشیوە، چەند سەرکردەو چەند فەرماندەو دەیان کادیرو سەدان پێشمەرگەی لێ شەهید کراوە، بەقەد ئاوی (کانیلە و گەرمووک) خوێنی لێ چۆراوە، وەک

چنارۆک ئاگری لە خۆی هەڵهێناوە، هەر ژنە ڕەشپۆشێکی دەبینی خاوەن شەهیدە، بەڵگەش دەزگای شەهیدانی شۆڕش شاهیدە، دایک هەیە چەندجار جەرگی سوتاوە، چی کوری هەیە لە سەنگەر شەهید کراوە، گۆڕستانی شەهیدانی فراوانە، یەک لەو فەرماندە قارەمانانە شەهید ئازادی حەمە گەمحانە، ئازاد محەمەد عەبدوڵڵا کە بە ئازادی حەمە گەمحان ناسراوە، (کەس نازانێ نازناوی گەمحان لە چییەوە هاتووە)، لە ساڵی 1950 لە کۆیە لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایو ناوەندیو ئامادەیی لە کۆیە تەواوکردووە، بۆتە کارگێری نوسینگەی قوتابخانەی دواناوەندی لە کۆیە، لە ساڵی 1968 پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە، مەلایی بووە، تا ساڵی 1975 بە برواو هیواوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، تا هەرەس لەگەڵ (مەشخەڵانی شۆڕشی نوێی ئەمجارە) لە ساڵی 1976 دێتەوە مەیدان، پەیوەندی بە (ی.ن.ک) ەوە دەکات لە باڵی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان، لە ڕێخستنو کاری نهێنیو خەباتی ژێرزەمینی بەناوی (قەندیل) کاریکردووە، لە ڕێکخستنو شار بووە، چەندجار چۆتە قەندیلو چاوی بە مام جلال کەوتووە، نامەو راسپاردەو ڕێنمای و بڵاوکراوەی هێناوەو بردووە، ئەندامێکی چالاکو چاونەترس بووە، تابیعەی قوتابخانەی دواناوەندی کۆیەی بەکارهێناوە بۆ کاروبارو بەیانو بڵاوکراوەکانی شۆڕش، هێند بێ منەتوو نەترس کاری ریکخستنی ناوشاری کردووە، خەڵکی سادە هەستیان پێکردووە، خەریکی ریکخستنو خەباتو کوردایەتییە، ساڵی 1978 ئاشکرا دەبێتو ڕوودەکاتە شاخو پێشمەرگایەتی، کەچەکی هەڵگرت لە سەنگەری شەرەف، موچەی بایی بژێوی هەبوو، خاوەن کۆشێک ماڵو منداڵ بوو، بەڵام باوکی هەبوو بوو، ئەو ڕۆژە خەباتو پێشمەرگایەتی سەخت بوو، جادەی قیرو مەیدان تەخت نەبوو، شای ئیران نەرووخابوو، شەری عێراقو ئێران هەڵنەگیرسابوو، بەعسو عێراق بەهێزترین وڵات بوو، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، درندەترین دوژمن بوو، دەیانگوت لەگەڵ ئەو دوژمنە چ دەکرێتو کێ دەروەستی دێت، وەک ئەوەوایە بە دەرزی شاخ کون بکەیت!، بەڵام ژیان ئاواتە، سەرچاوەی خەباتە، تێکۆشەرانی بەرچاوگەش، خۆراگر لە ڕۆژانی رەش، بە هیواو برواوە لە قۆناغەکانی سەختی خەبات بێ منەتو بەهیمەت بوون! لە مەیدانی شەرو چالاکی بە هەڵمەت بوون! شەهید ئازاد حەمە گەمحان ڕۆڵەی دلێری ئەو ڕۆژە رەشانەیە، بێ باکو چالاک درێژەیان بە خەباتی شۆڕشگێرانەی داوە سەرەتا بەکاری ڕێکخستنو کاری سیاسی پاش شەهیدکرانی شەهید شێخ شەماڵی باخو شەهید سەرباز ئەحمەد کەوتنە ناو کاروباری عەسکەرییەوە، سەرپەرشتی تیپی (93)ی کۆیەی کردووە، دوایی بوەتە سەرتیپی تیپی(99)ی بتوێن! ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو، شەهید ئازاد حەمە گەمحان زەلامێکی بکوژو بەقەرز نەترساو بوو، فەرماندەیەکی ژیرو بە تەگبیرو بەناو بوو، نەدەپوونگایەوە لە دوژمنایەتیو کوشتنو ئیعدامی شۆڕشگیرانە، بێ منەت ئەنجامی دەدا زۆر بوێرانەو دلێرانە، فرتو فێڵی شۆڕشگێرانەی هەبوو، بە هونەرو تاکتیک دەجوڵایەوە، جارێک گەورە خۆفرۆشێک دەگرن، ناوێرن لە ترسی سەرکردایەتی یەکسەر بیکوژن، پێش ئەوەی بیکوژن، بروسکە

بۆ سەرکردایەتی لێدەدا، دەڵێ فلان خائینمان کوشتووە، بۆ ئەوەی بزانیو رای سەرکردایەتی چی یە، تووشی لێ پرسینەوە نەبێ، گەر سەرکردایەتی لێیان پێچایەوە، دەڵێ ئەوەتازیندووە، نەمان کوشتووە، بەڵام سەرکردایەتی دەست خۆشانەی لێدەکا پاش وەڵامی بروسکەکە، ئەوجا خائینەکە بە سزای گەلو شۆرش دەگەیەننو دەیخەنە چاڵێکی تاریکو قووڵەوە! شەهید ئازاد حەمە گەمحان هێمنو مەندو لەبنو کەم دووبوو، کەسایەتیەکی بزرو زۆرزانو زیندو بوو، بەکەس متمانەی نەبوو، هێندە دوژمنی هەبوو، شەوانە کە دەنووست، جێی لە جێیەک رادەخست، کەچی لە جێیەکی تر دەنووست، کەس پێی نەدەزانی، جێی دیاری نەبوو بۆ دابەشبوونو گەڕان، زاری شیرین بوو بە هەموو کەسی دەگووت (خارە) مەراقی شیرینی بوو بە کیلۆ پاقلاوەی پێدەخورا، جەمەدانی لەسەر نەدەنا، دەیکردە لەچەک یان لە ملی دەئاڵاند، ئەو فەرماندە بە تەگبیرو زۆرزانە، ئەو تێکۆشەرە دیارو لێزانە، لە رۆژی 1987/10/9 لە گوندی (قەرەنگوێ) ی دۆڵی جافایەتی لەگەڵ دڵزار قادرو رزگار جوجە سواری تراکتۆر بوون، شەهید کران لە بۆسەیەکی دوژمن لە گوندی (شیوەشان) ی دەشتی کۆیە بەخاکیان دەسپێرن، پاش شەهید کردنی شەهیدان ئازاد حەمە گەمحانو دڵزارو رزگار، ناحەزو داخ لەدڵان، تەمومژ گومانیان لە روودانی شەهید کرانیان بڵاوکردەوە، گوایە دوژمن شەهیدی نەکردوون! ئەو پڕبوپاگەندەیان لە ختوخۆرای دروستکرد، وەخت بوو دڵی کەسوکارو هاوسەنگەرانی کرمێ بکەن، ئەو گومانوو پڕوپاگەندەیە مایەوە، تا راپەڕین سەرەنجام لە فایلو بەڵگەنامەکانی بەعس دەرکەوت بەچ پیلانێک شەهید کراونو ئەو جاشو خائینانە ئاشکرابوون لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە، بەڵگەنامەکان گومانو تەمومژیان رەواندەوە، ئەو راستیەیان گەشاندەوە کە شەهیدان ئازاد حەمە گەمحانو دڵزارو رزگار سێ پشکۆی گەشاوەی ناو ئاگردانی خەباتی کوردایەتی بوون، قارەمانی بناری کۆسرەتو دەشتی کۆیەو بیتوێنو خۆشناوەتی بوون، حەیف بۆ شەهیدان ئازادو رزگار و دڵزار چونکە ئەو کات ئازادو رزگار نەبوین بە شەهید کرانیان دڵزار بووین، بەڵام خۆشبەختانە رەویەوە تەمومژی گوماناویو رەش دەرکەوتەوە سێ ئەستێرەی کەسکدارو پاکو گەش، ئیتر خاکی سەوزو شەهیدان بگرنە باوەش، لە بەهەشتی ئەبەدیو نەمری خوێنی هەزاران ئازادو رزگارە، بەزامو فرمێسکی هەزاران دڵزارە کەوا ئەورۆ ئازادو رزگارین، برینو دڵزاریمان بیمارە! .

# پڵنگ‌و شابازەکانی قوڕە بەرازە .

شەهید (شەفیق زاهیر) لە کۆیە، ئاگردانێک بوون بە خەباتو خاوەن قوربانی ناسراون، لە هەر شەڕو شۆڕشەی پشکۆیەکیان لێکوژاوەتەوە، دایکیان چەند جار جەرگی سوتاوە، هەر خوێنیان لێ چۆڕاوە، باوکو چوار کوڕ لە یەک ماڵو ئاگردان لێ شەهید کراوە، هەمووی لە سەنگەری بەرگریو شەرەف، شەهید شەفیق بە هەرزەکاری لەگەڵ شەهید رەفیقی برای لە دەستەی هەڤاڵ مام جلال بووە، بە شەفەو رەفەی زاهیر گۆدەو بە ئازاو چاونەترس بەناوبانگ بوون، شەهید شەفیق لەگەڵ قۆزیو نازداری، جورئەتو غیرەتی لێ دەباری، کون لە جەرگی نەبوو، باکی مەرگی نەبوو، ئەو رۆڵە بەجەرگە بوو، لە شۆڕشی ئەیلولیش پێشمەرگە بوو، پاش شکستو هەرەس تێهەڵچووەوە، پشکۆی خۆڵەمێشی لێ نیشتبووگەش بووەوە، بە شۆڕشی نوێ، لە ناو شار، لە رێکخستن کەوتە کار بەدەستی خۆی بە راوێژو فەرمانی رێکخستن چەند خائینو بەعسی کوشت خائینان لێی تۆقی بوون، بەعسی سوور دەیزانی هەوە، دەیگرتو ئەشکەنجەی دەدا بەڵام چی نەدەدرکاندو بەری دەدا، حەیف بەهۆی کێشەیەکی کەلێی نەدەوەشایەوە دەرپەڕی چووە گرتکو رۆست، هەر چەند لە خۆشەویستی کەسایەتی نەکەوت، بەڵام سەرکردایەتی شاخ لێی نیگەرانو دڵگران بوون، ناچار بە خۆیو دەمانچەو گۆچانێکەوە لە بناری کۆسرەتو دەشتی کۆیە دەگەڕا، کاری پێشمەرگانەی ئەنجام دەدان پەنجەی دەست و مەچەک

بوون، بوونە چەپک و پڕ چەک بوون، خۆیان پێگەیاند، بە شەڕو ڕەفتاری شۆڕشگێرانە خۆیان سەپاند، بوونە هێزێکی دیارو شەڕکەر، لە کوڕی ئازاو بە بیروباوەڕ ڕێکخستنی ناوشار بوونە چاو ساغو رابەریان، دوژمن سەری سوڕما بوو لە شەڕیان، ئەو دەم دوژمن لە خۆبایی پڕ دارایو بەهێز بوو، شەڕی عێراقو ئێران نەبوو، هەلیکۆپتەر سێبەری دەکردو پنچک بە پنچک دەگەڕا، بەڵام شەهید شەفیقو هەڤاڵەکانی ترسیان دروستکردبوو لەناو دڵی بەعسو خۆفرۆشان، دەشتو دەرو شاریان دەخرۆشان .

شەوێک پێش شەهید بوونیان هەڵیانکوتابووە سەر (منقمە) بەعس لە کۆیە، تابەیانی بۆسەیان نابووەوە لەسەر ڕێ، شەهید شەفیقی پڵنگی چەپۆک وەشێن، چاوئاگراویو چنگ بەخوێن، فەرماندەی قارەمانو ئازاد، لەگەڵ هەژدەی شابازا، لە پێدەشتی گوندی (قوڕە بەرازە) لە 1979/8/11 بە هێزێکی زۆری زەمینو ئاسمانیو نابەرامبەر، لە داستانێکی خوێناویو مێژوویدا شەهید کران، پڵنگی پێکراوشەهید شەفیقو شەهیدان (مەولود شینە، سەعید قەرەناوی، زاهیر محەمەد عەجەم، حەوێزە ڕەش، جبرائیل حاجی خدر، ئەنوەر نازەنین، رفعەت حەمەد، شیروان ئیسماعیل، محەمەد قادر، محەمەد قوڵقوڵەیی، ئەحمەد بازیانی، محەمەد عەزیز عەلی، ئازاد حاجی رەفیق، عومەر رەفیق) لەو داستانەدا چواریان بەدیلگیران، لەناو شاری کۆیە یەکسەر گوللەباران کران تا بەر لێبووردنی گشتی نەکەون شەهیدان (مارف عارف، جەعفەر سەعید عەباس، ئاودێر عەبدوڵڵا، قوباد فەتحوڵڵا) ئەو 19 شەهیدە مەلۆیەک بوون لە خەرمانەی شەرەف، چەپکێ ئاگربوون، لەناو بەفرو شەختە، بەکەم کەس پێشمەرگایەتی دەکرا ئەو وەختە، ئەوسا ئەو 19قارەمانە شەهید کران هێنران بۆ کۆیە، لە کۆیە 19 مەڕ سەر نەدەبڕدرا .

خائینو قووەخاسەکان لەناو ئیڤاو زیلان هاواریان دەکرد،شەفیق: مات شەهید شەفیقو هەڤاڵەکانی لە ویژدانو دەروون دەژین، درەختی بەلقو پۆپی کەسکی یەکێتی بەشێکی بە جۆگەی شەهیدانی قوڕە بەرازە ئاودراوەو بۆیە بالاو گەش



شەهیدانی قوڕەبەرازە

## کۆیە گوڵی باخانی پێشکەش کردووە!

کۆیە شارێکی یەک نەتەوەو فرەئاین بووە (موسولمان، دیان، جولەکە، ئیزدی) لێی ژیاوە، لەگەڵ ئەوەش تەباو گونجاو بووین، هەر بروادارەی بە دینی خۆی خودای پەرستووە، بەڵام ئیزدیەکان لە ژێر گوشاری میر پاشای رەواندز بوین‌و لێی کوشتوون‌و سەرەنجام بوونەتە موسڵمان(شێخانی)یەکان کۆیە بە بنەچە ئیزیدین سەرەنجام موسڵمێندراون .

کۆیە لە کۆنەوە شارستایەتی تێدا بووە، سروشتی شاریانەی هەبووە، لەساڵی 1880 قوتابخانەی لێکراوەتەوە، مەڵبەندی خوێندن بووە، دیمەن‌و ئاوهەوای وایکردووە خەڵکی کۆیە کراوەو کۆمەڵایەتی بن، بە سەیرانگاو رەزەکانی گەشت‌وگەران‌و سەیرانی زۆر بووە، بە تایبەتی وەختی ئێواران‌و بەهاران .

کۆیە شار بووە! گەرچی پێکهاتەی لە چەندین بەرەباب‌و بنەماڵەو هۆز پێکهاتووە، بەڵام شارستانانە رەفتاریان کردووە، هەرگیز وشک‌و خێڵەکیانە بیریان نەکردۆتەوە، یەک لەو دیاردە شارستانانە لە ناو کۆیە ژن بە ژنەو شیربایی‌و گەورە بە گچکەو گۆڕینەوە نەبووە، وەکو نەریت باپیری باپیری کۆیی یان ژن بە ژنێ ژنیان نەهێناوە، خوازبێنی کردووەو "گوڵی باخانیان داوەتێ" نەزانراوە لە سوڵح‌و کێشەی کۆمەڵایەتی‌و دوژمنایەتی ژن لە بری خوێن درابێ!! دیارە بە درێژایی ژیان حوب حوبێن‌و عاشقایەتی هەبووە، کچ‌و کورێک یەکتریان خۆش‌ویست بێ زیاتر بۆ یەک بووین نەبینراوە عاشقێک

لەسەر خۆشەویستی کوژرابێ! کچەکان زیاتر شەرەفمەندو روسوور بوین. حاجی قادری کۆیی کچو کوری کۆیی وا شوبهاندووە :

کوریان غیلمان و کچیان عەینی حۆری

پەندێکی نوێ هاتۆتە ئاراوە، کە دەڵێ پیاوی بەختدار ئەوەیە: ترومبیلی یابانی بێتوماڵی لە سلیمانی بێتو ژنی کۆیی بێتو دراوسێی مەسیحی(دیان) بێت .

کچە کافرۆشی بەناوبانگ بووە لە جوانی. (کافرۆشی) گوندێکە بە کۆیەوە نووساوە!!

رەسەنە کۆییەکان نە پوونگاونەتەوە لە کچ پێدان، حەوێزیو غەفووری رقیان لە یەکترە، بەڵام ژنو ژن خوازی لە نێوانیاندا زۆر بووە بێ ئەوەی ژن بە ژنێ بکەن، ژنیان لە یەکتر هێناوە، هەندێ هۆزو بنەماڵە پێیان شەرمە ژن بدەنە بێگانە (پاروو هەتا دەکەوێتە عەردی، بکەوێتە کۆش باشە) دەهێڵنەوە نایدەنە بێگانە، گەرچی لە کۆیە قەیرە کچ زۆرە! بەلام بەختیان هەڵنەساوە خۆیان بە گرینگتر زانیوەو رازی نەبووین (پرتەقاڵ لە وەختی گەشی لێ نەکرێتەوە، بمێنێتەوە سیسو چورچ دەبێت) کۆیی کچی خۆیان زۆر داوەتە خەڵکی لایدە.

ئەو کۆتو کەلەپچە دوا کەوتوانەیان پچراندووە، بە داخوازیو رەزامەندی کچیان بەخشیوە بە دیاردەیەکی پێشکەوتنو شارستانیانە دادەنرێ، زۆر لە خەڵکی دیارو نادیار لە کۆیە ژنیان هێناوە، دەبێ بۆ چەند هۆیەک بگەرێتەوە جا لەبەر جوانیو بەرێزیو کابانیو خانەدانیو ماڵداری بێت، یان بە خوازبێنی ژنی داوە بە بێگانە، گوڵێکتان هەیە لە باخان پێشکەشی کورەکەمانی بکەن، تا رادەیەک زاوای خۆیان خۆش دەوێت، دیارە خەڵکی دیارو نادارو رێزدار زۆر لە کۆیە ژنیان هێناوە بۆ نموونە بەشێک لەو زاوایانە :

د.محمود عەسمان، د.بەرهەم ساڵح، جەوهەر نامق سالم، فەرەیدون عبدالقادر، دارۆ شێخ نوری، د.ناسیح غەفوور، ئەحمەد بامەرنی، حەبیب محەمەد کەریم، وەلید شریکە(ترکمان)، مەتین رەشید سندی، سۆران داودی، ئەحمەد سالار، حەمە علی خان، د. نوری تاڵەبانی، عەدنان کەریم، زەعیم مەحمود سالم، مەلا محەمەد مەلا قادر، کاکە رەش(پەرلەمان) رەشید وشیار بایزاغا، هاودەنگ فاروق، دەرویش هەرکی، شوان داودی، محسن ئاوارە، عبدالرقیب یوسف، تالیب سەید عەلی، محسن عوسمان، د.مجید حەمەدەمین دزەیی، کاوە محەمەد، راغب ربیع بارزانی، کەریم ئەحمەد، ئەبو سیروان، ئەحمەد جبوری، سەلاح یاسین شوانی، د.شوان موفق عبدالعزیز، عمید گلال عبیدی، رائد عبدالکریم ڤاهر(ئەبو سەلام)، صباح عابد(ئەبو دموع)، صباح شێرە، وریا مەلا خالید، حەسەن دەوڵەت، فوئاد عەلی ئەحمەد، ئاوارە مەلا ئەحمەد، بەهزاد هاشم، جەلال کوێخا، د.فەرمان زەندی، مەحمود بەنزین، حەمەی مەلا ئەحمەدی گەرمیانی، شێخ رەقیب قایئیمقام، حەسەن بڵباس، سمایلائاغا بڵباس، قادراغا مەمەنداغا،

سەید عسمان سەید محەمەد، مامۆستا ئەمین، مامۆستا هۆشمەند هەورامی، سیروان قادر شەرعی، وەتمان ئەمین بلّباس، شێخ نوری دهۆکی، ئەبو حەیدەر، ئارام عەلی عەزیز، د.نجیب، د. کمیل حمادە، مامۆستا عمر محەمەد ئەمین، د.حەمە سەعید شێخ لەتیف دانساز، زاهیر عەبدلّلا، شێخ حسێن شێخ محەمەد بالیسانی، عەبدلّلا عەلی برزوو قەساب، جەواد بە حرکە، ئازاد کاوانی، تەحسین نوری دزەیی، دلّشاد عەبدلّلا خۆشناو، عەبدالرحمان قەفتان، حاجی جەرجیس نەجار، عامر حەداد، عوسمان حەمە سالّح رشید، مەهداوی ئەحمەد پیرە، ئەنوەر زبیر دهۆکی، محەمەد مەلا حەسەن سەلمان محەمەد، د.نازم جەلال، صلاح حەسەن زەنگنە،عەمید فازلو حازم کوردە و ئەرسەلان دەروێش و شۆرش قەرە هەنجیری. ....... هتد.          (ماویەتی)



مامۆستا محەمەد تۆفیق وردی

## وردي: دانەری سروودی

## ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان نامرێ ناوو نیشانتان

شاعیرو رۆژنامەوان وفۆلکلۆرناسی کوردی، مامۆستا محەمەد تۆفیق وردی (وردی) ناوی محەمەد کوڕی تۆفیقی قەسابی کوڕی رەشیدە فەندی کوڕی فەرهاد ئاغای دیاربەکری یە، رەشیدە فەندی باپیری وردی ساڵی 1870 کارمەندێکی عوسمانی بووە، گوێزراوەتەوە شاری کۆیە، بۆتە فەرمانبەری دارایی، بنەماڵەی وردی بەرەسەن ورەچەڵەک دیاربەکرین، بەڵام رەشیدە فەندی باپیریان لەکۆیە ژن دەهێنێ ولەوشارە دەمێنێتەوە، چوار کوڕو دوو کچی لێدەکەوێتەوە، کوڕی سێیەمیان تۆفیقی قەساب بووە، دەکاتە باوکی محەمەد تۆفیق وردی، محەمەد تۆفیق وردی لەبەهاری ساڵی 1923 لەگەرەکی بایزاغای شاری کۆیە چاوی بەژیان هەڵهێناوە، بەحەوت ساڵی چۆتە بەر خویندن، سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە پۆلی سێی ناوەندی کەوتووەو دەرنەچووە، دواتر سێی ناوەندیی بەپلەی باش بریوە، ساڵی 1941 چۆتە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لەئەعزەمییە، 1944 خوێندن تەواودەکات ودەبێتە مامۆستا لەقوتابخانەی سەرەتایی لەشارۆچکەی تەقتەق، وردی لەرادەبەدەر تێکۆشەرودڵسۆزو کوردپەروەربووە، ئەشقی نیشتمان وسیاسەتوان و ریزپەربووە، توشی ژیانی پرنەگبەتی و دەردیسەر بووە، لەپاییزیی ساڵی 1942 لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی کۆیی (کۆمەڵەی دەنگ) دادەمەزرێنن، پەخشنامەیەکی دەستنووس دەردەکەن بەناوی (پێشکێش) ئامانجیان خوێندن و رزگاری کوردوکوردستان بووە، ئەو

ڕێکخراوەلەچوارچێوەی کۆیە دەردەچێت و گەشەدەکەن لەقەڵادزەو پشدەرو رانیەو تەقتەق نشونما دەکەن،
لەسەر داوای کۆمەڵەی ژێ کاف لەساڵی 1945 (کۆمەڵەی دەنگ) مامۆستا محەمەد تۆفیق وردی دەستنیشان دەکەن بۆ بەشدارییکردنی لەکۆماری مهاباد، وردی ئەو دەم مامۆستاو ئەندامی باڵای کۆمەڵەی دەنگ بووە، یەکسەر پەیوەندییان پێوەدەکات، دەبێ بەمامۆستا لەشاری مهاباد لەژێر سێبەری کۆمار لەوێش شیعری (ئەی رەقیب)ی دڵدارو ئەی شەهیدانی شیعرەکەی خۆی دەگەیەنێ ئەو دوو سرووده ئاگراویە زایەڵە دەداتەوە، لەسەر وێردی پێشمەرگەو تێکۆشەران دەلەرێتەوە. وردی مرۆڤێکی ناسک و بەهەڵوێست و بێ منەت بووە، بەڕاستی گیان و ژیانی بۆ میللەت بووە، لەوێ لەبواری راگەیاندن کاری کردووە، مامۆستای قوتابخانەش بووە، 13 وتارو شیعری لەرۆژنامەی (کوردستان) بڵاوکردۆتەوە، لەسەردەمی کۆماری مهاباد، لەرۆژنامەی (هاواری نیشتمان) وتارێکی رەخنەیی و گلەیی و پڕ کەموکوری بەناوی (چیمان دەوێ) بڵاوکردۆتەوە، لەسەر ئەو وتارە بەفەرمانی وەزیری هێزی کوردستان (محەمەد حوسێن خان) بەندکراوە، مەلا مستەفا بارزانی و پێشەوا قازی بەریانداوە، بەڵام خاوەن رای خۆی بووە، نەترسانە کاریکردووە، جارێکی دیکەش لەرۆژنامەی (الاهالی) جادرچی لەبەغدا وتارێکی رەخنەیی نووسیوە بەناوی (فی بلد العجائب والغرائب) کە لەسەر هەژاران دەکاتەوە لەسەر ئەو وتارە تووشی نانبرین و دژایەتی دەبێت، بەڵام خۆی بەدەستەوە نادات و بۆیە وردی لەژیانیدا بەتوندڕەوو کەللەگەرم ناسراو بوو، وردی لەگەڵ کۆماری مهاباد بووە، پاش رووخانی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە کۆیە ساڵی 1947 سروودی (لاوەکان)و (ئەی شەهیدان) و (تاکەی هەژارو بێ چارە بین) بڵاودەکاتەوە، ئەو سروودانەی وردی کاریگەریی گەورەیان هەبووە، خەڵکی پێ جۆشداوە، وردی لەژیانیدا نەبەزیوە، نەترساوە، نەڕووخاوە، لەخەبات وسیاسەت وازی نەهێناوە،لەڕیزی حزبی شیوعی عیراق،ڕێکخراوی کوردستان کاری کردووە، لەشۆڕشی ئەیلول بەشداربووە، لەچەمی رەزان کاروباری دارایی بەڕێوەبردووە، لەبواری خەبات و سیاسەت و ئەدەب بێ پەروا بەبرواوە کاری کردووە، هەر سووتاوە بۆ گەلەکەی، هەر گەڕاوە بۆ ئەدەبی کوردی، زۆرجار لەناو برادەران بەقوڵپی گریانەوە،بەئاخ هەڵکێشانەوە،باسی هەڵکردنی ڕێورەسمی ئاڵای کوردستانی لەکۆماری مهاباد کردووە، بەزاری خۆی وایگێڕاوەتەوە: (من و عوسمان دانش و کەریم زەند، ئامادەی دابونەریتی ئاڵا هەڵکردنی ئەو کۆمارە پیرۆزە بووین بەوردی سەیری چرکەکانی بەرزکردنەوەی ئاڵامان دەکرد، کەقازی پێشەوا بەدەستی موبارەکی دەستی کردە ئاڵاهەڵکردن، وردە وردە سەری سندوقێک لەژێرزەمینەی ئاڵاکە بەرزدەبۆوە، لەتەکیشیا سەروباڵای زەلامی هەڵدەکشا، ئاڵا گەیشتە شوێنی شایان و بەرزی خۆی، زەلامی ناو سندووقەکەش بەڕیشی ماش و برنجییەوە، بەجلوبەرگێکی کوردییەوە بەوردی لەئاڵاکە، راما، راما، راما، کەزانیمان ئەمە حاجی قادری کۆیی-یە هەموو لەپڕمەی گریانماندا حاجیش هەر

بەنمایشەوە، وردە وردە خۆی نزم کردەوە لەنێو سندوقەکە راکشا دەمی سندووقەکەش داخراو چووە ژێر زەوی.

## هـــەڵـــی کــــەی بـــەیـــرەقـــی کـــــوردی لـــــــــەدەوران

وردی هەر نانبراوو لەکارلابراوو ماڵ شێواو بووە، قەت ماندوو نەبووە، هەر نەترساوو سووتاو بووە، پاش 14ی تەمموزی ساڵی 1958 بۆتەوە مامۆستاو لەناوەراستی پەنجاکانەوە لەبەغدا نیشتەجێ بووە، وردی پیاوێکی کورتە بالاو وردبووە بەجەستە، لەهەموو بوارەکانی ئەدەب شارەزاو وردبووە، بۆیە نازناوی (وردی) هەڵبژاردووە، یەکەم پارچە شیعری لەساڵی 1944 لەگۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) بلاوکردۆتەوە بەناوی (رەقەیەک و دوو مراوی)یەوە یەکەم پەخشانی بەناوونیشانی (دۆزینەوەی گەنجینەیەک) هەر لەساڵی 1944 لەهەمان گۆڤار بلاوکردۆتەوە، یەکەم کتێبی لەساڵی 1955 بەناوی (حەسەن و مریەم) چاپکردووە، لەماوەی ساڵانی 1955-1975 بیست کتێبی بەکوردی داناوە، نۆزدە کتێبی بەعەرەبی چاپکردووە، لەپاش مەرگی 62 دەستنووسی لەپاش بەجێماوەو چاپ نەکراوە، دەستنووسەکان فۆلکلۆرو وەرگێران و چیرۆک و لێکۆڵینەوەو قسەی خۆش و فەرهەنگ و پەندو شیعرو داستانن48 دەستنووسیان بەکوردییە، 14 بەعەرەبییە.

وردی لەئاگردانی فۆلکلۆری کوردی پشکۆی و شەوچیرۆک و سەربردە و داستانی گەشاندۆتەوە، خەرمانێکی پربەرەکەتی لەکەلەپووری گەلەکەمان کۆکردۆتەوە، بۆیە وردی بەسەر کاروانچی کاروانی فۆلکلۆری کوردی دادەنرێت، وردی دەست رەنگین و خامە رەنگین و پروسەنگین بووە، لەهەموو بوارەکانی ئەدەب خامەو نووسینی بەکارهێناوە، لەشیعرو فۆلکلۆرو قسەی خۆش، گاڵتەو گەپ، چیرۆک، مێژوو، داستان، شانۆنامە، فەرهەنگ، پەندی پێشینان، لێکۆڵینەوە، سروود، گەریدەی ئەدەبی کوردی بووە، 42 شیعری بلاونەکراوەی حەزرەتی حاجی قادری کۆیی دۆزیوەتەوە، جگەلەوەش مامۆستاو پەروەردەکار بووە لەبواری رۆژنامەوانی بەتواناو دیاربووە، لەساڵی 1960 لەگۆڤاری (پێشکەوتن)، رۆژنامەی (النور)و (دەنگوباس) (دەنگی کورد) کاریکردووە، هەمیشە شیعرو وتارو نووسینی وکتێبی بلاوکردۆتەوە کەلەپووری فۆلکلۆری کوردی ژیاندۆتەوە، لەناوچوون و لەبیرکردن رزگاریکردووە، گەنجینەیەکی پر بەهای بەبەرهەمهێناوە، بەقەد بالای پەیکەرێک کتێبی داناوە، وردی مرۆڤێکی بەهەڵوێست و خۆشەویست و راستگۆو باوەر نەگۆر بووە، دڵ پاکژو دەروون جوانو سرووشت ناسک بووە، بەهێز بووە، بەرامبەر سەختی رۆژ گار، دەروون بەرزو بەرێز بووە، لەئاست پارەو کورسی و تەلار، نەگبەتی و قوربەسەری چەشتووە، بەدەوران دەوری زەمانە رۆیشتووە، مووچەو پارەو ژیانی خۆشی بەجێهێشتووە، لەهەر بارێکی نارێک رەخنەی گرتووەو رای خۆی دەربریوە، باجی نووسینەکانی داوە، هەرچەند روو تەنک و دڵناسک بووە، بەلام بەقسەیەکی خۆش قاقا پێکەنیوە، هەر هەڵسوکەوتێکی

نالەبارو کەموکورتییەکی دیوە هەڵچووە، لەناخەوە پێی تێکچووە، خۆش گلەیی و نارەزا بووە، لەهەموو بوارەکان شارەزابووە، لەشانۆنامەی (شەوارە) یادی رۆژانی قوتابخانەی کۆیە دەکاتەوە، یەک دوو رووداوی کۆیە دەگێرێتەوە، ئاوات و ئارەزووی خۆی دەردەبرێت و دەنووسێت: (من وەکو نووسەرو بوێژو چیرۆکنووسێک ئاواتی هەرە بەرزم ئەوەیە کەپێشئەوەی بمرم هەموو هەڵبەست و چیرۆک و نامیلکەکانم چاپ بکەم لەناو ریزی میللەتی کورددا بڵاویانبکەمەوە، نەک ببمە خاوەنی مارسیدس و تەلارو کورسی).

ئەوە باوەرو رێبازی بوو، ئەوەی مایەی شانازی بوو، خەباتی خاوێن و بەرهەمەکانێتی، ژیانی سەربەرزو کردەوەی جوانێتی، وردی لەپێکەوەژیان و یەکەم خێزانی سەرکەوتوو نەبوو، ئەمەش کاریگەریی هەبووە لەسەر رەوتی ژیانی، لەنامیلکەیەکی شیعری بەناوی (ویستم ژن بێنم) بەئاشکرا ئەو راستییەی نەشاردۆتەوە، بێوەفایی و فریودانی ژنەکەی بەشیعر هۆنیوەتەوە، بێ پەردە، بەراستگۆیی باسی کردووە، بۆیە دوایی ژنێکی دیکەی هێناوەتەوە، بەدوو کورو چوار کچ وەچەی لێبۆتەوە، کورەکانی بەناوی (سیامەند، پێشەنگ)، کچەکانی (تریفە، ئاڵەکۆک، خانزاد، پەریزاد) وردی مرۆڤ و خەمخۆرو شۆرەسوار، مەزن و سەربەرزو دیارو ناودار، خۆراگری چەرمەسەری ژیان و رۆژگار، لە 1975/12/2 چرای ژیانی کوژاوەتەوە، لەگۆرستانی (شهدا) لەبەغدا نێژراوە، 52 ساڵ ژیاوە، لەتەمەنی زیاتر کتێب و بەرهەمی هەیە، خەرمانەی نووسین و چەپکێ قەڵەمی هەیە، دانەری سروودی ئەی شەهیدانە، پێشەنگ و بەناوونیشانە، بۆیە نامرێ لەناو ویژدانە، شاعیر فۆلکلۆرناس و مامۆستاو رۆژنامەوانە، لەگوڵزاری هەر باخێ دەیگرێ خۆی خاوەن و باخەوانە، وردی تاجی سەربەرزی لەسەرناوە، (ئەوەی باقی بمێنێ هەرناوە).

# منەتباری

دەشتی کۆیە 59 گوند بەخۆوە دەگرێت، لە یەک هۆزو بنەماڵەو تیرە پێک نەهاتووە، زۆربەی گوندەکان تێکەڵن لە تیرەو هۆزی جۆربەجۆرو بەرەباب، هەندێ گوندی بە تەواوی سەیدن هەروەک گوندەکانی (قازبەگیان، داوداوە، کاولان، ئیلەڵڵا، کانی سوور، چالاوە، کانی هەنجیر) جگە لە گوندەکانی (دۆندارو پێ بازۆکو بۆگدو کانی کوردە) سەیدی تێدایە، دۆڵی خەلەکان پڕ سەیدە هەروەک لە گوندەکانی (شێخ حاجی، شێخ مەنسووریان و قەلاتەو قامیشەو سارتکەو باقڵان و باداوان پەیوەندیەکی پڕ خۆشەویستیو رۆحیو هاوسۆزیو برایانەمان لە گەڵیاندا هەیە، لەدوای هەرێمەکان تیپ دامەزرا سنووری تیپی 93ی کۆیە دەشتی کۆیەو دۆڵی خەلەکان بووسنوورەکە فەرماندەی هەمیشەی بەخۆوە نەدەگرت شەهید دەکران هەروەک شەهیدان (حەمە غەفور ئاغجەلەری، نەعمانە گۆج، شەفیق زاهیر، فەرەج شەوگێڕی، ئەحمەد برنۆ، شێخ شەماڵی باخ، سەرباز ئەحمەد، جەعفەر حەمە دەرویش، کامەران ئەحمەد) جگە لە چەندین کادرو فەرماندەی دی، بەشبەحاڵی خۆم قەرزارو منەتباری خەڵکی کوردستانم بە تایبەتی دەشتی کۆیەو دۆڵی خەلەکانو بناری کۆسرەتو خۆشناوەتی .

لە ساڵی(1979)ەوە کاری تێدا دەکەمو سەرەتا وەک کادری سیاسی ئەوجا پاش شەهیدبوونی کاک شەماڵو کاک سەرباز کەوتمە کاروباری سەربازییەوە لە جیّی شەهید سەرباز دانرام دوایش بوومە سەرتیپی (93)ی کۆیە، ساڵی 1979 لەم ناوچەیە ژیاومو جێگای کارکردنم بووە بارەگام لە (کانی کوردەو دۆندارو قزلوو (فەتاح تەپڵ) بووە دۆستو ڕێکخستنی زۆرو فراوانمان هەبووە، مامۆستاکان،

پیاو ماقوڵەکان خەڵکەکە بە گشتی دۆستو هاوسۆز بوونو لە ڕێکخستندا بوون، هەوارو دەوارو ماڵ نییە تێیدا دابەش نەبووبم خۆشاوی گەنجیو تەمەنی جوانیم لەو دەشتو شاخو گوندانە بەڕێکردووە، نەلەخواردنگە نانم خواردووە نەلەهۆتیل خەوتووم بەڵکو لانەو جێی حەوانەوەو خواردنو خەوم ماڵو حاڵی ئەو خەڵکە ڕەشوڕووتە بووە، لە شەڕەکاندا هاوکارییان کردووین تەقەمەنیو خواردەمەنییان گەیاندۆتە سەنگەرەکان بە کوندە ئاوو بەنانەبەرە نانیان بۆ هێناوین زانیاری ڕاستو دروستیان پێداوین، ژنەکان لە کاتی شەڕو مەترسی دەستبە دوعا بۆمان گریاون کە قوتارمان بووە خێریان بۆ کردووین، کەوچکی کەم ماڵ هەیە بە قورگماندا نەچووبێت لێفەو پەتووی کەم ماڵ هەیە پێماندا نەدرابێت وەختو ناوەخت چاو خواردنی خۆشیان بۆ ئامادەکردوین جلوبەرگیان بۆ شۆردووین داڵدەو حەشاریان داوین، نهێنییان پاراستوین، قەت خەبەریان لێنەداوین، وەک پێشمەرگە ژیاوین، لەگەڵ خەمو ئازارەکانی پێشمەرگەدا بوون، ئەو سۆزو خۆشەویستیە هەر لە پەرەسەندندابووە، هەرەوەزیو قورکاریمان لەگەڵدا کردوون، دەشتی کۆیەو دۆڵی خەلەکان گەرچی بێدەرامەتو نەداربوون، بەڵام میوانپەروەرو خانەدانو خزمەتگوزار بوونو قۆناغو سەرەڕایو کاروانسەرای پێشمەرگە بوون لە زەمانی شاخدا لەبەر ئەرکو قورسایی پێشمەرگە باجیان لەسەر نەبووە، لە ئەنفالەکاندا تێکرا گوندەکانیان روخێنراو خەڵکەکەشی ئاوارەبوون.

ساڵی 1981 لێپرسراوی ناوچە بووم لە دەشتی کۆیە کاک شەماڵو کاک سەرباز مابوون لە من باڵاترو دیارترو ناودارترو دەسەڵاتدارتر بوون، دەشتی کۆیە جادەی قیری بەناودا دەهات ئۆتۆمبیلمان نەبوو بەڵام بێئەوەی داوا لە خەڵک بکەینو هەوڵی ئۆتۆمبیل بدەین خەڵکی دڵسۆزو بە پەرۆش چوونە سەرجادەی سەرەکی کۆیە- تەق تەق بە چەکی شرو ژەنگاویو تاپرو خەنجەرو بێچەک دەبڵ قەمەرەیەکیان گرتو بۆ ئێمەیان هێنا، ئەودەم ئەو دیاریە زۆر گرنگ بوو بە تایبەتی بۆ کادرێکی سیاسی وەک من، کە کاک شەماڵو کاک سەرباز فەرماندەو لێپرسراوم بوون خەڵک بچێتە سەرجادەو چالاکی بکات وەک وەفاداریو ئەمەکداری ئەم جوامێرانە بوون دەبڵ قەمەرەیان بۆ هێناین

لوقمان ئەنوەر عەبدوڵڵا کانی ڕەشی"بەدەمانچەی ولتەر"

مەلا باقی تەها فەتاح کانی ڕەشی"بەخەنجەر" عەلی عەبدڵڵا حەسەن گەرمەکی"بەتاپر" بەداخەوە ئەنفال کرا"

سەمەد حەمەد عەبدوڵڵا گەرمکی"بێ چەک"

ناکرێ تامردن چاکەو پیاوەتیو خانەدانی خەڵکی ناوچەکە لە بیربکەم هەر منەتبارو قەرزاریانم، چیان بۆم نەکردبێت کەشتی زۆریان بۆ کردوم، بیست مناڵ ناوی منیان لێناونو هەندێکیان لەگەڵمانن پێشمەرگەنو گەورەبوون .

خەڵکی دەشتی کۆیە خزمەتگوزاری بۆ کراوە، بەڵام تا ئێستا کارەبای سەرەکی نیە، بۆیە هەقی

نازوبازیان هەیە پێویستە ناوچەکەیان بکرێت بە چراخان، مایەی شانازین .

## کۆیینە بە خۆ کەون

## شاری خۆتان خۆشبکەن

جاران کۆیە ترانزێتی بازرگانیو کاروانسەرای کارو کاسبی بژێو بوو، شادەماری ئابووری لەناو گیانی تێدا دەژایەوە بە جوڵەی ئاڵو گۆڕی بازرگانی، لە (زێ) یە بە کەڵەک ئەو حەل لە باتی چووپ پێستو کوندە پڤ دەدرا بۆ بن کەڵەک، شتومەکی بازرگانی دەگوازرایەوە بۆ بەغدا، بە بارو قەتارەی هێستران بە رێدەکرا بۆ تەورێزو سنەو سەردەشتو سابلاغ، بەو هۆیەوە خانو قەیسەریو مزگەوتو بازارگای لێکراوەتەوە، جگە لەوەش قۆناغو سەرەرێی خێڵانو کۆچەریان بوو بۆ گەرمیانو کوێستان .

خانو قەیسەریەکان، شارستانیەتی کۆیە نیشان دەدا تەنانەت (مزگەوتی گەورە) بە مەرمەرو نەخشکاریو بە وەستای حەلەبو موسڵ دروست کراوە لەسەر شێوەی (کابە) دەگمەنو نموونە بووە لە کوردستان، لە سالانی جەنگو گرانییو سەفەربەلەک کۆیە کەوتە کزیو وشک بوونو دارمانی ئابووری بەدبەختی، سروشتی وراتی کۆیە، خاکێکی بێ پیتو بێ برشتو وشکو کەم ئاوە، زۆربەی سۆرکو شینکو زورگو هەڵەتە کەمتر بە کەڵکی کشتوکاڵ دێت، تا دەگاتە بەستە بێ کەڵکەکەی (شەرغە)، دەشتی کۆیە لە چاو جێگاکانی دیکە، بێ دەرامەتو نەدارن .

لەناو کۆیەش گوزەری پیشەوەر زۆر بوون، کارگەربوون، وەک دەباغچیەتی، ئێمەندووریێتی، سۆڵدوو، کاڵەک دروو، چەخماخساز، چنینو لباد دروست کردنو کورتان درووبەتی، لەگەڵ نەمانی بازرگانیو نەبوژاندنەوەی ئابووریو ئیدی خوێندنو مزگەوتو دیوەخانو تەکیەی لێکەوتەوە! کۆییەکان لە پێناوی ژیانو بژێوی روویان لە شوێنو شاران کردووە!شاری قەلادزێ پڕە لە رەسەنە کۆیی، لە وەختی

لێقەومانو بووبێ یان کارو ژیان چوونەتە ئەوێ، بۆ خۆشیو گەمە گوتراوە :

**لێ دەدەن لە بنی مەنجەرێ کۆیی گەینە پشدەرێ**

لە رانیە زۆر لە دەوڵەمەندو ناودارەکان کۆیین، لە شەقڵاوە بەرەی قەسابەکان گەرەکێکن هەموو کۆین لەسەر مەیدان، جگە لە هەولێرو سلێمانیو بەغدا، بگرە چوونەتە شارەزوور بۆ کاسبی، کۆیی لە سەیدصادقو سۆڵەمێش نیشتەجێ بوون گردێک هەیە لە گوندی سۆڵەمیش بە ناوی ئامنە خان بە ناوی خوشکی مام عومەر دەبابە بووە کۆیی بووە بەناوی ئەو ناونراوە

ئاخۆ دەبێت کۆکۆییو کۆیک چ پەیوەندیەکی بە کۆیەوە نەبووبێت!! لە مێژە پێش هەولێر رێگای کۆیەو کەرکوک هەبووە لە ساڵی 1957 سەعید قەزار هاتۆتە کۆیە لەوێ زەوی بۆدابین کردونو (گردی جولەکان) بە رەسمی و نفوس بە (سەعیدا وە) ناو دەبرێ، یەک لەپێشنیازەکانیان بووە، داوایان لێ کردووە رێی کۆیە هەولێریان بۆ بکاتەوە، گوتوویەتی کۆییەکان دەرۆنو کۆیە بەجێدەە هێڵن!ئێمە مەبەستمانە بچینە کەرکوک، چونکە کەرکوک مەترسی لەسەرە، لە رێی کۆیەو هەولێر بکاتەوە، کۆییەکان زۆر روو لە هەولێر دەکەن، لەراستیدا کۆیەکان زۆر لە کۆیە ناژین، زیاتر لە ئەوروپا بلاو بونەتەوە!کۆیە تا راپەرین لە ژێر گوشارو دارمانو بەربەرەکانیادا بووە، بەرەو چۆڵ بوون چووە، (هەرخوێنی مژراوە قەت خوێنی تێنە کراوە) پاش راپەرین، کۆیە رۆحی هاتۆتەبەر و ئەو گۆرستانە نەمابە ئاستەم نوزەی تیابێت! گەر سەیریبکەین بە ویژدان چۆن بوژاوەتەوە؟چۆن گەشەو گرنکی پێد راوە؟ گەر پرۆژەی خانوو دروست کردن هەبێت ، کە رێکخراوەکانی ئامادەن هەندەی دی دەبوژ ێتەوە و جوانتر و فراوانتر دەبێ!راستیەک هەیە، کۆییەکان غەدر لە کۆیە دەکەن، ناگەرێنەوە زێد و باوەشی شاری خۆیان، ئەوجا گلەیی دەکەن هەر دەلێن چ بۆ کۆیە نە کراوە! ئەوە راست و رەوا نیە، بەلام سەدان خۆشگوزەران و حالی باشی کۆیی هەیە لە شوێنان خانووی نایاب و دوکان وپرۆژەی هەیە،بۆ نایەتەوە کۆیە؟ سەرمایەکی بخاتە گەر و با تۆزێکیش زەرەر بکات! زەمانی بەعس زۆربەی موستەشارەکان کێلگە و کۆشک و تەلاریان لە شار و گوندەکانی خۆیان دروستکرد، بەلام موستەشارەکانی کۆیە، ئەوەیان نەئەکرد سوالکەرانەلە کاولە خانوو لە کۆنە خانووی میری دا دەژیان.!!هەقە کۆییەکان گرنگی بە کۆیەبدەن، بەلای کەمەوە بنکەو هەوار و قۆناغێک بۆ خۆیان دابین بکەن!بیر لە پرۆژەی جوان بکەنەوە، سیمای شار رەونەقدار بکەن، بە پێی توانا دوکان و خانوو بۆ خۆیان دروست بکەن، پارە دارەکان و ئوتێل و مۆتێل کابینەو مەلەوانگە و سینەماو گازینۆی هەمەچەشنە بکەنەوە بازارگەی نوێ بنیات بنێن ، کردنەوە ی زانکۆ و پەیمانگا لە کۆیە شارستانیەت و ژیاری پێبەخشیوە، کۆیە پیێویستی بە مەکدۆنال و سۆپەر مارکێت و مینی مارکێت و پێشانگای ترومبێلان هەیە، سەیرانگاکانی

کۆیە بەهەشتی سەر  رووی زەمینن، خۆشی بەخشن، بە تایبەتی چنارۆک. ئیدی کۆینە نۆرە تانە، هەلمەتێ کۆییاتی و خۆیایە تیەک بکەن! بۆ خۆتان  گرنگیەک بەو شارە بدەن ، چیتان لە دەست دێ هیمەت بکەن؟

# مەرگ و گڕی نامۆیی

لەبەر ژانی برینێکی پێشمەرگایەتی لە ساڵی 1996 بە مەبەستی چارەسەرونەشتەرگەری، چارەنووس فرێی دامە (هۆڵەندا) بەختم هەبوو پاش چواردە ڕۆژ، پەنابەری سیاسیم وەرگرتو هەر لە کامپی (ئازیلۆ) دا بووم لەبەر ئازاری لاقم نێردرام بۆ خەستەخانەیەکی تایبەت بە ئێسکو برین لە شاری (هەنگلۆ) بەزووی نەشتەرگەریم بۆ کرا، سەرەتا لە نەشتەرگەریەکەدا سەرکەوتوو نەبوون! ناچار ڕانیان هەڵدریمو چی ساچمەو برین هەبوو دەریان هێنا، بە چڵو دوو تەقەڵی وردورێک بێ ئەوەی ئاسەواری پێوەدیار بێت بەجوانی دوروییانەوە! بەڵام چوار مانگان بەدارشەقو شەلەشەل هەنگاوم هەڵدەهێنا لە وڵاتی گوڵو پایسکل!سروشتی هۆڵەندا هەر لمو ئاوە بەردو گردو هەورازی لێ نییە!خۆڵ لە وڵاتان دەهێنن، شوێن ئاوان وشک دەکەنو ئەوجا شارو ئاوەدانی لێدوست دەکەن!هۆڵەندا دیارە نزمترە لە ئاستی دەریا!


لەبەر خەستی شەڕی ناوخۆ نەکرا بگەڕێمەوە هەواری کۆنو پیرە هەولێر جگە لەوەش ماڵو منداڵ ڕەزامەندیان وەرگیرا لە ئاسمانەوە بۆم هاتنە خوارو لە شاری (ئەنیش خەدێ) لەسەر سنووری هۆڵەنداو ئەلمانیا نیشتەجێ کراین!هەرچەند (غەریبی بە شاهی لە بیر ناکرێ) دەردی شاعیر گووتەنی (گەر غەریبی چاوم بوایە لەمێژبوو دەرم هێنابوو) جا بۆ دەردی دووریو سۆزی نامۆییو گڕی ئاوارەیی، ئەوروپا بەرۆحم ئاشنانەبوو، بۆ فەرامۆشی دارو دیواری ماڵەکەم ڕازاندەوە بەکەلوپەلی کوردەواری هەر

له (لبادو مافووری دیوارو خۆرجینو کورتانێکی بچکۆڵەو خەنجەرو دەفو جەمەدانیو تاسو کڵاوی کۆییانەو ئاڵاو نەخشەی کوردستان لەسەر مافوورو لە گەڵ بەردێکی رەشو خۆڵو خاکەکەی کوردستانم لەناو شووشەیەکی سەر بە تەپەدۆری جوانو نایابدا دانابوو!هەر میوانێ دەهات، ئەو خۆڵو خاکەی ماچو بۆن دەکردو هەشبوو دە گریاو بە قوربانی دەبوو،ماڵەکەم ناونرابوو (ماڵی کوردان) پێیان سەیرو ناوازەبوو تەنانەت هاوسێ هۆڵەندییەکانیش پێیان سەیربوو، ساڵانە لە هۆڵەندا بۆ کەلەپوورو کەلتووری گەلان فیستیڤاڵ بەرێوە دەچێت!یانەی کوردی میدیا لە ئەمستردام، ئەو کەلوپەلە کوردەوارییانەیان لێدەخواستمەوە بێ چاوێنی بێ، چاوی کامێرا هەر لەسەر شتە کوردەوارییەکان بوو!

بابم زۆر نیگەرانو دڵگران بوو لە چوونم بۆ ئەوروپا تووشی گرێی ئاڵۆزییەک بوو بوو بەرامبەر هەندەران، چونکە مامێکم دکتۆر بوو (د.سەید ئەحمەد بەرزنجی) لەسەر دەوڵەمەندی فەلەستینیەکان کوشتبوویان! ئەمیش هێندەی مۆڵەت پێدابووم پاش چارەسەر بگەرێمەوەو درێژە بە خەباتو پێشمەرگایەتی بدەم !

رێکەوت دوو ساڵم پێچوو، گەرامەوە بابم نەخۆش بوو لەسەر تەختی خەستەخانە بوو، زانیبووی گەراومەتەوە خۆشحاڵ بو، لە هەولێر هاتە کۆیە لە 1998/8/3 سەعات هەشتو نیو بابم بینییەوە تەنها دەچرکە چاوەکانی تێ بریم بە زەردە خەنەوە، بێ ئەوەی یەک وشە دەربرێ!

کۆچی دوای کرد، خوا رۆحی راگرت تا گەرامەوە، ئاواتی گەرانەوەم بوو، بریارمدا لە کوردستان بمێنمەوە(باخەوان هەرگیز گوڵ لە رەگەوە هەڵناکێشێ) و ملم دایە خوێندنو خەباتی پێشمەرگانە (چۆن گر لە خەرمانەی خەبات بەر دەدرێ) زۆر لە دۆستو ئاشنایان داوای خۆڵو بەردو شتومەکە کوردەواریەکەم لێ دەکەن، داواکەیان هێندەی خوازبێنییەکە، سەرئەنجام بەخشیمان! خوایە وەتەن ئاواکەی چەندە خۆشو شیرینە ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە! پر لە گوڵو نەسرینە .


شەهید شێرە ـ شێروان حەسەن مام تەها

# شێری بێشەو پەروانەی گڕی گوللە

شەهید شیروان حەسەن مام تەها لە ساڵی 1965 لە شاری کۆیە لە دایکبووە، لە 1985 بۆتە پێشمەرگە لە تیپی 93ی کۆیە لە پاش ئەنفالەکان پارتیزانبووەو مەدالیای شەرەفی پارتیزانی پێبەخشرابوو، لەسەر پارتیزانیو مانەوەی لە ئەنفالەکاندا دایکو باوکو دوو خوشکو دوو براو بنەماڵەکەی ئەنفال کران .

شێرە بەدرێژای ژیانی پێشمەرگایەتی کەس لێی نەرەنجاوە، لەگەڵ تێکرای هاوسەنگەرەکانیدا گونجاوە، هەمیشە روو گەشو روو خۆش بووە، خۆشەویستو بەپەرۆشبووە .

ئازاو جەربەزەو کون لە جەرگی نەبوو، راوی مردنی دەناو باکی مەرگی نەبوو، لەهیچ شەڕێک خۆی نەدە گنخاندو نەدەلەرزی، بەخۆشیو ئامادەباشی دەچووە شەروسەنگەر بەسەربەرزی!

لە رووی دارایی‌و دەرامەتەوە خۆشترین جێگا لە چنارۆک کە دەکاتە (سوولی خاڵەباس) کە موڵکی خۆیان بوون، بەڵام بە حەزو ئارەزووی خۆی بەنیەتی کوردایەتی لە سەنگەری بەرگری چەکی شەرەفی لەشان کردو رێگای هاتو نەهاتی گرتەبەر، ئامادە بوو لە برسابمرێ لە پەنابەدێکدا بکوژرێ سەروسامان دانێ بەس بەژێر دەستەیی نەژی، ژیابە مەردی‌و جوامێری، لەشەوانی ئەنگوستەچاوو تاریکەستاندا، لە رۆژانی سەختو کمیاباراندا، لەپاش ئەنفالو پارتیزانیدا هەر ناوی پێشمەرگەو گورگ دەهات، بەڵام شێرە لە دەشتی چۆڵو بێ ئاوەدانی پێشمەرگەی پارتیزان بوو، ئەودەم هەر پێشمەرگەی پارتیزان مایەوە لەئەرزی سوتماک و ژەهررێژکراو حەوایەوە!

ئەو دەمەو ئێستاش پێشمەرگە هەرماو گەشەی کرد، بەڵام ئەوسا گورگ پەیدا نەبۆوە، لە کوردستان

خەنی لەمەرداران !
شێرە لەشەڕو پارتیزانی، منەتی مردنی نەدەزانی، لە کونەشاخو ئەشکەوتو چۆڵستانی دەشتی کۆیەو بناری کۆسرەت، حەمەدۆ گی گوردایەتی بوو، بە گژ نابێو ناکرێدا دەچوو، باوکو دایکو خوشکو براو کەسی تیاچوو، وەرزو بێزار نەبوو، نەڕوخاو نەبەزی، نەچۆکی دادا، خۆی بەدەستەوە نەدا، هەڵوەداو عەشقی ئازادی بوو، دژی ژێر دەستیو بێدادی بوو رەزالەتی پێ شادی بوو، دەیان جار تووشی بۆسەو تەڵەزگەی مەرگو شەڕی مانو نەمان بوو شەڕی دەکردو بێ هیوا نەدەبوو، خۆی نەدەکوشت! جارەهای جار برسیو سەرماو گەرماو بێبەرگو تێنوو بوو، قەت بیری نەکردۆتەوە فیشەکێک لە خۆی بدات، خۆیو ریشو تفەنگەکەی بوو بەهەورازاندا هەڵگەڕاوە، تک تک ئارەقەی رشتووە، دەردو سەختی چەشتووە، کوردستانی بە سووتاویو وێرانی دیووە، دەیان هاوسەنگەری ئازادی شەهید کراونو لە گەڵ هاوڕێیانی ناشتوویەتی، هەر گیز نەیویستووە چەکەکەی رێک رووی لە خۆی بکاتو دەست بە پەلەپیتکەکەیەوە بنێتو کۆتری رۆحی خۆی بفرێنێت، عەجەب وای کرد نازانین لەسەر چیو لەبەرچی؟ دەستی چووە خۆی بەکام هۆ؟ چ خەمێک بوو چ شێتیەک بووبێت، ئاخۆ دەبێت لە دەستی دەرچوو بێت یان تووشی چ مەستی گیرو گرفتێک بوو بێت؟ دەبێ هەستی بەئازاری ویژدانی ئەنفالکراوەکانی کردبێت؟ چ کاریگەریەک بەرەو خۆکوژی بردبێت! چ جوابی ویژدانو دینو شاخو پارتیزانیو کۆرپەکانی دەداتەوە، کێ پێی شیتەڵدەکرێتو تەمومژی پرسیارەکان ڕووناک دەکاتەوە!! باوکی سێ کور، نۆبەرەی شەشساڵ بێ خێزانی لەسەر منداڵ بووبێت، لە خۆیەوە بە چەکی خۆی بە دەستی خۆی لە ماڵی خۆی، لە 21\22/ 2002/4 تەق خۆت بکوژیتو منداڵەکان بە هەتیووی بەجێبهێڵیت؟!شەم ئاگری کردۆتەوە پەروانە بڵێ چی؟

## بە یادی فوئادی


شەهید فوئاد مەلا موسلیح

فوئاد مەلا موسلیم، لە ناسنامەو قوتابخانە بە فوئاد مەلا موسلیح دەناسرا، لەگەڵ فوئاد هاوتەمەنو هاوپۆل بووین لە قوتابخانەی ئولا دەمانخوێند! ئەو کوڕە مەلا بووماڵیان لە گەڕەکی دیانان بوو بەندەش کوڕە سەید ماڵمان لە گەڕەکی جولەکان بوو لە کۆیە! فوئادی بێ نازو بەختِ ڕەش، زرداکی هەبوو، بێ دایکی پێوە دیار بوو، هەستی پێ بریندار بوو، بۆیە زۆرجار بە حەسرەتەوە دەیگووت (بریا هەردوو چاوم نەبا، بەس دایکم مابا زیرەک نەبوو، جەربەزەو بزێو بوو، بایەخی بە خوێندن هەرنەدەدا، بەڵام خەت خۆشو نیگار کێش بوو، سەیر بوو زۆرجار جەمەدانی لەسەر دەنا وەک سوختەو فەقێ ئایەتو فەرموودەی لەبەر بوو، دیانی دەزانی زۆر جار وەک (وەلۆخ)و حوێندکارە دیانەکان دەرسی دینی نەدەخوێند، بێعارو هاربوو، لەژین بێزار بوو گەمەی بە ئاگرو گوللە دەکرد لە ڕووداوێک دا لە مانگی نیسانی ساڵی 1970 چەند قوتابیەک لە نزیک قوتابخانەی ئولا لەتەک مەرقەدی (شێخی شێخ موسرێ) بۆمبایەکی فرێدراو لەسەر حەمامی جمهوری دەیانەوێ پوچەڵی بکەنەوەو باروتەکەی دەربهێنن راوە ماسی پێ بکەن وا ڕێکەوت بوون هەر کەسەی چەکوچو گازو ئاسنو پلایس نەهێنێ، بەشی نەدەن لە ماسی گرتن، بێ ئاگاو نەزانانە هەندە چەکوچو ئاسنو بەرد بەکاردەهێنن بە دیواری دادەدەن، بۆمباکە دەتەقێتەوە (دەرلەعاس) کەمال مستەفا نانەواو ئەسوەد سلێمان ئەمین گیان لەدەست دەدەنو هەلا هەلا دەبن دلاوەر تۆفیق یاسینو سەرکۆ عزیز مغدیدو ئەمیر علیو سەربەست

صابر لەگەڵ فوئاد بریندار دەبن پارچەو ساچمەیان بەردەکەوێت، فوئاد بە خەستی بریندار دەبێ پاش چەند چارەسەرو نەشتەرگەری ئەوجا چاک بۆوە، ئەو کارەساتە بۆ مەمانان هەند گەورەو کاریگەرو تۆقێنەربوو مایەی ترس بوو، فوئاد بووە سەرچاوەی سۆزو بەزەیی‌و گوناح، چونکە هەم داکی نەبوو هەم بریندارو جەستە پڕ برین‌و تەقەل، لە قوتابخانە تەشقەلەشی بکردایە قوتابیەکان لەگەڵی بەشەڕ نەدەهاتن، مامۆستاکانیش لێیان نەدەدا، فوئاد تا سێی ناوەندی خوێند، لە شۆڕشی ئەیلول ساڵی 1974 چووە شاخ‌و بووە پێشمەرگە، مووی لێنەهاتبوو پاش هەرەس‌و نسکۆ خۆی بەدەستەوە نەدا رووی لە سوریا کردو لەگەڵ دامەزراندنی (ی.ن.ک) تێهەڵچۆوە، بەهۆی ناسیاوەتی‌و کۆیاتی‌و کورە مەلایەتی لەگەڵ کاک د.فوئاد مەلا مەعسوم‌و د.خدر ،بووەپێشمەرگە فوئاد لەگەڵ یەکەم دەستەی چەکداری مەشق پێکراو بە فەرماندەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ بلاچەی شۆڕش هەڵدەگیرسێنەوە لە بادینانی خۆشەویست، بەلام هەندەی پێناچێت تێدەچن‌و بەناحەق‌و لەختوخۆڕاییی‌و غەدر شەهیدیان دەکەن شەهید فوئادی خێر لە خۆنەدیوو شەهید بوونیشی بە ئاخر شەڕی‌و قوربەسەری بوو کەس نازانێ گۆڕی لە کوێیە؟ئاخۆ خوێنی بەچ بەردو خاک‌و شاخێکەوە رەنگکراوە؟یەکەم خوێن رژانی براکوژی لە شۆڕشی نوێ لە یەکەم دەستەی شۆڕش هەڵگیرسێنەرانەوە چۆڕاو گەی کرد، خوێنی فوئادیش تنۆک تنۆک تادوا چۆڕ رژایە ناو رووباری خوێناوی شەڕی یەکتر کوژییەوە، پاش شۆڕشی ئەیلول لە کۆیە کەس لەپێش فوئاد مەلا موسلیح شەهید نەکراوە، سەر کاروانچی شەهیدانی هەیبەسوڵتانە، یەک لە هەڵگیرسێنەرانی شۆڕشی نوێی کوردستانە (پێناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شێوەن‌و گرین) .

ئەی شەهیدە گومناوەکە چەپکێ یادگاری‌و وەفاو هێشووەک وشەی کوردیت پێشکەش بێت ئەی فوئادەکەم .



ئارام ساڵح غەفوری

# بۆ گوڵزاری ئەدەب و هونەر

لەگەڵ پەرش و پەخشی گوڵە ئەستێرەکانی تەلەفزیۆنی کەناڵی کۆیە، برای شاعیرو رۆژنامەوان (ئارام ساڵح غەفوری) بەرنامەیەکی بە گوڵ و رێحانی بەناوبانگ (گوڵزاری ئەدەب و هونەر) رازاندۆتەوەو 10 ساڵە تیایدا باخەوانەو ئاوی گوڵان دەدێرێت 10 ساڵە بەرەنجو قەڵەم ئەو گوڵزارە بژارو بەرپاچو بن مێو دەکات، 10 ساڵە بنەوشەو شلێرو کنێر دەچێنێت بە چەپکە گوڵی رەنگاورەنگ پێشکەشی بۆناو گوڵدانی سەر شاشە دەکات!

درێژترین و بەتەمەنترین بەرنامەی دانەبراوە، لە کەناڵی تەلەفزیۆنی کۆیە. لەساڵی 1993 – 2003 وشک و چکی نەکردبوو جوان و گەش چەکەرەی کردووە، خۆی لەسێ سەد زنجیرەی پڕ گوڵاوی رەنگین دەنوێنێ و زێتر لەسەد چاوپێکەوتن و هەڤپەیڤینی نایابی بەخۆوە گرتووە، کە بەشێکی گرنگ و بایەخدارە لە کەلەپوورو کولتووری گەلەکەمان، ماڵی ئەوەیە بخرێتە خانەی ئەرشیفی نەتەوەییەوە، چونکە لە ناو (گوڵزاری ئەدەب و هونەر) چەندین بولبولی خۆشخوانی تێدا چریوە، کە ئێستا ژێی گەرووەکانیان پچراون و لە بەهەشتی ئەبەدین، هەروەک: حەمەدەمین عەباس و وەستا باقی حەلاق و.... پۆلێک مێژووناس و شارەزایانی دێرین و ئاسەوارناس لێی هاتۆتە دیتن و ئەورۆ نەماون، هەروەک: تایەر حەوێزی و عەبد جاسم و مامۆستا مجید شێخ نوری جەلیزادەو مامۆستا علی مستەفا..... هێشووەک شاعیرو رۆشنبیر لەبن کەپری گوڵزاری ئەدەب و هونەر رایان دەربڕیوەو شیعریان جۆشداوە، ئێستا

پشکۆی وشەی شیعریان کوژاوەتەوەو کەتوونەتە ناو مێژوو، وەک حەسیب قەرەداغیو سامی عەودالۆ...... شانەیەک روناکبیرو ئەکتەرو بەهرەدار لە شانۆی ناو گوڵزار میوان بوونو هاتوونەتە ئاخاوتن نهۆکە لە ژیاندا نین، هەروەک: کەمال سابیرو وەستا معروفو مامۆستا محەمەد حاجی علیو.... جگە لە دەیان ئەستێرەی پرشنگدارو گوڵی گەشاوەی دیکە، کە لەناو ژیاندانو مێژووو ئارامی دڵان، ئارام ئارام بە سەلیقەی ورد گەڕاوە، گوڵ بە گوڵ، چڵ بە چڵ، باخو شاخ،رەزو رەوەز، کوێستانان خاڵ خاڵ بەفرینان کێو کێو، لەهەر کوییەک گوڵێکی پەلک تەنکو جوانو رازاوەو بۆندارو رەنگینی دیبێتبەلاسکی ناسکی گوڵزارەوە بووبێت، وەک هەنگ لەسەری نیشتووەو شیلەو شیرینی لێمژیووەو هەنگوینی لێپێکهێناوە، بۆ رێبوارانی عاشقانی وشەی کوردیو شەیدایانی شیعرو عەوداڵانی کەلتوورو مێژوو .


دەک دەست خۆش بەرنامەی (گوڵزاری ئەدەبو هونەر) باخەوان عەمرت بمێنیو بولبول لەباخت بخوێنێ، گوڵزارت هەر گەشو گوڵاوپڕژێن بێت .


سەید برایم بەرزنجی

# بەدرەو جەسسان یان
# سەیدی سجن و سەجان

بەدرەوجەسسان، بە پانایی مێژوو بە ناوچەی کوردی دادەنرێن و لە سنووری کوردستانن، تەنانەت لە تەختی پاشایەتی (بەدرەوجەسسان) لە ژێر قەلەمرەوی میرنشینەکانی بابان بوون بەڵام سیاسەتی دەسەڵادارانی بەغدا هێند درندانەو شۆڤینانەبووە، نەک بەدرەوجەسسان بگرە کەرکوک و ژەنگارو شوێنی دیکەی کوردستان و کوردنشین دانیان پێدا نەهێناوە، کە کوردستان بن!!
لە گفتوگۆی (ی.ن.ک) لەگەڵ میری لە ساڵانی 1983-1985 کە ماوەی گفتوگۆیەکە ساڵێک و چل و دوو رۆژی خایاند لە ماوەی گفتوگۆکەدا لیژنەی تەنسیق داندرا حاکم پێشرەوی برام لێپرسراوی تەنسیق بوو لە هەولێر بۆ ئەوە دانرابوون ئەو کێشەو هەراو رووداوانەی دەقەومان (تاوتوو) بکرێن و بخرێنەبەر باس و لێکۆڵینەوەوچارەسەرکردن!لە گەرمەی گفتوگۆدابوو (سەید برایم بەرزنجی) لە حاکم پێشرەوی کوری دەپرسێ: ئایا گفتوگۆیەکەتان (بەدرەوجەسسان)ی تێدایە؟حاکم پێشرەویش لەناو واقعی گفتوگۆ ئاگاداربوو پێی دەڵێ: بەدرەو جەسسانی چی؟ بەهەزار حاڵ لایەکی پردێ (ئاڵتون کۆپری) تێدایە!سەید برایمیش دەڵێ گفتوگۆیەکەتان هیچ نییە مادام بەدرەوجەسسانی تێدانیە! ئەو قسەو باسە دەگاتەوە برادەرانی سەرکردایەتی و کاک نەوشیروان، سەرەنجام گفتوگۆکە بە ئاکام نەگەیشت، شەڕ بە خەستی هەڵگیرساوە داستانی بێ وێنە تۆمارکرا بۆ مێژوو .
ئەو دەم فەرماندەی تیپی 93ی کۆیە بووم، بۆ یادی قەڵادزێ شەڕێکی سەرکەوتووانەمان کرد لە

(چنارۆک) له 1985/4/24 ئەوسا عبدالعزیز حدیسی قائد فرقەی 24 بوو له چوارقورنه له شەڕەکه شکستیان هێنابوو بۆ ڕۆژی دواتر له تۆڵەی شەڕو شکانەکەیان، بابم (سەید برایم) دەگرنو فرێی دەدەنە ناوزیلو ئەزیەتی دەدەن، لەپاش تێکچوونی گفتوگۆو لەوەختی شەڕبوونەوەو ئالۆزی کاک نەوشیروان لەگەڵ چەند سەرکردەو فەرماندەیەک که (مام ڕۆستەم) یان لەگەڵدا بوو، گەشتێکی به ناوچەکانی کۆیەو خۆشناوەتیو باڵەکایەتی دەکەن، شەڕەکان هێندە خەستو خوێناوی بوون، ڕووداوەکان سەختو چڕو ئاڵۆزو دژواربوون .
له دۆڵی سما قووڵی کاک نەوشیروان به حاکم پێشڕەو ڕادەگەیەنێ : باوکت گیراوه لەسەر ئەوەی ڕەهبەری برات شەڕێکی لەگەڵ دوژمن کردووه له چنارۆک ئبدی دەکەونه قسەوباسان دەیکەنه خۆشیو پێکەنین، مام ڕۆستەم دەڵێ: سەید برایم داوای بەدرەوجەسسانی دەکرد بابیخوا سەیدی سجنو سەجان، پاشماوەیەک سەید برایم بەر دراو دەرپەڕێندراو تالآنکراو خانوو و دوکانی داگیرکرا کەوته گوندی (هەڵەدن) کاک نەوشیروان دەیبینێ دەڵێ ئەمجاره (گفتوگۆ بکەینەوه له بەدرەو جەسسانەوە دەست پێ دەکەینەوه) .
سەید برایم یادی بەخێر کورد پەروەریوو لەسەر کوردایەتیو پارتایەتیو خەباتی خۆی نۆ جاران گیرا بوو، جگه لەوەش له شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دووجار گیرایەوه ئێمه له داری دونیا دووبرابووین له ساڵی 1979 بوینه پێشمەرگه لەسەر بوونمان به پێشمەرگه دایکو باوکم ساڵو نیوێک له فزەیلیه بەند کران!
بەداخەوه سەید برایم نەئالآی کوردستانی بینی نه پارێزگاری کوردی دیت له کەرکوک به یادی سەید برایمەوه هەقه (بەدرەو جەسسان بخرێتەوه سەر کوردستان) له پرۆسەی ئازادیو نەمانی بەعس .



خالید دلێر

# ئاگرو گوڵ، لە یەک دڵ

هەر وەک دیارە دارمازوو بە سروشت لە لێرەوارو بناری شاخان دەڕوێ جۆرەها بەر دە گرێ جگە لە گەڵاو دارەکەی سێنزدە بەری دەزانرێت!جا مرۆڤی بەهرەمەند هەن لە جۆری دارمازوو لە بیرو قورگو دەستو پەنجەکانیان، هەمەچەشن بەهرە دە گرنو لەزارو زمانیان هونەر دەبارێ، لەو دارمازووانەی چیاکانی کوردستان، دارمازوویەکی بەرزو بەردار بەقەد چیای هەیبەسوڵتانەوەیە ناوی (خالید مام واحیدی موختاری ئەحمەد مەلا سلێمان)ە دەبێت لە 1933/8/20 لە گەڕەکی بەفری قەندی شاری کۆیە لەدایک بوو بێت، ناسراوە بە خالید دلێر برای شەهیدی سەرکردە (مامۆستا جەعفەر عەبدالواحید)ە، دایکیان ناوی ئامینە ئەمین چاوشین بووە

**جاردەن بە گوڵو ریحان**
**لە هەر چوارلای کوردستان**
**بێن، گۆڕی دایکێکی وا**
**کە (جافر)ی مەمکدا**
**ئارایش دەن بۆن خۆشکەن**
**قەدو کێڵی گوڵپۆشکەن**

مامۆستا خالید دلێر نەک وەک یەک مرۆڤ، بەڵکو وەک چەند مرۆڤێک لە بواری سیاسەتو ئەدەبو هونەرو ئاوازو سرودو گۆرانیدا بەرهەمو ناوی هەیە!

لە بواری سیاسەت: تێکۆشەرێکی بەجەرگو نەگۆرو بەبیروباوەر، دیار لە جولانەوەی کوردایەتی لە ساڵی 1946 لە کۆیە لە کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواریی k.p.x بووە کە هەڤاڵ (مام جەلال) رێکخەرو دامەزرێنەری بووە، لە ژێر پەردەی خوێندەواریی دەرسی سیاسەتو کوردایەتیو مارکسیەتیان تێدا خوێندووە!

لە ساڵی 1951 دا بۆتە ئەندامی پارتی، مناڵترین ئەندامی پارتی بووە لە کۆیە، هەر ئەو ساڵە بۆتە لێپرسراوی ناوچەی پارتی لە کۆیە، سێ جار لەسەر خەباتی کوردایەتیو پارتایەتی گیراوە! لە ساڵی 1968دا بۆتە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پ.د.ک باڵی مەکتەبی سیاسی، لە ساڵی 1993دا بۆتە ئەندامی لیژنەی هاریکاری چەپە کوردستانیەکان کە پێکهاتبوو لە چوار حزبو خالید دلێر، ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان بووە!

لە باخی شیعر: شاعیرێکی ناسک خەیاڵ و وردەکارو داهێنەر، بە سەرنجو سەلیقە، زاڵ و پاراو، هێشووە شیعری پراوپر لە جوانیی، لە ساڵی 1944 ەوە لە گوڵزاری ئەدەب، شیعر دەچنێ! یەکەمین شیعری لە ساڵی 1951 لە رۆژنامەی (هەلێر) بلاوکراوەتەوە، باخەوانی باخچەی شیعری (ئاگروگوڵ)و (بەرەو لوتکەی ئاوات)و (چەکی خەبات)ە :

**پـــــۆلــــێ مـــــــەلان بـــــــووکـــــێ دەبـــــــەن**
**کــــی دەڵـــــــــــێ کــــێ بـــــۆ کــــێ دەبـــــــەن**
**جـــــلــــی شــــایــــی شــــیــــان هــــــــەر رەشـــــە**
**ریـــــشــــۆڵــــە هــــــــەر رەشـــــــــــی بــــەشـــــە !**

لە ئاگردانی چیرۆک: یەکەمین چیرۆکنووسە بە شێوازی کۆییانە چیرۆکی دارشتبێ، شەوچەرە چیرۆکەکانی (خولەو بلە)و (کەوای نەکرای)و (خەباتێکی پیرۆز)و (ئەندێشەی پۆلیسێک)و (دەریاش هەڵچوونی هەیە)!

لە گڕی سرود: سرودی ئاگرینی لە ئاگردانی باوەرو گیانی شۆرشگێرییەوە گڕیگرتووە پێشەنگە لە سروودی پێشمەرگە لە کونجی زیندانو لە کلپەی شۆرشی ئەیلولدا بە ورە بەرزی سرودی (پێشمەرگە)ی داگیرساندووە

**پـــــێـــــشـــــمــــــــەرگـــــەی بــــەهــــەڵــــمــــەتــــیـــــن**

**پاڵەوانی میللەتین**

گڕی مەشخەڵانی سرودی لە سەنگەرو شەوانی ئەنگوستەچاو خەباتی سەخت بڵێسەی دەدرەوشێتەوە:

**ئێمەش سڵاو لە دوور وڵاتەوە**
**بە گوڵی سووری ڕێی خەباتەوە**
**ئەنێرین بۆ هەر نەبەردێکەوا**
**مەشخەڵی شۆڕشی هەڵبکاتەوە**

یان

**ئێمە ڕۆڵەی کوردین**
**ڕۆڵەی کاوەی نەبەردین**

بۆ بەهارو نەورۆزو جەژنی کورد سروودی :

**نەورۆزە جەژنی ئیشکەرە**
**هەی پاڵەو ژارو ڕەنجدەرە**
**یادی کاوەی ئاسنگەرە**
**نەورۆز بەهارە !**

لە شنەی ئاواز: ئامێری مۆسیقا نازانێ! بەڵام ئاوازی بە سۆزو کاریگەری خوڵقاندووە شیعرو ئاوازی دڵی بەردینی جوڵاندووە! ختووکەو گڕی خستۆتە دڵی عاشقانەوە، (30) ئاوازی بۆ گۆرانیو سرود داناوە، لەسەر لێوی گۆرانیبێژان دەلەرێتەوە:

**وەی وەی، جوانێ خوا بتکا بێوەی**

**درۆیە گەر بڵێم ئاگام لە خۆیە**
**بە چاوی تۆ بە گیانی تۆ درۆیە**

**ڕۆیی ڕۆیی، نازدارەکەی کۆیی**
**زۆر بە جوانی، چوو بۆ کانی**
**قومری بۆ دەگری**

خۆی بە چاکترین دانەری سرودو گۆرانی کوردی دەزانیٚ[٧]

<u>لە شەپۆلی لێکۆڵینەوە</u>: سازشو سەودا نازانیٚ، هەرگیز نابوێریٚ لەکەمو کورتی نایشارێتەوە راو بۆچوونەکانی، پینەوپەرۆی چ بابەتێکی دراو ناکا! گەرچی کوری مام واحیدی سۆلدرووە، بیٚ باکانە راو رەخنەی دەردەبریٚ، شەرم لە کەس ناکا خەنجەری رەخنەی تیژو هەڵکێشراوە تەنانەت پێیوایە (مسعود محەمەد) خوێندەوارترین کۆنەپەرستی کوردە، لە کاتێکدا بە گەورەترین زاناو بیریار دادەنریٚ!

رەخنەو لێکۆڵینەوەکانی بە ئاشکراو راکشاوی، بانگی هەق راگەیاندووە:

1.ستەم مردن لە حاجی قادری کۆیی تاوانە.

2.دۆستو دژوار هێمنو هەژار.

3.هێمن بیرو هەڵوێستو شیعر.

4.ئەرشیفی تایەر تۆفیق.

5.شیعری گۆرانی کوردی.

6.تێگەیشتنی تر لە رووداوەکانی ساڵی 1966تا 1971 پاکانە ناراستی.

7.بیرەوەرییە سیاسیو هونەریەکان .

8.قامتێک لە قسە خۆشەکانی مام واحیدی سۆلدروو .

<u>لە بەزمی گۆرانی</u>: کۆتو کەلەپچەی کۆمەڵایەتی پچراندووە! بەبیٚ (عەکسی قەمەر لەناو حەوزێکی لێخندا) بە شانازیو بیٚ منەت سرودو گۆرانیو چریووە سەرەرای پایەی کۆمەلایەتیو کەسایەتیو پلەی سیاسی تەنانەت وەختێک گۆرانی گوتووە، خۆشخوانی بەناوبانگ (تایەر تۆفیق)ی خزمی بۆی گریاوە، زمان ناگریٚ رێکو رەوان گۆرانیو سرود دەچریٚ .

<u>لە بابەتی رۆژنامەوانی</u>: رۆژنامەوانێکی ژیرو بزێو لە پەخشنامەی دیواری قوتابخانەدەستپێکردووە لە رۆژنامەی (النور) دەستەی نووسەران بووە، چەند نووسینو بابەتی بە هونەری رۆژنامەوان بڵاوکردۆتەوە، دەردی خۆی گوتەنی :

**جـــــگــــــە لـــــــــەمـــــــــەش دلــــــــێـــــــــرم**
**لــــــــــەو مـــــــەیـــــــدانــــــــەشـــــا شـــــێـــــرم**
**ئـــــــــەگـــــــــەر دڵ رەقـــــــتـــــــریـــــــش بـــی**
**پـــــــێـــــــت دەوێــــــــــــــــــــــرم، دەوێـــــــــــــرم**

ماموّستا خالید دلێر لە شیعرو ئاوازو گۆرانی چەند ناسکو پڕ هەستو سۆزدارە، لە سیاسەتیش هێندە ڕەقو توندڕەوو نکۆڵکارە! ئەگەر کانیەکی شیرینو سازگار ئاودارێ لە باخی ئەدەبو ئاوازو گۆرانی، لە سیاسەتدا کاریزێکی وشکو بێ ئاوە لە زەوییەکی ڕەقەنو دێمە کاردا، پێیوایە گیانی شۆڕشگێڕیو پارتایەتی بەس لە پ.د.ک باڵی م.س هەبووە! هەڵوێستی ساڵی 1966 زۆر پێی ڕاستو ڕەوا بووە! خۆی بە چەپو عەیار تەواو دەزانێ بەمحەکی کوردایەتیو پارتایەتی! لە کۆنگرەی نۆی شوباتی 1971 لەو سیانزە ئەندامی کۆنگرەبووە، ڕازی نەبووە بەرهەڵستکاربووە پارتی هەڵبوەشێتەوەو تێکەڵ بکرێ!

**ئـــــەمــــــلا نـــــــاکــــــــەم ئـــــــــــەولا نـــــاکــــــەم**
**بــــــــــــەدوای دەســــــکــــــەوتـــــا رانـــــــاکـــــــەم**
**ســـــــەر شـــــــۆڕیــــــم نـــــــەکــــــردووە نــــایـــکـــەم**
**کـــــــــــوڕی ســــــــــەربــــــــەرزی ئـــــــەم دایـــــکــــەم**

لە هەندەرانو لە بەهەشتی ئەوروپا گەڕاوەتەوە باوەشی دایکی خاکی نیشتمان! ماموّستا خالید دلێر ئاگرو گڕە لە کورەی هەڵوێستو سیاسەت، درەختو گوڵە لە باخی شیعرو ئاوازو گۆرانی لەناو ئاگردانو گوڵدان، ئاگرو گوڵە لەیەک دڵ.



ڕۆستەم حەوێزی

# ڕۆستەم حەوێزی
# شیعری بەهێزی، تەنز ئامێزی

ڕۆستەم حەوێزی ناوی محەمەد نافیع عەبدول فەتاحاغای کوڕی عەولاغای حاجی تایەراغای حاجی بەکراغای حەوێزیە، لە ساڵی 1913 لە گەڕەکی بە بەفریقەندی شاری کۆیە لەدایک بووە، لە پشتەو ئەژدادەوە حەوێزیە، لە داکەوە غەفووریە، دایکی ناوی زەینەب خانی کچی حەماغای کۆیەیە، بۆ ڕاستی لە شیعرێکی بە ناوی ( سەروسەربردەم)
سەلماندویەتی:

**کوڕە کوردێکم نافیعە ناوم**
**لە شاری کۆیە کراوە چاوم**
**ساڵی هەزارو نۆسەدوسێنزدە**
**بە هاتنە دونیام براوە موژدە**
**کاک عەبدول فەتاح ئاغا باوکمە**
**زەینەب حەماغا ناوی دایکمە**
**نایەتە یادم کاتێ دایکم مرد**
**نەنکم ڕەحمەخان منی بەخێو کرد**

عەولاغای باپیری رۆستەم حەوێزی لە (تەق تەق) بەرێوەبەری ناحیە بووە، حەماغای کۆیەش باوکی دایکی کە دەکاتە باپیری، قایمقامی کۆیە بووە، مام رۆستەم حەوێزی هەر شاعیرو نیشتمان پەروەر نەبووە، بەڵکو وەستای وشەو شارەزای رێزمانی کوردیو سەرچاوەی زانیاری بوو لە رووداوی مێژووی، شیعرەکانی خۆیی‌و شیعری زوربەی شاعیرە ناودارەکانی کوردی لە بیرو لەبەر بوو، زیرەکیەکەی لەرادە بەدەر بوو، تادوا تەمەنی مێشک روون‌و بیرتیژو بەهرەوەر بوو، خوا بەهرەی دا بووێ بەڵام لادین‌و خوانەناس‌و لەسەر یەکو بیروباوەر بوو، تا دواهەناسەی پەنجەی شایەدمانی دانەناو باوەڕی نەهێنا، هەر ئەویش بوو(رۆژباش‌و شەوباش‌و بەیانی باش‌و خۆتان لەگەڵو خۆمان لەگەڵ)ی داهێنا، دەمێکەئاشنایەتیم لەگەڵ شیعرەکانی مام رۆستەم حەوێزی هەبووە، سەردەمێک ماڵی لەگەرەکی گردی جولەکان بوو لەکۆیە دراوسێ بوون لەگەڵ ماڵی باوکم، لە منداڵیەوە کورتە شیعرو شیعرە بە هێزو تەنزئامێزەکانمان لەبەر بوو، کوڕو منداڵانی گەرەک شیعرەکانیان دەزانی، وەکو ئاوو دۆ لەبەریان بوو:

سبەینان سەر لە زوو
هەندێ بڵێن یەکو دوو
دەمو چاومان دەشۆین
جل دەگۆرین نان دەخۆین
مووچانەمان وەردەگرین
سیپارەمان هەڵدەگرین
بەبێ هەست دێینە مەکتەب
ناکەین تۆزو تەپە تەپ

وردە شیعرو کورتە شیعری زۆر بوو بە تایبەتی لەسەر حزبی شوعیی، وەختی خۆی پارتی مۆڵەتی پارتایەتی وەرگرتووە لە میری، بەڵام مۆڵەتی بە حزبی شوعی نەدراوە، بۆیە مام رۆستەم حەوێزی لە کورتە شیعریکی تەنز ئامێزی گوتویەتی:

حزبی بێ بیرویڕوا
تەمتەمەی دا بە حەڵوا
حزبەکە تایەی تەقی
وا لەسەر شەفت دەروا

خەڵکی شاری کۆیە چەندین شیعری وایان لەبەرە، کە مام ڕۆستەم دایناوە، هەرگیز نەترساوە، لە حزبو کە سایەتیو لایەن، شیعری داشۆریو پڕجنێوی هەیە،

**ئەوی هیچو پووچو کەمە**
**دەبینیەوە لە منەزەمە**

قسەی شیعر بوو، هەموو دەم جۆشانو خرۆشانی شیعری دەتەقیەوە، لە ساڵی 1982 هاتە دەشتی کۆیە، گوندی خەرابە بۆ پرسەو سەرە خۆشی شەهید نەهرۆی عەزیزاغای صالحاغای غەفووری پارتی بوو لە شەڕی ناوخۆدا، لە (دۆڵە توو) شەهید کرابوو، پرسەو ماتەمینی لە گوندی خرابە بۆ داندرا بوو، لە گەڕانەوەی بۆ کۆیە زانیمان مام ڕۆستەم حەوێزیە بەبیانگەی بەنزین رامان گرت، لە گەڵ (غەدەنگ)ی کوڕی بوو بە لادەیەکی شین، لە ئاست گوندی (ئاو دەڵۆک) بووین، دوای گووتمان بەنزینمان ناوێ، شیعرمان دەوێ، مام ڕۆستەم حەوێزی وەک ڕۆستەمی زاڵ دابەزیو رووبەڕوی هەموو پێشمەرگەکان بێ ترسو بێ منەتو بێ دوودڵی بە دەنگێکی بەرز شیعری خوێندەوە، بێ گومان بیرتیژیەکەی هێند بەهێز بوو، هەموو شیعری خۆی لەبەر بوو، بێ ئەوەی بووەستێو زمان بگرێ، قەت کاغەزی بۆ شیعر خوێندنەوە بەکارنەهێناوە، جاربوو لە بۆنەی شیعر خوێندنەوە کاغەزێکی سپی بەدەستەوە بوو وایان زانیووە شیعری تێدا نوسراوە، کەچی سپی بووە دێرێ شیعری تێدا نەبووە، ئەو شیعرانەی لەناو پێشمەرگەو لەو بارو دۆخەی ئەو دەمە خوێندیەوە هەندێ لەو شیعرانە بوون :

**سەگ لەسەرئێسکی بەشەردێ کوردلەگەڵ ئێک بێ کەلاک**
**بێ عەقل لێک ناکا، چونکێ دۆستودوژمن، پیسو پاک**
**هەستی قەومیمان هەبێو نەختۆکەکیش لێک دەینەوە**
**چیان لە جێ شیندەبتەوە بۆ ئێکدی بکوژن کاکوکاک؟**

**حوکمی زاتیان هەراج کرد بە ئاشکرا لە بازاری**
**کەس ئاوڕی لێ نەداوە، تەنها پارت بوو کڕیاری**
**لەرێ بازان دەبینین مەعسکەراتی دوژمن**
**لەسەر کێوان رەبایە بنکەی جاشان لە شاری**
**دەبێ چی بێ دەسکەوتی قەومی کورد لەدانێ**
**کورسی وەزیری لە بۆ بابەکرو شێخ ستاری**

**بـۆ قـەشـمـەریـان گـۆلـكـێـكـی وەک تـەهـامـحـێ دیـنـیـان**
**كــردۆتــە نــائــب نــاشــێ بــە كــەڵـكــی خــزمــەت كــاری**

دوای گوتی:

**پــــێـــشــــمــــەرگـــــە، بــــــەجــــــڵو بــــەرگـــــە**
**یـــــــا بـــــــەغـــــــیــــــــرەتو جـــــەرگـــــە**
**بــــــــەوەی دەڵــــــێــــــم پـــێـــشـــمـــەرگـــە**
**نـــــــەبـــــوو پــــــیــــــاوی بـــــــەردەرگـــــــە**

ئەو شیعرانە لەو سەردەمەو لەویێو لەو رۆژە سەختو نائارامیە هەڵوێست بوو، لە راستیدا مام رۆستەم حەوێزی، شیعری بەهێزی هەیە، سەروای دەگمەنو گرانی بەکارهێناوە، شیعرەکانی فەلسەفەو جوانکاری تێدایە، هەندێ شیعری نایاب هەیە لەسەر (کەر) بەهاو نرخداری خۆی هەیە هێند جوانو مرۆڤانە بەسەر (کەر) هەڵگوتووە، بەراستی شاکارە، لە راستیدا خۆم سەرسام بووم بە شیعری، بە هەڵوێستی، بەزیرەکی، دوا دیدەنیم لە 1998/9/8 لە کۆیە چوومە خزمەتی، باسی شیعرو رووداوی مێژوویی کردو گووتی: لەگەڵ حەماغای باپیرم حەوت ساڵان بووم نانم لەگەڵی خواردووە، باسی شیعرێکی (کەیفی جوانرۆی) کردو شیعری (چۆن هەیبەتی بردم لە حزووری حەزارەتی) کە چۆن بە هەڵەو شێواوی بلاویان کردۆتەوە، دەقی شیعرەکەی بەرەوانی لەبەربوو، چەند پارچە شیعرێکی خۆییو ئەمیناغای ئەختەری بە سەرنجو راڤەوە بۆ خوێندینەوە، مام رۆستەم حەوێزی لە مەیدانی ئەدەبو شیعردا رۆستەمێک بوو دانەدەما، زاڵ بوو بەسەر وشەوکێشو سەروای شیعر، بێ قەلغان شمشێری هەڵکێشاوە، لە رووی حزبو سەرکردەو دەسەلاتدارانو شیعری داشۆریو پڕ پەلارو خەنداوی زۆرە، شیعرەکانی بەرێکو رەوانی لەسەر لێوو زاری خەڵکی کۆیە دەلەرێنەوە، بەخۆشی یەوە لەبەریانە شیعرەکانی بەهێزن، شیرینن، سادەوساکارن، تامو چێژی خۆی هەیە، شیعرەکانی هەمەچەشنەن لە فەلسەفە، جوانی، وردەکاری، داشۆری .

ئەو شاعیرە نەمرە لە رۆژی

27/2/1999 ماڵئاوای لێکردینو لە شاری کۆیە نێژراوە خۆی بەرامبەر مەرگو ژیان گوتوویەتی :

**عـــومـــری لـــە مـــەرگـــی بـــەســـتـــراوە ئـیـنـسـان**
**هـــەرچـــەنـــدە مـــەرگ كـــەس نـــادا ئـــامـــان**
**لـــەبـــەر چـــاوانـــاهـــەر چـــەنـــد بـــزر بـــوو**
**لـــە نـــاو دڵانـــا دەمـــێـــنـــێ بـــە گـــیـــان**

# تەق تەق
# بووکی خێرو خۆشی دەم زێ

تەق تەق شارۆچکەیەکی کۆن و خۆش و خنجیلانەیە , کەوتۆتە سەر زێ ی زێرین لەنێوان کۆیەو کەرکوک هەڵکەوتووە , پێگەی بازرگانی و ترانزێتێکی گرنگی کەل و پەل و شتومەکی جۆر بەجۆر بووە ! بەکەڵەک , بەزێ بۆ بەغدایان گواستۆتەوە , ئەو دەم (تەق تەق) لە شوێن پرۆژەی ئاوی ئێستا لەگوندی (کەلە کچن) بووە , بۆیە ناونراوە (کەلە کچن) چونکە کاری کەلەکەوانیان کردووە و کەلەکیان بەدارو قامیش هەڵچنیوە , کەوڵە مەرو پێستی گاو گۆڵکیان پفداوە لە جیاتی چووپ لەبن کەڵەکیان بەستووە تا نقووم نەبێت و لە زێ بەکاریان هێناوە , کەلە کچن بەهۆی لافاوێکەوە وێران و تێکچووە (15) ماڵ بووین ناچار گواستیویانەتەوە بۆ شوێن تەق تەقی ئێستاو دەوروبەری . تەق تەق لەوەتی هەیە لە کۆنی کۆنەوە سەر بەشاری کۆیەیە , دانیشتوانەکەی کۆمەڵێکی جوتیارییە بە کاری کەڵەکەوانی و کشتوکاڵی و شینایی و ڕاوە ماسی و کاری ئاسایی بازارخەریکن , خەڵکەکەی لە خەڵکی شوان و شێخ بزێنی و وراتی کۆیە و پاشماوەی ئەنفالەکان و هەندێ بنەماڵەی کۆنی ناو تەق تەق پێکهاتووە , خاکەکەی تەق تەق بەردەڵان و سۆرک و زورگ و ڕەوەزە شاخی ڕوتەن و ڕەندی بە پیت و لیتاوی کەنار زێیە دەورە دراوە بەشاخی خاڵخاڵان و سێ تەغارو بەرزایی گۆڕ قەرەج و زێ !لە ساڵی 1918 لەسەردەمی ئینگلیز کراوەتە شارۆچکە (ناحیە) یەکەم بەرێوەبەری ناحیە (عەبدوڵا ئاغای حەوێزی ) بووە , بەڵام لە سوتماککردنی خاکی کوردستان , لە ئەنفالەکان (تەق تەق)

تێک نەدراوە بەڵام تەسک و گچکە کراوەتەوە کردویانە بەگوند بەناوی(قریە عزیزیە ) دوایی پاش ڕاپەڕین لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی هەرێم ژیاوەتەوە بۆتە (شارۆچکە) ناحیە , یەکەم بەڕێوەبەری ناحیەشی مامۆستا (کاکەخان نەسرەدین ئەمین) بووە دوایی ناحیەشی لێجیاکرایەوە بەناوی ناحیەی ئاشتی (خرابە ) ئیێستا تەق تەق (31) گوند بەخۆوە دەگرێ , گەورەترین گوندی (ئۆمەر گومبەت) ە کەزێدی شەهیدی نەمر کاک عەبدلرەزاق محەمەد-ە , دایکی لە بەرەبابی حاجی قادری کۆییە , گچکەترین گوندیشی (مەلا زیاد)ە کەکەوتۆتە دەم زێ , بە مولک هی بنەماڵەی خادم سجادەیە دەکاتە ماڵی دڵداری شاعیر !تەق تەق هەندێ گوندی بەخۆوە گرتووە وەک (ئۆمەر گومبەت ) و ( سێ گردکان) و (سێ کانیان) و (کانی لەلە) واتە کانی لەلە هۆزی دەربەندین لە سنوری ئێران و خانەقینەوە کۆتایی سەدەی شانزەم کەوتونەتە ئەو ناوە , ئێستاش زاراوەی خۆیان پاراستووە بەلوری ئاخاوتن دەکەن . هەندێ ڕاو بۆ چوون هەیە لەسەر ناوی تەق تەق هەروەک :
هەندێک پێیان وایە تەق تەق لە (تاقتاق)ەوە هاتووە , واتە تاک تاک , گوایە هەر ماڵ و بنەماڵەی لە شوێنێکەوە تاک تاک هاتوون , یان ماڵەکان وەک هەوار تاک تاک بووین لێک دوور بووین ناویان ناوە (تەق تەق) -کاتێ لافاو گوندی (کەڵەکچنی ) بردووە لەگەڵ لێشاوی لافاو قاپ و قاچاخ و تەنەکەو چەوو خرکە بەردی لێک و پێکداداوە دەنگ و تەقەی لێوە هاتووە گوایە گوتراوە تەق تەق کاسی کردووین بۆیە پێ ی گوتراوە (تەق تەق)
لەسەر زێ تەق تەق قایەغ هەبووە بۆ پەڕاندنەوە بۆ بانگکردنی قایەغەکە تەنەکەیان کوتاوە کردوویانە بە تەقەتەقە ک ئاماژە بۆ ئاگادار کردنەوەی قایەغەکە لەوەوە کراوە (بە تەق تەق) .
کەناری زێ خرکەچەوو بەردەڵانە بۆ پێدا ڕۆیشتن چ بە پێ یان بەسواری تەقەی بەردو چەوو دەنگی لێوە دێ , گوایە تەق تەق لەو تەق تەقەوە هاتووە !ناوی تەق تەق لە هەرچییەکەوە هاتبێ شارۆچکەیەکە گرنگی خۆی هەیە شوێنێکی بەهەرمێن و بەروبووم و ڕەندی ڕەنێوی بە پیتی وای هەیە (78062) دۆنمی دەکرێتە کشتوکاڵ و شینایی . تەق تەق شارۆچکەیەکی کۆن و لە مێژە ئاوەدانی تێدایە لە فۆلکلۆری کوردی و لە گەمەی منداڵان ناوی هاتووە بە خۆشی و یاری گووتراوە:

**سابوونە ڕەقی , لەتەق تەقی . پشتم تەقی !**

لەساڵی 1954-1957 ئەڵمانیەکان پردێکی نایاب و پتەویان دروستکردووە , تەق تەق و شوان و شێخ بزێنیان پێکەوە بەستۆتەوە ئەو پردە جوانە بۆتە هێمای تەق تەق .
لەساڵی 1932 قوتابخانەی لێکراوەتەوە یەکەم بەڕێوەبەر , نوسەرو ڕۆژنامەوان مامۆستا عومەر ساقی (1913-1973) خەڵکی هەولێر بووە لە قوتابخانەی زێرینی سەرەتایی .

تەق تەق لەساڵی 1963 سوتێنراوە و لە ساڵی 1974 چۆڵکراوە .
- لە ساڵی 1952 شێخ رەئوفی خانەقا بە کارمەندی گواستراوەتەوە تەق تەق پێی ناخۆش بووە وای زانیوە لە تەق تەق دڵی دەتەقێ بۆیە لە شعرێکدا نووسیویەتی:

**لە ئەشغاڵ دەرکــرام چیم پێ کرا وەک (حاجی لەق لـەق) لەق**
**ئەمێستا عـاجـزە لـێـی وەخـتـە بکا دڵ لـە (تــەق تــەق) تەق**

سەرەنجام لە بەرزاییەکی تەق تەق بەخاک سپێردراوە .
لەساڵی 1930وە تەق تەق جوڵەی وەرزشی تێدایە , لە پێش زۆربەی شارەکان تیپی باڵەی کچانی لێکراوەتەوە , بۆ یەکەم جار لە مێژووی وەرزشی کوردستان (پێشبرکێی بەلەم ساز )یان داهێناوە لەناو زێ !تەق تەق لە رووی روناکبیرییەوە گەشەی کردووە , لەسەر دەستی بەرێوەبەری ناحیەکەی (ساڵح محەمەد عەلی ) ناسراو بە (حاکم ساڵح کلێسەیی) مانگنامەیەکی روناکبیری و خزمەت گوزاری دەردەچوێنن بەناوی (تەق تەق) شاعیری رۆژنامەوان (فاتیح بێلان تاڵەبانی ) جێگیری بەرێوەبەری نوسینی مانگنامەی تەق تەق, دەستەی نوسەرانی حەیدەرمەنتک , ئاراس ئیلنجاخی و رز گار حاجی حەسەنە . رۆژنامەی (تاک ) لە رۆژنامە تاکەکانە (ئاراس ئیلینجاخی سەر نوسەری بوو دوایی بووە بە ( فەرەیدوون همزە ) . تائێستاش دەردەچێت .
-تەق تەق بەدیمەنی جوانی زێ و شاخ و پردو دارو درەخت شارۆچکەیەکی گەشت و گوزاری زۆری بە خۆوە بینیوە ,شایستە بە جوانکردن و گرنگیپێدان زیاترە بووکێکی رازاوەی کوردستانە .


پردی تەق تەق


ڕەهبەر سەید برایم

لەکاتژمێر چوارو نیوی بەیانی ڕۆژی چوارشەمووی 1957/7/27 لەگەڕەکی بایزاغای شاری کۆیە لە دایک بووە.
خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە, ئامادەیی لە هەولێر و ئاسکی کەڵەک تەواوکردووە .
بەشی ڕۆژنامەنوسی لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی تەواو کردووە, دیپلۆمی لە ڕۆژنامە نوسیدا وەر گرتووە.
بەشی ڕاگەیاندن / ڕۆژنامەی لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان / زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە, بەکالۆریۆسی وەر گرتووە.
لە 1979/7/3 وە بووە بە پێشمەرگە , لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چوار جاران بریندار کراوە .
ساڵی 1979 بووە بە ئەندام ناوچە , ساڵی 1981 کراوەتە لێپرسراوی ناوچەی کۆیە (ی.ن.ک)
ساڵی 1983 بووە بەجێگر تیپی 93ی کۆیە , ساڵی 1984 بووە بە سەرتیپی 93ی کۆیە, ساڵی 1987 بەسەر تیپی گوێزراوەتەوە بۆ تیپی 25 خاڵخاڵان پاش ئەنفالەکان بە پارتیزانی ماوەتەوە.
ساڵی 1989 کراوە بە ئەندامی فەرماندەی گشتی (هـ.پ.ک) تا ڕاپەرین .
ساڵی 1991 لە ڕاپەڕیندا لێپرسراوی میحوەری کۆیە بووە , دواتر بۆتە ئامیر بەتالیۆنی کۆیە, ئینجا بۆتە فەرماندەی هێزی 7 ی کۆیە .
ساڵی 1992 بووە بە قایمقامی شەقلاوە, دواتر بۆتە سەرۆک ئەرکانی قیادەی مەنتیقەی هەولێر لەسوپای یەکگرتوی کوردستان , ئینجا بووە بە فەرماندەی قیادەی مەنتیقەی کۆیە. دواتر گوێزراوەتەوە بۆ فەرماندەی 15ی قەرەچوخ لە هەولێر.
ساڵی 1996 بەمەبەستی چارەسەری برینی پێشمەرگایەتی و بۆ نەشتەرگەری چۆتە وڵاتی هۆڵاند, ساڵی 1998 گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان.
ساڵی 1999 بووە بە جێگر مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە, دواتر بووە بە کارگێری فەرماندەیی گشتی و سەرپەرشتیاری فەوجەکانی سکرتاریەتی فەوجەکانی هەڤاڵ مام جەلال.
بروانامەی کۆلێجی سەربازی قەلاچوالانی هەیە بە ئاستی نایاب سەرەتا پلەی (ملازم) ی وەر گرتووە پلە بە پلە ڕۆیشتووە سەرەنجام پلەی سەربازی بۆتە (لیوا)
لە مانگی 10ی ساڵی 2005 وە کراوە بە سەرۆکی دەزگای کاروباری پێشمەرگە دێرینەکان , بریکاری وەزیرە لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە
خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری( ڕۆژنامەوان )و گۆڤاری( کەکۆن)ە .
سەرپەرشتیاری بەشی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانە گۆڤاری (چیا) دەردەچوێنن
ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانە، ناسنامەی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەوانی جیهانی هەیە
خەڵاتی ڕێزلێنانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و بەدرخان و ڕێزنامەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستانی وەر گرتووە.
ژنی هێناوە و چوار منداڵی هەیە.

# ناوەڕۆک


دەروو ... 5
درەختی تاڵەبانییەکان ... 7
شنەی ئالای کۆماری مەهاباد ... 13
گوڵە یەکەمەکانی کۆیە ... 17
کۆچی کۆترە روحیەکانی کەکۆن ... 20
خەجاوەخانی شێخانی ... 22
گری راپەرین ... 25
کۆیایەتی و کوردایەتی ... 30
پریشکی ئاگری کورەی ئەنفال ... 33
چنارۆک عەرشی پاشایەتی ... 37
سێ ئەستێرەی کەسک ... 40
یەکەمین دکتۆری شۆرشی نوێ ... 44
گری نەوتی شیواشۆک ... 48
هێشوەک شاعیر ... 52
کۆیە پەناگای لێقەوماوان ... 59
ئەو گوڵەی مەشهوری گشت عالەم بوو ... 62
لە گوندی خەرابەوە بۆ شارۆچکەی ئاشتی ... 64
خاچ و چلە زەیتونی دیانان ...67
کۆیە مەشخەڵانی سرود ... 71
حەیفە وەک من ... 73
سەردەمانێک کۆیە ...76
چەپلان لێدەن بێ قسوور ... 79
لە هەڵبژاردنی 1953/1/17 ... 83
ململانێ ... 86
گرینگی پایسکل ... 88
قامتێک لە قسە ژیرەکانی شێتە ... 91
دڵدار مابا تێرۆر دەکرا ... 93
کۆیە دەهێنێ ... 96
کۆمەڵەی دەنگ و ... 98
حاجی قادری کۆیی ... 102
شێخ مستەفای قازبەگیان ... 108
بەرەی مەلایان ... 111
فریشتەی شیعرو تێکۆشان ... 114
نامەیەک لە نێوان مێجەرسۆن و ... 119
مامۆستا عبدالخالق قوتب ... 122
هەڵوێستی بوێرانەو ... 125
حەزرەتی حاجی و جنێو ... 129
گەرەکی گردی جوان ... 137
لە بێتهۆڤن گەلێ زیاتر ... 142
نامرێ دەنگی دەمێنێ ... 146
کە مانگ هەڵهات ... 148
پڵنگ و شابازەکانی ... 151
کۆیە گوڵی باخانی ... 153
وردی دانەری سرودی ... 156
منەتباری ... 160
کۆیینە بەخۆکەون ...162
مەرگ و گری نامۆیی ... 165
شێری بێشەو پەروانەی گری گوللە ... 167
بە یادی فوئادی ... 169
بۆ گوڵزاری ئەدەب و هونەر ...171
بەدرەو جەسان یان ... 173
ئاگرو گوڵ لە یەک دڵ ... 175
رۆستەم حەویزی ... 180
تەق تەق بوکی خێرو خۆشی ... 184

ئەو بابەتانە لە و گۆڤارو رۆژنامانە بڵاوکراونەتەوە

| بابەت | رۆژنامە | ژمارە | ساڵ |
|---|---|---|---|
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2623 | 2001-11-2 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2595 | 2001-10-2 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2731 | 2002-4-16 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2715 | 2002-3-28 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2608 | 2001-11-1 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2689 | 2002-2-20 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2675 | 2002-2-4 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2797 | 2007-7-2 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2768 | 2004-5-28 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2668 | 2002-1-27 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2734 | 2002-1-27 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2698 | 2002-3-6 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2649 | 2002-1-3 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2381 | 2001-1-17 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2329 | 2000-12-1 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 3637 | 2005-4-5 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 3189 | 2003-10-6 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 3750 | 2005-8-16 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 3514 | 2004-11-2 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 3721 | 2005-7-12 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 3453 | 2004-8-22 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 3558 | 2004-12-8 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2161 | 2003-9-3 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 3236 | 2003-12-1 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 3138 | 2003-8-9 |
| [illegible] | کوردستانی نوێ | 2680 | 2002-2-10 |
| [illegible] | [illegible] | 35 | 2007 |
| [illegible] | [illegible] | 37 | 2008 |
| [illegible] | [illegible] | 4 | 2005 |
| [illegible] | [illegible] | 19 | 2006 |
| [illegible] | [illegible] | 20 | 2006 |
| [illegible] | [illegible] | 8 | 2006 |
| [illegible] | [illegible] | 39 | 2005 |
| [illegible] | [illegible] | 38 | 2008 |
| [illegible] | [illegible] | 23 | 2008 |
| [illegible] | [illegible] | 14 | 2006 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2008 | 31 | [illegible] | [illegible] |
| 2007 | 38 | [illegible] | [illegible] |
| 2008 | 34 | [illegible] | [illegible] |
| 2007 | 38 | [illegible] | [illegible] |
| 2004 | 47 | [illegible] | [illegible] |
| 2001 | 28 | [illegible] | [illegible] |
| 2005 | 52 | [illegible] | [illegible] |
| 2004 | 48 | [illegible] | [illegible] |
| 2005 | 54 | [illegible] | [illegible] 1953/8/17 [illegible] |
| 2005 | 53 | [illegible] | [illegible] |
| 2004 | 91–90 | [illegible] | [illegible] |
| 2003 | 82–81 | [illegible] | [illegible] |
| 2004 | 100 | [illegible] | [illegible] |
| 2003 | 88 | [illegible] | [illegible] |
| 2008 | 95 | [illegible] | [illegible] |
| 1989<br>2008 | 30<br>43 | [illegible]<br>[illegible] | [illegible] |
| 2002–5–12 | 6 | [illegible] | [illegible] |
| 2008 | 23 | [illegible] | [illegible] |

سایەی
هەیبە سولتان

# سایەی هەیبە سولتان

ـ رەهبەر سەید برایم
ـ بابەت  گۆشەی رۆژنامەوانی
ـ تیراژ: 500 دانە
ـ تایپ: خەندە کمال، سۆزان ابو بکر
ـ مونتاژو دیزاین: نەجات رۆستی
ـ چاپخانە: بینایی
ـ ژمارەی سپاردن: 2338ی ساڵی 2008ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.

# سایەی

# هەیبە سوڵتان

2008

ڕەهبەر سەید بڕایم